گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووک دەریدەکات



# گزنگ 89

# گزنگ

89 نیسان - 2011

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: **یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک**



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

07701385647

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

07701322588

starjabari@yahoo.com

**ڕاوێژکاران**

ئەمین شوان

د. فوئاد ڕەشید محەمەد

د. عادل مەجید گەرمیانی

**دەستەی نووسەران**

معتصم سالەیی

خالد مەجید فتح الله

کاردۆ محەمەد

زایر زەنگنە

ڕووزار ئەحمەد

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق



**ئیمێڵی گۆڤاری گزنگ:**

Gizing2010@yahoo.com


**تێبینی:**

**نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.**


ناونیشان:

**کەرکوک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەلی فەخری**

**کوردستان / کەرکوک**





گزنگ ٨٩ — نیسان ٢٠١١

گزنگ ٨٩ — نیسان ٢٠١١

# لەم ژمارەیەدا 89

## سەکۆی گزنگ:
ڕەخنە... پرۆژەیەکی رۆشنبیری بەردەوام، **ئەدیب نادر**......ل٥

## زمانەوانی:
لێکسیکۆلۆجی و هاوسێکانی، **عەبدولواحید موشیر دزەیی**......ل١١
بایەخە زمانەوانییە نوێیەکان، **و/ شەهاب شێخ تەیب**......ل١٥
زمانەوانی دەروونی، **و/ دارا حەمید محەمەد**......ل٤٣
ئەنترۆپۆلۆژیای زمان و زمانی کوردی بە نموونە، **د. محەمەد شوانی**......ل٤٩

## وەرگێڕان:
برایان کارامازۆف، بەشی دووەم، **و/ محەمەد سابیر مەحموود،**......ل٥٥
واتای بنەڕەتی و واتای ناواخنی لە شیعردا، **و/ رزگار جەباری**......ل٧٣
سوپێهری... یەك خاڵی سۆز، **و/ هیمداد شاهین**......ل٧٧
بونیادگەری و پێشەنگەکانی، **و/ عەباس مەجید**......ل٨١

## وتار و لێکۆڵینەوە:
بوارەکانی گواستنەوەی کاریگەری لە بەراوردی ئەدەبیدا، **د. عادل گەرمیانی**......ل٨٥
قەیرانی ناسنامەی شیعری لە ڕۆژئاوای کوردستان، **د. ئازادعبدالواحدکریم**......ل٩٩
سروشت و ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی، **د. لەتیف سەعید بەرزنجی**......ل١٠٥
لەعیشقەوە بەرەو سروشت، **عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ**......ل١٠٩
لادانی واتایی لە دەقی "لەوێ مەمرە جانی جانان"ی شێرکۆ بێکەس، **ئالان کازم**......ل١١٥
بەختەوەری لە دیدی ناودارانەوە، **شنۆ ئیسماعیل**......ل١٢١
ژنێك دەنووسێت، دڵێك دەشکێت، **هێرۆ کوردە**......ل١٢٣

## چیرۆك:
جۆلیا، **و: تاهیر عوسمان**......ل١٢٩
پیاوێکی ناسیاو، **و: ئازاد نەجم،**......ل١٣٣
جەرگی پاشا، **هێمن عومەر،**......ل١٣٩

## پەخشان:
وەك رۆیشتی.. فێرمکە چۆن بژیم، **سوارە نەجمەدین**......ل١٤٣

## شیعر:
ماڵێك لە فلووت بۆ نیهاد جامی، **شێخ سدیق**......ل١٤٥
وشەبوونی تۆ لە کوێدایە، **شنۆ ئەحمەد غەفوور**......ل١٥١
پردێك لە شەختە، **مەهدی زریان**......ل١٥٣
ئەی گوڵان، **غازی زەنگنە**......ل١٥٧
گرتووخانە، **و: مستەفای سەید مینە**......ل١٦١
جوانیم لە جوانی جوانتر بۆ دەنوێنی، **حەسەن جومعە**......ل١٦٣
سەیرانی نەورۆز، **د. وریا عومەر ئەمین**......ل١٦٥

## گفتوگۆ:
فەڕوخ نیعمەتپوور، **سازدانی: تارا سەرکەوت**......ل١٦٧

## هونەر:
فیلمی " دڵی سوور.." یا فیلمی ناشیرینکردنی کورد، **رەزا شوان**......ل١٧٩
تۆماس ئەدیسۆن، **سەبریە دەروێش**......ل١٨٩
کاروچالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**......ل١٩١



ئەدیب نادر

# ڕەخنە... پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی بەردەوام

چی سەردەمێك لە سەردەمێکی تر باشتر دەکات؟ چی ئەو باشتربوونە بە سەردەمێك دەبەخشێت؟ بێگومان مەسەلەی داهێنان. ئەی چی خزمەتی داهێنان دەکات و وایلێدەکات تەندروست بێت و بەردەوام ئەزموونی خۆی تێپەڕێنێ و شتی تازە بخاتە سەرخۆی؟ بێگومان مەسەلەی ڕەخنە. ئەی چی وا دەکات ڕەخنە کە سیمبولی هەموو بوونیادێکە بەم کارە مێژوویەی خۆی ڕاپەڕێت؟ بێگومان خۆشەویستییە بەرامبەر بە هاوکێشەی: ئەگەر گۆڕانکاری لە داهێناندا بەدی نەیەت ئەوا گۆڕانکاری لە ژیاریشدا بەدی نایەت و جگە لەمەیش پرۆژەی





ڕۆشنبیری ڕەخنەکار بۆ دروستکردنی ئەو مێژووە تایبەتیەی پشکدار بوونی لە پرۆسەی داهێناندا.

بوونی ڕەخنە واتەبوونی پرۆسەی هاندان و گەشەپێدان، واتە داواکردنی تێگەیشتن.. بە چەمکە گشتییەکەی.. واتە جووڵانەوە و تەکانی بەرەو سەمەربەخشیی ڕەوتی ڕۆشنبیری، نەبوونیشی یانی ستاتیك بوونی لایەنە گرنگ و شارستانییەکان کە خۆیان لە بزاڤی ڕۆشنبیریدا دەدۆزنەوە. ڕەخنە پرۆسەی کەشفکردن و خۆنقووم کردن و گەڕانە بۆ پەیداکردنی جۆرە وەڵامێکی مەعریفیانە بۆ ئەو پرسیارانەی کە دەقی ئیبداعی دەریان دەبڕێت و متروبەن بەو دیدە ژیارییەی کە فاکتەرێکی پێداگرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان و ئینجا پێگەیاندن و بەرەو پێشبردنی خود و دواجار بابەتیش.

ئایا کاری ڕەخنە کارێکی ئەماتۆرانەیە یاخود فیکرییە و پێداویستی بە پرۆفێشناڵیزم هەیە؟ ئەم پرسیارە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێوەندی ڕۆشنبیریماندا سوپایەك بەم کارە هەڵدەستن، لەبەر هەر پرستیژێك بووە.. جگە لە داهێنان.. بەچەند ناوێکی دیاریکراوەوە دەلکێن و تا ناکۆتا خۆیان بۆ ئەم چەردە نووسەرە و خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان تەرخان دەکەن وەك ئەوەی پرۆتۆکۆلێکیان لە بەیندا هەبێت، یان هەر تەنها ئەوانە لە گۆڕەپانی کایەی ئەدەبەکەماندا تیمی یاریکەر بن و شایان بە بەسەرکردنەوە و لێتۆژینەوەی ڕەخنەیی بن!! لە هەقیقەتیشدا ئەمانە پرۆژە و ئامانجێکی درێخایەن بە بزاڤی ڕۆشنبیرییەوە پابەندیان ناکات و نایانخاتە خانەی ڕەخنەکاری خۆتەرخانکەر و خەمخۆر و پرۆفێشناڵەوە.

بەڵام ڕەخنەکاری پرۆفیشناڵ لەناو کۆنتێکستی داهێناندا خاوەنی پرۆژەیە و ڕەخنەی ئێمەیش هێشتا نەبۆتە خاوەنی پرۆژە و جێگایەکی جیدی و پەیگیری لە پانتایی و مەودای ڕۆشنبیری و هزر و هەڵوێستەکانماندا دایگر نەکردووە تاوەکو مەبەست و غایەیەکی کارێکەر تەماشای بکەین.

دیارە کاتێك بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی گەورە دەردەکەوێت و هەموو مەرزەکان دەبەزێنێت کە ڕەخنەکار پرۆفێشناڵەکان تیایدا هۆکاربن، تیایدا لە شەقڵ پێگرتنی بەشدار بن و لەناویدا وەکو گشتێك ببینرێن یاخود گشتێك بهێنن، چونکە بەشی ناتەواو هەرگیز ناکارێت بەر کەماڵ

دەستەبەر بکات و مەزنییش بە بزاڤ بدات.
ئەگەر "ڕەخنە" هونەری پراکتیك کردن بێت، ئەوا باشترین ڕەخنە ئەوەیە کە دەق بۆ تاقە کۆنتێکستێك کەمناکاتەوە و بەو دەرەنجامگیرییانەیش دیاری دەکرێت کە پێیدەگات و هەروەها ئەو ڕەهەندە تازانەیش کە لە دنیای نووسیندا کەشفیان دەکات. بەگشتی ڕەخنە خزمەتێکی دووفاقانەیە، لەلایەکەوە ژیارییانەیە و لەلایەکی تریشەوە مێژووییانەیە، چونکە کارفەرمایەکی مادییانەی هەیە و لەپێناوی خوێندنەوەی هەقیقەتەکاندا کارلێك لەگەڵ ڕۆحی وەرگردا دەکات و دەبێتە فیلتەرێکی کارا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو دزێوی و کێماسییانەی کە ڕۆتینی ژیان بەرهەمیان دەهێنێت.
خولاسە ڕەخنە بوونیادنەری شارستیانێتییە و پاڵنەری ڕەوتی مێژووشە و لێرەوەیە کە خۆیشی لە ئاستێکدا دەبێتە ئەزموونێکی ڕۆشنبیری و سەنگی مەحەکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە هەر تەنها نابێتە کاریگەرییەکی کاتی و گوزەرای بێ هەڵوێست یاخود دادوەرییەکی سەرپێی لە دیاریکردنی ڕەهەند و چەمك و هەست و نەستەکانی ئەزموونی ئەدەبی، بەڵکو لەوەیش بە ئینسافترە کە ناپاکییەکی ئاوەها لەگەڵ ئەزموونی نووسەر و دەق و خوێنەردا بکات. ئەرکی ئەو ڕاڤەکاری و دیاریکردنی بەها هونەرییەکان و پێگە ئیستاتیکییەکانی تەجرەبەیەکی جیدییە و هەڵسەنگاندنی دوێنێ و ئەمڕۆی لەپێناوی سبەینێدا.
خەمی گەورەی ڕەخنە کەشفکردنی بەرپرسیارێتی ئێمەیە بەرامبەر بەوانەی دوای خۆمان، ئەویش لە ڕێگای دەستنیشانکردنی جیهانەکەمان و دیاریکردنی شیمانەکانی چاکترکردنی. گەر بڵێین نائامادەیی ڕەخنە بوونی داهێنان ناکاتە ڕاستییەکی بەرجەستە ئەوا شتێکی نوێمان دەرنەبڕیوە، ئەمە هاوکێشەیەکی سانایە و پەیوەستییەکی کۆنترۆڤێرشەڵ "جدلی" دروستی دەکات، بەڵام هەندێکجار ئەمە پێچەوانە دەکەوێتەوە. بەچاوگێڕانێك بەو رووبەرە نادیارەی ڕەخنە داگیری دەکات کێشە بەندییەکەی خۆی بەدەستەوەدەدات، ئەمڕۆ ڕەخنەیەکی نابەرپرس و ناجیددی سەرنوێشتێکی بێهاوتای پێدەبڕێت، بەهەمان ئامڕازە سواو و لەکارکەوتووەکانی دوێنێ دەق و نووسینەکانمان هەڵدەسەنگێنێت بەبێ ئەوەی دەرقەتی دنیابینی و ئەو بەها جیاوازانە بێت کە دەیانخوڵقێنێ، بەبێ





ئەوەی پراکتیزەی میتۆدێکی ئەکادیمی هاوچەرخ بکات کاری ڕەخنەیی ئەنجامدەدات کە بێ شك غیابی ئەمە سیماکانی ڕەخنە دەگۆڕێت و تەنها سیمایەك لە خۆدەگرێت کە ئەویش ڕانانە و هیچی تر.. کە مترووبەیە بە کۆمپۆزیسیۆنێکی پڕ لەدەستەواژە و چەمکی سەردەمانەی دەرکراو لە کۆنتێکستی ڕەخنەیی کە شتێکی جیددی بە بەهرەو داهێنان نالێت و خزمەتێکی ئەوتۆی مەیلی وەرگری هونەرمەندیش ناکات بۆ زیاتر ڕۆچوون بە قووڵاییەکانی کارێکی ئافەریدەکارانە و حاڵیبوون و خوێندنەوەیەکی بەرهەمدارانەی تێکستێك کە دنیایەك بەرهەم دەهێنێت. کاتێکیش کە ڕەخنە وڕێنەی تر دەکات بەو شتانەوە سەرقاڵ نابێت کە هەنووکە کردوێتی بە پیشە تەنها گوناهی خۆی تێدا نییە، ڕەنگە گوناه یەخەی دەقیش بگرێت، چونکە ئامادەیی تێکستی داهێنەرانە و هەڵگرتنی زیاتر لە شرۆڤە و تەئویل و خوێندنەوەیەك مەرجی بنەڕەتی خوێندنەوەیەکی داهێنەرانە و میتۆدییانەیە. دیارە بەبێ ڕەخنەیش نووسین پەل بۆ پێرفێکشن ناهاوێت و داهێنانیش نابێتە ڕاستییەکی بەڵگەنەویست، چونکە داهێنان و ڕەخنە یەك هاوکێشەی ڕاستەوانە پێکدەهێنن، داهێنانی لە بار و باشیش ڕەخنە لەوە حاڵیدەکات کە خۆی زیاتر کەشف بکات، بەپێچەوانەشەوە ڕەخنە داهێنان حاڵیدەکات کە خۆی باشتر پێناسە بکات و تێگەیشتنێکی لۆجیکییانەتری بۆخۆی هەبێت.
کەواتە هەموو بزاڤێکی ڕۆشنبیری پێداویستی بە داینەمۆیەك، بە پرۆژەیەکی ڕەخنەیی کۆنکریت هەیە بۆ ئەوەی کاریگەریی بێ چەند و چوون و بەرهەمداری لەسەر خانی کۆمەڵگەدا بەرقەرار بێت. ئەگەریش ڕەخنەکار خەمێکی ڕۆشنبیری جیددی نەبێت ئەوا هەوڵێکی جیددیانە تر نادات بۆ فراوانترکردنی ئاسۆی مەعریفی خۆی و برەو بە هۆشیاری و ئاگای ڕەخنەیی خۆی نادات و ئەوە ناکات بە پرۆژەی خۆی کە ڕەوتێکی ئیبداهی تەندروست لە نێوەندی ڕۆشنبیریدا بەرجەستە بکات.
دەقی تەمەن درێژ و گرەو لە زەمەن بەرەوەیش هەر بەخۆڕسکی لە دایکنابێت، بایەخدانی ڕەخنەگریش پێی، بایەخدانێتی بەدەقەکانی دواتر و دەستگیرۆیی کردنی پرۆسەی نووسینە لە چوارچێوەی داهێناندا. هەرگیز شیاویش نییە ڕەخنەگر بە وێنایەکی پێشوەختییەوە فەتحی

دنیای بەرهەم بکات، چونکە دەرەنجام بەدەستبەتاڵیی لە ئەزموونی خوێندنەوەوە دێتە دەرێ. جا گەر وابێت دەقی ڕەخنەیی چی دەڵێت؟ ئایا کەشفی نهێنییەکان و ئاستی هونەری و پێگەی ئیبداعی دەبێت یاخود ڕووبەرێك بۆ دەرخستنی بیر و باوەڕێکی حازر بەدەست؟

لێرەدا ڕەوایە بپرسین ئایا ڕەخنە لە تانوپۆی ڕۆشنبیری ئێمەدا ڕۆڵی چییە؟ ئایا ئێستاکە چی فێرکردووین و لە ئێستا بەدواوە چی لێوە فێردەبین؟ داخۆ دەوری پۆزەتیڤی لە گەشەپێدان و بەرەو پێشبردن و برەوپێدانی ئاراستە و ڕەوتە نوێیەکانی ئەدەبەکەماندا دیتووە؟ داخۆ ئەگەر ئەمەی نەکردبێ ئەی ئیتر چی ئەنجام داوە؟ دەتوانێ کاتیگۆریکانە بڵێت من کاری خۆم ئەنجام دەدەم کەواتە داهێنان هەیە؟ بێگومان ئەگەر ڕەخنە لەبری پردێکی نێوان خوێنەر و دەق، تەقینەوەیەك بووبێت و سەرجەم پێوەندییەکانی خوێنەریان بە تێکستەوە تێك و پێك دابێت ئەوا بەرسڤی ئەم پرسیارانەیش هێشتا لە قەڵەمڕەوی نادیاردایە. ئیتر چ پێویست دەکات ڕەخنەکارانمان خۆیان هەڵبکێشن و بکەونە لافی ئەوەی کە قورسایی کەوتۆتە سەرشانی ئەوان و تەواوی کایەی ڕۆشنبیریمان قەرزداری ئەوانە!! خۆ ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەدەبەکەماندا بخشێنین، ئەوا دەردەکەوێت کە ئەوانە هەرگیز نەبوونەتە فاکتەرێکی پێویست بۆ هێنانە کایەی داهێنانی گرنگ، بەر عەکس داهێنەرە ناودار و گەورەکانمان قەتاوقەت قەرزداری ڕەخنەنین لەوەی کە بەرهەمیان هێناوە، بەڵکو یونیلاترەڵانە "یەکلایەنانە" بەرپرسن لە سەرجەم ئەو دەقانەی بە تەنهایی و وێڕای جەهلی تەواوی ڕەخنە و لە پەراوێزی درۆگەورەکانی وەدییان هێناوە و بەرجەستەیان کردووە و دەیکەن بەو ڕاستییەی کە بەهیچ کلۆجێك ڕەخنەگرەکان دەستخۆشی پێوەرناگرن، چونکە بەشدارییەکی کارا ناکەن و خاوەنی ئەو ئاسۆ مەعریفییە پان و بەرین و ئەو ئاگاییە ڕەخنەییە قووڵە نین تا بتوانن لە ئاستی ئیبداعی خۆیاندا تێکستەکان دابنێن و سانت بووڤ وتەنی "ئەوانی تر فێربکەن کە چۆن بخوێننەوە" دواجار دەکرێ بپرسین: ئایا لە غیابی ڕەخنەیەکی هۆشیارانەی قووڵدا کە پاڵپشتیی لە بەها مرۆیی و هونەرییەکانی داهێنانی ئەدەبیمان بکات دەتوانین بڵێین ئەدەبەکەمان داهێنەرانەیە؟ دیارە بەرسڤی ئەم پرسیارەیش پۆزەتیڤە و لایەنیکەم دەکرێ بڵێین کایەی ڕۆشنبیریمان بێ ئایندە نییە چونکە داهێنەرەکانمان خۆیان ڕەخنەکاری خۆیانن و ئەمەیش ئەلەمەنتێکی بێ ڕاە گرنگە بۆ داهێنان.



پ.ی.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی★

# لێکسیکۆلۆجی و هاوسێکانی

**١ -پێناسەی لێکسیکۆلۆجی :**

لێکسیم (lexeme) وشـەیەکی رووت و دابڕاوە چەند بەکارهێنان و واتایەکی هەیـە (محمـد علـی الخـولی:١٩٩١:١٥٢) زانـستی زمان سەلماندوویەتی کە زمان دارشتەیەکە و ئـەم دارشـتەیەش بەرهـەمی یـەکگرتنی توخمـەکانی وشـە و زاراوە و رێزمـان و ...هتد.لێکسیکۆلۆجی Lexicology وەك زانـستێکی زمـان گرنگـی بـە وشـە دەدات لە رووی دارشتن و گەشە و گۆڕانی واتا و فرەواتا و هاوبێژەکانی (محمد علی الخولی :١٩٩١:١٥٤) کەواتە لێکسیکۆلۆجی گرنگـی بـە واتـای وشـەکان و ئـەو سەرچاوانەی کـە وشـەکی لێدروستبووە دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو گەشـەو گۆڕانکاریانـەی کـە بـە درێـژایی مێـژوو بەسـەریدا هـاتووە لەگـەڵ جیاکردنەوەی وشەی رەسـەن و نارەسـەن و بەکارهێنراو و مردوو.

ئـەرکی لێکسیکۆلۆجی لێکۆڵینەوەیـە لـە وشەکانی زمان لە رووی:

١ -واتاوە.

٢ -شوێنییان لە یاسای گشتی زماندا.

٣ -پەیدابوونی.

٤ -بەکارهێنانی.

٥ -دەرفەتی جێکردنەوەیان لە ئاخاوتن.

٦ -جـۆری دەربـڕین و شـێوەی چەسـپاندنیان لـە رەوانبێژیـدا.





(ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٣).

بۆ نموونـە لێکسیکۆلۆجی بـەم شـێوەیە مامەڵە لەگەڵ وشەی (خاوێن) دەکات:

خاوێن : پێکهاتووە لە (خا+ وێنە).

)خا) لە پەهلەوی (خایك) بووە و (خـا) لـە کـوردی فـەیلی واتـای (هێلکـە) دەدات و ئاشکراشە کە یەکێ لـە تایبەتمەندییـەکانی هێلکـە پـاکی و سـپێتییە،(وێنـە) واتـای (وەك) دەدات و (ە) کرتاوە.بۆتە (وێن).جا وشـەی خـاوێن واتـای ئـەوە دەدات (پاکـە وەك هێلکـە یـان سـپییە وەك هێلکـە).(جـەمال نەبـەز:٢٠٠٨:٣٥١).(خـاوێن) لەگـەڵ (پـاك) هاوواتایـە و لەگـەڵ (پـیس) دژواتایـە و (خـاوێن) فرەواتایـە بـە واتـای (بـاش) و (رابردوو پاك)، دێت .

-ئۆتۆمۆبیلەکـەی خاوێنـە واتـە: ئۆتۆمۆبیلەکەی باشە.

-رۆژگار کەسێکی خاوێنـە واتـە: رابـردووی پاکە.

**٢ -لێکسیکۆلۆجی و هاوسێکانی:**

لێکـسیکۆلۆلۆجی هێمایەکـە لـە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە وشە لێکسیکییەکان دەکۆڵێتـەوە بەواتایـەکی تـر لـە رووی وشەسـازی و واتاسـازییەوە لـە وشـە دەکۆڵێتەوە لە رووی مێژووی و ئێستاییەوە ئـەم هێلکارییـەی خـوارەوە شـوێنی لێکسیکۆلۆجی لـەناو زانستە زمانییـەکان دەخاتەڕوو :

أ- لێکسیکۆلۆجی و زاراوەسازی:

زاراوە رێکەوتنە لەسەر واتـای وشـەیەك بـۆ شتێکی دیاریکراو کـە پێشتر ئـەو واتایـەی نـەبووە کـە لەگـەڵ واتـا فەرهەنگییەکـەی یەکناگرێتـەوە،زاراوە جۆرێکـە لـە وشـەی



تایبەت بە بابەتێك لە بابەتەکانی زانست و زانیاری و رۆشنبیری کە لە کاروباری رۆژانەدا بەکاریدێنن.(کامل حەسەن بەصیر:١٩٩٠:٥١٧)

١ -زاراوە چەشنێکە لە وشە.

٢ -زاراوە تاقمێك لە کۆمەڵانی خەڵك سازی دەکەن.

٣ -زاراوە واژەیەکی نوێیە و دوو واتا یان پتری هەیە.

٤ -گواستنەوەی وشەیەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر کەوابوو هەموو زاراوەیەك وشەیە بەڵام هەموو وشەیەك زاراوە نییە. (کامل حەسەن بەصیر: ١٩٧٩:٤٣ تا ٤٤). پەیوەندی لێکسیکۆلۆجی بە زاراوە ئەوەیە کە زاراوە جۆرێکە لە وشە،بەڵام ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە زاراوە وشەیەکی نوێیە و دەستەیەك لە خەڵك دای دەنێن کەچی لێکسیك بەرهەمی هەموو خەڵکە نەك تاقمێك، لە لێکسیکدا گواستنەوەی واتای تیانییە لە وشەیەك بۆ وشەیەکی تر،بەڵام لە زاراوەدا گواستنەوەی واتا مەرجێکی سەرەکییە بەم پێیەش زاراوە لە ئیدیەمدا نزیکە،تاکە جیاوازی ئەوەیە ئیدیەم لە لایەن هەموو خەڵکەوە بەکاردێت نەك تاخمێك کەچی زاراوە تاخمێك یەکاری دەهێنن و تایبەتە بە زانستێك لە زانستەکان .

ب– لێکسیکۆلۆجی و وشەسازی:

لێکسیك وشەیەکی رووت و دابڕاوە کە واتایەکی فەرهەنگی هەیە هەر گۆڕانێك لە فۆڕمدا روویدات لە واتاش روودەدات وەك: دار، داران،دارێك،دارەکە...هتد.کە چەند وشەیەکی یەك لێکسیکن، یان لێکسیکی (بیر) کە دوو واتای هەیە (بیر) ی ئاو و (بیر) ی هۆش،دەبنە دوو لێکسیکی جیاوازی یەك وشە (محمد محمد یونس:١٩٩٣:٣٣٣) ،لێکسیکۆجی بەشێکە زانستی زمان و لەبارەی ئێستا و رابردووی وشەوە دەدوێ لە لێکسیکۆلۆجیدا کاری پێویست و گرنگ زانین و ناسینی وشە و وشەکانی زمانە بەڵام وشە دەربڕینێکی جێگیرە و پێکهاتی ناوەوەی ناگۆڕدرێت کە لە شێوەی سادە و لێکدراو و دارێژراو و ئاوێتە دەبینرێت وشە دەتوانێت پێشگر و پاشگر وەربگرێت وشە بە دوو شێوە دەبینرێت وشەی ناوەرۆك و وشەی ئەرکی یان وشەی مۆرفۆلۆجی و وشەی رستەیی (محمد علی الخولی:١٩٩١:٣١٠) وشەسازی وشە دەکاتە هۆیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستوور و رێزمان (کامیل حسن بەصیر:١٩٧٩:١٠) بۆ نموونە ئەگەر وشەی (پاك) وەربگرین جیاوازە لە وشەی (پاك:خاوێن) (پاك: نوێ) (پاك: دڵسۆز) (پاك: هەموو)....هتد ئەم وشانە هەمووی





لێکسیکی (پاك) پێکدێنن،کە لە فەرهەنگدا بەوشەیەکی سەرەکی دادەنرێت و بە کەپیتەڵ دەنووسرێت لە زمانی ئینگلیزیدا،ئەوەی بەلای مۆرفۆلۆجیەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم وشەیە ئاوەڵناوی سادەیە لە پلەی بەراورد دەبێتە(پاکتر) و لە پلەی باڵا دەبێتە (پاکترین) و ...هتد.بەڵام ئەوەی بەلای لێکسیکۆلۆجییەوە گرنگە ئەوەیە ئەم وشەیە لەگەڵ (پاقژ ) هاوواتایە (synonym)و هەندێ جار بەواتای (هەموو) یان (تێکرا) دێت بەمەش دەبێتە وشەیەکی هاوبێژ (homonym).)ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٢).کەواتە ئەوەی ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە کەرستەی لێکۆڵینەوەی هەردووکیان وشەیە،ئەوەی لە یەکیشیان جیادەکاتەوە گەڕان بەدوای بنج بنەوانی وشەکە و واتا و چۆنییەتی پەیدابوون و بەکارهێنانییەتی لەگەڵ ئەم قۆناغانەی کە پیایدا رۆیشتووە.

ج– لێکسیکۆلۆجی و فەرهەنگسازی:

فەرهەنگسازی پەرتوکێکە تایبەتە بە کۆکردنەوە و پۆلینکردنی تاکە وشەکانی زمان و بە شێوەیەکی تایبەت، کە تیایدا وشەکان راڤەدەکرێت و تەمومژی وشەکان دەرەوێندرێتەوە واتاسازی و فەرهەنگسازی و لێکسیکۆلۆجی بەیەکەوە گرێدەدات،ئاشکرایە واتاسازی سێ زانست دەگرێتەوە کە بریتین لە واتاسازی و لێکسیکۆلۆجی و فەرهەنگسازی،زۆرجار واتاسازی سیمانتیك بەوە پێناسە دەکرێت کە لێکۆڵینەوە لە واتای فەرهەنگی دەکات،بەڵام لە راستیدا واتاسازی تەنها گرنگی بەم جۆرە واتایە نادات،بەڵکو گرنگی بە واتای تریش دەدات وەك واتای رێزمانی و سێبەری واتایی و .... هتد،فەرهەنگسازی لقێکە لە زمانەوانی و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاکەوشەکان دەدات و شێیان دەکاتەوە و لە واتای فەرهەنگییان دەکۆڵێتەوە و پۆلینیان دەکات وەك ئامادەباشییەك بۆ دانانی فەرهەنگ.بەم پێیەش دەبینین واتاسازی و فەرهەنگسازی گرنگی دەدەن بە واتا،بەمەش واتای فەرهەنگی دەبێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی واتاسازی و فەرهەنگسازی،دەبینین لێکسیکۆلۆجیش بەهەمان شێوە گرنگی دەدات بە گەشەو گۆڕانی واتای وشەکان و ئەو پەیوەندییە واتاییەی کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

★بەشی کوردی- کۆلیژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

# بابەخە زمانەوانییە نوێیەکان:

و: د.شهاب شیخ تەیب
کۆلێژی پەروەردە - قەلادزێ

## بەشی یەکەم

**١- گرنگیی زمان :**
هەر کە منداڵێکی لەدایکبوو و هاتە بوونەوە و ڕووناکایی بۆ یەکەم جار بینی ، یەکەم قیژەی لێ دەردەچێت ، کە ئاماژەکردنە بۆ ژیان . ئەو قیژەیەش ( یان گریان ) لە ماوەی جیاواز جیاوازدا دووبارە دەبێتەوە ، هەر کاتێك ئەو منداڵە پێویستی بە شیرپێدان بێت ، یان بێزاربووبێ لە جلە تەڕەکەی ، یان ئەو دەمبووسەی لە قەد کراس و پارچە پەڕۆیانەی پێی پێچراوە دەچەقێتە لەشییەوە . هەر کە چەند هەفتەیەك تێپەڕی ئەو منداڵە دەست دەکات بەگڕوگاڵ و دەنگی جۆراوجۆر دەردەبڕێت ، کە لەوانەیە ئەوانەی دەوروبەری گوێیان لە دەنگی وا نەبووبێ و وەك ئەوەیە کە هەستێ بەڕاهێنانی دەمارە دەنگییەکانی لە دەرهێنانی دەنگی جیاواز کە





هەندێکیان بەیەکجاری بزر دەبن کاتێ دەست بە درکاندنی وشە بکات . لەهەمان کات دەست بەناسینی دەنگی ئەو کەسانەی لە چوار دەورەین دەکات ، بەتێپەڕبوونی کات دەتوانێت جیاوازی نێوان دەنگی کەسە جیاوازەکان و دەنگە جیاوازەکانی کەسێکی وەك دایك بۆ نموونە بکات ، دەتوانێت جیاوازی لە نێوان دەنگی نەرم و پڕسۆز و دەنگی بەرز و تووڕەبوون بکات و بۆ هەر یەکێکیش لەوانە کاردانەوەی جیاوازی هەبێت .

پاش تێپەڕبوونی ساڵی یەکەم درکاندنی یەکەم وشە لەو منداڵەوە دەردەچێت ، لە نێوان ساڵی دووەمی تەمەنی دەست دەکات بە دەرچوونی دەنگ کە بریتییە لەچەند وشەیەك ( یان لەوانەیە ڕستەبێت) بۆ ئاماژەکردن بۆ شتەکان ، یان ویستی جۆراوجۆر ، هەندێ لەو وشانە لەوانەیە ئەوانەی دەوروبەری گوێیان لێ بووبێت و هەندێکی تریش لەوانەیە لە هیچ کەسێك گوێیان لێ نەبووبێت . هەر کە ساڵی دووەمی تەمەنی تەواو دەبێت ، وای لێ دێت کە لە توانایدا هەیە ڕستەیەك گۆ بکات کە لەسەرەتادا لە دوو وشە ، یان زیاتر پێك هاتبێت ، دەست بەناونانی شتەکان بەناوەکانی خۆیەوە و پێکهێنانی وشەکان کە وەك ڕستەیەکی واتادار دیار دەبێت دەکات .ئەمەش لە ساڵی سێیەمدا بەردەوام دەبێت ، وشەکانی منداڵەکە زیاتر دەبێت و ڕستەکان درێژتر دەبن و لەو زمانە نزیك دەبێت کە ئەوانەی لە دەوروبەری خۆیدان گوێیان لێ دەبێت . هەر کە گەیشتە تەمەنی چوار ساڵی لەتوانایدا هەیە بەئاسانی ڕستەیێك پێکبهێنێ بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ، یان گوزارشت کردن لە ئارەزووەکانی . لە منداڵی ئاساییدا( السوی) دەتوانین بڵێین کە زمانی لە تەمەنی چوار ساڵیدا بە پلەیەکی چاك وەرگرتووە و هیچی نەماوە تەنیا ئەوە نەبێت وشەکانی زیاتر بکات و ڕاهێنان زیاتر لەسەر ڕستەی ئاڵۆز بکات نەك لە ڕستەی سادە ، کە پێشووتر پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکرد ، پاشان دەبێتە گەنج( فتی) و دواتریش پێگەیشتوو(راشد) کە وەك پێگەیشتووەکانی تر بەشداری لە ژیانی گشتیدا دەکات بەدرێژایی ژیانیشی زمان لەگەڵیدا دەبێت .

لەبەر ئەوەی زمان لە کاتی لە دایکبوونەوە لەگەڵماندایە و لەبەر ئەوەی گشت مرۆڤێکی سەر گۆی زەوی زمانی نەتەوەکەی بەبێ ماندوبوونێکی زۆر و لە کاتی سەرەتایی منداڵیدا وەردەگرێت ، تا تێڕامانی وا بکات وەك ئەوەیە لەدایکبووبێ و ئەو زمانە بە شێك بێت لەو ، یان پەرەسەندنێکی بیۆلۆژی سرووشتی لێکچووبێت بە خەوتن و خواردن و ڕۆیشتن و فێرکردن ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ زمان لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە ئاسانی و بەبێ

گیروگرفت بەکار دێنێت ، دەبینێت خەڵکانی دەوروبەری وەك ئەو بەئاسانی بەکاری دێنن ، ئەویش کەم بیر لەوە دەکاتەوە ، یان ئاوڕێك لە گرنگیی لە لایەك و بڕی ئاڵۆزییەکەی لە لایەکی تر بداتەوە .

بەڵام هەڵوەستەیەکی کورت و تێڕوانینێك لەو ژیانەی کە تێیداین ، بەڕوونی ئەوەی دەرخست ، کە ئێمە زیاتر لەهەموو کاتەکانی پێشوو لەسەردەمی وشەدا دەژین ، درکێنراوبێت(گۆکراو) یان نووسراو ، بەکورتی ناتوانین لەو کۆمەڵانەدا بژین کە ئێستا لەم چەرخەی ئێستاماندا تێیدا دەژین بەبێ بەکارهێنانی زمان . ئێمە زمان لە گشت ڕووەکانی ژیانماندا بەکاردێنین بۆ دەربڕینی هۆش و هەستەکانمان ، کە بێجگە لە خۆمان گوێی لێ بێت ، یان گوێی لێ نەبووبێت بەکاردێنین ، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانمان ، بۆ گواستنەوەی هەواڵ یان پرسکردن لە بارێك ، بۆ نەرێ و ئەرێ و بێزاربوون بەکاری دێنین لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان ، هەروەها بۆ ئەوەی جێی ڕوودان یان فرمان بگرێتەوە ، بۆ هاندان و جێگیربوون و باوەڕپێکردن و ڕاگەیاندن و ڕێکلام و کارتێکردن لەسەر خەڵکی ، لە گۆرانی و شیعر و دواندەری بەکاری دێنن .

لە ڕێکخستنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانمان و دەربڕین لە کۆمەڵ و گەندەڵییەکانی بەکاری دێنین . لەسەرووی ئەوانە هەموویانەوە ئێمە شێوە نووسراوەکەی بۆ نووسینی ئەوەی دەمانەوێت ، نووسینی کولتوورەکەمان لە ئەدەب و زانست و هونەر و دین و یاسا و ڕووە زۆرەکانی تری زانیاری بەکار دێنین . ئەو بەڵگەنامانە و ئەو کولتوورانە بۆ نەوەکانی تر دەپارێزین ، ئەوانیش شتی تری دەخەنەسەر هەر وەك ئێمە خستمانە سەر ئەوانەی پێش خۆمان ، لە ئاکامی ئەمانەشدا شارستانییەتی ناوخۆیی و شارستانییەتی جیهانی دێتە کایەوە . لە گشت کات و شوێنێکدا و لەو کاتەوەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە دۆزراوەتەوە وشە گرنگیی و کاریگەری هەبووە ، کۆنینەکان لە داهێنانی ڕێگا جیاوازەکان ، بۆ پاراستن و چاودێریکردنی گرنگترین ئەوانەی بۆ خۆیان دەیانەویست ، یان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان یان ، بۆ جیهانی تر ، پێشبڕکێیان کرد . بۆیە نووسینیان دۆزییەوە ، پاشان ئامراز و کەرەسە جیاوازەکانی ، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاریان هێنا ، کە کولتوورێکی کەمی گەیشتە ئێمە . گرنگترین ئەوەی بەزارەکی پاراسترا و پاشان بەنووسین ئەو دەستوورە جوانانەبوو کە ئاینە جیاوازەکان هێنایانن .

بەڵام گرنگیی زمان لە ئەوروپا تا پاش داهێنانی چاپکردن لەسەدەی پانزەهەم





بەشێوەیەکی ڕوون دەرنەکەوت — کە ئەمەش کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بڵاوبوونەوەی زمانی نووسراو هەبوو . هەندێك داهێنانی چاپکردن لە جیهانی زمان پێش سەدەی بیستەم بەگەورەترین شۆڕش دادەنێن . ئا ئەوەتە ئێمە ئێستا شۆڕشێکی زانستی تەکنیکی دەبینین کە گشت وەسفێکی تێپەڕاندووە و وا لە دەستکەوتە مرۆڤایەتییەکانی پێشوو دەکات ، وەك خاڵێك بێت لە دەریادا . هۆیەکانی گەیاندنی نوێ لە تەلەفۆن و بۆ بێ تەل(لاسلکی) و هۆیەکانی گەیاندنی جەماوەری وەك ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و سینەما ، پاشان ڕۆژنامە و وشەی چاپکراو لەسەر ئاستێکی بڵاو ، لەگەڵ هۆیەکانی خەزنکردنی زانیاری وەك ئامێری ژمێریاری (کۆمپیوتەر) و ئامێرەکانی وێنەگرتن و کۆپی وردی خێرایی زۆری جۆراوجۆرێتی ئەرك ، گشت ئەمانە وایان لە وشە کرد ببێتە ئەو هۆیەی نەتوانرێت وازی لێ بهێندرێت بۆ هەر کەسێك ، کە لەهەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی ئەم جیهانەدا دەژێت ، کاریگەری ئەو وشەیەش لە بارەی گرنگییەوە هیچ کاریگەرییەکی تر یەکسان نابێت پێی . تا وای لێهاتووە کە بیر و باوەڕ و چەمکەکانمان لە ئاکامی ئەو هۆیانەوە بووە .

باسەیری بەکارهێنانی تەنیا دوان لە بەکارهێنانی ئەو هۆکارانە بکەین کە ئەویش : ڕاگەیاندن و پروپاگەندەیە بۆ ئەوەی بزانین چەند بەهێز و کاریگەرە . ئێستا ڕادیۆ توانیویەتی خۆی بکات بەزۆربەی ماڵەکاندا کە هەستاوە بە گواستنەوەی جیهانی دەرەوە بۆ خەڵکانی ئەو ماڵانە بێ ئەوەی تووشی ماندوێتی گواستنەوە ببن ، پاشان بەدوای ئەودا ئامێری تەلەفیزیۆن هات کە وێنەی بۆ مرۆڤ لە گشت ڕووەکانی زەویدا گواستەوە ، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە گوێگر یان بینەر، خوێندەوار ، یان نەخوێندەواربێت .

هەموومان لەو چەرخە ژیاین کە مرۆڤ دابەزییە سەر مانگ و هەنگاوەکانی یەکەمی پێشەنگە (الرواد) یەکەمەکانمان بینی و گوێمان لە دەنگەکانیان بوو کە وەسفی ئەوەی بینییان کرد . هەروەها ئامێرەکان گواستنەوەیەکی بابەتی گشت ئەو دیاردە و بارودۆخەی سەر ئەو هەسارەیان ( کوکب ) کرد لەڕێی ڕۆیشتنی و گەڕانەوەیدا . تا ئێستاش زانیاریمان لەبارەی هەسارەی تر کە لێمانەوە زۆر دوورن لەڕێی ئامێری جیاوازەوە بۆ دێت ، پاشان ئەو زانیاریانە دەبنە زمانێك و هەندێکیان مرۆڤی سادە لێیان تێدەگات و هەندێکی تریان تەنیا مرۆڤی پسپۆڕ لێیان تێدەگات .

لەم چەرخەی ئێستاماندا هیچ وڵاتێك لە وڵاتەکان ، یان گەلێك لە گەلەکان ناتوانێت بەبێ جێیەکانی تری جیهان

بژێت . بەرژەوەندییەکان ئاڵۆزە و هۆکارەکانی گواستنەوە زۆر خێرایە ، کە هەر هەواڵێکی گرنگ ڕوویدات لەهەر پارچەیەکی جیهان بەزووترین کات ئەو هەواڵە دەگوازرێتەوە بۆ هەموو کون و قوژبنێکی جیهان کە لەوانەیە حکومەتێکی لەحکومەتەکانی جوولاندبێت ، یەکێکی تری ڕووخاندبێت ، لەوانەیە جەنگ ڕوویدابێت ، یان کوشتنی هەزارەها ، یان بە ملیۆن ، یان لەوانەیە کاردانەوەیەکی چاکی هەبووبێت کە وڵات و گەلەکان دەستی یارمەتیان بۆ وڵاتێك درێژکردبێت کە تووشی نەهامەتی بووبێت ، یان هاوبەشی ئەو ئازار و ئەشکەنجە بکات لە ئاکامی ئەو ڕووداوەوە و چەندان هەواڵ کە بوارەکانی زانستی، یان وەرزشی ،یان سیاسیی ،یان ئابووری بەهەرشێوەیەك جوولاندبێت ، کە کاردانەوەکەی بە جیاوازی هەواڵەکە و گرنگیی جۆرەکەی دەگۆڕێت .

کۆنگرە و کۆبوونەوە ناوخۆیی و جیهانیی و ڕێکخراوە جیهانییەکان لە دیاردەکانی ئەم سەدەیەدا بوونە دیاردەیەکی بەرز ، لەسەرووی هەموویانەوە ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان ، تێگەیشتنی گەلان و حکومەتەکان بووەتە ڕەوشتێك کە وازی لێ ناهێنرێت و ، ئەو تێگەیشتنەش بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێی وشەوە دەکرێت .

هیچ پێویست ناکات زۆر لەسەر گرنگیی زمان لەژیانی گەلێك ، یان گەلانی جیاواز بڕۆین و باسی بکەین ، چونکە بڕوا دەکەین ئەوە ئێستا ڕوون بووەتەوە ، بەڵام کۆتایی قسەکانمان بەوەی کە توێژەرێك وتوویەتی دێنین ، کە لێك تێنەگەیشنی زمانیی ئەوەبوو کە بووە هۆی هاویشتنی بۆمبی ئەتۆمی بۆ سەر هیرۆشیما لە ڕۆژی شەشەمی مانگی ئەگوستس( ئاب )ی ساڵی ١٩٤٥ز . ئەوەی وت کە ئەمریکا ئاگادارکردنەوەیەکی ناسراوی دایە یابان کە تێیدا داوا دەکات لێی دەست هەڵگرن لە شەڕ و خۆبەدەستەوە بدەن ، یابانیش بە زمانەکەی خۆیان وەڵامی دایەوە بەکارهێنانی وشەیەك کە واتای لێکۆڵینەوە لەو ئاگادارکردنەوەیە دەگەیەنێ ، دەکەن ، وەرگێڕەکە واتایەکی تری ئەو وشەیەی گواستەوە — کە یەکێ لە مانا فەرهەنگییەکەیەتی — کە دەڵێت یابانییەکان ڕەفزی ئەو ئاگادارکردنەوەیە دەکەن . ئەوەبوو کە بوو ، کە بەسەدەها هەزار کەسی بێ تاوان لە ئاکامی ئەو لێك تێنەگەیشتنە ڕۆیشت . ئەم گێڕانەوەیە هەر چەندێك لە ڕاستییەوە نزێك بێت ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لەوانەیە ڕووبدات ، تەنانەت لەسەر ئەم ئاستەش کە لەسەر ئاستی تری نزمتر لە گشت کات و ساتێکدا ڕوودەدات .

٢ — زمان پێڕەوێکی زۆر ئاڵۆزە :

کەواتە ئێستا گەیشتینە خاڵێکی تر کە لە پێشی ئەم قسەیەدا ناویمان هێنا و وتمان قسەکەری هەر زمانێك بەتەواوی شارەزای نابێت ، ئەویش باسی چەندێتی ئاڵۆزی زمانەکەیە ، دەڵێین ئەوەی کە بە زمانی نەتەوەکەی قسە دەکات ( با لێرەوە و لەمەودوا ناوی بنێین (( زمانی دایك)) ، کە بەسروشتیش هەر ئەو ناوەی پێ دەوترێت ) لە ژیانی ڕۆژانەی بە ئاسانی و ڕەوانی بێ ئەوەی بیری زۆر بکاتەوە لەوەی دەیلێت بەکاری دێنێ ، زمان لای ئەو وەك نەریتێکی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل ، یان سواربوونی پاسکیلی لێ هاتووە ، کە لەخۆوە( الی ) دەیکات و ئامانجی ویستراو بەشێوەیەکی ئارەزوومەندی و خێرا بپێکێت .

ئەم بارە سروشتی دیارە و پێویستی بە وەستانی زۆر نییە ، بارێکە دەکرێت لە گشت کۆمەڵگەیەکدا تێبینی بکرێت ، هەر چەندێك ئەو کۆمەڵگەیە گەیشتبێتە پلەی پێشکەوتن و دواکەوتن ، لە نێوان تاکی هیندییە سوورەکان لە جێ نشینە دوورەکراوەکانیان لە دارستانەکانی ئەمازۆن دیبینین ، هەر وەك لەژێر دەسەڵاتی زانا لە تاقیگەکەی و پیاوی خاوەن پیشەکاری سەربەستی لە دەزگاکەی و مامۆستای زانکۆ لە هۆڵی وانەوتنەوەیدا . هەروەها هۆکارێکی تێگەیشتنی ئاسانە لەلای منداڵی تەمەن چوارساڵیدا ، هەروەها لەلای پیرەکان ، تەنانەت ئەگەر خەڵەفابێت(خرف) و لەلای پێگەیشتووان تەنانەت ئەگەر ئاوەزیشیان لاوازبێت . گشت ئەمانە زۆر سروشتین دەربارەی مرۆڤی سادە ، بەڵام هەر کە زانایەکی زمانەوانی ، یان پسپۆری هەر لقێك لە لقەکانی دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە بکات تووشی سەرسوڕمان دەبێت . سووکی و ڕەوانی کە خەڵکی پێی بەکاردێنێ ، گشت کەسێك ، بۆ زمانە نەژادەکەی خۆیان تێڕوانینێکی هەڵە بەدەستەوە دەدات ، ئەویش ئەوەیە کە زمان زۆر سووکە . ئەوەی جەخت لەو تێڕوانینە دەکات ئەوەیە کە لە منداڵێك دیبینین تەمەنی لەچوار ساڵ تێنەپەڕیوە و بە ماوەیەکی کورت زمان بەتەواوی فێربووە ، کە لە دوو یان سێ ساڵ تێناپەڕێت ، سەرەڕای ئەوەی کە ئاوەزی(عەقڵی) هێشتا لە چوارچێوەی پەرەسەندندایە . ئەگەر زانای زمانەوانی دەستی کرد بە وەسفکردنی زمان لە ڕووی پێکهاتنی ناوەوەی و ڕێگای دەربڕینی لەسەر واتاکان ، تووشی گیروگرفتی زۆر قورس دەبێت ، زاناکان هەزاران ساڵە دەستیان کرد بە هەوڵدانی چارەسەرکردنی و بۆ ئەوە نەگەیشتنە ئەنجامێکی گونجاو تا ڕۆژی ئیمڕۆمان ، لەبەر ئەوەی تووشی پێڕەوێکی زۆر ئاڵۆز دەبێت کە بەڕێگەی دیاریکراو لە پێڕەوی تر پێکدێت ، کە هەر یەکێك لەوانە لەلایەن ئاڵۆزییەوە لەوەی تر کەمتر نییە ، ئەگەر دەستی کرد بە هەوڵدانی وەسفی گشت

ئەو پێڕەوانە خۆی دەبینێتەوە ، کە پێویستی بەیارمەتی زۆر یان کەم هەیە لە زاناکانی تر کە هەندێکیان لە تاقیگە تایبەتییەکانی شیکردنەوەی دەنگە مرۆڤایەتییەکان کار دەکەن ، کەچی هەندێکی تریان پسپۆرن لە زانستی دەروونناسیی و هەندێکی تریان لە زانستی کۆمەڵناسیی یان زانستی ڕەگەزناسیی یان لە بیردۆزەی زانیاری و ڕێگەی گەیاندن ، یان لە ئەندازیاری دەنگ لە کاتی ڕۆیشتنی لە هەوادا .

ئەگەر بێت و زانای دەروونناسیی بەشێوەیەکی تایبەتی ئاگاداری ئەو ئاڵۆزییەی کە تایبەتە بە زمان نەبێت ، خێرا دەگەڕێتەوە بۆ چاوپێداخشاندنی گریمانەکانی ، یان تیۆرەکانی پێشووی لە بارەی چۆنێتی پەیداکردن و وەرگرتنی زمانی دایك لەلایەن منداڵەوە ، دەست بە لێکۆڵینەوە سەر لەنوێ بۆ هەوڵدانی چوونەناو قوولایی دەروونی مرۆڤایەتی بە ڕێگەیەکی زانستی تاقیکراوەیی دەکات، کە بەڵکو بگاتە چارەسەرکردنی ئەونهێنییە(لغز) سەیروسەمەرەیە ، کە لەو لایەنەوە پشتیان بگرێت لەو شکستییەی کە زۆربەی پێگەیشتووان لە فێربوون و شارەزابوونی زمانێکی بیانیدا دەیبینێت ، کە کوڕێکی چوار ساڵە شارەزای دەبێت ، سەرەڕای هەوڵدانیان و هێزی پاڵنەر لە لایان و بڕینی چەندین ساڵ کە لە ترۆپکی پێگەیاندنی ئاوەزین لە هەوڵدانی گەیشتن بەوە .

لەوانەیە ئەوەی تا ئێستا لە بارەی چەندێتی ئاڵۆزیی زمانەوە وتمان قسەیەکی تەواو ڕوون نەبێت ، لەبەر ئەوەی قسەیەکی گشتییە . لەبەر ئەوە ئێستا هەوڵدەدەین کە بیرۆکەیەکی ڕونتر لەوەی مەبەستمانە بەدەستەوە بدەین ، ئەویش بەشیکردنەوەی ئەوەی دەکرێت کاتێ مرۆڤێك وشەیەکی واتادار دەڵێن و مرۆڤێکی تر گوێی لێ دەبێت . بەواتای ئەوەی ئێمە هەوڵی ئەوەی وەسفی دەکەین ناوبنێین بە ڕووداوی زمانیی( حدپ لغوی ) .

زمان لە ڕوخسارە دەرەکییەکەیدا دەنگە و ئەو دەنگەش دەربڕین لە واتا دەکەن . ئەمەش بارێکی بەڵگەنەویستە( بدیهیە ) هەموو دەیزانین ، بەڵام ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە هەیە ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا دەکرێت ، چونکە جەوهەری زمان لە واقیعدا ئەو پەیوەندییەیە .ئەگەر توانیمان بزانین ،کە چۆن مرۆڤ ئەو نامەیەی ( پەیامەی) دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ خەڵکانی تر و چۆن وەك دەنگێك لە هەوادا بڵاوی بکاتەوە ، پاشان چۆن ئەو نامەیە لە هەوادا دەگوازرێتەوە ، تا دەگاتە گوێی بیسەر، پاشان چۆن ڕەمزەکان شی دەکاتەوە و لە واتایان دەگەین شی بکەینەوە ، ئەگەر توانیمان ئەوە بکەین دەتوانین هەندێ ڕۆشنایی بخەینە سەر پرۆسەی قسەکردن یان لەسەر ئەوەی کە پێی دەڵێین ڕووداوی زمانی (حدپ لغوی ).

یەکەم ، دەبێت ئەوەی حەز بەقسەکردن دەکات بچێتە ژێر کاریگەریی پاڵ پێوەنەرێك ، ئەگەر نا دەبێت بێ دەنگ بێت . ئەم کاریگەرییە پاڵپێوەنەرە دەکرێت لەدەرەوە لەڕێی یەکێ لە هەستەکانەوەبێت ، وەك ئەوەی مرۆڤێك یەکێ لە هاوڕێکانی خۆی ببینێ و هەستی ئەوەی پێ بکات کە دەبێت و لە سەرێتی سڵاوی لێ بکات و لە تەندروستی بپرسێت ، یان فرۆشیارێکی گەڕۆك کە میوە دەفرۆشێت ببینێ وبانگی بکات هەندێ شتی لێ بکڕێت ، یان گوێی لە تەقینەوەیەك ببێت و پرسیار لە چۆنێتی یان سەرچاوەکەی یان هۆیەکەی بکات یان بۆنی بۆنێکی خۆش بکات و سەرسامی خۆی بۆ دەربڕێ ، یان دەست لە مەنجەڵێکی گەرم بدات و وابێت کە پەنجەکانی بسووتێنێ و تووڕەبێت لەوەی کە ئاگای لێ نەبووە ، لەوانەیە زیاتر لەهەستێك هاوبەشی کرد لە وەرگرتنی کاریگەرییە دەرەکییەکە ، بەڵام دەکرێت کە کاریگەرییەکە ناوخۆیی بێت وەك ئەوەی مرۆڤ هەست بکات بە برسێتی ، یان تینووبوون یان بێزاری یان نەخۆشی یان حەسانەوە ، یان خۆشی ، کە دەربڕین لەهەر یەك لەو هەستانە لەوانە زمانی بێت ، یان نازمانی بێت بە ڕێگەی جیاواز بکات .

کورتەی قسە ئەو مرۆڤەی هەستی بە پێویستی دەربڕین هەیە لە بارەی هەست ، یان پێویستیی ، یان بیرۆکەیەك لە ڕێی وشەوە هەبوو ، ئەوە ئاسایی زمانە نەژادەکەی بەچاکی دەزانێ ، هەروەها توانای هەیە لەسەر قسەکردن . ئێمە لەم ساتەوە تا ئەوەی کاتەی کە نامەکەی(پەیامەکەی) تێدا دەگاتە گوێگر و لێی تێدەگات دەتوانین کە جیاوازی سێ قۆناغی سەرەکی بکەین کە هەریەکێ لەوانە دابەش دەبێتە سەر چەند پرۆسەیەکی لاوەکی .

قۆناغی سەرەکی یەکەم ، قۆناغی پێکهێنانی نامە و بڵاوبوونەوەی دەنگەکانە کە ئەمەش تایبەتە بە قسەکەرەوە .

قۆناغی دووەم ئەوەیە کە شەپۆلە دەنگییەکان لە هەوادا دەگوازێتەوە تا دەگاتە پەردەی گوێ لەلای گوێگر پاشان دەگاتە مێشکی .

دوا قۆناغ بەندە بە گوێگر و چۆن ئەو نامە دەنگییە پێك بێنێت ، کە دەیگەیەنێتە ئەو واتایەی کە هەڵی دەگرێت .

با دیاردەیەکی زمانیی سادە وەك کەرەسەیەك بۆ ئەم شیکردنەوەیە وەربگرین ، وەك ئەوەی پیاوێك بە ڕێگایەکدا دەڕوات و دەبینێت کە ماڵێك دەسووتێ ، خێرا خۆی دەگەیەنێتە نزیکترین تەلەفۆن و پەیوەندی بە

پۆلیسەوە یان تیمی ئاگرکوژێنەوە دەکات و ئاگاداریـــان دەکاتـــەوە لـــەوەی کـــە بینیویـەتی بـە وتەیـەکی وەك : ( ماڵەکـە دەسووتیّ ) .

یەکەم شت کە قسەکەر لە قۆنـاغی یەکـەم دەیکـــات — واتـــا، قۆنـــاغی پێکهێنـــانی نامـــە(پـــەیام) و بڵاوکردنەوەیـــەتی ، کـــە بایـەخ بـە گرنگیـی هەڵبـژاردنی واتاکـان و دانانی لەو قالبەی بۆ ئەوە لـە زمانەکەیـدا ئامادەکراوە دەدات . لێـرەدا نایەنـە سـەر ئەو گفتوگۆیەی کە چەند سەدەیەکە هەیە و بەردەوامـە، ئـەویش ئەوەیـە ، کـە ئایـا بیرەکان دەکرێت بیّ قالبی زمانی پێکبێـت ، یان ئەو بـیر و قالبانـە یـەك شـتن ، یـان قالبی زمانییەکە بیرەکان دیاری دەکـات ، کە لەوانەیە لە جێیەکی تردا ئاماژەمان بـۆ ئـــەوە کـــردووە ، بـــەڵام ئێمـــە لێـــرەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە بیرکردنەوە لـە زۆربەی کاتەکاندا دەبێـت قـالبێکی زمـانی هـــەبێت بـــۆ دەربڕینـــی. بـــۆ ســـووککردنی بارەکـــە دەڵـــێین هەنـــدیّ قـــالبی زمـــانی تایبـەت بـە ماناکـان ئـەو چـەمکانەیە کـە وشە سادەکان ئەوانەی لە فەرهەنگدا هەن گوزارشتیان لیّ دەکات .

ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو ڕستـەیەی کـە قسەکەرەکە وتی :( ماڵەکە دەسـووتیّ ) . دەبیـنین کـە چەمکی شوێن قسـەکەر بـە زمانی عەرەبی قـالبی وشـەی ( ماڵەکـە — بیـت ) بـۆ هەڵبـژارد بـۆ ئامـاژەپێکردنی ، هەروەها چەمکی ڕوودان ( کـە بینیویـەتی ئـــەویش ئـــاگر هەڵگیرســـانە قـــالبی یـــان وشـــەی ( دەســـووتیّ — یحـــترق )ی بـــۆ هەڵبژاردووە ، بەمـەوە دەتوانێـت بـۆ ئـەو ڕووداوەی بینیویـــەتی دوو یەکـــەی لـــەو یەکانـە یـان دوو قالـب لـەو قالبانـەی بـۆ هەڵبژاردووە  کە لە زمانەکەیـدا گوزارشـت لەواتادا دەکات .

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئێمـە لـە زۆرتـرین جێگە جەختمان لەسەر زمانێکی دیاریکراو کـــرد ، ئـــەویش زمـــانی عەرەبییـــە لـــەم بارەمانـــدا ، لەبـــەر ئـــەوەی قـــسەکەری زمانێکی تر دەتوانێت یەکەی ، یان قـالبی دیـاریکراوی تـر کـە لـە زمانەکەیـدا هەیـە هەڵبـژێرێت ، نـەك ئـەوەی کـە قـسەکەری زمانی عەرەبی هەڵیبژاردووە . یەك نموونە بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە . قسەکەری زمـــانی ئینگلیـــزی وەك زمـــانی دایـــك بـــۆ نموونە دەکرێت کـە نامەکـە بـەم شـێوەیە پێـك بێنێـت A house is on fire بەمە یەکەی واتا یان قالبێکی هەڵبژاردووە بۆ ئاماژەکردن لەسەر چەمکی شوێن ، کە لێکچووە لەوەی قسەکەری زمانی عەرەبی هەڵیبـــژاردووە — ســـەرەڕای جیـــاوازی دەنگـــەکانیان بەتـــەواوی — کەچـــی بـــۆ ئامـــاژەکردنی بـــۆ ڕووداوەکـــە یەکەیـــەکی جیـاوازی هەڵبـژاردووە ئەوەیـە ( fire ) یان ( ئاگر ) لە جیاتی یەکـەی ( سـووتان — حـرق ) کـە قـسەکەری زمـانی عـەرەبی هەڵیبژارد . لەتواناداهەیە نموونەی تر لـە زمانـەکانی تـر کـە لایـەنی لێکـچوو یـان






جیاوازی لەو قالبانەی ئاماژە دەکەنە سەر ئـەو واتایانـەی کـە گـشت ئـەو زمانانـە دەربڕینی لێدەکەن لە بـارەی یـەك واتـاوە بهێنرێتەوە .

قسەکەری عـەرەبی هـەردوو یەکـەی واتـا ناوهێنراوەکەی هەڵبژارد ، هەنگاوی دواتـر ئەوەیـە کـە هەسـتیّ بەهەڵبـژاردنی یەکـە زمانییـــە ( یـــان یەکـــە ڕێزمانییـــەکان ) گونجاوەکان و ، پێکەوە ڕێکیان بخات بەو شێوەیەی لە زمانەکەیدا ناسراوە ، لێـرەدا وەك زانـــراوە ڕێگـــەی زۆر هەیـــە بـــۆ ڕێکخـــستنی هـــەردوو یەکـــە واتـــادارە ناوهێنراوەکـەی پێـشوو، بـەپێی ڕێزمـانی ئەو زمانەی کە قسەکەرەکە بەکاری دێنـیّ . بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیـدا دەتوانێـت هەسـتێت بـە بەسـتنەوەی نێـوان هـەردوو یەکـــە ناوهێنراوەکـــە بـــەم شـــێوەیەی خوارەوە :

ماڵەکە سـووتا : احـترق البيت .

ماڵەکـە سـووتێنرا : حـرق البيت .

ماڵەکـە دەسـووتیّ : البيـت يحترق .

لەماڵەکەدا ئاگرێك هەیە : فى البيت حريق .

لێرەدا ئـاگریّ هەیـە لـە ماڵەکـەدا : هنالـك حريق فى البيت .

ماڵەکـە سـووتێنراوە : البيـت محترق .

ماڵەکـە سـووتاوە : البيـت محروق .

ئـەگرێك هەیـە لـە ماڵەکـەدا : ان فى البيت حريقا .

وێنەی تریش . واتای گشت ئەو ڕستانەش بەتەواوی لێکچوو نییـە ، جیـاوازی واتـایی لێـرەدا لـە ئاکـامی ئـەو یەکـە واتایانـە دروست نەبووە کە قسەکەر هەڵیبـژاردووە ، بـەڵکو لـە بـارەی ڕێگـەی زمانەوەیـە — وشەســازی و ڕستەســازیی — کــە ئــەو یەکانـەی تێـدا دەگـۆڕیّ و ڕێـك دەخـریّ ، بەواتای ئەوەی دەستووری زمانیی لێـرەدا بەسەر قسەکەردا چەندین واتا دەسـەپێنیّ کە دەبێت ئەوەی بۆ ئەو جێیانە گونجـاوە هەڵببـــژێرێت . ئەگـــەر بڕیـــاری دا ئـــەو وێنەیـــەی ناومـــان هێنـــا هەڵببـــژێرێت و ڕســـتەی ( ماڵەکـــە دەســـووتیّ )یـــە و پێکهـاتووە لـە نیهادێـك کـە گوزارەکـەی ڕســـتەیەکی کردارییـــە ، کـــە ڕێزمـــانی زمانەکـــەی ئـــەم بارانـــەی خـــوارەوەی بەسەردا دەسەپێنیّ :

— یەکـەم ، یـان ماڵەکـە دیـاری بکـات و بیناســـێنێت کـــە نیـــشانەی ناســـیاوی بەکاربێنێت ، یان بەنەناسیاوی بیهێڵێتەوە بیّ ئەو نیشانەیە .

— پاشان پێویستە لەسـەری بـە وشـەی ( مـالّ — بیـت ) دەسـت پـیّ بکـات ، وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەوەی کە نیهـادە ، یـان ئەوشـتەیە کـە کاریگـەری قـسەی لەسـەر دەبێت .

– پاشان پێویستی بەو دەستوورەیە کە قسەکەر دارشتنی ئەو فرمانە دیاری بکات کە بڕیاری دا لە بارەی کاتی ڕوودانی لەلایەك و بەردەوامی کردەکە ، یان کۆتایی پێهێنانی لەلایەکی تر بەکاربێنێت .

– پاشان دەستووری زمانەکەی هاوگونجانی نێوان نیهاد و گوزارەی لەبارەی نێر و مێ و تاك و کۆ و ...تاد ، لێ دەوێت . کاتێ ئەوەی هەڵبژارد کە ( ماڵ ) تاك بێت بۆیە دەبێت فرمانەکە شێوەیەکی دیاریکراو وەرگرێت کە لەسەرەوە دیبینین . کە فرمانەکە نێربوو ناتوانێت وێنەی ( تحترق ) بەکاربێنێت لە جیاتی ( یحترق ) ( ئەمە تایبەتە بە زمانی عەرەبی – وەرگێڕ – ) .

بەم شێوەیە دەبینین کە دەستووری زمانەکە وا لەقسەکەر دەکات کە هەندێ یەکەکانی وەك : نیشانەی ناسیاوی ، بۆر لە کۆتایی نیهاد و لە کۆتایی فرمانی ڕانەبردوو وێنەی (دەسووتێ – یحترق ) بۆ کاتی ئێستا و بەردەوامی ڕوودان ، کە لە جیاتی (سووتا – حرق ) یان (سووتاوە– محروق )... تاد ، کەناومان هێناوە بەکاربێنێت .ئەمانەش زمانەوانی هەموویان بە یەکەکانی ڕێزمانی دادەنێت کە یارمەتی دەرخستنی ئەو واتایانەی کە یەکەی یان قالبە واتاییەکانی ناتوانێت بەتەنیا بەئەنجامی بگەیەنێت ، کە پێویستە قسەکەری ئەو زمانە پابەندبێت پێی بۆ ئەوەی بتوانێت نامەکە یان پەیامەکەی کە دەیەوێت پێکبێنێت ،پەخش بکات .ئەمانەش هەندێکیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لێکچوون و هەندێکی تریان جیاوازن .

قسەکەر تاکو ئێستا تەنیا بە دوو پرۆسە لە پرۆسەکانی قۆناغی یەکەمی، کە هەردووکیانیش لە ناوەوەی بوو هەستاوە ( نەك ڕێگەی پێشاندانان بۆ ئەو ڕێگەیەی کە پێی دەکرێت تاکە ڕێگە نییە کە هەموو زمانەوانەکان قسەی لەسەر دەکەن ) ، بەڵام پرۆسەی سێیەم پرۆسەی هەڵبژاردنی دەنگە گونجاوەکانە بۆ پەخشکردنی نامە یان پەیامەکە ، بەواتای ئەو دەنگانەی کە ناسراون لە کۆمەڵی زمانیی کە تاکی تێدا دەژیت ، بووە ئەوەی زنجیرەیەك لە یەکەکانی واتای هەبێت ، بەیەکەی تر بەیەکەوە گەیەنراوە و بەستراوە کە دەستووری زمان دەیسەپێنێ زمانەوانەکان هەر یەك لەو یەکانە پێکەوە ناودەنێن بە مۆرفێم ( کە لەجێگەیەکی تر باسی دەکەین )، دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی مۆرفێم پێناسە بکرێت بەوەی کە بچووکترین یەکەی زمانە خاوەن واتایە . وشە سادەکان ( مجردە ) مۆرفێمە ، هەروەها ( ەکە – ال التعریف )ی ناسیاوی و گشت ئەو گۆڕانە وشەسازییانەی دەکرێتە سەر وشەکان .

ئێستا ، داواکراو لەقسەکەر ئەوەیە سەیری ئەو دەنگانە بکات کە لە





زمانەکەیدا هەن و بچووکترین یەکە بۆ دەنگەکان هەڵبژێرێت ( ئەوەیە کە زمانەوانەکان بە فۆنێم ناوی دەبەن ) لە گشت کۆمەڵێکیدا شێوەی گونجاو بۆ دەربڕین لە بارەی مۆرفێمەکان کە دەستدەکەوێت ، پێکدێنێت . لێرەدا تایبەتییەکی زمانیی سەیر دەدۆزینەوە ، کە لە گشت زمانێکدا ژمارەیەکی دیاریکراوی زۆر لە فۆنێم هەیە ( یان دەنگە تاکە تایبەتییەکان ) کە هیچیان لە خۆیاندا واتایان نییە ، ئەگەر بێت و هەر یەك لەوانە ئاماژە لەسەر واتای مۆرفێمێکی دیاریکراو بکات ، پێویستیمان بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەنگە تاکەکان دەبێت بەژمارەی مۆرفێمەکان یان ئەو وشانەی کە پێویستیمان پێی دەبێت لە ژیانماندا ، کە بەهەزارەهایان لێ بژمێرین ئەگەر بێت و قسەکانمان تەنیا بە زمانی گفتوگۆی سادەیی دیاری کرد ، ئەم بارەش وا دیارە کە نەکرێت و وا لە زمان بکات ببێتە پێڕەوێك ، ئاڵۆزییەکی بە پلەیەك ببێتە ئەستەم و پرۆسەی فێربوونی ئاڵۆز بکات . بۆیە زمانە مرۆڤایەتییەکان توانیان فێڵێك بکەنە سەر ئەم گیروگرفتە گەورەیە بەوەی کە هەر یەك لەوانە هەوڵیان دا کە ژمارەیەکی دیاریکراو لەو دەنگە تاکە تایبەتییانە هەڵبژێرن ( یان خاوەنەکانیان هەڵیان بژارد ) .بەڵام ئەوە بۆ خاوەن زمان وازی لێهێنرا کە بەسەربەستی ئەو دەنگانە بەشێوەی وشەی تایبەتی پێکبێنن کە بەسەدەها هەزاری لە گشت زمانێکدا هەیە . لێرەدا پێویست ناکات بەدوای ئەم تایبەتییەدا بچین ، ئەمە لە جێگەیەکی تر باسی دەکەین ، با بگڕێنەوە بۆ ئەو هاوڕێیەمان کە تا ئێستا هەوڵدەدات بۆ داهێنانی نامە( پەیامە) سادەکەی .

وتمان کە دەبێت قالبە دەنگییە ناسراوەکانی کۆمەڵەکەی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی یەکە واتاییەکان و دەستوورە جیاوازەکانی ئەوەی دەیگەیەنێت بچێتە ناوییەوە . ئەو هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی دوو دەنگی تاك : دەنگی ( هەمزە – تایبەتە بە زمانی عەرەبی – وەرگێڕ – ) و دەنگی ( ل / لام ) پێکەوە ڕێکیان دەخات ، بەمەرجێ ئەوەی یەکەمیان پێش دووەم بێت ، یەکەم داشێکی (مفتوحە ) لەسەربێت ، کەچی دووەم ژێریکی هەبێت ، بۆ ئەوەی ئاماژەبێت لەسەر واتای ناسیاوی یان نەناسیاوی ، ئەو وەك ئەمە دەکات کاتێك دەنگەکانی ( بێ ) و ( یێ ) و ( تێ )، کە دەبێتە ( بیت – وەرگێڕ – ) هەڵدەبژێرێت بەمەرجێ دەنگی یەکەم دەنگێکی تری لەدوابێت ( کە ناسراوە و ناویمان نا بەسەرە / فتحە ) و دووەمیش وەستاو( ساکنە) و سێیەمیش بە بۆر ( چمە ) ئاماژەی بۆ دەکەین ، ئەو ناتوانێت ئەو سێ دەنگانە ڕێکبخات بەمەرجێ ببێتە ( یبت ) یان ( تبی ) یان ( تیب ) بۆ نموونە لەبەر ئەوەی

هیچ لەم زنجیرە دەنگە ڕێکخراوانە واتای ویستراو ناگەیەنن ، پاشان ڕەچاوی کارەکە بەهەمان ڕێگە لەو ڕستانەی کەماوەتەوە دەکات ، ئێستا نامەکە(پەیامەکە) لەلای قسەکەر ئامادەکراوە و تەنیا ماوەتەوە سەر دەرچوونی . هەنگاوەکەی تریش ئەوەیە کە مێشك دەست دەکات بە دەرکردنی فەرمان بۆ ئەندامە ئاخاوتنە جیاوازەکان ، بۆ ئەوەی جوولانەوەی تایبەتی پێویست بەگۆکردنی ئەو ڕستانە بکات ، بەڵام دواهەنگاو لەم قۆناغەی یەکەمەدا ئەوەیە کە ئامێرەکانی ئاخاوتن هەستن بەدەرکردنی دەنگی داواکراو ، لێرەدا ڕۆڵی قسەکەر کۆتایی پێهات هەر کە ئەو دەنگانە لە ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەرچوون تا لەرەلەرە لە هەوا ڕوودەدات ، لە ئاکامیدا شەپۆلی دەنگیی دێتە کایەوە و لە گشت ئەو جێیانەی چواردەوری قسەکەریان داوە بڵاودەبێتەوە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش درێژ دەبێتەوە ، پاشان هێدی هێدی دەست بە کزبوون دەکات ، تا وای لێدێت کە گوێی مرۆڤایەتی توانای وەرگرتنی نابێت و بە ڕوونی و بەباشی لێی تێناگات ، لەوانەیە ئەو شەپۆلانە لە ڕێی تەلەفۆنەوە بگوازرێتەوە هەر وەك ئەو بارەی قسەی لەسەر دەکەین کە ماوەی گەیشتنی بەگوێی بیسەر تا ماوەیەکی گەورە درێژ دەبێت . ئەگەر هاتوو بێ تەلی( لاسلکی) و هۆکاری بەهێزکەری دەنگی نوێی بەکارهێنا ، ئەو شەپۆلە دەنگییانە دەتوانن بگەنە دوورترین جێی سەر زەوی ، بەڵکو دەتوانن بگەنە بۆشایی ئاسمانی دەرەوەش .

گرنگ ئەوەیە ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین کە بارێکی هاتوو لەگەڵ ئەو شەپۆلە دەنگییانەدا هات ، تا دەگاتە گوێی بیسەر و لەپەردەی گوێی دەدات و لەرەلەرە لە گوێی ناوەڕاست و ناوەوەی دروست دەکات و لە ڕێی دەمارەکان( اعصاب ) بۆ مێشك دەگوازرێتەوە . ئەمەش قۆناغی دووەمە کە دەکرێت بە وەسفێکی زانستی ورد وەسف بکرێت لە ڕێی زانستی سروشت و زانستی ئەرکی ئەندامەکان . بەڵام قۆناغی سێیەم ئەوەیە کە بیسەر هەڵدەستێت بەچارەسەرکردنی ڕەمزی (هێما)ئەو نامە دەنگییانە و گەیشتن بە پێکهێنانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەکەی و ئەو واتایەی کە قسەکەر مەبەستێتی دەپێکێت و دەگەیەنێت ، ئەمەش وەك قۆناغی یەکەمە ، لە بارەی شیکردنەوە و وەسفکردنەوەوە بە قورسترین قۆناغ دادەنرێت لەبەر ئەوەی هەمووی لەناو مێشکدا دەکرێت .

مەنتیق ئاماژە(یوحی) بۆ ئەوە دەکات کە چارەسەرکردنی ئەو ڕەمزانە بە ڕێگەی جیاواز لەو ڕێگەیەی کە پێکهاتووە لێی دەکرێت ، بەڵام ئاکامی تاقیکراوە نوێیەکان جەخت لەو گریمانەیە ناکەن ( کە لە بەشی سێیەم دێینە سەر وردەکارییەکانی ). هۆی بنەڕەتی بۆ ئەوە ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان دەنگ و واتادا هەیە ، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە ، بەڵکو دەچێتە ژێر ڕکێفی دەستووری زمانەوە ، دەستووری زمانیش ئاڵۆزە ناهێڵێت باری گەیاندنی واتا لە دەنگەکان کارێکی سووك بێت ، لەگەڵ ئەوەی لە هەمان کاتدا هۆکارێکی یارمەتیدەری سەرەکییە بۆ گەیشتن بەوە .

خاڵی ڕوونی جەختکراو لێرەدا ئەوەیە ، لە توانای بیسەردا نییە کە لەنامەی(پەیامی) قسەکەر تێبگات ، تەنیا ئەوە نەبێت ئەگەر بێت و سەر بەهەمان کۆمەڵی زمانیی بێت ، کە لەگەڵیدا لەبەکارهێنانی ئەو زمانە لەو کۆمەڵەدا هاوبەشی دەکات . ئەمەش واتای ئەوە نییە کە گشت بیسەرێك ئەوەی قسەکەر مەبەستێتی لەقسەکردن تێبگات ، بەڵکو زۆرێك لە تێنەگەیشتن لە گشت ساتێکدا ڕوودەدات . پرۆسەی گوێگرتن و تێگەیشتن لەوانەیە بە قۆناغێك لە پرۆسەی گۆکردن بە وشە قورستربێت . ئەمەش هۆکاری زۆرە هەندێکیان پەیوەندییان بەسروشتی دەنگەکان ، یان ڕاستر بەشەپۆلە دەنگییەکانەوە هەیە . ئەمش تایبەتێتی جیاوازی هەیە هەندێکیان یارمەتی بیستنی دەنگ بەڕوونی و ئاسایی دەدات ، هەندێکیانیش پەکی دەکەوێنێت . ئەم خەسڵەتانەش بەجیاوازیی مرۆڤەوە کە دەنگەکان دەردەکەن لەلایەك : کە ئایا پیاوە یان ژن؟ کوڕە یان کچ؟ پێگەیشتووە یان منداڵە؟ دەگۆڕێت ، هەروەها دەربارەی زمان خۆیشی کە کۆمەڵێکی دیاریکراو قسەی پێدەکەن و جۆری ئەو دەنگانەی کە کۆمەڵ هەڵیبژاردووە بۆ بەکارهێنانی لە دەربڕیندا دەگۆڕێت ، هەروەها بەگۆڕینی باری دەروونیی ، یان هەڵچوونی قسەکەر لە خۆشییەوە بۆ تۆڕەبوون و خەفەت و ...تاد ، دەگۆڕێت . هەروەها خەسڵەتی ئەو شەپۆلە دەنگییانە بەو نێوەندەی لێی دەردەچێت و پێیدا تێدەپەڕێت و بەچەندێتی بێدەنگی ( سکون ) ، یان بوونی دەنگەدەنگ( ججە ) لەو کاتەدا کاریگەری دەکرێتەسەر ، هەروەها سەبارەت بە باری قسەکەر و گوێگر لەیەکترەوە دەگۆڕێت : ئایا نزیکن لەیەکدی ، یان دوورن لە یەکترییەوە؟ ئایا گوێگر چاوەڕێی دەرچوونی دەنگ لەقسەکەرەوە دەکات ، ئەو بۆ ئەوە بەئاگا و وریایە( متنبە متیقڤ )، یان بەسەرپێیی(عرچا ) گوێی لە دەنگەکان دەبێت؟ ئایا گوێگر بایەخ بەبابەتی گفتوگۆکە دەدات یان نا ، یان بیر لەشتی تر دەکات؟ ئایا ئەندامەکانی بیستن لەلای گوێگر لە بارێکی باشدایە یان خراپە یان مامناوەندییە؟

ئەمانە تەنیا نموونەیەك بوون لەو هۆكارە زۆرانەی كە لەسەر پرۆسەی گوێگرتن و تێگەیشتندا كاریگەری هەیە ، هەندێكیان سروشتین ( فیزیائی) و هەندێكی تریان فەسیۆلۆجی ، هەندێكی دی دەروونیی و هەندێكی تر دەماری یان كۆمەڵایەتی ...تاد . كەوا لە پرۆسەی گوێگرتن و تێگەیشتن دەكات ببێتە پرۆسەیەكی زۆر ئاڵۆز . كەچی ئێمە دووبارە گریمانەی ئەوە دەكەین كە هەموو بارەكان لەباردابوون و نامەكەش(پەیامەكە) گەیشتە گوێی بیسەر و توانی لەو مەبەستەی كە قسەكەر دەیەوێت بگات ، كەواتە ئەو كاردانەوەیە چییە كە لێی دەردەچێت؟ئایا دەتوانین پێشبینی ئەو كاردانەوەیە بكەین ، ئەمەش بێجگە لەو كۆمەڵەی كە تاك تێیدا دەژێت كە هاواری كرد و وتی ( ماڵەكە دەسووتێت)؟

ئةم دوو ثرسيارة دةمانطةرِيَنيَتةوة بؤ دواوة ، بةواتا بؤ ثيَش دةرضوونى كاردانةوةى ( ردفعل ) زارةكى لةسةر بينينى ثياوةكة بؤ ماليَك كة دةسووتا ، كةوامان ليَدةكات ثرسياريَكى تر بكةين ئةويش ئةوةية ، ضؤن ثيَشبينى ئةوةمان كرد كة كاردانةوةى هاوريَكةمان ئةو كاتةى ماليَكى بينى دةسووتا ئةوة دةبيَت كة خيَرا رابكات بؤ تةلةفؤن و ثةيوةندى بة ثؤليسةوة ، یان ئاگركوژێنەوە بكات ، بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنێت كە ماڵەكە دەسووتێ؟ وەڵامی ئەوەش ئەوەیە كە ئێمە گریمانەی كۆمەڵێكی دیاریكراومان كرد ئەویش كۆمەڵی شارێكی نوێیە ، كە ئامێری تازەی گەیاندنی وەك تەلیفۆنی تێداهەبێت ، هەروەها تیمی تایبەت بەكوژانەوەی ئاگری تێدابێت ، كە بەرپرسیارە لەو كارانە . هەروەها گریمانەی هەستێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراومان لەلای هاوڕێكەمان كرد و ترسی لەوە هەبوو ، كە هەندێ لەو خەڵكانەی ، چ لە ئاكامی ئاگركەوتنەوەكە و ، چ لەوەی ئاگرەكە بگاتە ماڵ و باڵەخانەكانی دەوروپشتی بەربكەوێت و لە ئاكامی ئەوەش ڕووداوی كۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ تاكەكان و كۆمەڵ ، بەڵكو بۆ كاربەدەستانیش بێنەكایەوە .

تێڕامانی ئەوەمان كرد كە كاردانەوەی ئەو پیاوە ئەو ڕەفتارە سروشتییەبێت كە لەو كۆمەڵدا ناسراوە . بەڵام ئەگەر گریمانەی كۆمەڵێكی ترمان كرد ، با بڵێین كە گوندێكی بچووكی زۆر دووربێت ، ڕێگەی گەیشتن پێی زۆر خراپ بێت ، نەئامێری تەلیفۆن و نە ئامێری نوێی ئاگركوژێنەوەی تێدابێت ،ئایا ڕەفتاری ئەو كەسەی ئاگرەكەی بینیوە لێكچوو دەبێت لەگەڵ ڕەفتاری ئەو هاوڕێیەمان كە لەشارێكی هاوچەرخدا دەژیا؟ وەڵام : نا ، كاردانەوەی ئەو كەسە لەگەڵ ئەو بارەی لەو كۆمەڵە بچووكە پچڕاوەدا هەیە گونجاو دەبێت . ئەو لەهەموو بارێكدا لە جێگەیەكەوە بۆ جێگەیەكی تر لەو گوندە



، لەوانەیە لە كێڵگەكانیشدا دەست دەكات بە قیژە و هاتوچۆ ، بۆ ئەوەی بەكاری ئاگر كەوتنەوەكە ئاگاداری جووتیارەكان بكاتەوە ، هەروەها كاردانەوەی جوتیارەكان لە گشت بارەكاندا كارێكی هەرەوەزیی دەبێت ئەویش كوژاندنەوەی ئاگرەكەیە بەبەكارهێنانی سەتڵ و نزیكترین سەرچاوەی ئاو .

با ئێستا تێڕوانینی كۆمەڵێكی تر بكەین وەك یەكێ لەهۆزە سەرەتاییەكان لە قوژبنێكی یەكێ لە ئیشكاییەكان كە تا ئێستاش باوەڕیان وایە ، ئاگركەوتنەوە بۆ نموونە سزایەكە لەخواوە دایدەبەزێنێتە سەر ئەو كەسانەی كە ئەركیان لەسەرە و جێبەجێیان نەكردووە . كاردانەوەی ئەو كەسەی لە هۆزێكی وەك ئەوە بژیت بۆ ئاگرەكە و كاردانەوەی گشت ئەو كەسانەی لەگەڵ ئەو كەسەن چی دەبێت؟ قورسە پێشبینی ئەوە بكرێت تەنیا لەڕێی لێكۆڵینەوەی زانایانی ڕەگەزناسی نەبێت لە بارەی نموونەی ڕەفتاری جیاوازەوە لە كۆمەڵێكی وەك ئەوەدا . لەوانەیە كاردانەوەی ڕەوشتی بینەر ئەو ترسە زۆرە و كڕنۆشبردنە بێت بەرانبەر ئاگرەكە و خوێندنەوەی هەندێ دوعا و نزای دینی بێت ، كە لەوانەیە خواوەند لە تاوانبار ڕازی بێت و تووڕەبوونی كەم بكاتەوە ، لەوانەیە كاردانەوەی گشت كەسانی كۆمەڵەكە كە ئەو دیمەنەیان بینیوە ، یان گوێیان لەو هەواڵەبووە لەگەڵ كاردانەوەی ئەو تاكە كەم یان زۆر لێكچووبێت یان پێچەوانەبێت ، كە لەوانەیە ئاگرەكە بگاتە گشت ساباتی هۆزەكە ، بەڵام لەبەرئەوەی لەساباتێكی دیاریكراوەوە دەستی پێكرد ، لەبەر ئەوە خاوەنی ئەو ساباتە شایستەی سزایە ، چونكە خواوەندی تووڕەكردووە ، لەبەر ئەوە دەدرێتە دادگا لە ئەنجومەنی هۆزەكە و بەپێی ئەو بڕیارەی كە ئەوە ئەنجومەنە بۆی دەردەكات سزا دەدرێت .

لەوانەیە هەندێ لەو جۆری ڕەفتارە جیاوازانەی باسمان كرد بەرانبەر یەك ڕووداو سەیر و ڕاستگۆنەبن ، بەڵام لەڕاستیدا جۆری ڕەفتارەكان لەلای كۆمەڵە جیاوازەكاندا زۆر دەگۆڕێت و ، بەشێوازی زمانیی جۆراوجۆر و بەبڕی جیاوازی ئەو كۆمەڵگایانە لەسەر بنەمای ئاینی و ڕامیاری و ئابووری و كۆمەڵایەتی بنیاتنراو گوزارشتی لێدەكرێت . دواجار لێرەدا لایەنێكی گرنگ هەیە تا ئێستاش ئاماژەمان بۆ نەكردووە ئەویش ئەوەیە ، كە ئەو ڕستەیەی باسمان كرد : ( ماڵەكە دەسووتێت ) لەڕووی پێكهاتنەوە ڕستەیەكی هەواڵییە ، كەواتە بۆچی هاوڕێكەمان ئەم شێوازەی بەكارهێنا ، كەچی لە ڕاستیدا ئەو داوا لە كەسانی تر دەكات كە بەكارێك هەستن ؟ لەڕاستیدا ئەو ئەوە ئەمەی نەدەكرد ئەگەربێت ئەو بەخۆڕسكی نەزانێت كە ئەركی ڕاستی ئەم ڕستەیە لەو چوارچێوەیەدا داواكارییە نەك

هەواڵ گەیاندن . ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەرکەکانی زمان هەندێ جار لەوانەیە لەگەڵ شێوەی دەرەوەی بگونجێت و، لەهەندێ جاریشدا کەم یان زۆر لەگەڵیدا جیاوازبێت . بیسەری ئەم ڕستەیە ئەرکە ڕاستەقینەکەی تێگەیشتووە و لەسەر ئەو بنەمایانە ڕەفتاری کرد . ئەمەش ئەوە دەردەخات لەنێوان تاکەکانی کەمەڵێکدا کە ئەو ئەرکە زمانیانە بارێکی ناسراو و لێ تێگەیشتووە.

بینیت کە هاوڕێکەمان چەندێك هیلاك و ماندووبوو تا بتوانێت نامەیەکی( پەیامێکی ) وشەیی پێکهاتوو لەیەك ڕستەی زۆر ئاسان و کورت بنێرێت ، هاوڕێکەی ترمان ، گوێگر ، تووشی کێشەبوو بوو بۆ ئەوەی هێمای ئەو نامەیە چارەسەر بکات و لێی تێبگات و ڕەفتاری گونجاوی لەگەڵ بکات؟ بەڵام ئایا لەواقیعدا ئەو دوو هاوڕێیەمان خۆیان زۆر ماندوو کرد بەدەرکردنی نامەکە و وەرگرتنی ، یان ئێمە بەهەوڵدانمان بەشیکردنەوەی ئەوەی ڕوویدا و وەسفکردنی و شیکردنەوەی لایەنە جیاوازییەکانی تووشی دەردەسەری و گرانییەکی زۆر بووین ؟ لەڕاستیدا قسەکەر لەپەخشی نامەکەی تووشی قورسی نەبووە کە باس بکرێت ، کەوتەژێر وەڵامدانەوەی کاریگەری سروشتی بەو ڕێگە ناسراوەی کە لە کۆمەڵەکەیدا هەیە ، هەروەها نامەیەکی زمانی بەو ڕێگەیەی گونجاوە لەو کۆمەڵەدا دەرکرد ، ڕاستە کە هەندێ هەڵبژاردە لەبەرانبەریدا گشت کاتێك کراوەبوو ، ئەوەی هەڵبژارد کە بڕوایکرد گونجاوە بۆی . بۆ نموونە لە توانایدا هەبوو بەو دیمەنەدا تێپەڕێت و هیچ نەکات ، یان بووەستێت سەیری بکات ، یان سواری سەیارەکەی بێت هەواڵەکە بگەیەنێتە لایەنی بەرپرس ، چەندین ڕەفتاری تری لەو بارەش لەو کۆمەڵەدا ، بەڵام ئەو یەکێکیانی هەڵبژارد و لەسەر ئەو بنەمایە ڕەفتاری کرد ، کە بەخێرایی و بێ پلان ڕەفتارکەی کرد ، یان لەوانەیە پاش بیرکردنەوەیەکی کەم ئەو ڕەفتارەی کرد .بەڵام گوێگر یان گوێگرەکان لەلایەکی تر لەوانەیە تووشی هەندێ گرفت بوون لە گوێ بیستی هەواڵەکە و تێگەیشتنی و لەوانەیە هیچ شتێکیان لەوە دەست نەکەوتبێت ، کەچی ڕەفتارەکانیان بەپێی ئەو داب و نەریتەیە کە لە کۆمەڵەکانیاندا باوە .

زمان کە لە سەرەتای ئەم باسەماندا باسمان کرد ، ڕەگەزێکی زۆر گرنگە ، بەڵکو گرنگترین ڕەگەزە کە دەستووری کۆمەڵێکی دیاریکراوی لێ پێکدێت و ڕەفتاری زمانیی و نازمانی کەسەکانی تا ڕادەیەکی دوور دەچێتە ژێر ڕکێفی . ئەوەش دەربارەی تاك کە بەشێکە لە





بوونی( کیانە) جیانابێتەوە ، کە لە کاتی منداڵییەوە وەریگرتووە و وەك چۆن هەوا بۆ هەڵمژین و نان بۆ خواردن بەکاردێنێت ، ئەو زمانەش بەو شێوەیە بەکاردێنێت ، بێ گیروگرفت و بێ ئەوەی هەست بەگرنگیی و ڕادەی ئاڵۆزبوونی بکات . ئەمەش جێبەجێ دەبێتە سەری ئەگەر بێت بێ دەنگ بێت ، یان قسە بکات یان گوێگر بێت ، بەڵام ئەوەتا ئێمە کاتێکی زۆر کورت نییە کە بردمانە سەر و هەوڵدەدەین بەپێی توانا ئەو دیاردەیە شی بکەینەوە ، یان ئەو ڕووداوە زمانییە زۆر سووکە و کە چرکەیەك یان کەمتری نەخایاند . هەوڵمان دا هەموو لایەنە جیاوازەکانی داپۆشین ، ئەوەمان زانی کە ئێمە باسی زۆربەی لایەنەکانیمان کرد و هەندێکیمان کورت کردەوە ، لەبەر ئەوە پەیمان دەدەین شیکردنەوەی زۆری ئەو پرۆسەیە لەوەی لەم کتێبەدا دەمێنێت بکەین . بەڵام لەوانەیە توانیبێتمان کە تەنانەت بیرێکی سەرەتایی سووکیش بێت لە بارەی چەندێتی ئاڵۆزی لەو پێڕەوەدا کە ناوی دەنێین زمان دابێت ، پاشتر لە باسی تر و بەقووڵی و ڕوونکردنەوەی گەورە ئەو بایەخە بورووژێنین.

زمان نهێنییەکی گەورەیە و زانایانی لەچارەسەرکردنی بۆ هەزارەها ساڵ سەرسام کردووە ، کە نەیتوانیوە تا ڕۆژی ئیمڕۆ هەندێ لایەنی کەمی ئەو نهێنییە بدۆزنەوە ، زمان بەڕاستی نهێنی خوایە کە لە دروستکردنی بەشەردا دروستی کردووە و داوێتی پێی .

**٣- زمان تەوەرەی لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکانە :**

لەکاتی وەسفکردنمان بۆ دیاردەیەکی زمانیی سادە ئەوەمان دۆزییەوە کە ئەو پرۆسانەی لەسەرەتادا تا کۆتایی ڕووداوەکەی تێدا دەڕوات پرۆسەی جیاوازە ، هەندێکیان تەنیا تایبەتە بە زمانەوان خۆیەوە ، بەڵام زۆرینەی تایبەت نییە بەوەوە ، بەڵکو هەندێکی زمانەوان ناتوانێت هیچ شتێك بەرانبەری بکات ، بەڵکو لەکەسانی ترەوە چاوەڕێی یارمەتی و هاوکاریی دەوێت .

پێش ئەوە چەند گرنگییەکی زمانمان لەبارەی کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکانەوە دەرخست ، بەمەرجێ ناتوانین تێڕوانینی ئەوە بکەین ، کە هیچ کۆمەڵێکی جیهانی بێ بوونی زمان بێت . زمان دەربارەی کۆمەڵ لەجێی ئەو دڵەیە کە لە لەشی مرۆڤدا هەیە ، هەروەها ئەو تەوەرەیەیە کە گشت لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکان هەروەها هەندێ لە لێکۆڵینەوەی سروشتی و کارەکیش لە چواردەوریدا دەسووڕێتەوە .

بۆ نموونە تێڕوانین لە سروشتی زمان

دەکرێت لە گۆشەی جیاوازەوە سەیربکرێت . لە لایەنی دەنگەوە سێ جۆر لە زانایان و توێژەوەران لە لێکۆڵینەوە و وەسفکردنی بەشداری دەکەن . لێرەدا ئەندامی ئاخاوتنی هەیە کە بەڕێگەی جیاواز بۆ دەرکردنی دەنگە جیاوازەکان دەجوولێتەوە ئەوە لە لایەکەوە ، بابەتی توێژینەوەی زانای ئەرکی ئەندامەکانە ، لەلایەکی تریشەوە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانایانی دەنگسازانە ، بەڵام دەنگ پاش بڵاوبوونەوەی لەهەوادا ، ئەمە تایبەتە بە پسپۆڕێتی زانایانی سروشتی و ئەندازیاری کارەبایی پسپۆر بەهۆکارەکانی گەیاندن ، کە بەشێوەیەکی تایبەتی هەڵدەستێ بەگۆڕینەوەی شەپۆلە دەنگییەکان بۆ شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی بۆ سوود لێوەرگرتنی لە بوارەکانی گەیاندنە دوورەکان . لەگەڵ ئەوەی کە دەنگ بەرگوێ دەکەوێ کە ئەندامێکە لە ئەندامەکانی لەش ، هەروەها ئەمەیش لە پسپۆڕێتی زانایانی ئەرکی ئەندامەکانە.بەڵام پەیوەندی مێشك بە زمان و ئاخاوتنەوە زمانەوان و زانایانی دەروونناسی و پزیشکی پسپۆڕی ئامێری دەمار لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاوبەشی دەکەن ، ئەویش بۆ هەوڵدانی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییە و سوودبوون لێی، بۆ چارەسەرکردنی هەندێ هەڵچوون و نەخۆشی زمانیی لەلایەك ، ناسینی هەندێ لەنهێنی ڕووەکانی زمان لەلایەکی تر .

بایەخدانی زانستی دەروونناسیی باسی زۆرینەی لایەنەکانی زمان و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئاوەز و دەروونی مرۆڤایەتییەوە هەیە دەکات — کە لە جێیەکی تر ئاماژەی بۆ کرا لە کاتی شیکردنەوەی ڕووداوی زمانیی لە لاپەڕەکانی پێشوودا — بۆ نموونە ئەوەی بیری زانایانی دەروونناسیی زمانەوانی داگیرکردووە ڕێگاکانی پێکهاتەی نەریتە گۆکردنەکان( لفـﻒ ) و کاریگەرییەتی و جیاوازی تاکایەتی لە پەیداکردنی زمان و سایکۆلۆجییەتی خوێندن و پەیوەندی زمان بەکەسایەتی و ئەنگی وشەوەیە …تاد ، بەڵام گرنگترین ئەو شتانەی کە تا ئێستا بیری ئەو زانایانەی داگیرکردبێت ئەم بارانەی خوارەوەیە ( کە بەدرێژی لە بەشەکانی تردا باسیان دەکەین ):

**باری یەکەم** :

تیۆرە نوێیەکانی دەربارەی توانستی زمانیی خۆرسکییە( فگریە ) ، کە چۆمسکی هێنایە کایەوە و چەندێتی ڕاستی و چییەتی ئەو توانایە کە لە دایك دەبێت لەگەڵ منداڵەکەدا و ڕۆڵی پەروەردەکردن لە ژینگەیەکدا و وەرگرتن لەو ژینگەیەدا .

**باری دووەم** :





پەیوەندی نێوان توانای زمانیی کە تایبەتییەکە مرۆڤ هەیەتی و بەکارهێنانی کارەکی لە زماندایە .

**باری سێیەم** :

چۆنێتی دروستکردنی تاکە بۆ ئەو نامە و وشەیەی کە دەری دەکات ، پاشان چۆنێتی کردنەوەی هێماکانی( ڕەمزەکانی ) کە شێوەیەکی گشتی نەك بەوردی لە لاپەڕەکانی پێشوودا وەسفمان کرد. لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی ئەم سێ بارانەدا کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو ڕێگەیەی کە چۆن منداڵ زمانی دایکی پێ پەیدا دەکات لەلایەك و ،چۆن ئەمە جیاوازە لەگەڵ ڕێگەی فێربوونی پێگەیشتووان ، یان منداڵی بۆ زمانە بیانییەکان لەلایەکی ترەوە هەیە ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندنی بیانی ، ڕەسەن و بیانییەکان و ڕێگاکانی وتنەوەی و بابەتە فێرکارییە گونجاوەکانی و چەندین باری تری کردەیی . لێرەدا فێرکەر و بەتایبەتی داهێنەری کتێبە زمانییە فێرکارییەکان و مامۆستای زمانیی زگماك یان بیانی بەشداری ئەو بایەخ پێدانە دەکات .

بایەخدانی زانایانی بیرکاری بە زمان لەم چەرخەی ئێستاماندا لەسەر بنەمای ئەوەی کە گرنگترین هۆکاری گەیاندنە زیادی کرد، تەکنیکی نوێش وێنەیەکی پرپایەخی پێدا ، بۆیە دەستیان کرد بە خوێندنی زمان لە ڕووی ڕێگەی بیرکارییەوە کە دەست دەگرێتە سەر دارشتنی نامەکە ، پاشان لە کردنەوەی هێماکانی ( ڕەمزەکانی ) و لەلایەنی چۆنێتییەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی کارەکی لەو لێکۆڵینەوانانەدا سوود ببینرێت ، لە خەزنکردنی زانیارییەکان بۆ سەر کۆمپیوتەر بۆ وەرگێڕانی ئامێری بۆ هۆکاری گەیاندنە جۆراوجۆرەکان و شتی تری لەو جۆرەش . تا وای لێهات زانستی زمان لقێکی تایبەتی بەناوی ( زانستی زمانەوانی بیرکاری ) لێ بووەوە ، کەئێستا لە زۆرینەی زانکۆکاندا دەخوێندرێت .

لەسەر بنەمای ئەوەی کە زمان گرنگترین بنەماکانی کۆمەڵە ، بایەخی زانایانی کۆمەڵناسیی و پسپۆڕان لە زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بایەخێکی زۆر گەورەیە ، بەشداری تێدا دەکەن و تێبینی زۆر و ئاکامی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەکانیان پێ دەبەخشێت ، زانایانی کۆمەڵناسیی ( ئەنپرۆپۆلۆجیا ) بابەتەکانی بایەخدانی ئەمانە گشتیان زۆرن و چووە بەناویەکدا ، بەڵام لە کرۆکیدا جەخت لە پەیوەندی زمان بەکۆمەڵەوە دەکات . لەم دواییەدا و لە ئاکامی ئەو بایەخدانانە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆرە بایەخدار هاتە کایەوە

،کە کاریگەری لە ئاراستە نوێیەکانی زانایانی زمانەوانی پسپۆر لە ڕێزمانی زماندا دیاربوو ، کە ئاراستەکەی پێش چەند ساڵێکی کەم ئاراستەیەکی جیاوازی هەبوو –لە جێگەیەکی تری ئەم بەشە باسی دەکەین – کەچی ئەدەبیش زانستی زمان بەبەرهەمی لێکۆڵینەوە تایبەتییەکانی بەواتا و شێواز دەوڵەمەند کرد و کاریگەری ئەمەش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرکەوت و، ئەدیب و زانایانی زمانەوانی پێکەوە لە شیکردنەوە و تێگەیشتنێکی قووڵی نموونە ئەدەبییە جیاوازەکاندا دەستیان بەکار کرد .

بوارە گفتوگۆیە کۆنەکانی زمان سەرەڕای کوژانەوەی بریسکەکەی کە ماوەیەکی زۆرە ، کەچی سەر لەنوێ لەژێر ڕوناکیی هەندێ لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ڕێزمانی زمان و واتاسازی و پەیوەندی بە ڕێزمانەوە گەڕایەوە ، ئەگەر بێت و گشت زمانەکان کە یەك بنەمای هاوبەشیان هەبێت گرنگتر و فراوانتربێت لەو ڕێزمانە بینراوەی کە گشتمان دەیزانین و پەیوەندی زمان بە واقیع و ڕاستییەوە .

لەم گفتوگۆیە و لەم لێکۆڵینەوانانەی پێیەوە بەندن ، فەیلەسووف و زانایانی مەنتیق و زانایانی زمان و زانایانی دەروونناسی و زانایانی ڕەگەزناسیی و هی تر بەشداریان کرد ، کە تا ئێستاش بەشداری تێدا دەکەن . ئەو گفتوگۆیە کۆنە نوێیە کاریگەری کردە سەر هەندێ لە زانستەکان ، کە خمخۆرانی بیرکاری لە کۆنەوە و زانایانی مەنتیق لەم دواییەدا هەستیان کرد بەوەی ، کە زمان باشترین هاوشێوە نییە بۆ بیرێکی ڕووت ئەگەر هەبوو ، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی ، یان کەمتەرخەمی لە گەیاندنی پرۆسە ئاڵۆزەکانی بکات ، بۆیە بەتەواوی زمان لە دوورکەوتنەوە و گۆڕینەوەی بە هێما ، کە هەندێکیان لە زمانەکە وەرگیراوە و هەندێکی تریان پەیوەندییان بەزمانەوە نییە .

ئەو لێکۆلینەوانانەی پەیوەندن بە واتاوە ،ئەو پێکگەیشتنەیە کە گشت ئەو زانایانەی ناوییانمان هێنا لە زانایانی بیرکاری و فەیلەسووفەکان و خاوەنی مەنتیق و دەروونناسیی و کۆمەڵناسی و ڕەگەزناسی و پسپۆرانی خوێندنی باڵا و پەروەردە ، لەبەر ئەوەی واتا ، یان واتایی زمانیی ڕوویەکی زۆری هەیە ، هەندێکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەپێکهاتەی زمان یان وشەکانی زمانەوە هەیە ، هەندێکی تریان پەیوەندی بە ئاوەز( عقل)وە هەیە ، هەندێکی تریان پەیوەندی بەڕاستی بوونەوە هەیە ، هەندێکی تر پەیوەندی بە هەڵە و ڕاست و هەق و ناهەقەوە هەیە ، هەندێکی تر





پەیوەندی بە بڕی ئەو زانیارییانەوە هەیە کە نامە(پەیام) زمانییەکە هەڵیدەگرێت، هەندێکی تر پەیوەندی بە جێوە یان ئەو بۆنانەی کە گفتوگۆ و پەیوەندی قسەکەران لە نێوان خۆیاندا تێدا دەکرێت هەیە ، هەندێکی تریان پەیوەندی بەو ژیارەوە هەیە کە زمان گرنگترین دیاردەیەتی و هەندێکی پەیوەندی بەڕاستییەتی یان خوازە و هەندێکی پەیوەندی بەلایەنی جوانکارییەوە هەیە ...تاد . لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە لە دیاردەکانی زمان سەرەڕای مێژووە کۆنەکەی ، بەڵام لەم دواییەدا بەهۆی کاریگەری ئەوتیۆرانەی کە هەندێ لە زانایانی زمان لەم سەدەیەی ئێستادا هێنایان بایەخێك و کێشێکی تایبەتی پەیداکرد.

یەکێك لە ڕێگە پراکتیکییەکان تا ئێستاش بۆ سوود وەرگرتن لەو لێکۆڵینەوانانە نووسینی فەرهەنگە زمانییەکان بوو . بەڵام کاتێ کە خاوەنی فەرهەنگەکان لە کۆندا جەختیان لەسەر لایەنە مێژووەکان و داڕشتنی زمان دەرکردەوە فەرهەنگە تایبەتییەکانیان بەیەك زمانی دیاریکراو دابین دەکرد ، ئێستا جەخت لەسەر واژە و واتای جۆراوجۆری وشەکان لە سیاقە جیاوازەکاندا دەکرێت و کتێبخانەکانیش پڕبوون لەو فەرهەنگانەی کە دوو زمان یان زیاتر لە خۆدەگرن .

لە زانایان و پەروەردەییەکان کە بایەخیان دا و تا ئێستاش بایەخێکی تایبەتی بۆ بەدیهێنانی هۆکاری گەیاندنی تری بێجگە لە زمانی نووسراو دەدەن . ئەویش لە پێناوی یارمەتیدانی کەروڵاڵەکانە بۆ فێربوونی زمان و داهێنانی ڕێگەی دەست لێدانە بۆ فێربوونی خوێندن و نووسینی نابیناکان و ڕێگەی تر بۆ فێربوونی زمان بۆ بیرکۆڵەکان( متخلفون عقليا) ، یان بۆ ئەوانەی کە نەنگی زمانیی جیاوازییان هەیە .

دوا قسە و دوا قسەش نییە ، لێرەدا ڕوخساری نووسراوی زمان هەیە و گرنگیی ئەو ڕوخسارەش ئەوەبوو بووە نیشانەیەکی تایبەتی بۆ فێربووان لەوانەی کە نەخوێندەواران و بۆ نەتەوە پێشکەوتووەکان لەنەتەوە دواکەوتووەکان . هەروەها زمانی نووسراو ئەوەیە کە زانست و ئەدەب و ڕووەکانی تری ژیاری لەفەوتان دەپارێزێت و دەیانخاتە نێوان دەستی خوێنەران لە خوێندکار و توێژەران . لەگەڵ تەقینەوەی زانیاری لەم سەدەیەدا زانایان دەستیان کرد بەبیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگەی تر کە لەو ڕێگە کلاسیکییەی پاراستنی زانیاری جیاوازبێت ، بەمەرجێ کە جێیەکی گەورە نەگرێت و بتوانرێت بەئاسانی

بگەڕێنرێتەوە و کۆمپیوتەریش لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵێکی گەورەی لەم بارەوە گێڕاوە .

سەرەڕای لق لێبونەوەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان تا ئەو ڕادەیەی کە باسمان کرد – کە زۆربەیمان پشت گوێ خست – ئەو ژمارە بەلێشاوەی توێژینەوە و ئەزموونکاری نوێ لەهەر یەکێ لەو لقانە ، کە ناتوانین هەقی هەندێکیان لە جێیەکی بچووکی وەك ئەم کتێبە بدەین ، کە چارمان نییە تەنیا چەند ژمارەیەکی دیاریکراو لەو بابەتانەی گرنگ و نوێن دەربارەی کاتی ئێستامان وەرگرین و بەدرێژی و بەڕوونی چارەسەریان بکەین . لەبەر ئەوە ئێستا دێینە سەر باسێکی تری ئەم بەشە و هەوڵدەدەین وێنەیەکی خێرایی زۆر دەربارەی پەرەسەندنی مێژوویی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بدەین بەدەستەوە ، چونکە ناتوانین بەبێ ئەوە ببینین کە لێکۆڵینەوە نوێیەکان چۆن بووە لە زۆربەی بارەکاندا ، یان کاردانەوەی لێکۆڵینەوە کۆنەکان بووە ، یان نوێکردنەوە و پەرەسەندنی بووە .

### ٤– کورتە مێژوویەکی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کۆنەکان :

زۆربەی باسەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کە تا ئێستا باسمان کردووە ، بابەتەکانی بایەخە هاوچەرخەکانە ، بەڵکو دەتوانرێت لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەی ئێستادا دیاری بکرێت ، بەڵام ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە زمان سەرنجی کۆنینەکانمانی نەورووژاندبێت و بێ لێکۆڵینەوە ، یان تێڕوانین ، یان توێژینەوە تا ئەم چەرخەی ئێستامان وازیان لێهێنابێت ، لەگەڵ ئەوەی زمان و ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە توندی بەیەکەوە بەستراون بەشێوەیەك کە ناتوانرێت تێڕامانی یەکێکیان بێ ئەوەی تریان بکرێت؟

ڕاستی بارەکە ئەوەیە کە بایەخی کۆنینەکان بەزمان هەرگیز نەپچڕا ، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە زمانەکانیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەدینەوە ( ئاینەوە ) هەیە ، وەك ئەو بارەی دەربارەی زمانی سەنسکریتی لە هیند و یۆنانی و لاتینی لە ئەورووپا و عەرەبیش لە وڵاتی عەرەبیدا بوو . کەچی جیاوازی نێوان لێکۆڵینەوە کۆن و نوێیەکان ئەو جیاوازییە کە لە زارك( المدخل ) ، یان لە شێوازی چارەسەرکردنی زمانەکەدا هەیە . ئەمەش بەهیچ بارێك لە بارەکان واتای ئەوە نییە کە گشت ئەو لێکۆڵینەوە کۆنانە نرخی نەبێت ، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەندێکیان نرخێکی زۆر گەورەی هەیە کە تا ئێستا سوودی لێ دەبینین و پشتی پێ دەبەستین .





بەهەر شێوەیەك هیچ بەڵگەیەکمان نییە لەسەر بایەخدانی کۆنینەکان دەربارەی زمان پێش ئەوەی نووسین دۆزرابێتەوە و بەکارهاتبێ بۆ نووسینەوەی ئاکامەکانی ئەو بایەخ پێدانە . لێرەدا هێما لەنەخشی هیرۆگلۆفی و سۆمەری و ئاشووری هەیە ، ئاماژەیە لەسەر بوونی فەرهەنگ و وەرگێڕاوەکان ، هەروەها چیرۆکی کەلووی(برج) بابل لەسفری پێکهاتنی تەورات ، ئاماژە بۆ دەرکپێکردنی بایەخی زمانێکی یەکگرتوو وەك هۆکارێکی یەکگرتنی کۆمەڵ دەکات ، بەڵام ئاکامێکی زمانی گرنگمان نییە پێش سەدەی چواری زایینی کە زانایانی ئەورووپی لەسەدەی نۆزدەیەم کتێبێکیان دەربارەی ڕێزمانی سەنسکریتی کە پانینی ( panini ) دایهێنابوو لەهیند لەسەدەی چوارەم بەئامانجێکی ئاینی ڕوون دۆزییەوە کە تێیدا وەسفی پێڕەوی دەنگی ئەو زمانە و پێکهێنانی وشەسازی و ڕستەسازی بە وەسفێکی زۆر ورد کردبوو ، ئەم داهێنانە بووە هۆی یارمەتیدان لەسەر زانیاری پەیوەندی زمانی سەنسکریتی بە زمانە هیند و ئەورووپییەکانی ترەوە و بووە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان کە سەدەی نۆزدەی جیاکردەوە و ئامانجەکەشی ئەوەبوو ، کە زمانەکانی جیهان دابەش بکاتە سەر بنەماڵەی زمان کە گشتیان دەگەڕێنەوە بۆ سەر یەك ڕەچەڵەك .

سەرەڕای بایەخپێدانی یۆنانی و ڕۆمانییەکان بەلێکۆڵینەوەی زمانەوانییە جیاوازەکان ، کەچی لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی لە جۆری کتێبی پانینی و ئەو ئاستە لەلایان نابینین ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخپێدانی ئیغریقییە کۆنەکان بەشێوەیەکی تایبەتی بەفەلسەفە ، یەکەم کەسیش لەوان کە ڕوانییە زمان فەیلەسووفەکان بوو ، لەبەر ئەوە ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان بەرە و بەدواچوون لە مەسەلە گشتییەکان زۆ بەشێوەیەکی ڕووت(سادە – تجرید) بوو ، بەم کارەشیان کاریگەریان کردە سەر ئەو لێکۆڵینەوانانەی کە ڕۆمانییەکان پاشان عەرەبەکان و ئەورووپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەتا پاش چەرخی ڕاپەڕین لەچەرخە نوێیەکاندا کردیان .

ئەو مەسەلە گرنگەی کە یۆنانییەکان ورووژاندیان و جێ پەنجەیان لەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی پاشتر هەتا چەرخی ئێستامان بەجێهێشت ، کەبەندە بەسروشتی زمان و سەرهەڵدانی . هەندێکیان ئەوەیان بینی لەوانەش ئەفلاتۆن کە زمان دیاردەیەکی سروشتییە و وشە و دەنگەکانی بەشێکن کە لە واتا

جیانابێتەوە ، کەچی تیمێکی تر ئەوەی بینی لەوانە ئەرستۆ کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەنگەکانیشی هێمایەکی زاراوەییە نەك پەیوەندییەکی سروشتی یان ڕاستەوخۆیی بەماناکانەوە نییە . لە ئاکامی ئەم جیاوازییە دوو تیۆری ناسراو بەناوی تیۆری کردەیی( التوقیفیە) و ئەوەی تریش بە تیۆری زاراوەیی ( الاصگلاحیە ) یان دانانی ( التواچعیە ) سەریان هەڵدا ، کە تا چەرخی ئێستامان گفتوگۆ لە نێوانیاندا درێژەی هەیە . لەتیۆری یەکەمەوە تیۆری زۆر لەبارەی نەژادی گشت زمانەکانەوە سەری هەڵدا ، لەوانە زمان کردەیەکی خودایییە ، هەروەها کە نەژادی گشت زمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان یان دەنگی ئاژەڵەکان ...تاد ، بارەکە گەیشتە ئەوەی هەندێك بگاتە ئەوەی بڵێت ، کە دەنگەکان نرخێکی دەربڕینیان هەیە ، کەچی ئەوەی پەیوەندی بەدانانی ڕێزمانی بەدوور و درێژی( تفصیلیە) زمانی یۆنانی کۆنەوە هەیە ، ئیغریقییەکان لەوەدا دواکەوتن دواکەوتنێك جێی سەرسوڕمان بێت و لەسەردەمی ئیسکەندەرییە لەسەدەی دووەمی پێش زاینی و پاش ئەوە دەستیان بەوە کرد دوای ئەوانیش ڕۆمانییەکان دەستیان بەوەکرد ، کە بۆ هەردوو زمانەکە ڕێزمانێکیان دانا خاوەنی دوو تایبەتییە و کاریگەرییکی گەورەی هەبوو لەسەر ئەو نەتەوە جیاوازانە بە تایبەتی لە ئەوروپا کە شوێن پێیان کەوتن .

یەکەم تایبەتی ئەوەیە کە هەردوو گەلەکە ڕێزمانێکیان دانا کە دەکرێت بە زمانی پەتی ناوی بنێین ، ئەو زمانەیە کە لەو کاتەی ئەو ڕێزمانەی لێ دانرا بەکارنەهاتبوو ، بەواتایەکی تر ئەوان وەسفی ڕێزمانی ئەو زمانەیان نەکرد کە خەڵکی لەسەردەمی ئەوان بەکاریان دەهێنا ، بەڵکو ڕێزمان ( دەستور ) یان پێوانەیان کە دەبێت ئەو زمانەی تێدایە لەسەری دانا ، ئەوەش ئەمەیە ناودەنرێت بە ( ڕێزمانی پێوانەیی ) ، کە بەپێی تێپەڕبوونی سەدەکان نەگۆڕدرا ، بەمەرجێ لە کۆتاییدا ئاماژەی بەهیچ شێوەیەك بۆ زمانێکی نادیار و بەکارنەهاتوو دەکرد .

دووەم تایبەتی ئەوەیە یۆنانییەکان پاش ئەوانیش ڕۆمانییەکان بایەخیان تەنیا بە زمانەکەی خۆیان دا ( بایەخیان بە زمانی تر نەدا ) بەپێی ئەو شوێنەوارەی لە ڕیزکردنی ئەو ڕێزمانەی کە دایاننا دەتوانین بڵێین ئەوان بڕوایان وابوو ، کە ئەو ڕێزمانە مەنتقییە و بەپێی ئەوە گشتییە دەکرێت لەسەر هەر زمانێکی تر





جێبەجێ بکرێت.

ئەمەش لە ڕاستیدا لە ئەوروپا ڕوویدا دەربارەی زمانە نوێیەکان تا لەم ساڵانەی دواییەدا ڕۆیشت ، کە گشتیان ڕێزمانی هەردوو زمانەکانی یۆنانی و لاتینی بۆ گوێدانە ئەو جیاوازییە ڕوونەی نێوان ئەو زمانە نوێیانە و ئەو دوو زمانە جێبەجێ کرایە سەریان . عەرەبیش بایەخێکی زۆر گەورەی بە زمانی عەرەبی دا بەوەی کە زمانی قورئانە و زانستە نوێیەکان لەلایان زۆر پێشکەوت و زۆر لەو لێکۆڵینەوانانەمان لەڕێی دەستنووسەکان پێ گەیشت کە تا کاتی ئێستامان ماوە و پارێزراوە .

عەرەب لە لایەك کەوتنە ژێر کاریگەری مەنتقی ئەرستۆ و لە لایەکی تریش قوتابخانەی ڕێزمانی ئەسکەندەرییە ، هەروەها بەشداریان لەو گفتوگۆیە کرد کە لە بارەی سروشتی زمان و پەرەسەندنییەوە بوو . هەندێکیان بۆ نموونە وەك ( ئیبن فارس ) لەسەدەی چوارەمی کۆچی هەڵوێستی بەرگریکردنیان لە بیردۆزەی کردەیی( التوقیفیە) وەرگرت بەهێنانەوەی بەڵگەی ئەوە بەواتای ئەو ئایەتەی کە دەڵێت (( وعلم أدم الاسماو کلها — ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد )) کەچی هەڵوێستی بەرانگاری کە( ئیبن جنی ) پێشەوای دەکرد باوەڕی بەوەبوو کە زمان زاراوەییە ( اصگلاحیە ) ، کە دەیوت (( خەڵکان ئەگەر تێڕوانینێکی زۆر بکەن ، لەسەر ئەوەی کە نەژادی زمان دانانی و زاراوەییە ، نەك بەهرە و کردەیی بێت( وحی و توقیف ) )) لەو ئایەتە دەدوێ کە مەبەست لە وشەی ( علم )ەیە دەتوانێ بە ( اقدر ) بەواتای کە خوای گەورە و میهرەبان توانای قسەکردن و ناونانی داوە بە ئادەم و دانان و زاراوەی وردەکارییەکانی بۆ بەجێ هێشتووە ، سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی ( ئیبن جنی ) خۆی و ژمارەیەك لە زمانەوانانی تر بەو دیاردەیەی کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت ( Sound Symbolism ) کە تا ئێستاش هەندێ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات ، کرۆکەشی ئەوەیە کە دەنگ لە زماندا بەهایەکی دەربڕینی یان واتایی تایبەتی هەیە ، ( ئیبن جنی )ش ئەوەی لە بەشێکی گەورەی بەناونیشانی ( بەشی بەدوای یەکداهاتنی وشەکان لەبەر بەدوای یەکداهاتنی واتاکان — باب فی تعاقب الالفاظ لتعاقب المعانی) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (الخصائص)دا کۆڵییەوە .

ئەمە لە بارەی لێکۆڵینەوە گشتییەکان ، کەچی دەربارەی ئەوەی پەیوەندی بە

ڕێزمانی زمانەوە هەیە ، ( سیبەوەیهی ) لەسەدەی دووەمی کۆچی ، واتا هەشتی زاینی خزمەتێکی زۆر گەورەی پێشکەش کرد لە کتێبە بەناوبانگەکەی ناسراو بە ( الکتاب ) کە بووە سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ گشت ئەو زمانەوانانەی پاش ئەوە هاتن . سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕێبازەی ( سیبەوەیهی ) گرتییە بەر لە لێکۆڵینەوەی بۆ زمانی عەرەبی ،کە ڕێبازێکی وەسفی بوو لە زۆرینەیدا لێکچووبوو بە ڕێبازی(پانینی ) کە پێشووتر ناومان هێنا ، بەلاّم کاریگەری مەنتقی ئەرستۆ و لێکۆڵینەوە زمانەوانییە ئیغریقییەکانی پێشوو دیارە لە بەکارهێنانی دوو ڕێگەی پێوانە و لێکدانەوە ( تعلیل ) لە وەسفکردنی بۆ ڕێزمانی زمانی عەرەبی بەکارهاتوو لەلای سیبەوەیهی . هەروەها کەوتنەناو هەمان هەڵەی ڕێبازی کە ڕێزمان نووسە ئیغریقی و ڕۆمانییەکانی لە پێشووتر کەوتنە ناوی ، ئەوە بۆ یەکەم جار لێکۆڵینەوەکانی قۆناغە جیاوازەکانی زمانی عەرەبی کە بەسێ سەدە مەزەندە دەکرێت گرتەخۆ ، سەرەڕای ئەو گۆڕانەی کرایە سەر زمان لەو گۆڕانکارییەی ئەو کاتەدا ، هەروەها هەوڵیدا کە چەندین شێوەزاری عەرەبی وەسفکرد و ڕێزمانی هاوبەشی بۆ بدۆزێتەوە .

وتمان ڕێبازی سیبەوەیهی لە کتێبەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازێکی وەسفی بوو ، کەچی ئەوزمانەوانانەی پاش ئەو هاتن وەستان لە هێنانەوەی بەڵگە بەو زمانە بەکارهاتووەی سەردەمی خۆیان و بلۆککردنی لەو بەڵگەیەی کەسیبەوەیهی هێنایەوە ، ڕێزمانەکەیان وەك ڕێزمانێکی پێوانەیی بەکارهێنا و هەوڵیان دا هەرشتێك دەوترێت و دەنووسرێت لە چەرخە جیاوازەکاندا بکەونە ژێر ڕکێفی . تا ڕادەیەکی گەورە ئەمە بارمانە دەربارەی ڕێزمانی زمانەکەمان تا چەرخی ئێستا . کەچی لە ئەورووپا لەچاخی ناوەڕاستدا لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بلۆککرا یان نەمان ، چونکە زمانی لاتینی زمانێکی زاڵبوو بوو ، لە عیبادەکردن و ڕووەکانی تری ڕۆشنبیری بەکار دەهات ، سەرەڕای ئەوەی کە کەس لەژیانی ڕۆژانەدا قسەی پێ نەدەکرد ، تەنانەت پیاوانی ئاینیش تەنیا لە نوێژکردن و بۆنە ئاینییەکانی تردا بەکاریان دەهێنا .

لەگەڵ دەرکەوتنی چاخی ڕاپەڕینی ئەوروپی وای لێهات گەلە جیاوازەکان بایەخ بە زمانە تایبەتییەکانیان بدەن ، تەنانەت ئەو زمانانەی کە شێوەزارێك بوون لە زمانی لاتینییەوە بەشێوەیەکی ڕوون زیادی کرد ، بەلاّم ئەوانە وەك وتمان بۆ زمانە نوێیەکانیان سەرەڕای دووری ئەو زمانە نوێیانە لەگەڵ زمانی دایك







دوورییەکی کەم یان زۆر ڕێزمانی هاوبەشیان لەگەڵ ڕێزمانی لاتینی دانا ، . هەروەها بایەخدان بەلێکۆڵینەوە زمانەوانییە گشتییەکان کە پەیوەندە بە سروشتی زمانەوە جارێکی تر گەڕایەوە لەسەدەی هەژدەیەمدا ( ڕۆسۆ کوندیاك )ی فەڕەنسی و ( هردر )ی ئەڵمانی بیردۆزەی زاراوەییان لە پەیدابوونی زمان گرتەخۆ و زۆر بەگەرمیش پارێزگارییان لێکرد . پاشان بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەراوردی و مێژوویی درا کە ژمارەیەك لە زانا بەناوبانگەکانی وەك ( ڕاسك ) و ( جریم ) و ( فرنز ) تێیدا هاوبەشییان کرد . ئەم چالاکییە درێژبوو و دوورییەکەی لەسەدەی نۆزدەدا فراوان بوو ، کە لێکۆڵینەوەی تێدا کرا ، بووە هۆی گەیشتن بەوەی کە بەزمانی دایك دادەنرێت دەربارەی زمانە هیند و ئەوروپییەکانەوە ، ئەویش لەڕێی لێکۆڵینەوەی گۆڕانکارییە دەنگییەکان و هەڵهێنجانی یاسا گشتییەکان کە کۆنترۆڵی دەکات .

کەواتە ئایا لەسەدەی بیستەمدا زانایەکی گەورە لە زاناکانی زمان دەرکەوت ، ئەویش زانای سویسری ( فردیناند دی سۆسێر Ferdinand de Saussure )ە ، کە بەڕاستی بەپێشەوای ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی نوێ لە زانستی زماندا دادەنرێت . لەکاتی دەرچوونی کتێبەکەیدا ( کۆرسێك لە زانستی زمان ) پاش مردنی لەساڵی ( ١٩٦١ز ) زانایانی زمان لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و بەراوردییەکان دوورکەوتنەوە و دەستیان کرد بە جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە وەسفییەکان و بایەخدانیان بە دەنگەکانی زمان و ڕێزمانەکەی و وشەکانی لە کاتێکی دیاریکراودا دەدات ، کە ئەمەش ئەو تێڕامانە تایبەتییەی سەدەی بیستەم بوو ، ناوێکی زۆری تێدا درەوشایەوە کە لە جێیەکی تری گونجاو ئاماژەی بۆ دەکەین ، هەروەها ئاماژە بەگرنگترین بیردۆزە نوێیەکان دەکەین کە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان هاوبەشیان پێکرد .

ئەمە دەرخستنێکی خێرایی ئامانجەکە بوو بۆ لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کۆنەکان ، کە خانەکانی کتێبخانەی داگیرکردووە و لێرەدا ناتوانین بەوردی بچینە بنج و بنەوانییەوە .

# زمانەوانی دەروونی

و/ دارا حەمید محەمەد

کۆلێجی پەروەردە/کەلار

زانستی زمانی دەروونی یان زانستی دەروونی زمان : بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە دەروونی و دەمارییە پڕ بەهاکان ، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە فێربوون و بەکارهێنان و بەدەست هێنانی زماندا . سەرەتا و دەستپێکی زمانەوانی دەروونی زیاتر لە رووی فەلسەفە و لە شێوەی پرۆژەی فەلسەفەییدا بوو، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی زانیاری و توێژینەوەی تەواو سەبارەت بە چۆنێتی کارکردنی مێشکی مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا دەگەڕێتەوە ، ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە نوێیەکان بەسوودوەرگرتن لە زانستی بایۆلۆجی و زانستی کۆدەماران و زانستەکانی درککردن ، وەك تیۆرییەکی زانستی بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی زمان و گرفتەکانی زمان لە لایەن مێشکەوە بەکاردەهێنرێت ، لەگەڵ ئەمانەشدا چەند پسپۆڕێکی لاوەکی پەیدابوون ، وەك بڵاوبوونەوەی تەکنیکی زۆر بۆ دراسەکانی چۆنیەتی کارکردنی کۆئەندامی دەمار و مێشك ، کە هەڵێك بوون بۆئەوەی زانستی زمانی دەروونی بچێتە بواری ئەو دراسەتانەوە .

زانستی زمانی دەروونی دراسەکردنی ئەو کردە مەعریفیانە دەگرێتەوە ، کە بوار دەرەخسێنن بۆفەراهەمبوونی رستەیەکی تەواو لە رووی ناوەڕۆك و روخسارەوە بەبێ پێکهاتەی سینتاکسی ، هەروەها لە ئەو کردانە دەکۆڵێتەوە ، کەیارمەتیمان دەدەن لە گوتن و وشە و دەق بگەین، زانستی زمانی دەروونی گەشە ، لە توانای فێربوونی زمان لای منداڵ دەکۆڵێتەوە . ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت :

**١- بوارەکانی لێکۆڵینەوەکە**





**٢- تیۆرییەکان**

**٣- بەرنامە وپرۆگرامەکان**

**٤- مەسەلەکانی لێکۆڵینەوەکە**

**١- بوارەکانی لێکۆڵینەوەکە :**

بواری زانستی زمانی دەروونی فرەلایەنە و،لێکۆڵینەوە لەو زانستەدا لەلایەن پسپۆڕانی بوارەجیاجیاکانی وەك : دەروونزانی و مەعریفی و زمانەوانییەوە ئەنجام دەدرێت و، چەند دابەشکردنێك بۆ ئەو زانستە هەیە کە پشت بەو بنەمایانە دەبەستێت کە زمانی مرۆڤ پێکدەهێنن. لەوانە :

أ- ئەو بوارانەی پەیوەندییان بە زمانەوانییەوە هەیە .

١- دەنگسازی، گرنگی بە دەنگەکانی گوتن دەدات ، لەم رووەوە زانستی زمانی دەروونی گرنگی بە چۆنیەتی ئەو رێگە چارانە دەدات کە مێشك بەکاریان دەهێنێت بۆتێگەیشتن لەو دەنگانە .

٢- وشەسازی: کە لە جۆر و دروستەی وشە دەکۆڵێتەوە بەتایبەتی ئەو وشانەی پەیوەندییان بە یەکەوە هەبێت . وەك : (سەگ ، سەگان) واتە رۆنانی وشە بەپێی پێرە و یاسا وەك یاساکانی( کۆ) .

٣- سینتاکس: باس لە چۆنیەتی ریزکردنی وشەکان دەکات لە پێناو بەرهەمهێنانی رستەدا.

٤- واتاسازی: کارلەسەر واتای وشە و رستەکان دەکات . بەمپێیە سینتاکس گرنگی بە پێکهاتەی رستەکان دەدات بەڵام واتاسازی واتای رستەکان لێکدەداتەوە.

٥- پراگماتیك : کەرۆڵی بەکارهێنان و دەوروبەر لە خستنە رووی واتادا دەخاتە روو .

ب- بوارە پەیوەندیدارەکان بە زانستی زمانی دەروونییەوە .

١- دراسەکردنی ناسینەوەی وشە و خوێندنەوە ، کە چۆنیەتی بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی و دەنگیی و وشەیی و واتایی لە شێوە بەربڵاوەکەی دەقێکدا دەگرێتەوە .

٢- زانستی زمانی دەروونی دراسەی توانای منداڵ لەفێربوونی زمان دەکات ، ئەمەش زۆر جار لەرێی تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە دەکرێت .بەڵام بەپێچەوانەی ئەو رێگەیەکە (جان بیاجە) لەسەر گەشەی منداڵ پێڕەوی دەکرد .

**٢-تیۆرییەکان:**

تیۆرییەکانی ئەم زانستە هەوڵ دەدەن ، بگەنە ، چۆنییەتی کارکردنی زمان لەناو مێشکی مرۆڤدا ، هەروەها ئەوەڕوون بکەنەوە ، کەچۆن مرۆڤ دەتوانێت واتا و دەنگ و هێما و ئاماژە لە زماندا بەیەکەوە

ببەستێتەوە و ، ئینجا بەکارییان بهێنێت لە دروستەی رستەدا . واتە چۆن دەتوانین وشەکان بە شێوەیەك ریزبکەین کە یەکەیەك پێکبهێنن ، پێی بوترێت رستە . دیارە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە وابەستە کردنی دەنگ و واتایە ، کەکەمترین لەسەروەستان هەڵدەگرێت ، بەڵام هەنگاوی دواتر گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت کەهەنگاوی رۆنانی رستەیە.

لە راستیدا دوو قوتابخانە هەن کەبیر لە چۆنیەتی رۆنانی رستە دەکەنەوە:

أ– قوتابخانەیەك لەو بیروباوەرەدایە کە رستە قۆناغێکی پێشکەوتووی زەینی مرۆڤە کە بە تێپەربوونی کات و لە ژێرکاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هانی زمانی ئاخاوتنی داوەو پێشیخستووە.

ب– قوتابخانەی دووەم بۆچوونی وایە کە مرۆڤ خاوەنی توانایەکی بۆماوەییە لە فێربوونی زماندا ، ئەوانە لەو باوەڕەدان کە توانای مرۆڤ لە رۆنانی رستەدا پەیوەستە بە مێشکەوە ، هەروەها خاوەنی ئەم بۆچوونانە لەو بیرو باوەڕەدان کەتایبەتمەندییە سینتاکسییە ئاڵۆزەکان وەك (دووبارەکردنەوە )زۆرجار توانای مێشکی مرۆڤیش تێدەپەڕێنێت ، نموونەی دوبارەکردنەوە: بەکارهێنانی جێناوەکان لە گەڕانەوەدا بۆ بەشەکانی پێشووی رستە وەك : (ئەو کچەی کە ئۆتۆمبیلەکەی نایەڵێ ئەو دارە ببینم کە ساڵی پارچاندم هاوڕێمە) . بۆچوونی بۆماوەییەکان وایە ، کە توانای بەکارهێنانی رۆنانی رستەیەکی لەو جۆرە بەبێ تێگەیشتن لەو توانا بۆماوەییە نابێت ، کەبنەما سینتاکسییەکانی دووبارەکردنەوە لەخۆدەگرێت بۆنموونە : منداڵان لە کاتی فێربوونی زماندا فەنتازیایەکی فراوانییان هەیە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی مرۆڤ.

رۆنانی رستە بەپێی قوتابخانەی دووەم بە زمان دەناسرێت و، لە جۆرەکانی تری گەیاندن و لێکگەیشتنی هەموو چەشنەکانیتری گیانلەبەرانی جیا دەکاتەوە ، تەنانەت پێشکەتوو ترینیشیان .

بۆچونەکانی قوتابخانەی یەکەم هەتا ساڵی ١٩٦٠ باوبوو ، بەتایبەتی تیۆرییە مەعریفییەکانی ( جان بیاجیّ)و ئەزمونگەری( رۆدۆلف کارناب ) . هەروەها زانایانی قوتابخانەی دەروونی ناسراو بە (رەوشتی) وەك ( ا ف . سکنر ) بۆچوونیان وایە ، کەزمان بریتییە لە رەوشت کەلەرێگای وەڵامێکی مەرجدار و





وروژێنەرێکەوە پەیدا دەبێت .

بۆچوونی دووەم دەکرێ بوترێت سەرەتاو دەستپێکردنی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای ئەو رەخنانەی کە چۆمسکی لە کتێبەکەی( سکنەر)ی گرت و لە ساڵی ١٩٥١ لە گۆڤاری (زمان)دا بڵاوی کردەوە و ، بە (شۆرشی مەعریفی)ناسرا لە زانستی دەروونیدا.

بواری زماننناسی دەروونی لەو کاتەوە دیاریکراوە ، کە پەرچەکردارەکان بەرامبەر بە بۆچوونەکانی چۆمسکی چ بۆپیشتگیریلێکردنبووبێت یان بەرهەڵستکردن هاتنە ئاراوە ، ئەوانەی پشتگیریان لە بۆچوونەکانی چۆمسکی دەکرد ، بڕوایان وابوو کەتوانای بەکارهێنانی رستە لای مرۆڤ جیاوازە لە توانای هەر شێوە پەیوەندییەکی تری نێوان گیانلەبەران . ئەو توانایە دەکرێ بۆماوەیی بێت یان لە رێی گەشەکردنی تواناوەبێت بۆ مەبەستی تر ، چونکە رۆنانی رستە لە راستیدا دەکرێت بۆ پێویستیەکانی کۆمەڵ بەسوود بێت ، چوون دەربڕینێکی زمانی جوان وباشتر دەشێ هۆکارێك بێت ، بۆ زیاتر پەیوەندی کردن و پتەوکردنی گیانی هاوکاری لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵێکدا ،بەڵام ڕۆنانی هەر رستەیەکی بەکەڵك و پێشکەوتوو نابێ لە ئەنجامی رستەگەلێکی سەرەتاییەوەسەرچاوەیگرتبێت ، کە بوونیان بەهایەکی زمانیی ئەوتۆی نەبووبێت و گەشەو و پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبێت . لەبەرئەوە تاکەکانی کۆمەڵ بەدوای کارامەییدا دەگەڕێن لە رۆنانی رستەدا ، وەك لێهاتوویی لە دۆزینەوەی وشەو زاراوەی بەکارهاتوو لە بایۆلۆژیای نوێ و پێشکەوتوودا ئەو کارامەییە دەکرێ بوترێ هی پێش (رێکەوتن)ە لە رۆنانی رستەدا.

رای بەرهەڵستکار تائێستاش لەو بروایەدایە ، کە زمان بە رۆنانی رستەشەوە بەرهەمی پێشکەوتنی سەدان هەزار ساڵی زیرەکی و دەیان هەزار ساڵی هاوکاری یەکترکردنی مرۆڤە ، بەم شێوەیە رۆنانی رستە بەپێی ئەم قوتابخانەیە دەرفەتی مانەوەی کۆمەڵ زیاتر دەکات . لەم قوتابخانەیەدا زمان و رۆنانی رستە ئەنجامێکی رۆشنبیرییە کە ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی بۆماوەییەکانە ، وەك : ( جۆرج لاکۆف و ستیفن بینکر )کەلە بواری زماننناسی دەروونیدا کاردەکەن و بەتەواوی لەگەڵ بۆچونەکانی چۆمسکیدان و پشتگیریلێدەکەن .

٣– <u>بەرنامەو رێبازەکان</u>:

بەرنامە و رێباز گەلێکی زۆرهەن لە

زمانناسی دەروونیدا کە زیاتر لە شێوەی تاقیکردنەوەی رەوشتیدا بەرجەستە دەبن . لەو جۆرەتاقیکردنەوەدا داوا لەو کەسانە دەکرێت کە تاقیکردنەوەکەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت و بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێرراون ، بریارێك بدەن یان وتارێك بەدەنگێکی بەرز بخوێننەوە پەرچەکرداو گونجاویی و دروستیی وەڵامدانەوە زۆرجار دەبێتە پێوەر بۆ پێوانی ئاستی ئەنجامدانی کردەکان ، لەلایەن ئەو کەسانەوە .

لەو جۆرە تاقیکردنەوانە بۆنموونە :

أ– داوا لە کەسێك دەکرێت کەناو بکات بە کردار وەك نووسین — دەنووسم

ب– گۆڕینی رستەی بکەر دیار بۆ رستەی بکەر نادیار یان بەپێچەوانەوە وەك :

بۆب تۆپەکەی بۆ بیل هەڵدا .

رستەی بکەر دیار

تۆپەکە لەرێی بۆبەوە بۆ بیل هەڵدرا.

ئینجا ئەم پرسیارە دەکرێت :

کێ تۆپەکەی هەڵدا؟

دیارە لە رستەی یەکەمدا کە رستەیەکی بکەر دیارە، وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان دەبێت بە بەراورد لەگەڵ رستەی دووەمدا کە وەڵامەکەی ئاسان نابێت . سەرنج راکێش لێرەدا ئەوەیە کە هەندێ کەس لە رستە بکەر نادیارەکان تێناگەن . ئەمەش هاندەرێ دەبێت بۆمان بۆئەوەی بابەتی کۆڵیی زمانیی(عجز اللغوی)کە بە(حسبە)ناو دەبرێت بوروژێنین و هەنگاوی بۆ بنەین .

زانایان و نەشتەرگەران بەم دواییە هەستان بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بۆ مێشك ، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە توانای رۆچون بەناو مێشکدا لەسەرەتادایە واتە زۆر کەمە ، مەبەستی زانایان لەو نەشتەرگەرییە گەیشتن بوو بە چۆنیەتی کارکردنی زمان لەناو مێشکدا ، بە مەبەستی گەیشتن بەو هۆیانە کە کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان هەیە ، هەر وەك ئەوەی کە هەندێ لەو دەمارانەی هەردوو بەشی مێشك بەیەکەوە دەبەستنەوە ، زانایان بۆیان دەکەوت کە ئەو دەمارانە بەرپرسن لە (پەرکەم)بێگومان ئەم جۆرە ئەنجامانە پاڵنەر و رێخۆشکار دەبێت بۆ زانایان و زانایانی زمان کە بەردەوام بن لە لێکۆڵینەوەکانیاندا . بێگومان بە سوودوەرگرتن لە زانستی نوێ و تەکنۆلۆژیای سەردەم و ئەو هەموو جۆرە تیشکانەی(تەنوری ، رەنین ،...هتد) ، کە بەچەندین شێوەی جیاواز وێنەی مێشك دەگیرێت ، بێگومان هەندێ لەو ئامێرە پێشکەوتووانە چەندین لایەنی باشە و





خراپەی زانستی زمانی دەروونی دەخەنەروو . لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا رێگەیەکی تر گیرایە بەر بۆ دراسەت کردنی زمان ئەویش رێگەی جووڵەی چاوە کە سەرەتا لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن (رایەر)ەوە باسی لێوە کراو دواتر(تانینهاوس و چەند زانایەکی تر)چەند دراسەیەکیان لە سەر جوڵەی چاو کرد بۆ گەیشتن لەو کردارە مەعریفییانەی کە پەیوەندیان بە زمانێکی دەربراوە هەیە ، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەو زانایانە جوڵەی چاو پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەوریاییەوە هەیە ، لەبەرئەوە دەکرێ رێگایەك بێت بۆ دراسە کردنی زمان .

**<u>٤– ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە :</u>**

١– زمانەوانی دەروونی گرنگی بەو مەسەلانە دەدات کە مێشك ئەنجامی دەدات ، بۆ تێگەیشتن لە زمان بۆنموونە نموونەکەی (کوهورت) هەوڵدەدات چۆنیەتی گەرانەوە و بەکارهێنانی وشە لە فەرهەنگی زمانی مێشکدا بخاتە روو ، لە کاتی وەرگرتنی هێمایەکی زمانیدا لەلایەن کەسێکەوە بەبیستن یان بینینبێت .

٢– لێکۆڵینەوە نوێیەکان لە رێی رۆچونێکی کەمەوە بۆناو مێشك دەیانەوێ بگەنە ئەو شوێنەی ، کە مەسەلەی زمانی تێدا لەناو مێشکدا چارە سەر دەکرێت .

٣– هەندێ لقی سەرەکی ولاوەکی زمانناسی دەروونی لە چۆنیەتی فێربوونی زمان دەکۆڵنەوە، چۆنیەتی فێربوونی زمان و زمانی دووەم لای مندال . سەرباری ئەمانەش بابەتی گرانی فێربوونی زمانی دووەم لای گەورە و پێشکەوتووان بەبەراورد لەگەڵ منداڵاندا کە تارادەیەك ئاسانتر دەبێت دیسان بابەتی زانستی زمانی دەروونییە . بەم شێوەیە دەکرێ بوترێت کەماوەیەکی هەستیار هەیە ، لەبارە ، بۆ فێربوونی زمان .بۆیە زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی دەروونی هەوڵی ئەوە دەدەن ، چۆن ئەو توانایە گەشەپێبدەن کەبەتێپەربوونی کات کەم دەکات .

٤– زمانناسی دەرونی مامەڵە لەگەڵ ئەو لاوازییە زمانیەدا دەکات کەبەهۆی خراپبوونی مێشکەوە روودەدات ، بواری ئەم زانستە دەکرێ دەرفەت بۆئەو کەسانە برەخسێنێت ، کە توانای ئاخاوتنیان لاوازە یان نییە کە چارەسەربکرێن ، یان بەرچاو روونییەك بێت بۆ چارەسەر کردنی کارکردنی زمان لەناو مێشکدا .

سەرچاوە: سایتی ویکیپیدیا **Sherifhany**

WWW.WEEKPEDIA.COM



د. محەمەد شوانی

# ئەنترۆپۆلۆژیای زمان و زمانی کوردی بە نموونە

ئەنترۆپۆلۆژیا زاراوەیەکی ئینگلیزیە و لە دوو ووشەی یۆنانی پێك دێت )) anthroposواتە مرۆڤ (logy) بەمانای زانست دێت کە لە ووشەی یۆنانی (logos)وەرگیراوەو ئەم وشەیە لە زۆربەی زانستەکانی تریشدا بە هەمان شێوە بەکاردێت و بۆیان دەبێتە پاشگر وەکو بایولۆژی وسۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ..هتد .

ئەمرۆ لە زانکۆکانی کوردستان و لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا زاراوەی (مرۆڤناسی)لە زمانی کوردیدا بەکاردێنین بۆ گوزارشت کردن لەم لقە زانستیە.

لە رووی پێناسەوە،لەگەڵ ئەوەی چەندین پێناسەی بۆ کراوە بەڵام دەکرێ لە پێناسەیەکی گشتگیردا مرۆڤناسی بەوە پێناسە بکەین کە ئەو زانستەیە توێژینەوە لەسەر مرۆڤ دەکات بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی سروشتی و کۆمەڵایەتیە .ئەمە پێناسەیەکی فراوانی مرۆڤناسیە و لە سەر دوو لایەنی مرۆڤ توێژینەوە دەکات، رووە سروشتیەکەی تەواوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی مرۆڤ دەگرێتەوە،ئەم بوونەوەرە چۆن درووست بووەو چۆن گەشەی بایۆلۆژی کردووە؟؟ یان جیاوازیە جەستەیەکانی لەگەڵ ئاژەڵانی تردا چیەو خاڵە هاوبەشەکانی کامانەن؟؟ واتە ئەرکی ئەم زانستە دەبێتە روونکردنەوەو سەلماندنی زانستیی چۆنیەتی درووست بوونی مرۆڤ لە رووی بایۆلۆژیەوە، دیوەکەی تری کاری ئەم زانستە دەبێتە توێژینەوە لە مێژووی بەرهەمە هزری و مادیەکانی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە لە رێگەی کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژیەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی،توانای پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی کلتورو کەلەپور و بەرهەمە هزریەکانی هەبێت بۆ نەوەکانی ئایندە،لەم پرۆسەیەدا زمان گرنگترین ئامرازی گۆڕینی مرۆڤە،چونکە هاوکاری و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی کە مەرجێکی سەرەکی پێکهاتنی کۆمەڵگاو یەکێکن لە پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان،بێ بوونی زمان ئەستەمە درووست ببن(١)،بۆیە لە چوارچێوەی ئەم بوارەی مرۆڤناسیدا واتە لایەنە کلتوریەکەی ولە دووای فراوانبوونی بابەتەکانی لقێکی گرنگ درووست بوو بۆ توێژینەوە لە چیەتی زمان و چۆنیەتی پەیدا بوون و رۆڵ و کاریگەری لە پرۆسەی بە مرۆڤ بوونی مرۆڤدا بە ناوی ئەنترۆپۆلۆژیای زمان.

واتە مرۆڤناسی زمان ئەو زانستەیە توێژینەوە لەسەر رەگ وریشەی مێژوویی زمانەکان و پۆلێنکردن و بەراوردیان دەکات،هەموو زمانەکان و لە نێوان هەموو گروپە مرۆییەکاندا، نەك زمانێکی دیاریکراوو شوێنێکی تایبەت،ئەم لقە زانستیە جەخت لەسەر خودی زمان و بونیادو رێساکانی زمان دەکات،بۆ دۆزینەوەی خەسڵەت وسیما هاوبەشەکانی زمان لە هەموو شوێن و سەردەمەکاندا،لەسەر ئەو بنەمایەی کە زمانە لەیەك نزیك و لێکچووەکان لە رووی زاراوەو وشەو رستەسازی و چۆنیەتی داڕشتنی کارو بابەتە رێزمانیەکانیانەوە لەیەك سەرچاوەو بناغەوە درووست بوون و پێگەیشتوون، دەبێ ئەمانە لە رابردوودا بۆ بنچینەیەکی هاوبەش بگەڕێنەوەو یەك بنەچەیان هەبێت،دوواتر بە پێی قۆناغ و ئاراستەکانی پەرەسەندنیان لەیەك دوور کەوتبنەوە.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وتایبەتمەندیەکی مرۆییە،لە بنەڕەتدا بە هۆی زیاتر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و لەبەرراییەکانی قۆناغی دڕندایەتیدا بە پێی ئەو پۆلێنکردنەی مرۆڤناسێکی وەکو لویس هنری مۆرگان کردوویەتی بۆ قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژووی

مرۆڤایەتی لەم قۆناغەدا دەنگ و وشە درووست بووە(٢)، ئەمەش لە ئەنجامی بە کۆمەڵ بوونی مرۆڤەکان  و پێکەوە ژیان و تێکەڵاوی وکارلێکی کۆمەڵایەتیدا وەکو ئامرازێك بۆ تێگەیاندنی یەکتری ودەربڕینی حەزو ویست وخولیا وگەیاندنی بە بەرامبەر بە شێوە سروشتیەکەی لە نێوان هەر گروپێکی مرۆییدا بەدەرکەوتووە،بەڵام بە هۆی دابڕان وتێکەڵاو نەبوون ودووری نێوان گروپە مرۆییە سەرەتاییەکانەوە بە پێی قۆناغە مێژووییەکان سیستەمی ئامـاژەو هێمای فرەچەشن و شێوازی گوزارشت کردن ودەربڕینی جیاوازیش لە نێوانیاندا دەرکەوتووە،هەتا دوواتر ئەم جیاوازیانە لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەت، وەکو ماك ونیشانەیەکی جیاوازیی هەر گروپێکیش بووە بە هۆکارێکی بنچینەیی خۆناسی نەتەوەیی و هێمایەکی سەرەکی دەوالیزمی ئێمەو ئەوان،کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی هەمان زمانیان هەیە لە ژێر سایەی یەك چەتری نەتەوەیی (ئێمە)، ئەوانەی بە زمانێکی جیاواز لە ئێمەش دەدوێن دەبنە (ئەوان) با چەندین توخم و رەگەزی کلتوری هاوبەشی تریش لە نێوان ئەم ئێمەو ئەوانەشدا هەبێت،بۆ خۆناسیی نەتەوەیی جێگەی زمان ناگرنەوە و رۆڵی زمان نابینن،واتە ئەم جیاوازی لەیەك گەیشتنەی لە نێوان گروپەکاندا هەیە یان ئەو ئاخاوتن وئامـاژەو هێما هاوبەشانەی لە نێوان ئەندامانی یەك گروپدا هەیەو پێی دەڵێین زمان رۆڵی سەرەکی وبنچینەیی دەبینێت بۆ دروست بوونی چەمکی ئێمە وەکو نەتەوە بەرامبەر ئەوی تر کە هەمان زمانیان نیە،لە روانگەی مرۆڤناسی زمانەوە ئەگەر تەنیا ئەمەش بەس نەبێ بۆ درووست بوونی هەستی یەکێتی بنەچە بەڵام  گریمانەی ئەوە لە لای گروپە لێکنزیکەکان دروست دەبێ  کە گروپە مرۆییەکان یان ئەوانەی بەم زمانە لێکچووانە دەدوێن لە رووی نەژادی و بنەماڵەیی و پەیدابوونیانەوە بچنەوە سەر رەگەزێکی هاوبەش،بۆنمونە گەڕاندنەوەی گروپە زمانیە هندی و ئەوروپیە هاوچەرخەکان بۆ بنەچەیەکی زمانەوانی هاوبەش بە ناوی زمانی سانسکریتی و پەیدا بوونی ئەم زمانەش لە یەك بنچینەی رەگەزی ونەژادیەوە ئەویش نەژادی ئاریە(٢) کە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لە نزیکەی هەزارەی دووەمی پێش لە دایك بونەوە بنەماڵەو تیرە و خێڵ و هۆزەکانی هندو ئێرانی ئێستا ناوێکی گشتیان لە خۆناوە و بەوناوەوە ناسراون کە ئارییە و لە کۆنترین کتێبی ئاینیشیاندا (ئاوێستا) کە تێکستە ئاینیەکانی (زەردەشت)ی پێ نوسراوەتەوە،بە ئاری ناوبراون،لە زۆربەی توێژینەوە زمانەوانیەکانی سەر زمانی کوردیدا ئەوە ساغ بووەتەوە کە زمانی کوردیش یەکێکە لە لقەکانی ئەم بنەماڵە زمانیەو ئەگەر لە رەگ وریشە هندوئەورووپیەکەیەوە وەکو ریزبەندیەك سەرکەوین دەکرێ بەم شێوەیە بینوسین:

هندوئەورووپی هندوئێرانی
ئێرانی ئێرانی رۆژئاوا
باکووری رۆژئاوا

کە هەر یەکێك لەو بنەماڵانە چەندین زمانی جیاوازو لەیەك نزیك لە خۆ دەگرن،بۆ نمونە هەندێك لە زمانەکانی دووا بنەماڵە لەو ریزبەندیەدا واتە ئەو زمانانەی سەر بە بنەماڵەی باکووری رۆژئاوای زمانە هندوئێراینەکانن وەکو کوردی و بەلوجی وتالیش وپورموری و ..هتد ئەگەر رووداو و کارەساتەکانی مێژووی هەزارساڵی رابردوو بە شێوەیەکی تر روویان بدایا رەنگە هەموو ئەم گروپانە ئێستا خاوەنی یەك زمان بوونایە،هەروەها ئەگەر رووداو و کارەساتەکانی مێژووی پێش دووهەزارساڵی رابردوو بە شێوەیەکی تر روویان بدایا رەنگە هەموو ئەم گروپانەو گروپە زمانیەکانی باشووری رۆژئاواش وەکو فارسی و تاتی و تاجیکیش خاوەنی یەك زمان بوونایە،چونکە هەموو ئەمانە لەگەڵ ئەوەی لە بناغەدا لەسەر یەك شێوە کەرەستەی  زمانەوانی وەکو داڕشتنی رێزمانی و وشەو شێوازی گوزارشتکردن و دەربڕینی هزری دامەزراون بەڵام لەبەر ئەوەی زمان وەکو هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاو پەرەسەندنیەوە هەیە،ئەم گروپە مرۆییانەش بە هەمان ئاراستەی پەرەسەندن و هەمان قۆناغی مێژوویدا تێنەپەڕیون لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دیاردەکانی بەشاربوون و شارنشینیەوە هەیە،جگە لە پەلامارو هێرشی گروپەکانی ترو دابڕانیان لە یەکتری،ئیتر کەرەستەکانی زمانیشیان وەکو یەك پەرەی نەسەندووەو لە هەندێك رووەوە لە یەك دابڕاون،هەر یەکەو بە شێوازو خێراییەکی دیاریکراو گەشەی کردووە، تا هەر زمانەو بووە بە خاوەن مێژوویەکی تایبەت لە رووی پەرەسەندنی مێژووییەوە،ئەمەش وایکردووە بە پێی قۆناغە مێژووییە دووردرێژەکان لە نێو

هەر بنەماڵەیەك لەمانە چەند زمانێك دروووست بێت و ئەندامانی گرووپە مرۆییەکانی ئەو بنەماڵەیە لەیەك نەگەن یان پێویستیان بە وەرگێڕ هەبێت لە نێو خۆیاندا،کە لە بنچینەدا یەك زمان بووە یان زۆر لەیەك نزیك بووە،واتە هەموو ئەم زمانانە هەتا بە مێژوویاندا شۆڕ بینەوەو سەیری رابردوویان بکەین دەبنەوە بەیەك و لەبنەڕەتدا یەك دەگرنەوە،بە پێچەوانەشەوە هەتا لە خوارەوە بۆ سەرەوە سەیریان بکەین و سەرنج لە شێوازی پەرەسەندنیان بدەین دەبینین بە تێپەڕبوونی کات زیاتر کەرت بوون و زمانی نوێیان لێ پەیدابووەو جیابووەتەوە،بۆ نمونە بە پێی توێژینەوە مێژوویی و زمانەوانیەکان ماوەیەکی زۆر نیە زمانی فارسی هاوچەرخ و زمانی تاجیکی لەیەك جیابوونەتەوە،ئێستا پێویستیان بە وەرگێڕە ولەیکتر ناگەن، کە لەسەدەی شازدەدا شاری مەرو گەورەترین مەڵبەندی زمانی فارسی وتاجیکی بوو(۳)،لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە بە هۆی لەشکرکێشی بوخاریەکانەوە ئەم گروپە زمانیە لەیەك دابڕان وفارسی هاوچەرخ وتاجیکی هەریەکەو ئاراستەیەکی پەرەسەندنی تایبەتی وەرگرت و لە ماوەی سەدەیەکدا

تەواو لەیەك جیابونەوە،بۆیە لە جێی خۆیدایە ئەو پرسیارە بکەین ئایا کۆتایی لەت بوونی بنەماڵە زمانیەکان هاتووە یان ئەگەری درووست بوونی زمانی نوێ هەیەو ئەو گروپە مرۆییانەی زەمینە سازی بۆ پەرەسەندنێکی هەماهەنگ و گونجاو بۆ تەواوی شێوەزاریەکانیان ناکەن مەترسی درووست بوونی دوو زمانیان لێ دەکرێت؟؟؟

ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر کورد پێویستی بە توێژینەوەی زمانەوانی و شارەزا بوونە بە هۆکارەکانی جیابوونەوەی زمانەکان یان یەکگرتن و ئامرازەکانی داهێنانی زمانی ستانداردی نەتەوەییە،ئەوەی نزیکەی دوو هەزار ساڵە لە ژێر چەتری یەك ناوی نەتەوەیی و ئەتنۆنەیمدا کۆبووەتەوەو بە خۆی دەڵێت کورد،ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر لە لایەن دوژمنەکانیەوە کار لەسەر زەقکردنەوەی وردە جیاوازیەکانی دەکرێت و هەوڵی لەتکردنی ئاراستەکانی پەرەسەندنی دەدرێت،بە دابڕان و جیابوونەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی شێوازی بیرکردنەوەو پێویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیش دەگۆڕێت،لە لایەکی تریشەوە زمان هەمیشە لە پرۆسەیەکی گۆڕان و گەشەکردندایەو پێویستیەکانی ژیانی







رۆژانە گروپە مرۆییەکان ناچار دەکات بە خواستنی زمانەوانی واتە وەرگرتنی کۆمەڵێك وشەو هێماو دەستەواژەی زمانەوانی کە لە بنەڕەتدا لە خودی ئەم زمانەدا نین، جیاوازی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی جیاوازی لە شێوازی وەرگرتن و تێکەڵاو بوون بە زمانانی تر تا لە نێوان دوو ناوچەی جیاوازی یەك کۆمەڵگادا هێندە جیاوازیەکانیان زەق و گەورە دەبنەوە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری یارمەتیدەری تردا مانیفێستی دوو زمانی جیاواز دەکەن و ئیتر لەمەودوا نەوەکانیان لەیەکتری ناگەن،ئەوەی پەیوەستە بە زمانی کوردیەوە لەم قۆناغەدا دەکرێ بۆ زیاتر ئاشنابوون بە شێوەزارەکان و درووستبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی سەرەتا هەنگاو بۆ لەیەك نزیکردنەوەو لەیەکچوونی ژینگە کۆمەڵایەتیەکان بدەین،بە تایبەتی لە کەناڵە فەرمیەکانی پێگەیاندنەوە دەست پێ بکەین،ئەگەر نەتوانین لە تەواوی کوردستاندا دەستکاری خوێندنگەو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکان بکەین بەڵام دەکرێ زانکۆکانی کوردستان بکەینە ئەو بۆتەو کارگە وکارخانەیەی تیایدا سەرجەم شێوەزارەکانی کوردستان

ئاوێتە بەیەك بکات ولە ئایندەیەکی نزیکدا نەوەیەکی هۆشیار لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا پێ بگەیەنێت.

١- دکتور شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، جامعة كويت، ١٩٨٠، ص ٥٥١

٢- سيغال،ل،لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التاريخ،المكتبة الاشتراكية،طبعات دار دمشق،بيروت-دمشق،الطبعة السادسة،١٩٧٨م، ص٤

٣- دكتور وسام العثمان، المدخل الى الأنثروبولوجيا،دار الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، ٢٠٠٢، ص٢٨-٢٩.

٤- دکتۆرە کوردستان موکریانی،سەردەمانی زمانی کوردی وکۆمەڵە زمانانی ئێرانی، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل:١٠٥-١٠٦.




# برایان کارامازۆف[٧]

**بە پێنووسی: ك. سۆرینیان**

**و: محەمەد سابیر مەحموود**

## بەشی دووەم

ئەویش ئەوە بوو کە کاری ئاودانی باخچەی ماڵی بەڕێوەبەرم خرایە ئەستۆ. فیچقەی ئاوەکەم لەژێر بەلووعەکەدا لە باخچەکە جێدەهێشت.. بەیانییەک سەرم سووڕما کە بینیم ئاوپرژێنەکە پڕبووە لە ئاو.. بەهۆی ئەوەوە کە بەلووعەکەم قایم دانەخستبوو، بۆیە ئاوی — بە بەردەوامی لێچۆڕا بوو، تا ئاوپرژێنەکە پڕ بووبوو.. شتێکی سەیرە کە ئەم بیرەوەیە بچکۆلانەیە، لەناکاو سنووری بۆ ڕاڕاییەکەم دانا.

بەڕاستی دەڵێم، هیچ زانیاریەکی پێشەکیم دەربارەی کێشەکانی وەرگێڕانی تیۆری لەلا نەبو، ببڕای ببڕ بە بیرمدا نەهاتبوو کە کتێبە تیۆرییەکان بخوێنمەوە.. ئایا نووسەر هیچ بیر لە تیۆر دەکاتەوە کاتێک کە چیرۆکێک دەنووسێت؟ یان ڕۆمانێک؟ بەم بۆنەیەوە ئەمن بە کەماڵی ئیسراحەتەوە ئەو وتارانە یان ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە کە دەربارەی تیۆری



وەرگێڕان دەنووسرێن.. ئەوانەش سەرەڕای ئەوەی کە نیشانکراوی، زانستی و ئیستاتیکی سەربەخۆ دەگرنە خۆیان، لە هەمان کاتدا ئەو ڕێگایەم دێننەوە یاد کە بڕیم و یاساکانی وەرگێڕانی لەبەردەممدا ڕوونکردەوە کە وەرگێڕەکان لە سەردەمانێکی زۆر کۆندا هەڵیانهێنجابوو..

زۆر جاریش بارودۆخەکە لە هونەردا بەمشێوەیە دەبێت:

پەی پێبردنت بە تیۆرەکە هەرچەندێک گشتگیر دەبێ بابێ وەها پێویست دەکات کە خۆت سەرلەنوێ هەر بدۆزیتەوە لە پرۆسەی کاری داهێناندا.. ئیتر بەم پێیە — بە تەنیا — دەبیتە تواناترین کەس لە یاساکانی داهێنانی هونەریدا.. هیچ تیۆرێکیش یارمەتی هونەرمەند نادات ئەگەر بێت ئەزموونی تایبەتی خۆی نەبێت جا، ئەو تیۆرە هەر چۆنێك بێت با ببێت.

**وەرگێڕانی هونەری بە پلەی سەرەکی پرۆسەیەکی ئەفراندنە**

بەڵامدنەوە، بەڵام ڕێبازی شیکردنەوە ئەوا وەرگێڕ لە قۆناغی ئامادەکاریدا بەکاری دەهێنێ، کاتێک هەموو دەرنجامە زەرووریەکان دەخوێنێت بۆ تێگەیشتنی دەقە ئەسڵیەکە و دووبارە خوڵقاندنی.. ئەمەیش دەچێتە خانەی پرۆسە گشتیەکەی وەرگێڕانەوە، جیا لەو ماوەیەی کە وەرگێڕ تیایدا لەم دەرئەنجامانە دەکۆڵێتەوە چ کارەکەی لەپشت مێزکەیەوە دەست پێبکات یان ڕاستەوخۆ، لەکاتی وەرگێڕاندا.. بەڵام ئەمن بەخۆم دەستمکرد بە سازکردنی کارەکەم کە دەتوانم ناوی لێبنێم لایەنی شیکردنەوەی زانستی لە ڕێبازەکەدا، ئەو کاتەی کە لە (مۆسکۆ)، ژیام، بۆ نموونە و سەردانی ئەو شوێنە مێژووییانەم کرد و لە داهێنانی پۆشکین کۆڵیمەوە و گوێم لە ئاخاوتنی باو و ئاسایی ڕاگرت و لە سروشتی کەسانی رووس ڕامام و سەرنجم دەدانێ و هەروەها، بەسەرپێییەوە پاڵەوانانی ڕۆمانەکەم وەبیرهاتەوە و بیرم لێیان کردەوە — بەسروشتی (بەیاخدان بە جیاوازی قۆناغ).. دوابەدوای ئەمانە و کاتی دەستپێکردنم پشتم بەست بە بەکارهێنانی هەموو جۆرێك لە فەرهەنگە جیاوازەکان و لێکۆڵینەوەکان و خاوەن ئەزموونەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی نیشانکراوی ورد (المدلول الدقيق) بۆ وشەکان و دەستەواژەکان و ڕستە ڕووسیە تایبەتیەکان. دواجار سەلیقە یارمەتی وەرگێڕ دەدات زیاتر لە گشت شتێکی تر، کاتێک کە لە لوتکەی ساتەوەختی داهێناندا دەبێت.

ئەو کاتە چڕکردنەوەی هەموو دەرئەنجامەکان و تاقیکردنەوە ژیانی و ئەدەبیەکان تەواو دەبن.

ئەوەیش لەسەر تاقیکردنەوەی خودی خۆی ناوەستێ و بەس بەڵکو لەسەر شارەزایی و ئەزموونی باووباپیرانی

دەوەستێت لە چەندەها سەدەوە، چونکە ئەو شتەی کە بەدوایدا دەگەڕێت لەدایك دەبێ پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی درێژ خایەن. لێرەدا پێویست بە مەرجێکی گرنگ دەکات بۆ ئەوەی سەلیقە بەکاری خۆی هەڵسێت، ئەویش زانیاری تەواو وردی وەرگێڕە لە زمانە نەتەوەییەکەیدا و شارەزایی بە خەزینەی زمان و وەدەستهێنانی کلیلی هەموو نهێنیەکانی و دۆزینەوەی ڕێگایەکی جیاکار بۆخۆی لە وێڵگەکانیدا..

جا لەم بارەیەوە فەرهەنگەکان یارمەتیەکی کەمت دەدەن، چونکە واتا فەرهەنگیە راستەوخۆیەکانی وشەکان زۆر جار ڕێکناکەون لەگەڵ کۆمەڵەی هەست و نەست و سۆز و ئەو بیرۆکانەی کە پێویستە بخولقێنرێت کاتی وەرگێڕانی ئەم وشەیە و ئەو دەستەواژەیە لە دەقی ناوبراودا. زۆر جار لە حاڵەتەکانی ئاڵۆزیدا فەرهەنگ ڕێنمایی وەرگێڕ دەکات، یان بە شێوەیەکی تر، دەتوانم بڵێم: هێمای، ڕێپیشاندەر لە وێڵگەکانی زماندا دادەنێت، تاکو وێڵ نەبێ و خۆی لادا لە ڕێگای داخراو و ئاماژە بکات بۆ ئاستێکی جیاواز. هەرچەندە بەهرەی وەرگێڕ مەزنتر بێت و کارامەیی لە زمانە، نەتەوەییەکەیدا زیاتر بێت سەلیقەی قووڵتر دەبێت و دەگەیێت لەبەر ئەمە کارەکەی وەرگێڕی ڕاستەقینە بە چێژێکی داهێنەرانەی گەورە بۆی دەگەڕێتەوە.. ئا ئەمەیش ئەوەیە کە پێی دەڵێن — بە باوەڕی من — خورپەی وەرگێڕ، (واتا: سروش و ئیلهام) هونەری وەرگێڕان ئەو کاتە دەست پێدەکات وەختێك کە وەرگێڕ خۆی لەو بەرهەمەدا ببینێت کە وەریدەگێڕێت: (وا هەست دەکات کە خۆی ئەم بەرهەمە دەنووسێت).

بە سروشتی ئەمە بڕای بڕ ئەوە ناگەیینێت کە ئێمە، ناوی دەنێین: (شتێك لە خودی خۆی تێدەخات).

جا، حەزدەکەم باش لێم تێبگەن، کە ئەم دوو چەمکە: (خۆی دەبینێ) و (لە خودی خۆی تێدەخات) بە تەواوی دژیەکن.. چونکە (تێخستنی شتێك لە خودی خۆی) بەو واتایە دێت کە خۆی لە ئیشوکاری کەسانی دیکە هەڵئەقورتێنێ.

دەکرێ ئەم ئێشەش تەنیا یەکێك بیکات کە گوێ نەداتە، نووسەر و یان دوژمنیشی.. بەلام: (خۆی دەبینێ) کارێکی داهێنەرانە پێکدەهێنێ کە وەرگێڕ و نووسەر تێیدا ئاوێزانی یەکدی دەبن و خۆشەویستیەك دەنوێنێ کە بێ ئەو ناکرێ ئەفراندنێکی راستەقینە و هونەرێکی راستەقینە بەرجەستە بێت. ئەو وەرگێڕەی کەوا داهێنانێکی تاکە کەسانەی لێدەردەکەوێت ئەوە ئەو زیاتر لەوانی دیکە لەگەڵ دانەردا تێکەلاو دەبێت. و هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وەرگێڕەی بە تەواوی تێکەلاوی دانەردەبێت ئەوا دەتوانێت





لەناوەوە دووریخاتەوە... لە قووڵایی پەنهانەکانی رۆحی.. بەمە ئەو لە ڕاستیدا پەنهانی دەروونی خۆی وەك وەرگێڕ، ئاشکرا دەکات! بەم واتایە، وەرگێڕ لە مۆسیقاژەن یان رابەری ئورکیسترا دەچێت. چونکە رابەری داهێنەر، وا لە گوێگرەکان دەکات کە بیریان بچێت ئەوە رابەرە، چونکە بە تەواوی دەیانگوازێتەوە بۆ جیهانی مۆسیقارەکە. پاش ماوەیەکی کەم گوێگر تێدەگات — لەگەڵ هەستی پێزانینیدا — کە لەبەردەمیدا مۆسیقاژەنێك هەیە، توانی لە سایەی ژەنین و تێگەیشتنە داهێنارەکەیەوە جیهانێکی ئەفسووناوی بدۆزێتەوە کە مۆسیقارەکە خولقاندی. باشترین وەرگێڕانیش — بەپێی بۆچوونم — ئەوەیە خوێنەرەکەی لەبیری دەچێت کە کتێبێکی وەرگێڕدراو، دەخوێنێتەوە. لەو باوەڕەدا نیم کە شتێك هەبێ نەتوانرێت وەربگێڕدرێت، بەتایەتی لە بڵاوکردنەوەدا: (ئەگەر بێت و هەندێ شت وەلاوە نێین، وەك هەندێ زاراوەی تایبەتی و پارچە رووالەتی بچووك وەك ڕەگەزدۆزی (الجناس) بۆ نموونە. و دەشتوانم بڵێم کە مەسەلەکە بە باوەڕی ناوەوە ڕادەپەرمی کە بەهرەی وەرگێڕ ڕێنمایی دەکات.. بەلام ئەو باوەڕە چییە؟ وەرگێڕی کارامە بە تەنیا ئەو کەسە نییە کە (لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەردەگێڕێت). بەڵکو ئەو کەسەیە کە خاوەنی مەودایەکی بەرفراوانە لە کارەکەیدا، چونکە ئەو بیرێك کە بە زمانێکی دیاریکراو دارێژرابێت وەردەگێڕێتە، سەر بیرێك کە بە زمانێکی جیاواز لەوی دیکە دارێژراوە و لە کۆمەڵەیەکی ئاڵۆزەوە، بۆ کۆمەڵەیەکی ئاڵۆزی دیکە و بە گواستنەوەی نیشانکراوی وردەوە، راناوەستێت، بەڵکو بە گواستنەوەی سترێس و ریتم و شێواز و ماوە و ئاواز ... هتد بە واتایەکی دیکە رەنگی هەست و سۆزی تاکە کەسی چڕی بەرهەمە هونەریەکەش، کەواتە ئەو شێواز و رۆحی، بەرهەمە ئەدەبیە کە لە ڕێی ئامرازەکانی زمانەوە وەردەگێڕێ) واتە، لە هەر حاڵەتێکی دیاریکراودا ئامرازگەلێکی پێویست — نەك هی دیکە — کە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکە بەڕەنگێکی دیار و هەست پێکراو ڕەنگرێژ دەکەن. (ئەگەر هاتوو دەربڕینی، نووسەرەکە هەست پێکراو نەبوو لە بارەی کارە هونەریەکەیەوە و وەرگێڕیش توانی — لە حاڵەتی ئێستادا — ئەم هەست پێنەکراوە بگوازێتەوە، ئەوا پێم دەکرێ ناوی لێبنێم، وەرگێڕانێکی هەستپێکراو بە واتای وەرگێڕانێکی پوختە و ورد).

جا، پێش دەستکردن بە کاری وەرگێڕان، پێویستی بە تێگەیشتنی سەر ڕاست هەیە بۆ دەقەکە و بە شێوەیەکی گشتی و بە پارچەییش هەستی پێبکات، لە سەرەتای دەستپێکردنی لە واتا گشتیەکەیەوە تا دەگاتە بچووکترین جیاکارەکانی و

ناشکرێت تێگەیشتن و هەستپێکردنمان لەسەر وشەیەکی تاک بەندبێت، هەروەها یان ڕستەیەك یان لەسەر قسەی کەسایەتیەکان بوەستێت، بەڵکو پێویستە هەموو بەشەکانی ڕۆمانەکە بگرێتەوە و درێژە بکێشێ بۆ ئاوازە گشتیەکانی ئەو بەرهەمە ئەدەبیەی کە لە بەرهەمەکانی دیکەی خودی نووسەرەکە جیادەکاتەوە. جا دەتوانین هەمان شت دەربارەی ڕێتم و شێواز و ماوە بڵێین.. ستریس و ڕێتم: (ئینجا ئاواز و شێواز و ماوە) ئەمانە: (بەپێی بۆچوونی خۆم) بە گرنگترین ساتەوەخت دەژمێردرێن لەسەرتاپای تانوپۆی هونەری وەرگێڕاندا، چونکە بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر (وردی واتا پشتیان پێ دەبەستێت لە وەرگێڕانی هونەریدا و چونکەش هەستپێکراوی بابەتەکە لە بەرهەمی هونەریدا ئەوەندە واتاکەی دیاری ناکات بەقەدەر ئەوەی هەستپێکراوی شیعری و خوازراو دیاری دەکات. هەروەها ڕێکخستنی ریتم و ستریس ئامێزی تایبەت بەو وشە و دەستەواژانەی کە هەستی شیعریەت دەخولقێنن و پاشان دەگاتە شێوازی تایبەت بە نووسەر.

هونەرمەندی وشە، هەوڵدەدات — کاتی وێنەگرتنی ڕووداوەکان و حاڵەتەکان هەستە شیعریەکەی بەرجەستە بکات، لە ڕێی کۆمەڵێك وێنەی پوختە و پتەوەوە، لەم هەوڵەشیدا بە هەڵبژاردنی، ئامرازە مایەکیە وردەکانی دەربرینەوە ناوەستێت، بەڵکو تەجاوزیان دەکات بۆ ئەو وشانەی کە جیاکارن لەلایەن ستریس و ریتم و راستگۆییەوە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕەنگی هەر وشەیەك و زرنگانەوەی جگە لەو دۆخە بە سۆزەی کە دەورەی واتاکەی دەدات و هەتا دەگاتە ژمارەی بڕگە دەنگیەکان تیایاندا.. (مەبەستم ستریسە).. جا لە هەموو ئەمانەشدا — دیسانەوە — پشت بەڕێنماییکردنی هەستی خودی خۆی دەبەستێت، کە لە ستریس و ریتمدا بەرجەستە بووە، لەکاتی بنیاتنانی دەستەواژە و ڕستە و بڕگە و، بەشەوەدا.. جا لە سایەی ئەم هەستەوە — لە یەکەم ساتەوە — ئەو پێوەندیە هەستیە شاردراوانە بەدیدەکرێت لەنێوان وشەکان، لە دەستەواژەکەدا و لەنێوان دەستەواژەکان لە ڕستەکەدا و لەنێوان رستەکان لەبڕگەکەدا و لەنێوان بڕگەکان لە بەشەکەدا و لەنێوان بەشەکان لەسەرتاپای بەرهەمەکەدا بەهەموو.. جا، وەرگێڕیش بەخۆی هونەرمەندی وشەیە. چونکە ئەو ئەم پرۆسەیە بە گشتی دووبارە دەکاتەوە و بەرهەمەکە بە زمانێکی دیکە دەخولقێنێت.. بە سروشتیش — پێویستە لەسەری — پێش ئەوەی دەست بەکاربێت دەبێ خۆی بە هەستی خودی دانەری شیعرەکە تێر و پاراو بکات.. بە پێچەوانەشەوە — لە





باشترین حاڵەتدا — وەرگێڕانێکی (زانستی پیت بە پیت)مان دەست دەکەوێت، کە لەگەڵ دڵسۆزی بەرهەمهێنانیدا هەر جەستەیەکی مردوو دەمێنێتەوە، کە، لەلایەنی تۆیگاریەوە لە دەقە ئەسڵییەکە بە تەواوی دەچێت، بەڵام هەناسەی زیندوویەتی تێدا نییە و ئەم جۆرە وەرگێڕانەش پێی ناکرێت و لەباریدا نییە موعاناتی ئیستاتیکی لەلای خوێنەر بورووژێنێت، یان هەستی شیعری سەرەکی دانەرەکەی بۆ بگوازێتەوە، بەڵام بە تەنیا زانیاریەکی تەواوی پێدەبەخشێ — بە پلەیەکی زۆر یان کەم — دەربارەی بەرهەمە ئەدەبیەکە.

ئێستاش دەرفەتم بدەن چەند نموونەیەك لە ئەزموونی تایبەتی خۆمتان پێشکەش بکەم.

جا، با — بۆنموونە — فەسڵی (لە تاریکیدا) وەربگرین! لە بەشی هەشتەمی (برایان کارامازۆف) بەناونیشانی (میتیا). بەشی هەشتەمین کە سەد لاپەڕە لە ڕۆمانەکە دەگرێتە خۆی، بە پەلە و خێراییەکی وەهاوە نووسراوە هەر لە بازدان دەچێت. هەر دەڵێی جۆرێکە لە (سکرتۆ)* ی سامناك و قەبە لە (سیمفۆنیا)دا.

ڕووداوە سەرەکییەکە، لە بەشەکانی پێشووی ڕۆمانەکەدا، بەشێوەیەکی سست و سەربەخۆ گەشە دەکات و هەندێ جاریش کەمێك خێرا و بە پەلە پاشان ئەوەندە نابات بە خاوی هەنگاو دەنێت و بەمەش کەش و هەوایەکی ناساز و ئاڵۆز دەخولقێنێت کە لە پێش هەڵکردنی باوبوران و زریاندا پێشبینی دەکرێت، یان کەش و هەوایەك کە پڕە لە شپرزەیی پێش بەرپابوونی کارەساتێکی چاوەڕێکراو.

لەناکاو و لەسەرەتای بەشی هەشتەمینەوە جموجوولێکی گەردەلوول ئاسای ڕووداوە سەرەکییەکە دەست پێدەکات و (میتیا)ی پاڵەوانی تەوەری لە ڕۆمانەکەدا دەپێچێتەوە، کەوا پێش ئەم ساتەوەختە هیچ کارێکی ئەنجام نەدا بوو. (میتیا) دانیشتوە، ئێرەتی و کینە لە باوکی لە ناخەوە گوشاری دەدا، (فیودۆر بافلوفیتشی) پەتیارەی بێ ئابڕووی باوکی کە دەیەوێ بە زۆری پارە تەفرەی خۆشەویستی کوڕەکەی بدات و لە خشتەی بەرێت.. لە نزیك ماڵی باوکیەوە بۆ (غروشینکا) دانیشتوە تاکو نەیەڵێت بڕوا بۆلای پیرەمێردە پەتیارەکەی باوکی.. زۆر بەڵگە و هۆ، لە ئارادا هەن پاڵی پێوەدەنێن کە ڕق و کینە لە باوکی هەڵگرێت بەشێوەیەك هەڕەشەی کوشتنی لێکرد لەبەردەم کۆمەڵێك لە شایەتحاڵان.

لەسەر ئەوەشەوە (میتیا) پێویستی بە سێ هەزار ڕۆبڵ هەیە تاکو شەرەفی خۆی و خۆشەویستیەکەی ڕزگار کات و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە و ناچارە بەهەرچی شێوەیەك بێت ئەو بڕە پارەیە

زۆرەی دەستکەوێت.

هەستاو شوێنی چاودێریەکەی بەجێهێشت و دەستیکرد بە جمووجوولێکی خێرا و بەپەلە، ئەهات بەملایا و دەچوو بەولایا بەڵام هەموو، هەوڵەکانی بەفیڕۆ چوون و ئینجا لە ساتێکی نائومێدیدا لە (خۆخالاکوفیا) دەرچووە دەرەوە، بۆ (شەقامەکە لە تاریکیدا) چەشنی شێت ڕێی گرتەبەر و لەناکاو (لە تاریکیدا) تێگەیشت کە (غرۆشینکا)، خەڵەتاندوویەتی و لە شوێنێکدا خۆی بزرکردوە.. بەڵام لە کوێیە؟.. وەڵامەکە لەکن (میتیا)ی خەمخۆر، ئامادە بوو: ئەوەتا لەکن (فیۆدۆر بافلۆفیتش).. بە هەڵەداوان ڕایکرد بۆ ماڵی باوکی.. ئیتر لەوێندەری بەشی (لە تاریکیدا) دەستپێدەکات.

بەڵام پێش ئەوەی باس لەم فەسڵە بکەین پێویستە ئاماژە لە بۆ ئەوە بکەین کە (سکرتۆ) کە پاش کۆتایی هاتنی فەسڵەکەش هەر بەردەوام دەبێ و خێرایی ماوەکانی زیاتر دەکات، تا وای لێدێت لەم ناونیشانانەدا خۆی دەرببڕێت:

(یەکلایی کردنەوەیەکی ناکاو) (بەخۆم دەڕۆم).. هتد.

(بەم بۆنەیەوە ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە ئێستاتیکای ناونیشانەکان لە ڕۆمانەکەدا بابەتێکی تایبەت پێکدەهێنێ کە بایەخێکی زۆری هەیە لەکن وەرگێڕ).

(میتیا)، لە (تاریکیەکەوە) دەرئەچێتە دەرەوە، بەهەردوو دەستی خوێناویەوە، کۆمەڵێ پارەی هەڵگرتووە و لە (ڕاکردن) و (هەڵفڕین) و (بازدانە)کەیدا بەشێوەیەکی گەرم و گوڕ بەردەوام دەبێت و دەڕوات بۆ گوندی (موکرویە) لەوێندەری دەبیستێت (بەڵام — ئەفسووس — پاش ماوەیەکی درەنگ) کە (غرۆشینکا) ڕۆیشت بۆ ئەوێ تاکو لەگەڵ کەسێکدا کۆببێتەوە کە کاتی خۆی تەفرەیدا و لە کاتێکدا وازی لێهێناو دواجار لەناکاو لە ئاسۆی ژیانیدا دەردەکەوێت.

ئارەزوو ناکەم کە هەموو بەشی هەشتەمین بگێڕمەوە بەڵام لە کۆتاییەکەیدا (میتیا) دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتی کوشتنی باوکی. بەشی (لە تاریکیدا)م نمایش کرد تاکو لەسەر سترێس و ڕیتم قسە بکەم کە ناتوانین تێیانبگەین بێ ئەم توێژینەوە کورتە. ئێستاش لەسەر درێژەپێدانێکی بچووک بەڵام گرنگ — قسە دەکەم.. بە سروشتی ئێوە، تێدەگەن ئەمن بە ئەنقەست هێڵێکم لەژێر ئەم وشانە دانا: ( ڕاکردنەکەی) و (هەڵفڕینەکەی) و (بازدانەکەی)، چونکە چڕبوونێکی ریتم بۆ وێنەی (سکرتۆ) پێکدەهێنن. شتێکی بێ هوودەش نییە کە (دیستۆفسکی) لەسەرەتای بەشی دووەمینەوە لە کتێبی هەشتەمدا سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت بۆ وشەی (بازدەدا) و دەیخاتە نێوان دووکەوانەوە.





مەبەستی لەمەدا ئەوەیە کە شێواز و ماوە بە تەواوی دیاری بکات وەك چۆن لە مۆسیقادا دەڵێین: ( ALL EGRO CON FUDCO) جا، پێویستە لەکاتی وەرگێڕانی ئەم وشەیەدا ئەرکە وەزیفییەکەی بگوازرێتەوە و بارودۆخی هەست و نەست و ناوەڕۆکی لەبەر چاو بگیرێت سەرەڕای تەکنیکی هونەری دەنگ ، جا ئەوە بوو لەکاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی ئەرمەنی راناوی (KAPAMPON)م خستە سەری کە واتای (بە بازدان) دەدات بەدەستەوە و دیسان ئەمیشم خستە ناو دووکەوانەوە و لە هەر کوێیەك هاتبێت و دووپات کرابێتەوە لە بەشی هەشتەمدا وەزیفەکەیەم خستووەتە سەری کە لە سەرەوە باسمان لێیکرد، واتە وەزیفەی وشەی (بازدانەکەی) و لە باوەڕەدام کە ئەم راناوە بە هەموو ئەو بارودۆخی هەست و نەست و دەلالەت و هەروەها تەکنیکی هونەری دەنگ — کە دەیانگرێتە خۆی بەشێوەیەکی پەنهان لە کانگای دەروونی خوێنەری ئەرمەنی ئەو دیدگایە دەخولقێنێ کە — لەسەرەتاوە — یارمەتی دەدات بۆ گرتنی مەودا یەك لەدوای یەك هاتووی راستەقینە لە بەشی هەشتەمینی ڕۆمانەکەدا.

با، ئێستا قسە لەسەر سترێسی بەشی (لە تاریکیدا) و ریتمەکەی بکەین.. ئەوە بوو پێش ئێستا ئاماژەم لە بۆ دەرچوونی (میتیا) کرد (کە لە تاریکیدا دەرچووە سەر شەقامەکە !) (ئاگاداری نیشانەی سەرسووڕمانەکە بن کە مەدلوولەکەی لە دەقە، ناوبراوەکەدا بەندە بە جەختکردن لەسەر وشەی (تاریکی) ئەم وشەیەش لەمەودای دوو لاپەڕەدا چوار جار تێدەپەڕێت وەك ئەوەی ئاوازی مۆسیقایەکی نوێ لە ناخەوە بەرز، بێتەوە، لە دەنگێکی خەفەکراوەوە لە کەمانجەکەی (شیلۆ)وە دەردەچێت.. لەناکاو ئەم وشەیە دەبێتە ناونیشانی بەشی پاشەنگ و ئەم ئاوازە نوێیەش بە هەموو هێزی دەنگیەوە دەردەکەوێت و دەستدەکات بە دیاریکردنی ناوەڕۆك و دیمەنی ئۆرکسترالی داهاتوو.

وشەی (تاریکی) سەرەڕای واتا ماددیەکەی دەلالەتێکی هێما ئامێز دەگرێتە خۆی کە هێشتا بە تەواوی ئاشکرا نەبووە.

(میتیا) بەرەو ماڵی باوکی رایکرد — شڵەژاو و پەرۆش — بە دزییەوە بەرەو تەیمانەکە ڕۆیشت و بازی دایە ناو باخچەکە. (بێدەنگییەك چەشنی بێدەنگی گۆرستانەکان باڵی کێشا بوو بەسەر شوێنەکەدا و هێمنییەکی سەراپاگیر دەستی بەسەراگرتووە، وەك ئەوەی بەدەستی ئەنقەست کرابێت و بایەکەش بە تەواوی لێیخستبوو.. هیچ سرتەیەك نەدەبیسترا مەگەر چپەی بێ دەنگی نەبێت.. بەهەر هۆیەکەوە بێت، بەبیریدا

هات (ئەم بێدەنگیە..) ئاوها، تاریکی و بێدەنگی گەیشتن بەیەك.

ماوەیەك لەدوای یەکەکان بەشێوەیەکی گشتی نە گۆڕان، چونکە ئەم (سکرنۆ)یە هێشتا هەر خۆیەتی، بەڵام جووڵە دەرەکییەکە هەندێك هێور بووەوە و دابەشبوونی ئاوازە ئۆرکسترالیەکان بە تەواوەتی گۆڕانیان بەسەردا هات: وەك ئەوەی بەشێوەیەکی پەنهان گەشە بکات لە پاشینەی دەنگە بە چپەکانی ئامێری (شیلۆ) و ببێتە ئاوازێکی شوومی نوێ کە لەلایەن بابەتەوە پابەندە بە بیرۆکە سەرەکیەکەی ڕۆمانەکەوە.

(میتیا) بەدزییەوە لە پەنجەرە ڕۆشنەکە نزیك دەبێتەوە و چاودێری جووڵانەوەکانی دەکات لە ژوورەکەدا و هەولێکی پڕ ئازاری دەدا تا بزانێت ئایا (غرۆشینکا) لەوێیە یان نا.

ئێمەیش تڕپە تڕپی لێدانی دڵی دەبیستین و هەست بە پەرشوبڵاوی بیری دەکەین لەناو شەپۆلی خامۆشیدا و وامان لێدێت بە جەستە هەست بەو بێدەنگیە گرژە بکەین کە لە هەمان کاتدا وەك خەیاڵ دێتە بەر چاو، وەك ئەوەی جۆرێك لە خەون بێت و لە تاریکیشدا کۆمەڵە بەرانێکی (سوور) دەبینین و هەروەهاش میوەجاتێك کە ڕۆشنیان دەکاتەوە.

ڕۆشنایی پەنجەرەکە دەڕژێتە سەریان و پەردە (سوورەکان) لە ژوورەکەدا و سەرپێچە سوورەکەی سەر (فیودۆر بافلوفیتش). ئەو لێدانەی کەوا پیرەمێرد و (غرۆشینکا) ڕێککەوتبوون لەسەری ئاوها (میتیا) لە چوارچێوەی پەنجەرەکەیدا کە هاتنی کچەکە ڕادەگەیێنێت، ئەمەیش (میتیا) لە (سەمیر دیاکۆف)ەوە، پێی زانیبوو.. پیرەمێردەکە تەکان دەدات بەرەو پەنجەرەکە و دەیکاتەوە و دەست دەکات بە سەیرکردن.. دەموچاوی (لەبەر تیشکی ئەو ڕۆشناییەی لەلای چەپی ژوورەکەوە دێتە ژوورەوە و دەشکێ بەسەریدا بە تەواوی ڕووناکی کردبووەوە). (میتیا) بازیدایە ناو سێبەرەکە و دەستی کرد بە چاودێری کردنی، بێ ئەوەی جووڵەی لێوە بێت.. دڵنیا بوو لەوەی کە (غروشینکا) لە ماڵ نییە، بەڵام کینە و ڕقێکی سامناك لە دڵیا جۆشی خوارد: (کوتەکێکی مسینی لە گیرفانی دەرکرد..).

لێرەدا فەسڵەکە رادەوستێت و کۆمەڵە خاڵێك کە لە ژمارە نایەن بە دوایدا دێت و وەستانێکی دووروودرێژ.

ئەمە بە تەنیا مۆسیقا نییە و بەس، بەڵکو تابلۆیەکی بلیمەتە کە هەموو ئەو خاڵە خوێناویە سوورانەی تێدا دەچەسپێت لە ناوەندی تاریکیدا لەگەڵ دیمەنی ئارەزووبازی پیرەمێردەکە کە تیشکی چراکە دەشکێتە سەریا و بە تەواوی ڕۆشنی دەکاتەوە.

هەروەها (میتیا) کە دەموچاوی ڕق و کینە خواردوویەتی و کوتەکێکی مسینی بەدەستەوەیە لە سێبەردا خۆی شاردۆتەوە ئەمانە هەر لە تابلۆکانی (ریمبرانت) دەچن!..

پاش وەستانێکی دووروودرێژ ئەم و شەلێڵ و نادیارانەی لەدەم دەردەچێت: (پاش ماوەیەکی کەم (میتیا) گوتی: خوای پەروەدگار ئەو کاتە پاسەوانم بوو).

ئەو خوێنەرە زەندەق چووەی کە باوەڕی بە کوشتنی باوك، لەلایەن کوڕەکەیەوە هێنا، لەناکاو دەکەوێتە گومانەوە لە حەقیقەتی ئەم ڕووداوە: ئایا (متیا) بەکاری کوشتن هەڵسا یان نا؟!..

دابەشبوونی ئاوازە مۆسیقیەکەش بەخۆی هەر بەردەوام دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی خێرایی شێواز و ماوەکەدا (میتیا) بەرەو تەیمانەکە ڕادەکات و (غریغوری)، خزمەتکاریان راوی دەنێت و لەناکاو لەناو جەرگەی تاریکایی و خامۆشیدا، هاوار دەکات (کوژەری باوکی) و قسەکەی وەك دەنگی شەیپوورێکی شووم و سامناك دەزرنگێتەوە.

سەرلەنوێ دابەشبوونی ئاوازەکان لە (ئۆرکستراکە)دا گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەك ئامێرە مسینەکانی تێکەڵ بەیەك بووبێت و گرژی ئاوازەکانی (شیلۆ)کەش زیاد دەکات کە لە دڕانی بەلەمێکی بە بایەوان دەچێت.. (میتیا) بە کوتەکەکە لە خزمەتکارەکە دەدا و (غریغوری) دەکەوێت و هەردوو دەستی (میتیا) بە خوێنەکەی سوور دەبێت.

ئێستاکە ئەرکی بیناکاری ئەم فەسڵە ڕووندەبێتەوە و سوودی بۆ کۆتایی پێهاتنی نیوەی یەکەمی ڕۆمانەکە هەیە کە پێش ڕەشەباکە دەکەوێت و لە هەمان کاتدا تانوپۆیەکی تازە پێشکەش دەکات کە گرێ سایکۆلۆجیەکان و نهێنیە تەوەرییەکان لە خۆی کۆدەکاتەوە کەوا دواجار ئاشکرا دەبن: (شتێکی بێ هوودەش نییە کە تانوپۆکە بکەوێتە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەوە. مەسەلەیەکی زانراویشە کە (دیستۆفسکی) بایەخی بە هاوسەنگی لەنێوان بەشەکانی ڕۆمانەکەی و نەخشەسازیە ڕێکوپێکەکەی دەدا).

هەروەها واتای ڕەمزی وشەی (لە تاریکیدا)ی سەرەکی دەرکەوت و دوو مەدلوول دەگرێتە خۆی: یەکەم مەدلوولێکی فەلسەفی کە ئاماژە لە بۆ لەدایکبوونی تراجیدیای چارەنووسی مرۆڤایەتی لە تاریکی ئارەزووە گڕگرتووەکاندا دەکات.

دووەم: تەوەری: کە مەودای حەقیقەتی کوشتنی (میتیا) بە پەنهانی لە تاریکایی ڕووداوەکان و بار و زرووفدا دەمێنێتەوە دانەر سایکۆلۆجییەکی مەزنە، توانی بە شەوەزەنگی ئارەزووە گڕگرتووەکاندا قووڵ ڕۆبچێتە خوارەوە کە درك بە بوونی گۆشەیەك لەناو وێڵگەکانی دەروونی ئادەمیزادا دەکات کە تیشکی حەقیقەت ڕۆشنی دەکاتەوە و دەنگی ویژدان تیایدا بەرز دەبێتەوە. بە خۆشی دەزانێ کە

مرۆڤدەکرێ ببێتە قوربانی پێکدادانی سامناك کە باروزرووف دەیسەپێنێت. هەستی شیعریشی بریتی دەبێت لە مەرگەساتێکی تاڵی هۆشیار کە تارماییەکی ڕۆشنایی هیوا دەگرێتە خۆی و هەورووەها کۆمەڵە سێبەرێکی سووك لە گاڵتەجاڕیش.. نووسەر ئەم ساتەوەختە سامناکە لە چارەنووسی (میتیا) وێنە دەکێشێت لە سترێسێکدا کە شەقڵی خۆشەویستی مرۆڤایەتی ئازارکێشی پێوەیە و لەنێوان ریتمێکی دەربڕێنراو لە گێژاوی بزووتنەوەی ئارەزووە گڕگرتووەکاندا.. هەستکردن بەم هەموو شتانە و وتوێژینەوەیان و دواجار تێربوون لە هەستی شیعری نووسەر بە گرنگترین مەرجە پێویستەکان دەژمێردرێت بۆ دەستەبەرکردنی وەرگێڕانێکی باوەڕپێکراو بۆ فەسڵی (لە تاریکیدا).

ئەو هەستە شیعرییە بەخۆی خولیای ئەوەی خستە سەرم کە ئامرازەکانی زمان و شێوازی پوختە هەڵبژێرم و لەسەرەتاوە بە وشەی ئەرمەنی (خافار) دەست پێبکەم کە دەتوانێ لە سایەی بارودۆخە هەستیەکەی و ناوەڕۆکیەوە زیاتر لە باقی هاوتاکانی هەموو ناونیشانی (لە تاریکیدا) بگوازێتەوە و سووکترین سێبەرەکانی پێکهاتە وتەییەکان لە رستەدا روونکاتەوە.. جا، پشت بەستنی بەردەوامم بە مۆسیقاو و شیکردنەوەی سترێس و ڕیتم لەم فەسڵەدا بێ هوودە نەبوو. چونکە رووبەڕووکردنەوەی ڕۆمانەکانی (دیستۆفسکی) لەگەڵ مۆسیقادا بە شتێکی ئێجگار سروشتی دادەنرێت — بەپێی بۆچوونی خۆم — وەختێ شیکردنەوەیان لەکاتی لێکۆڵینەوەمان لەبارەی (دیستۆفسکی)یەوە، دەکرد، دەربارەی فرە دەنگی لە داهێنانەکەیدا و هەروەها دەربارەی ئەوەی ڕۆمانەکانی لە تراجیدیاوە نزیکترن وەك لەوەی لە بەرهەمە داستانیە ئاوازدارە هێمنەکانەوە. بەڵام لە یادم نییە ئایا باس لە (سروشتی سیمفۆنی) لە ڕۆمانەکەیدا کرا؟ بەڵێ بناغەی سیمفۆنی بەخۆی ڕۆڵە گرنگەکە لە بنیاتنانی (برایان کارامازۆف)دا دەبینێت بۆ نموونە: ئاواز گەلێکی سەرەکی — لەوەیە لەسەرتاوە بە پەنهانی ببینرێت — هێدی هێدی خوێنەر دەورووژێنێت و پاشان لە شوێنگەلێکی دیاریکراوی تۆکمەدا دەردەکەوێت و لە هەمان کاتدا بارودۆخێکی شڵەژا و لە پێشبینی تاکو دەگاتە پۆپە لە درەوشانەوەی هەست و سۆز و جەختکردن لەسەر بیرۆکەکان و پاڵنانی تەوەر بۆ پێشەوە و لە هەمان کاتیشدا ئاوێتەی ئاوازە سەرەکیەکانی دیکە دەبێت کەوا پێویستە ئەوانەش لەلای خۆیانەوە پەرەبسێنن. بەم پێیە بونیادی، بەرهەمێکی تێرا و لە هزر بە تەواوی دێتە کایەوە و جیاکار دەبێ بە سۆز و هەست و نەستێکی زۆری بێ



شومار و هەورەها پتەوی و قایمی ناوەوەی و شەقڵی دەرەوەی میتۆلۆجیا تەوراتییەکەی. لەبەر ئەمە جایز نییە (دیستۆفسکی) لەکاتی وەرگێڕاندا مشت و ماڵ بکرێت و وشە و دەستەواژە و دێڕەکانی لابرێت بە بیانووی ئەوەی کە زیادن و بە پشت بەستن بەو تێڕوانینە وەهمیانەی کە وای بۆ دەچن، نووسینەکانی (لاواز و خراپن) و پوختە نین.

بەڕاستی وشەکانی سیفەتی درەوشانەوەی دارشتنی دەرەکی مشت و ماڵ کراو هەڵناگرن، بەڵام بە دایم دەگونجێن لەگەڵ پلە و پایەکەیاندا و لە دوو توێیاندا بارگێکی (مۆسیقای) بەهێز هەڵدەگرن. ئەگەر بێت وشەکانی (الّب زوسیما) وەرگرین کە لە بۆنەیەکدا گوتی و جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئێستا باسی لێدەکەین، ئەوا ڕۆمانەکانی (دیستۆفسکی) هەموویان چەشنی زەریاوان دەڕۆن و بەیەك دەگەن.. لە شوێنێکی دیاریکراودا لە یەك دەکەون و زایەڵەکەی لەوپەڕی جیهاندا دەنگ دەداتەوە).

لە بەشی هەشتەمینی ڕۆمانەکەدا هەڵوێستەم لەسەر یەك نموونە کرد و لە تواناادا بوو بەشی هەشتەمین هەمووی شرۆڤە بکەم لە گۆشەنیگای پەرەسەندنی سیمفۆنیاوە، بەڵام ئەم کارە، لە ئامانجی گوتارەکەمان دوورمان دەخاتەوە.. ئاماژەیەکی کورت و بەس بۆ نموونەیەکی دیکە دەکەم کە واتایەکی عموومی لە نەخشە سازی سیمفۆنیای سەراپاگیردا دەگرێتە خۆی.. مەبەستیشم، لەوە بابەتی ئەهریمەنە لە ڕۆمانەکەدا (سەمیر دیاکۆف — ئیڤان — پشکنەری مەزن — ئیبلیس) کەوا بە توندی دەلکێت بە بابەتی خواوە (ئەلیوشا — الّب زوسیما — مەسیح — خوا).

ئەم بابەتە بە درێژایی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت تاکو (دەرکەوتنی) خودی ئەهریمەن لە فەسڵی (ئەهریمەن مۆتەکە ئیڤان فیودۆر و فیتش) لە کۆمەڵە پلانێکی جیاوازدا سەرەتا لە وشە بچووکەکانەوە کەوا بیرۆکەیەکی سەرەکیی دەنوێنن پێوەندیەکی روون و ئاشکرا یان نادیاری هەیە بەڕووداوە سەرەکیەکەی ڕۆمانەکەوە. وەك کوشتنە نادیارەکەی (فیۆدۆر بافلۆفیتش) و هەروەها ئەو وێنە فەلسەفیە ئاڵۆزەی کە پشکنەری مەزن بەسەر و سیمایەوە دیارە (ڕۆحێکی زیرەکی ترسێنەر.. ڕۆحی کاولکەری خوود و نەمانی بوون).

جا، ئەم بابەتە وردە وردە پانتایی شوێنەکە داگیر دەکات تاکو تێکەڵ بە کەسایەتی (سەمیر دیاکوف) دەبێت لەو سێ دیدەنیەدا دان کە لەگەڵ (ئیڤان) ئەنجامدران لە کۆتاییدا (سەمیر دیاکوف) دان بە کوشتنی (فیۆدۆر بابلۆفیتش)دا دەنێت و ئەو کاتەش دیالۆگە بەناوبانگەکە

لەنێوان (ئیڤان) و (سەمیر دیاکۆف)دا دەست پێدەکات: (ئیڤان: بە چیە گوتی: ئایا دەزانی ئەمن دەترسێم ئەتۆ خەون یان مۆتەکە بیت لەبەردەممدا دانیشتبێتی)؟

– گەورەم مۆتەکە لە ئارادا نییە، لە هەردووکمان زیاتر کەسی دیکە نییە گەورەم.. بەڵێ شتی سێیەم لە ئارادا هەیە.. ئەویش ئێستا – بێ شك – لەوێیە.. وا لە نێوانماندا – (ئیڤان فیۆدۆر ڤیتش) بە لەرزەوە گوتی لە کاتێکدا چاوەکانی بڕیبوە دەورووبەری خۆی بەخێرایی بۆ کەسێك دەگەڕا لە هەموو گۆشەکاندا.. ئەو کەسە کێیە؟ و لە کوێیە؟.. ئەو سێیەمین کەسەش کێیە؟ – سێیەمین خوای پەروەردگارە گەورەم. واتە چاودێری خودی خودایە.. ئا لێرەدا لە نزیکمانە قوربان، بەڵام نەکەی بۆی بگەڕێیت، چونکە نایبینی.

– (ئیڤان) وەك هار قیڕاندی: ئەتۆ نەتکوشتوە، درۆدەکەی ئەتۆ، یان ەبێ شێت بیت یانیش دەتەوێ وەك جاری پێشوو تووڕەمکەیت!. بابەتی ئەهریمەن کە لە وشەی (تاپۆ)دا خۆی دەنوێنێت دەبێتە بابەتێکی کاراو لە یەکێك لە خاڵەکانی تەوەرە سەرەکیەکەدا جێگیر دەبێت و جارێکی دیکە دەئاڵێتە بابەتی خواوە. ئەو رۆحە فەلسەفیەی کە ئەم بڕگەیە تیرئاو دەکات بە سام و ترسناکە! هەر یەك لە وشەکان لە جێی خۆیدا دەهەژێ و دەلەرزێ و دەکەوێتە قاوقیژ و دەتەقێتەوە بە وزەیەکی ئەهریمەنانە بەدرێژایی رۆمانەکە بوونی هەیە. بەڵام وشەی (تاپۆ) بارگێکی جیاکار هەڵدەگرێ چونکە بیرۆکە سەرەکییەکە دەنوێنێ کە لە فەسڵی دووەمدا دەردەکەوێ بەو پێیەی وێنەی ئەهریمەنەکەیە کە (ئیڤان فیدرۆفیتش) لە مۆتەکەکەدا لەگەڵ دەیبینێت کە لەگەڵیدا دەژی جا، ئیڤانیش لەکاتی بوونی مۆتەکەکەدا ئەهریمەن قسە دەکات بەهەمان ئاواز و بەهەمان وشە کە لەگەڵ (سەمیر دیاکۆف) قسەیانی پێکرد لە هەمان بڕگەدا.

ئەم پێکەوە گرێدانەی ئەم دوو بابەتە وەك سەرەتایەکی ئاواز ئامێز سوودی هەیە لە وەرگێڕانی ئەم بڕگەیە و هەڵبژاردنی وشەی (ئوروفاکان)ی ئەرمەنیدا لەنێوان وشە هاو واتاکانی دیکەدا، لەبەر ئەوەی بە تەواوی دەگونجێت لەگەڵ وشەی (تاپۆ)ی رووسی لە دەقە هونەریەکەی کە باسی لێکرا. شتێکی سروشتیە کە ئەم کێشە و گرفتانە هەموو پێکەوە گرانی و سەغڵەتی دیکە بخەنە پێش وەرگێڕی (دیستۆفسکی)یەوە، چونکە ئەو کاتە پێویستە لەسەری بە بایەخێکی زۆرەوە لە بونیادە سیمفۆنیە ئاڵۆزەکەی ئەم رۆمانە بە هەمووی بکۆڵێتەوە و هەروەها بیدۆزێتەوە – یان بەلای کەمەوە – لە ویژدانەوە هەست بکات بە هەموو ئەو پێوەندیە دیارانە و نادیارانەی کە بوونیان





هەیە لەنێوان کەرتە دوورەکان لەیەکەوە چی وشەی تاك بن یان فەسڵێکی تاك کەوا یەکەیەکی (کلی) هاماو پێکدەهێنن.. هەروەها لەسەرێتی – کاتی وەرگێڕانی ئەم بەشە یان ئەو بەشە – هارمۆنی هاماو لەبەر چاو بگرێت و هەرچی چۆنێك بێت هەوڵی ئەوە بدات وەرگێڕانێکی پوختە و پاکی هەموو رەگەرزەکانی رستە – بێ ئەوەی زیادەڕەوی وەراندن لە هەندێکیدا و یان مشت و ماڵ کردنی هەندێکی تریان بکات و لە هەمان کاتدا لێکدانە رێزمانیە قورسە جیاکارەکەی (دیستۆفسکی) بپارێزێت کەوا هەندێ جار وا دەبینرێت کە (پیشەسازی)یە. بەڵام ئەم ڕێزمانە جیاکارە – بەپێی قەناعەتی قووڵی خۆم – بە رێبازێکی داڕێژراوی هونەری دادەنرێت کار دەکات بۆ خوڵقاندنی هارمۆنێکی چڕی فرە دەنگ لە مۆسیقای رۆمانەکەدا، ئەویش ئەنجامی (کارنەزانی) نییە لە شێوازدا.

گیروگرفتێکی دیکەش هەیە بەرەو رووی وەرگێڕ دەبێتەوە، ئەوەیە کە لەسەر شانێتی، لە زمانە نەتەوەییەکەیدا ئەو لێکدانە رێزمانیە بەشێوەیەك ڕەنگبداتەوە کەوا لە خوێنەر نەکات لە کاتی خوێندنەوەدا بووەستێت و هەروەها وەرگێر بەوە تاوانبار نەکرێت کەوا (کارنەزانە) بەڵکو وای لێبکات کە هەستێکی نادیار بەجیاکارەکانی شێوازی (دیستۆفسکی) بکات.

هەروەها قەرەبووی ئەو چێژە بکاتەوە کە لە جوانکاری وەرگێڕانی رۆمانەکەدا وەریگرت بەرامبەر ئەو سەخڵەتی و شەکەتییەی کە چەشتی، چونکە ئەو ڕێزلێنانە دەبیستێت کە چۆن پەیی بەو هەموو بونیادە مۆسیقیە جوان و قەشەنگە بردووە کە بە سیمفۆنیەکی لێهاتوو ناونراوە و چۆن لە هەر بڕگەیەکدا رەگەزەکانی هارمۆنی و پەرەسەندنی سیمفۆنی دەدۆزێتەوە.

کە لە توانای ئەوانی دیکەدا نییە رەچاوی بکەن

دەتوانین ژمارەی رووداو گەلێکی زۆر و زەوەند لە گیروگرفتی جۆراجۆری لەبن نەهاتوو بکەین کە رووبەڕووی وەرگێڕی رۆمانی (برایان کارامازۆف) دەبێتەوە.

– ئەو کۆسپ و تەکەرە و کێشانەی بەرەو رووی وەرگێڕ دەبنەوە بۆ نموونە لەلاساییکردنەوەی شێوازی فەسڵەکانی (کلێساییەکان) لە رۆمانەکەدا!؟ و لەسەر یەك تاکە رووداوێك هەڵوێستە، دەکەم و بەس، چونکە پێویست بوو لەسەرم زاڵبم بەسەر کێشەیەکدا کە شەقڵێکی تایبەتمەندی بێ پایانی هەیە.. ئێوە ئەوەتان لە یادە کە (نەقیبی روکن سنیغریف) لە (برایان کارامازۆف)دا لە شوێنێکدا کە خۆی پێشکەش بە (ئەلیوشا کارامازۆف) دەکا و دەڵێ (ئەمن نیقولای ئەلیتش سنیغریف) نەقیبی روکنی پێشوو لە پیادەی رووسی و سەرەڕای کەم و

کورتیە ناشیرینەکانم، بەڵام هێشتا هەر نەقیبی روکنم بەشێوەیەکی دیکە پێویستە بڵێم: نەقیبی روکن (سلۆفوبرس) نەك سنیغریف). چونکە لە نیوەی دووەمی ژیانمدا ناوم کرا بە (سلۆفوبرس) ئەم ناوەشم بۆ ریسواکردن پێوە لکێنرا — سلۆفۆ — یر —س ) (سەمیر دیاکۆف) و (ماکسیمۆف) هەندێ جار پیتی (یر،س) لەگەڵ وشەکاندا بەکاردەهێنن.. ئایا پێویست بە وەرگێرانیان دەکات؟ ناکرێ و جایزیش نییە.. دەتوانین بەس ئەو ئاوازەی ئەم پیتانە دەیخولقێنن بگوازینەو، بەڵام لە حاڵەتی (سنیغریف)دا — وەك ئەوەی لە وشە ناوبراوەکاندا لە سەرەوە دەبینرێت — ئەرکێکی گرنگ دەگرێتە ئەستۆی تا ئەوەی ناوی خۆی دەنێت (سلۆفوبرس).

ئەمەیش واتای ئەوە دەدات بەدەستەوە کە پێویستە — سلۆفو — یر — لە زاریەوە وەربگێردرێت. بەڵکو پێویستە لەسەرمان (سلۆفوبرس) وەربگێرین.. بەڵام چۆن ئەو کارە بەجێدەهێنین؟ رۆژێکی رەبەق بیرم کردەوە و گشت شتێك کە دەهات بەبیرمدا رەتم کردەوە لە کۆتاییدا دەمارەکانم تێکچوون پاش نیوەڕۆ خەوتم. ئا.. ئەوەتا منم.. لە حاڵەتێکدام لە خەون دەچێت (هاتە گوێم) دەنگی نەقیبی روکن کەوا لەگەڵمدا خەوت و بە زمانی ئەرمەنی دوا و وشەی (تیار)ی بەکارهێنا، کە واتای شتێك دەدات بەدەستەوە وەك (گەورە)ی رووسی لە خۆشیاندا لەسەر پێخەفەکەمەوە قەڵەمبازێکم دا و هاوارم کرد: (هورا).. بەڵێ.. ئایا ئا ئەمە رووداوێکی ئاسایی نییە لە بارەی پرۆسەیەکەوە کە جیاکارە بە شاد و خۆشیەکی هەڵچووی لە رادەبەدەرەوە و خوێنەر ناتوانێت تەخمینی مەودای دژواری و سەختیەکانی بکات کە چەشتم و واش باشترە هەر تەخمینی ئەوە نەکات.. کێشە و گرفتەکانی زۆر زۆر بوون! لەوەیە هیچ داب و نەریتێك لە ئارادا نەبێت کە بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت لە وەرگێرانی بەرهەمەکانی (دیستۆفسکی)دا بۆ سەر زمانی ئەرمەنی! و (دیستۆفسکی)ی لەم بارەیەوە (بەختی) یار نەبوو ئەمەیش واتای ئەوەیە کە پشت بەکەس نەبەستم و هەموو شتێك خۆم بیکەم و لە خاکێکی نەکێڵراودا ئیش بکەم.. جا لە بار و زرووفێکی وەهادا پشتم بەست بە (کۆنستانس هارنێت) واتە — بە تایبەتی لە حاڵەتە زەحمەتەکاندا — پەنام برد بۆ خوێندنەوەی دەقە وەرگێراوەکانی لە زمانی ئینگلیزیدا. ئەوەیش هەندێ جار یارمەتی دام بۆ ئەوەی شێوازی تایبەتی خۆم و دەست بهێنم.

زۆر جار مشت و مڕم لەگەڵیدا دەکرد و تەبا نەدەبووین و ئەمەیش شتێکی ئاساییە چونکە بیر و را لە زمانی ئەرمەنیدا جیاوازە لە زمانی ئینگلیزی..





سەرەرای ئەوەی کە زمانی ئەرمەنی — لە سایەی گەشەسەندنیەوە لەدرێژەمانەوە — بوارێکی فراوانی پێم بەخشی. بۆ گواستنەوەی شێوازی و سێبەرە عاتفییەکان کە زمانی رووسی پێی دەوڵەمەند دەبێت.. هەروەها هەندێ جاریش وردە هەڵەم لای (هارنێت) دۆزییەوە.. بە سروشتی ناکرێ هەڵەی سەرەپێیی بۆ هەڵسەنگاندنی جۆری وەرگێران بە پێوەردابنرێت.

ئەوە بوو پێش ئێستا گوتم کە (هارنێت) رۆمانی (دیستۆفسکی) بەشێوەیەکی ناوازە وەرگێراوە بەراستی بە باشترین وەرگێرانی (برایان کارامازۆف) دەژمێردێت لە زمانی ئینگلیزیدا و شایانی ئەوەیە چەند جارێکی دیکەش دووبارە چاپ بکرێتەوە.

جا، وا بە باش دەزانرێت کە وەرگێڕ هیچ هەڵە نەکات، بەڵام چار نییە هەڵە هەر دەکرێت تا لە دەقە وەرگێردراوە جیاکارەکانیشدا بە تایبەتی ئەگەر بێت و رۆمانەکە گەورەبێت.. لێرەدا پێم خۆشە دەربارەی یەکێك لە هەڵەکانی (هارنێت) شتێك بدرکێنم کەوا لە یەکەمین بینیندا هەستی پێناکرێت. ئەم دەستەواژەیە لە فەسڵی (پشکنەری مەزن)دا، هاتووە: (.. هەموو ئەو دژ بەیەکە مێژووییانەی لەسەر رووی زەویدان و سروشت جیاکارە پێیانەوە و یەکلاییکردنەوەیان زەحمەتە)

لێرەدا ژنەی وەرگێڕ:

(وشەی یەکلاییکردنەوەیان زەحمەتە)ی نەپشکنیوە) بۆیە بە واتای (یەکلاییکردنەوەی دواخراوە) هاتووە وشەی (UNSOLVED) لەجیاتی داناوە و بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە:

ALL The UNSOLVED (Historical) CONTRADICTION OF ( HUMAN NATURE) خوێنەری هۆشیار توشی سەرسوورمان دەبێت لە وشەی (UNSOLVED) کەوا دژی هەموو فەلسەفەکەی پشکنەری مەزنە و تا دەگاتە فەلسەفەکەی (دیستۆفسکی)یش.. بەم بۆنەیەشەوە وەرگێرانی ئەم دەستەواژەیە جۆرە حەزفێك و بواردنێکی تێدایە بە نموونەی جۆرێك لە (مشت و ماڵ) دادەنرێت کە پێویستی بۆ نییە، ئەوەبوو دەستەواژەی (لەسەر رووی زەمین)ی لابرد، ئەمە و وەك دەزانرێت کە وشەی (زەوی) بە یەکێك لە بیرۆکە هونەریە فەلسەفیە گرنگەکان دەژمێردێت لە داهێنانی ئەم نووسەرە و بیرمەندە رووسیە لێهاتووەدا و نەك لەو رۆمانەدا بە تەنیا، هەرچەندێك کێشەی وەرگێرانی داهێنەرانە زۆر بێ و ئەشکەنجەکانی بەشێوەیەکی بەهێزتر و توندتر بێت لە

ناخمدا کلّپەی خورپە گەورەتر و هەلّایساوتر دەبێت.. هەستم دەکرد کە وشەی (وەرگێڕ) بە ئاخلّەیەك لە ڕێز و شکۆ دەورە دراوە چونکە گەل وەرگێڕە دێرینەکانی خۆی پیرۆز ڕاگرتوە کە لە سەدەی پێنجەمەوە نموونە گەلێکی درەوشاوە یان لە هونەری وەرگێڕانی بالّادا پێشکەش کردوە و هەر بە خۆشیان بەرهەمگەلێکی هونەری ڕەسەنیان نووسیوە و بەوەش بوونەتە نوێنەری ئەدەبەکەمان جا، لەبەر ئەمە بێ هوودەیی نییە ئەگەر هەموو سالّێك لە ڕۆژی جەژنی وەرگێڕەکاندا شکۆمەندی خۆی لە بیرەوەریەکانیاندا دەرببڕێت.. ئەمنیش ویستم شایانی داب و نەریتەکانیان بم کاتێك کە یەکێك لە مەزنترین شاکاری ئەدەبیم لە چاخی تازەماندا وەرگێڕا. حەزیشم کرد ئەم بەرهەمە هونەریە وەها وەربگێڕم وەك بەشێکی ڕەسەن بێت لە ئەدەبی نەتەوەکەمان، پاش ئەوەی لەناو ئەو جیاکارانەی کە بلیمەتی (دیستۆفسکی) تیایدا تاکە، کۆمەلّێك شتی زۆری هاوبەشم لەنێوانی و نێوان (غریغۆری ناریکاتسی) بلیمەتی مەزن لە ئەدەبی ئەرمەنیدا دۆزییەوە، جا ئەوە بوو لەسەر ئەم بارە ڕۆژان و مانگانی ئیشکردنی داهێنەرانەی خۆش گوزەری کرد کە سێ سالّی ڕەبەقی خایاند، واتە بە قەدەر ئەو ماوەیەی کە نووسینی ئەم شاکارە ئەدەبیە خایاند بووی (جا، وام هەست کرد کە ئەمن بە خۆم ئەم ڕۆمانەم نووسیوە).

لە مانگی ئاداری ئەمسالّدا بەشی یەکەمی وەرگێڕانەکە لە (یەریڤان) بلّاوبووەوە ئەوە بوو بردم بۆ هاوڕێ دێرینەکەم کە لە بەردەمیدا ڕۆژێك لەو ڕۆژانە دوورەی لاویمدا سوێندم خوارد – و هەستێکی (درەوشاوە و خۆش) دایگرتم.. جا (نیکوغوس تاهمزیان) بوو بە ڕەخنەگرێکی مۆسیقی سەرکەوتوو لە (یەریڤان).

لە مانگی حوزەیراندا بەشی دووەمی ڕۆمانەکە بلّاوبووەوە پاش ماوەیەکی کورت هاتم بۆ (مۆسکۆ) وەك ئەندامێك لە وەفدی ئەرمینیادا بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی سێیەمی یەکێتی گشتی وەرگێڕەکان.. هەر دوو بەشەکەی ڕۆمانی (برایان کارامازۆف)م لەگەلّ خۆما هێنابوو تا پێشکەشی مالّی (دیستۆفسکی) بکەم کە بوو بووە مۆزەخانەیەك لە مۆسکۆدا.. ئەوە بوو پێش چەند ڕۆژێك پێشکەشم کرد.

ئا، بەم پێیە چیرۆکی ئەو بەشە دژوارە تەواو بوو، هەستم کرد بە هەندێك لە



گزنگ ٨٩ — نیسان ٢٠١١

خەمۆکی..

جا، چارەکە سەدەیەك (دیستۆفسکی)، لە خاکی دوورگەی قوبرسی کۆنی قەشەنگدا هات بۆ (مالّەکەم) و تیایدا بەتەواوی جێگیر بوو.. پاش چارەکە سەدەیەکی دی ئەمن چووم بۆ مالّەکەی لە (مۆسکۆ) لە ناخەوە هەستی پێزانین و شکۆداری و خۆشەویستی دایدەگرتم و ئاواتە خوازبووم بە چاوی حورمەتەوە پێشوازیم لێبکات.

# واتای بنەڕەتی و واتای ناواخنی لە شیعردا

٧

## وەرگێڕانی: رزگار جەباری

جیاوازییەکی گشتی لە نێوان بەکارهێنانی زانستی و بەکارهێنانی ئەدەبی زمانـدا، ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتدا _بەتایبەتی شیعر _ سوودێکی تەواوتر لە وشە وەردەگیرێت. ڕووانین بە پێکهاتەی وشەدا، دەرکی ئەم بابەتە روونتر دەکاتەوە.

وشە ئاسایی لە سێ بەش پێکهاتووە: ((دەنگ)) ، ((واتای دیار)) و ((واتای ناواخنی)). وشە وەك پێکهاتەیەك لە دەنگەوە دەست پێدەکات کە لێوەکان، زمان و گەروو گۆی دەکەن و لە وێنەی نووسراویدا، هێمایەکی بۆ دادەنرێت. جیاوازی وشە لەگەڵ دەنگی مۆسیقی یان دەنگی ئاسایی، ئەوەیە کە واتا بە وشەوە لکاوە.

بەشی سەرەکی واتای وشە، واتای بنەڕەتی دروستی دەکەن. مەبەست لە واتای بنەڕەتی، واتای زمانەوانی وشەکەیە کە ئاسایی لە فەرهەنگی وشەدا لە بەرامبەری دەنووسرێتەوە.

دەکرێت وشە، وێڕای واتای بنەڕەتی واتا یان کۆمەڵە واتایەکی ناواخنیشی هەبێت، مەبەست لە واتای ناواخنی، ئەو شتانەیە کە وشە دەیخاتە زەینەوە، وێڕای ئەو شتەی گوزارشتی لێ دەکات. بۆ نموونە واتای بنەڕەتی وشەی ((ماڵ))، جێگایەکە کە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکی تێدا دەژین، بەڵام واتا ناواخنییەکەی بریتییە لە: ئاسایش، ئەوین، ئارامی و خێزان. هەروەها وشەکانی ((childish)) و ((childike)) لە زمانی ئینگلیزیدا، هەردووکیان دەرخەری تایبەتمەندییەکی منداڵانەن: بەڵام لە کاتێکدا یەکەمیان خودان واتای ناواخنیی بچووکی و لاساری و هاروهاجییە، دووەمیان واتای لێکەوتەیی، پاکێتی و ساکاری منداڵانەی هەیە.

واتای ناواخنی بۆ شاعیر زۆر گرینگە،



چونکە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە دەتوانێت بە کۆمەکی ئەو، واتاکەی خۆی چڕ و دەوڵەمەند بکات، واتە بە وشەیەکی کەمتر قسەیەکی زۆرتر بکات.

بۆ نموونە تەماشای ئەم شیعرە کورتەی خوارەوە بکەن:

کام کەشتی وەکو کتێبە
کام کەشتی وەکو کتێبە
تاکو هەرێمە دوورەکانمان ببات
کام گەلەئەسپی تیژڕۆ
چەشنی پەڕەیەك لە شیعرێکی پڕ کەڵکەڵە غار دەدا.
ئەم گەشتە، بێ مایەترین کەس دەتوانێت
بێ هیچ تێچوونێك، بڕوات
چەندە کەم خەرجە ئەو گالیسکەیەی
روحی مرۆڤ هەڵدەگرێت!

ئەمیلی دیکینسۆن (١٨٣٠_١٨٨٦)

لەم شیعرەدا، ئەمیلی دەیەوێت لە توانای کتێب یان شیعر بدوێت کە بۆ دوورەدەستەکانمان دەبات و ئەو توانایەمان پێ دەبەخشێت کە لە چوارچێوەی دانەبراوی خۆماندا، بەرەو جیهانی خەیاڵ هەڵبێین. بۆ ئەمەش، ئەو ئەدەبیاتی بە ئامێرە جیاوازەکانی بار و گواستنەوە چواندووە، بە کەشتی، بە گەلە ئەسپی تیژڕۆ، بە گالیسکەی جەنگی، بەڵام لە هەڵبژاردنی جۆرەکانی ئامێرەکانی بار و گواستنەوە و ناوەکانیاندا، ورد بووە و ئەوانەیانی لێ هەڵبژاردووە کە واتای ناواخنیی رۆمانسیان هەیە. بۆ نموونە ((frigat)) لە ئینگلیزیدا، خودان واتای ناواخنیی دۆزینەوە و بەسەرهاتە، بەهەمان شێوە ((coursers)) واتای ناواخنیی ((بوێری، ئازایەتی، جوانی و خێرایی)) بە زەین دەبەخشن. ((chariot))یش واتای ناواخنیی خێرایی و توانا و تەیکردنی زەوی و هەوای هەلگرتووە. دەبینین کە وشەگەلێك هەڵبژێردراون کە چی رۆڵێکی دیارخەرییان لە تێگەیشتنی گشتی شیعرەکەدا هەیە.

ئەگەر شاعیر لە بری ئەم وشانە، سوودی لەم وشانەی وەکو ((steamship)) (کەشتی هەڵم)، ((horse)) (ئەسپ) و ((streetcar)) (تراموا) وەربگرتایە، بەدڵنیاییەوە بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی ئەو کاریگەرییە دروست بکات کە شیعرەکە لە ئێستادا لە زەینی خوێنەری دادەنێت. وشە هەروەك دەتوانێت واتای ناواخنیی جیاوازی هەبێت، رەنگە خودان زیاتر لەیەك واتای بنەڕەتیش بێت. ئەگەر وشەی ((spring)) لە فەرهەنگی وشەی ئینگلیزیدا تەماشا بکەین، لە نێوان ٢٥ تا ٣٠ واتای جیاوازی بۆ دەدۆزینەوە، لەوانە، بزوتن یان هەستان، یەکێکە لە وەرزەکانی ساڵ (بەهار)، کانی

سروشتی ئاو، سیمێکی لوولە کە توانای گەڕانەوەی بۆ شێوەی بنەڕەتی هەیە. ئەم واتا بنەڕەتییە جیاوازانە، لەگەڵ واتای ناواخنیدا، ئاوێتە بن، زمان ئاڵۆزتر و بەکارهێنانی دژوارتر دەبێت. ئەو کەسەی وشە بەکار دەهێنێت، دەبێت سەرنج بدات لە بەکارهێنانی زمانێکی گونجاو،تاکو بە وردی واتا خوازراوەکانی خۆی بەیان بکات.

جیاوازی نووسەر کە زمان بۆ گواستنەوەی زانیاری بە کار دەهێنێت، لەگەڵ شاعیردا، لەوەدایە کە نووسەر بەردەوام هەوڵ دەدات هەر یەك لە وشەكانی، تەنها یەك واتای هەبێت، بەڵام شاعیر، بەزۆری لە ڕێگای بەکارهێنانی واتای جیاوازی وشەوە، بۆ گواستنەوەی چەند واتایەك بە شێوەیەکی هاوزەمەنی بەکاری دەهێنێت.

زۆرێك بە هەڵە بیردەکەنەوە کە شاعیر بەردەوام لە گەڕانی وشەی جوان و رازاوەدایە، لە کاتێکدا ئەو شتەی شاعیر بە راستی بەدواوەیەتی، پڕواتاترینی وشەکانن.

زمان خودان ئاستگەلێکی زۆر و هەمەچەشنەییەکی فراوانە، کە شاعیر دەتوانێت لە نێوانی هەموویاندا هەڵیبژێرێت، وشەکانی شاعیر رەنگە باڵا یان خوار ، خەیاڵی یان واقیعی، کۆنە یان نوێ، هونەری یان رۆژانەیی، یەك بڕگەیی یان فرەبڕگەیی بن. وشەکانی شیعری ((کام کەشتی وەکو کتێبە)) لە نێوەندە تەواو جیاوازەکانی زمان هەڵبژێردراون، وێڕای ئەوەیکە شاعیر پڕواتاترینی وشەی بۆ چنینی شیعرەکەی خۆی هەڵبژاردووە. هەندێجار رەنگە شاعیر ، وشەیەك لە ئاستێك یان ناوەندێکی زمانیدا بخاتە نێو شیعرەکەیەوە، کە زۆربەی وشەکانی سەر بەئاست یان ناوەندێکی جیاوازن، بە جۆرێك ئەگەر ئەم کارە بەبێ کارامەییەکی پێویست ئەنجام بدات، ئەوا ئاکامی کارەکەی شتێکی ناجۆر و نەگونجاو دەبێت. لە کاتێکدا ئەگەر بە کارامەییەوە ئەنجام بدرێت، ئاکام، دروستکردنی سەرسامی و خستنەرووی واتاگەلێکی زیاترە بە خوێنەر.

ئەرکی شاعیر، دۆزینەوەی بەردەوامە. ئەو ئاسایی لە دۆزینەوەی ئەو وشانەدایە کە بەهۆی ئەو نزیکایەتییە شاراوەیەی لەگەڵ یەکدیدا هەیانە، کاتێك لە تەنیشت یەکەوە دادەنیشن، واتای سەیر دەخولقێنن. ئەو کەسەی زمان بۆ گواستنەوەی زانیاری بەکار دەهێنێت، سەرنجێکی زۆری لەسەر دەنگی وشە بەکارهێنراوەکان نیە. هەروەها واتای دیار و ناواخنی زۆر، نارەحەتکەری کارەکەی ئەون. دەتوانین بڵێین کەسێکی لەجۆرە بەشێکی شایستەی وشە بەکار دێنێت و ئەو دوای فڕێ دەدات. بەڵام شاعیر هەوڵ دەدات تاکو ئەو شوێەی دەتوانێت، سوود





لە وشە وەردەگرێت. ئەو پەرۆشی واتای ناواخنییە و بۆ دەوڵەمەند کردنی واتا بە کاری دەهێنێت، هەروەها بۆئەوەی زیاتر لە واتایەکی بنەڕەتی بۆ وشە بە کار بێنێت.

پوختەترین وخاوێنترین شێوەی زمانی کرداری، زمانی زانستە. زناکان بۆ گواستنەوەیەکی وردی زایاری، پێویستیان بە زمانێکی وردە. ئەو راستییەی کە وشە خودان واتای بنەڕەتی زۆر و واتای ناواخنی جیاوازن. کۆمەڵێ بەربەست بۆ گەیشتنی ئەو بە ئامانجەکەی، دروست دەکات. زمانی دڵخوازی ئەو زمانێکە کە تیایدا، لە نێوان وشە و واتادا، هاوکوفێکی یەك بەیەك هەبێت، واتە لە بەرامبەر هەر وشەیەکدا تەنها یەك واتا و لە بەرامبەر هەر واتایەك تەنها یەك وشە هەبێت. لەبەر ئەوەی زمانی ئاسایی ئەم مەرجە دەستەبەر ناکات، زاناکان زمانێکی تایبەتی بەخۆیان دادەهێنن. ئەم رستەیەی خوارەوە لە رستەکانی زمانی ئەوە:

٣So٢o=H٢+H٢So

لە رستەیەکی لەوچەشنەدا هێماکان بە تەواوەتی دیار و روونن، واتاکان لە هەموو واتا بنەڕەتی و ناواخنییەکان، جگە لە یەکێکیان خاڵی بوونەتەوە. وشەی ((sulfurous)) بەو جۆرەی لە شیعرێکی ئینگلیزیدا دێت، دەتوانێت ئەم واتایانەی خوازاوەی هەبێت، ئاگر، دووکەڵ، سۆلفۆر، دۆزەخ، فەوتان! بەڵام ((٣So٢H)) تەنها و تەنها یەك واتای هەیە ئەویش ((ترشی سۆلفۆرو))ە.

کەواتە ئاڵۆزی و فرەواتایی لە وشەدا، بەربەستێکە لە کاری زانادا، لە کاتێکدا سەرچاوەیەکە بۆ بەکارهێنان لای شاعیر، واتە بە هەمان ئەندازە کە زانا خوازیاری تاك واتییە، شاعیر خوازیاری دەوڵەمەندیی و فرە واتاییە. لە کاتێکدا کە زانا بە توندی نیازمەندی زمانێکی یەك رەهەندییە_ بە جۆرێك دایبهێنێ_ شاعیر نیازی بە زمانێکی فرە رەهەندییە، ئەویش بە بەکارهێنانی وشەی فرە رەهەندی دروست دەبێت.

کەواتە، یەکەم پرس لە خوێندنەوەی شیعردا یان هەر جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی دیکەدا، ئیحساس کردنی وشەیە! پێویستە ئاشنای شێوە رەنگ و تامی وشە بین،ئەوەش دوو ڕێگا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەیە:

١_بەکارهێنانی بەرفراوانی فەرهەنگی وشە

٢_خوێندنەوەی زۆر

سەرچاوە/دەربارەی شیعر

لارین پێرین



# سوپێهری... یەک خاڵی سۆز

مرتضی ممیز

و.لە فارسیەوە: هیمداد شاهین

سوهرابی سوپێهری،شاعیر یان نیگار کێش ؟ سوپێهری،شاعیری نیگارکێش یان نیگار کێشی شاعیر ؟ لە جێگایەك خوێندمەوە کە یەکەمین کتێبی شیعری خۆی لە نۆزدە ساڵی بڵاو کردۆتەوە، ئاشکرایە کە ئەوە یەکەمین نمایشی خۆی بوو لە چالاکیە هونەریەکانی،من نازانم کە لەو کاتە دا نیگاری کێشاوە یان نا،بەڵام دیارە کەچوو بۆ کۆلێژی هونەرە جوانەکان ئەوە ئەسەلمێنێت کە لە نیگار کێشی دا زاناو لێهاتوو بووە،وە ئەوەش ئەبێت بڵێین،کە لە ڕووی ئابووریەو دەستیشی کورت بوو ە،بە تایبەت لەو کاتەدا گەڕانێك هەبوو بە دوی هونەر دا،کە پریشکەکەشی هەموو شوێنێکی گرتبوەوە،کە بوە هۆی ڕاکێشانی هەموو سەرنجەکان بۆ لای خۆی،من کە کاتێك ئەوم ناسی وئاشنای بووم،وەکو نیگار کێشێك ئەوم ناسی،ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە وەکو شاعیر نەیناسم و ئەو شاعیر نیە،چونکە کاتێك شیعرەکانی ئەو ئەخوێنیتەوە،ئەوەندە وێنەی تیایە،ئەوەندەش شایستەی خوێندنەوە و شایستەی سەیر کردن و بینینە،کە وەك ئەوە وایە تابلۆیەکی بە ئاوازێکی زۆر جوان وەسف کردبێت.

بەشێوەیەکی گشتی کاتێك لە هەر ژانرێکی هونەریدا بگەیت بە پێگەیشتن،ئەوە ئەگەڕێیت بە دوای ئەو کەسەی کە سەرمەشق بێت،مەبەست لەوە نیە کە تابلۆیەکی وێنە کێشان، یاخود ناوەڕۆکی بابەتێکی شاعیرانە وێنە بکێشیت، لەم دۆخەدا ئەمە خراپترین وێنەی شیعرە بە ماسك و دەمامکی شیعر بە درۆ،بەڵکو مەبەست لیٚ ی ڕۆحی شاعیرانەیە لە گێڕانەوەی وێنەی ناو تابلۆکە،کەواتە کاتێك ئێمە سەیری تابلۆیەکی سوپێهری دەکەین، وەکو ئەوە وایە کە شیعرێکی بخوێنینەوە،بەڵام بە زمانێکی جیاوازتر،واتا بە زمانی وێنە،شێوەی دوو لایەنەی سوپێهری لە نیگار کێشان و لە شیعر دا، خاڵێکی دی دەرئەخات کە ئەبێت هەموو هونەرمەندێك هەیبێت،ئەمەش تێڕوانین و هەستپێکردنێکی هەمە لایەنەیە،سەبارەت بە هەر شێوەو چالاکیەکی هونەری،بەو مانایەی کە هەر هونەرمەندێك، دید و ناسینێکی وای هەبێت،لە گەڵ هەر ژانرێکی هونەری،چ وێنە کێشان،چ ئەدەبیات، چ مۆسیقا، چ بیناسازی،چ سینەما،چ میتافۆر،بە کورتی هەر چالاکیەکی هونەری تری هەبێت،کە بتوانێت ئەو چالاکیە هونەرییە بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێت،بە مانایەکی تر،بتوانێت گفتو گۆ بکات و ئاشنا بێت بە زمانی ئەو هونەرمەندە و ئاشنابێت لە گەڵیا و بتوانێت بدوێت لە گەڵ ئەو هونەرمەندە دا. واتا دەنگی ئەو ببیستێت،وەڵامی ئەو بە هەستیارانە بداتەوە،هەر هونەرمەندێکی گەورە ببینیت لەم چەشنەیە،وە ڕەهەندێکی لەو جۆرەی هەیە،بە پێچەوانەوە ئەگەر وانەبێت زیندوو نامێنێتەوە،وە کارەکانی بیٚ وەڵام دەمێننەوە،وە هەروەها تیشك دانەوەی نامێنێت و خەڵکیش گفتوگۆی لە سەر ناکەن،بگرە هیچ پەیوەندیەکیشی لەگەڵ دروست ناکەن،ئێوە هەر هونەرمەندێك لە بوارە جیاجیا کاندا ببینن لەو شێوەیە،بۆ نمونە تەماشای کارە خۆشنوسیەکانی (میر عیماد بکەن) بە ئاسانی ئەتوانیت هەستی پیٚ بکەیت کە ئەو لە پەیکەر سازی شارەزایەو لە مۆسیقاش باش تێئەگات،لە بەرئەوەی شاعیرێکە ڕەهەندێکی دروستی هەیە و هەست بە بار و دۆخ و مۆسیقای وشە ئەکات،وەکو وێنەکێشێك هەست بە تەرح و وێنەو فۆرمی وشە ئەکات،چونکە لە نوسینەکانی میرعیماد دا هەموو ئەم تایبەتمەندیانە بەدی دەکرێن،لەبەرئەوەی کارەکانی زۆر پتەو و بەهێز وڕەسەنە،بە






گزنگ ٨٩ — نیسان ٢٠١١

بێ ئەوی کە بەهێزی و تەبلوری فەرهەنگی ئەو زیانێك بە ناسكی ڕوح و جەستەی وشە بگەیەنێت و بیلەقێنێت،ئەو هێلانەی کە ئەو هەڵی بژاردوون شکاندنی ئەو بە هێزی و ڕاوەستاویە یە .

یەکێك لە کارەکانی میر عیماد

یاخود شیعرەکانی حافزی شیرازی تەماشا بکەن، هەموو شیعرەکانی ئەو تایبەتمەندیی خۆیان هەیە،بەڵام بە شێوەیەکی وەها کار لە هەستی ئێوە ئەکات،کە بڕوا بە بەهێزی و قودرەتی هونەری ئەو ناکەن کە بەو جۆرە کارتان تێدەکات،سەیری ئامێری ماهور بکەن کە کەسێك یان کەسانێك ئەم جۆرە ئاوازەیان دروست کردوە،کە لە گەڵ هونەرەکانی دی هەمان ئەو تێکەڵی نزیکیەیان هەیە،ئێمە ناتوانین بە زۆرداری بچینە ناو ئەو سنورانەوە و وە ناشتوانین بە زۆرداری بە قسەو لێکۆڵینەوەکانی خۆمان کاری هونەرمەندان خراپ بکەین و بریندارى بکەن،بگرە دەبێ بگەینە شوێنێك کە تەماشا کردنەکانمان ئاشنای ئەو شوێنە بێت، وە هەموو شتەکان وەکو خۆیی و بە ڕونی ببینین، تەماشاکردنەکانمان هەموو شت تێپەڕێنێت و بگەینە قوڵایی ئەو بابەتە، وە دەبێت بگەینە هەستپێکردنێکی ڕوون و ئاشکرا،وە هەروەها دەبێت خۆمان ڕوون بین، تا تیشك دانەوەی ڕونیەکانی تریش بە ناوماندا تێپەڕ ببێت،ئێمە کە تەماشای کارەکانی سوپێهری دەکەین،دەبینین ئەم جۆرە تایبەتمەندی و دەربڕینەی تێدایە،کەواتە دەتوانین بە هونەرمەندێکی ڕاستەقینە ناوی ببەین،بەڵام بە داخەوە ئەو کەم ژیا،کە تەمەنی لە پەنجاو یەك ساڵی کۆتایی پێ هات،ئەمەش بەڕاستی زۆر مایەی غەم و پەژارەیە،وە دەتوانین بە تەواوەتی وای بۆ بچین ئەگەر لە ژیاندا بمایە دەگەیشت بە خاڵێك کە بە دڵنیاییەوە خاڵی سۆزداری ئەو بوو،بەرهەمەکانی ئەم جۆرە پەیامەیان پێەو گەواهی دەری ئە ڕاستیەن،بەڵام تاکە شتێك کە دەتوانین سەبارەت بە بەرهەمەکانی سوپێهری بیلێین چ لە شیعردا یاخود بە تایبەتی لە وێنە کێشاندا،بابەتەکانی زۆر سادەو سانان،سادەیی بە مانای هەڵکەوتوویی و لێهاتوویی،سادەیی لە ناوەڕۆك دا، دورکەوتنەوە لە کۆمەڵێك قسەو فۆرم و بابەتی بێ مانای ئاڵۆز کە بۆ بینەر و خوێنەر ترسناکە،کارەکانی سوپێهری پڕن لە ڕونی و ئاشکرایی کاتێك کە دەیانبینین،هەموو شتەکان لە یەك جێکاو بە ئاسانی و سادەیی دەبینین،ئەوەندە سادە کە هەندێك جار بە هەڵە وابیر دەکەینەوە،کە لە دروستکردنیاندا هیچ پێوەی ماندوو نەبووە،لە کاتێکدا کارەکانی ئەو نمونەیەکی تەواون،تەواو وەکو هەموو کارە ئاسانەکانی هونەرمەندە پسپۆڕەکانی دی،کە بە





ڕووکەش کارەکانیان سادە و ئاسان دەردەکەێت،بەڵام کاتێك بتەوێت وەکو ئەوان کار بکەیت تێدەگەیت هەڵەت کردوە، گەیشتن بەم جۆرە کارانە ئەزمونێکی زۆری دەوێت،هەروەها لێهاتوویی دەوێت،وە دەبێت بە شوێنێك گەیشتبی کە بتوانیت بە یەك هێما کۆمەڵێك شت زۆر بە سادەیی و ڕونی دەربخەیت .یاخوود وەکو لە شێوەی وتەکانی سەعدی شیرازی دا، کە بڕوا بەوە ناکەیت کە شیعری وتبێت و سودی لە کێش و ڕیتم و قافیەو پێوانەی هونەری وەرگرتبێت،سەعدی لەبەرئەوەی شتەکانی خۆی بە سادەیی دەردەخست، ئەمە بوە هۆی ئەوەی ڕستی شیعریەکانی ببن بە پەندی گشتی و ببنە وێرد و وتەی سەر زوبانی تەواوی خەڵکی،وە هەروەها ناوەڕۆکی وێنەکانی سوپێهریش بە هەمان شێوەی شیعرەکانی سەعدی یە،لە گەڵ دانانی قەڵەمی وێنە کێشانەکەی لە سەر ڕووی کاغەز،جۆرەها وێنەی وەکو، گوڵ،سەوزایی،تەپۆڵکەی گرد،میوە، سەوزە،نەمام و خانۆچکە و درەخت،کە وێنەکانی وەك خۆیی و بە تەواوی دەردەخست،وێنەی ئەو درەختە کۆنانەی دەکێشا کە بەرگەکانیان سوتابوون و ڕەنگی قاوەیان گرتوو،کە ئەم زۆر بە سادەیی و سانایی وێنەی دەکێشان، دەتوانین بڵێین زۆر بە ئاسانی وێنەکانی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەکێشا،وە هەروەها لە تابلۆکانیدا هەست بە سروشت و هاتوو چۆی با و هەوا دەکەین کە لەم لاو ئەو لای شاخەکانەوە هەڵدەکەن و ئەو جموجۆڵە دەبینی لە تابلۆکانیدا،بە هەمان شێوە ڕەنگ و جۆری خاك بە باشی دەبینیت و دەتوانیت هەستی پێ بکەیت،بەڵام گەیشتن بەم کارە سادەیانە کێشەیەکی گەورەیە،ئەزمونی زۆر و کاری زۆر و قاڵبونەوەی زۆری دەوێت،لە واقیعدا دەبێت سادەیی واقیع بناسیت، وە لە واقیعیەتی سروشتیشدا دەبێت واقیعیەتی سروشت بناسیت،چونکی سروشت خۆی زۆر سادەیە،هەرچیەك کە خودا بەدی هێناون هەموو زۆر سادەن،بۆ نمونە، مێرویەك،مرۆڤێك،فیلێك و درەختێك و کێوێك،ئەگەر باش بیبینیت و تێبگەیت،دەبینی زۆر سادەن،بەڵام دەبێت ئەوەش تێبگەین کە ئەم جۆرە کارانە لە گەڵ سادەییاندا کاری هەموو کەسێك نین،کاری هونەرمەندێکە کە بتوانێت ئەم جۆرە ڕێکخستنە بناسێت،بەو مانایەی بتوانێت درك بە واقیع بکات،بگرە دەبێت تەواوی بوون و واقیع درك پێ بکات،تابلۆکانی سوپێهری لەگەڵ سادەییەکانیدا بۆخۆی زەردەخەنەیەکی هونەریە، کە سەیری تابلۆکانی سوپێهری دەکەین،چیهرەی سوپێهری دەبینین .

سەرچاوە /ئەنتەرنێت

سپهری يك نقطة عطف مرتضى مميز

# بونیادگەری و پێشەنگەکانی

موحی عیدان

و/ عەباس مەجید

بونیادگەری ( struturalism) لە سالانی یەکەمی شێستەکانی سەدەی ڕابردوو بە دەرکەوت، لە سەروبەندی لاوازبوونی فەلسەفەی بونگەرایی و مارکسیزم لە سەر ژیانی ڕۆشنگەری و ڕووناکبیران لە فەڕەنسا،ناوەندی ڕۆشنگەری فەڕەنسی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بە شێوەیەکی دۆستانە دە گەڵیدا مامەڵەی کرد، پێشبینی لە ناوچوونیان دەکرد لە داهاتوودا و دوای چەندین ساڵ گرنگی خۆی لە دەستدا، لێ ناوەندە ڕۆشنگەری و زانستییەکان بە تایبەت ، ئەوانەی لە بواری ئەنترۆپۆلۆجیا کاریان دەکرد، لە سەر ئەو بنەمایەی کە فەلسەفە نییە، بەڵکو پرۆگرامێکەو خزمەت بە ئامادەسازی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان دەکات.

سەرەڕای ئەوەی ( هـ . ستێۆرات هیوز )، بە نیشانەی کۆتایی سالانی بێئومێدی بیری کۆمەللایەتی فەڕەنسا دانا، کە بە مێژوو دەستی پێکرد، لێ بونیادگەری تاوەکو نهۆ ئامادەگی هەیە لە نێوەندە ڕۆشنگەری و ئەکادیمییەکان، بەوە وەسف کرا کە هەوڵدانێکی بەرنامە داڕێژراوە یۆ ئاشکراکردنی پایەکانی ناخی تەواوی ئەقڵ . وەکو بەرجەستە بوون لە





سیستەمەکانی نزیکایەتی و پایە کۆمەڵایەتییە گەورەکان، جگە لە ئەدەب، فەلسەفە، بیرکاری، شێوازە دەروونییە بێ ئاگاییەکان، کە ڕەفتاری مرۆیانە دەجولێنێ، لە کۆمەڵگەی فەڕەنسی بە تایبەت وکۆمەڵگەی ئەروپی بە گشتی.

لە بویادگەریدا گوزارشتێك دۆزرایەوە کە گوایە لە کۆمەڵگە دەڕوانێت دوای دەربازبوون لە جەنگی جیهانی دووەم بە وێرانی و شەکەتی، ئەویش بە بونیادنانی هەموو شتێك ، مرۆڤ و ڕیالیستی ئابووری و دامەزراوەیی ڕووخان و ، وێران و کاولبوو.

چەمکی بونیادگەری بەو فێرگە یە یاخود ئەو ڕێچکەیە دەگووترێت کە ئەنترۆپۆلۆجی فەڕەنسی( کلۆد لیفی شیتراوس) ، دایهێنا، بەشداری لە گەڵیا کرد بە ئاستی جیاواز هەر یەکەو لە پسپۆڕێتی زانستی خۆی دا ، بیریارو زاناکان، کارمەندان لە بواری زمان و دەروونناسیدا.

کلۆد لیفی شیتراوس: ستوونەکانی بونیادگەری دامەزراند، بە تایبەت لە گەڵ بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی( مەودا خەمگینەکان )، کە فرۆشێکی گەورەی بە بە خۆ دەبینی لە لایەن خوێنەران و ڕووناکبیرانی فەڕەنسا، بە پلەی یەکەم لە لایەن ئەو ئەوروپییانەی کە بە دواداچوونیان هەبوو لە بارەی چالاکی هزری و فەلسەفی فەڕەنسییان.

ئەم پەرتووکەی ( شیتراوس)، ناساندنێکی باشی بۆ پەیدا کرد، سەرەتایەك بوو بۆ پەرتووکە گرنگەکەی ( بونیادگەری ئەنترۆپۆلۆجی) کە پاش سێ ساڵ لە بەرهەمی یەکەمی بڵاوبووەوە لە ساڵی ١٩٥٥ ، بەشدارییەکی بەرچاو بوو لە وەرگرتنی بویادگەری بە شێوەیەکی بەرفراوان، بوونی ئەو ڕۆحییەتەی گۆڕان بەە وایلێکرد چالاکتر بێت ، بۆ خۆی لە سنووری تیۆرێکی دیاریکراودا ڕاناوەستێ، و هەندێك لە بیریارانی نزیك دەکەنەوە، واتا دەیگونجێنن لە گەڵ زۆرینەی زانستەکان و جووڵە فەلسەفییە کاریگەرییەکان وەکو مارکسزم و فەلسەفەی ڕووکەشیان، زانستی ڕاڤە کردن، فەلسەفەی بونگەرایی و ئەقڵانییەت ، زانستی لێکۆڵینەوەی دەروونی، ئەدەب ومێژوو، ئەنترۆپۆلۆجیا، تایبەتمەندییەکی گرنگە بونیادگەران تیایدا بەشدارن بە هەموو جیاوازییە قوتابخانە هزرییەکان و هەڵوێستە سیاسییەکان( هەوڵدانە بەردەوامییەکان لە دوای ڕەگەزە هاوبەشەکان و واتای یەکبوونی مرۆڤایەتی بە گشتی، ئەوە

هەوڵدانێکە بۆ چەند پەیمانێکی ڕۆشنبیری و سیاسی لە خۆ دەگرێت، مایەی سەرنجدانە بۆ هەموو مرۆڤێك)) .

بونیادگەری لە گەڵ ڕیالیستی کۆمەڵایەتیدا مامەڵە دەکات وەکو بونیادێکی کۆمەڵایەتی گەورە، کۆمەڵێك پایەی نا بنەڕەتی کۆنترۆڵکراوە بە ڕەفتاری بێئاگایی، پێکەوە بەشدارن لە کارلێکێکدا(( لە نێوان یەکتردا چەند پەیوەندییەکی دیاریکراو دروست دەبێ کە ئەرکی بونیادنان بە گشتی ڕوون دەکاتەوە و پێگەی دیاریدەکات لە نێو پایەکانی بوونی تردا، هەروەها مامەڵەی بونیادگەری قەتیس نەبوو تەنیا لە گەڵ ڕیالیستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدا وەکو لای ئەنترۆپۆلۆجی فەرەنسی ( لیفی شیتراوس )، کە ناوی پەیوەستە پێوە سەرەڕای چەند بیریارێکی فەرەنسی دیکە، بونیادگەری داهێنانێکی فەرەنسییە.

گرنگی بیریارانی بونیادگەری زیاتر لە سەر ئاشکراکردنی مرۆڤایەتی بوو، وەکو زمان و داب و نەریت و ئەفسانەکان و ئەدەب، زانستە مرۆییەکان وەکو دەروونناسی.

هەموو تێکۆشانەکانی (( کلۆد لیفی شیتراوس ))، تێگەیشتنی تایبەتمەندیە ڕۆشنگەرییەکان بوو، هەروەها سەلماندنی یەکبونی هزری ڕەگەزی ئادەمیزاد پێکەوە لە یەك ئانوساتدا... ئەمەش لە ڕاستیدا دژوارە...

لیستی ناودارانی بونیادگەری کۆمەڵێك بیریار لە چەند قوتابخانەیەکی هزری جودا لە خۆ دەگرێ کە ئەمانەن:-

١- لووی ئالتۆسەر: سەر بە قوتابخانەی مارکسیزمە و ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا بوو، ئەم بیریارە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی مارکسیزم و ڕێچکەی ناسراوەکەی بە مەتریالیزمی مێژوویی دووبارە کردەوە، پەرتووکی (( خوێندنەوەی سەرمایە )) ی نووسی لە گەڵ دووان لە کۆمەنیستە فەڕەنسیەکان، ئالتۆسەر و هاوڕێکانی بۆچوونی مارکسیان بەرفراوانتر کرد و نەیانهێشت، تەنیا لە سەر پایە ئابوورییەکان قەتیس بمێنێت.

ئالتۆسەر چەندین لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی و فەلسەفی بۆ زیاد کرد نەك ئابوورییەکان ، لێکۆڵینەوە دەربارەی پایەکانی تری مرۆڤ و کۆمەڵگە ئەنجام دا.

٢- جاك لاکان: فرۆیدییەکی پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی دەروونی ڕێچکەی بونیادگەری بەکار هێنا لە سەربۆچوون وتیۆرەکانی فرۆید تاکو پایە





ناواخنییەکان تێبگات کە لە بێ هەستییەکانی مرۆڤدا هەن و ئەو پەیوەندیانەی کە ئەم پایانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە بەڵام لە ڕۆشنایی بۆچوونەکانی فرۆید، جاك لاکان هەڵسا بە شوێنکەوتنی(( پێشکەوتنی مێژوویی بۆچوونەکانی فرۆید لە هەوڵی ئاشکراکردنی خاڵە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤایەتی و گەیاندنی پایە نابنەڕەتییە تایبەتییەکان پێوە، لە گەڵ ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان نەخۆشییە دەروونییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە پایە مرۆییەکانی تر وەکو لاشەو ئەقڵ و ( ڕەگەز)، ( سێکس).

٣ـ میشێل فۆگۆ: مامۆستای مێژوو و ڕێکخستنەکانی مەعریفەت لە (( دی فرانس کۆلێج)).

٤ـ ڕۆلان بارت : ئەم بیریارە بە چەند قۆناغێکدا گوزەری کرد، قۆناغی بوونگەرایی و مارکسیزم و لە پاشاندا قۆناغی بونیادگەری زمانەوانی خوێند و کاری لە سەر ڕەخنەی دەقەکان کرد(( ڕەخنەی دەق))، لەوێش زیاتر لە بیریارێك هەیە یا لە قوتابخانە کۆنەکەیەوە ڕووی لە بونیادگەری کرد یا هەردوو قوتابخانەکەی لێك نزیك کردەوە و گونجاندی پێکەوە.



د. عادل گەرمیانی

# بوارەکانی گواستنەوەی کاریگەری لە بەراوردی ئەدەبیدا

## بەشی دووەم

بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێك بكرێت لە نێوان شیلی و گۆران ئەوا لێکۆڵەرە كوردەكە لایەنگری خۆی ناخاتە روو بە شیلی چونكە شاعیرێكی ئینگلیزیە، بەڵام كاریگەری خۆی هەبووە بەسەر گۆراندا.

كە چی ئەگەر هاوسەنگێك بكرێت لە نێوان گۆران و شێركۆ بێكەسدا ئەوا لێکۆڵەرە كوردەكە لایەنگری خۆی بۆ گۆران دەخاتە روو، چونكە گۆران ئەكێكە لە ڕابەرانی نوێكردنەوەی شیعری كوردی و شێركۆ بێكەس لە پاش ٥٠ ساڵ ئەوسا هاتۆتە مەیدانی شیعری هاوچەرخی كوردیەوە.

هاوسەنگی لایەنی لێكچو دیاری دەكات

بەراورد لایەنی لێكچوو جیاواز دەردەبڕێت

**شانۆی بۆقەكان ئەرستۆ وەك كۆنترین**

**سەرچاوەی هاوسەنگی ئەوروپی :**

ئەرستۆ فانس خاوەن ٤٤ دەقی شانۆیە لە هەردوو بواری شانۆی مەرگەسات، بەزمەسات بەرهەمی شانۆی پێشكەش كردووەو لە ساڵی ٤،٤ پ. ز شانۆی بۆقەكانی نووسیوە و لە نێو ئەم دەقەدا بۆ یەكەمین جار ڕەخنەی شانۆی لەسەر بنەمای هونەری لە نێو ئەم دەقەدا پێشكەش كردووە دەربارەی خەسڵەتە هونەرێكانی هەردوو شانۆی بەزمەسات و مەرگەسات ئەمەش لە ڕێی جۆرە هاوسەننگیەكی ئەدەبی پێشكەش كردووە لە نێوان ٢ پێشڕەوی شانۆی یۆنانی كۆن خستۆتە ڕوو یەكەمیان یوربیدسە كەوا بە پێشڕەوەی شانۆی مەرگەسات ناسراو بوو دووەمیان ئەسخیلۆسە كەوا بە پێشڕەوەی شانۆی بەرزمەسات ناسراو بوو.

ئەرستۆ بۆ بەخشینی پیرۆزی و بەهای تایبەت بەم شانۆیەدا دیۆنسیوسی خواوەندی شانۆی مەرگەساتی لای خەڵكی یۆنانی كۆن كردوەتە دادوەری دادگای شانۆی نێو ئەم دەقە شانۆیە.

كەوا سەرەتا لایەنگیری بۆچوون و ڕەخنەكانی یوربیدس دەكات بە حوكمی ئەوەی هەردوولا بە لە بواری مەرگەساتدا ناوداریان هەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی شانۆی مەرگەسات لەسەر دەمی یۆنانی كۆندا بەهاو پیرۆزی خۆی هەبوو چونكە پیرۆزی خواوەندەكان پێشێل نەدەكرا لەم جۆرە شانۆیەدا هەروەها حورمەتی لێپرسراوی دەوڵەت تێیدا پێشێلنەدەكرا.

یروبیدس ساڵی پێش ئەم شانۆیە كۆچی كردبوو واتە لە ساڵی ٤،٥ پ. ز كوچی كردبوو بەڵام ئەرستۆفانس داوا لە دیۆنیسۆس دەكات لە پێش دەستی پێكردنی دادگاكە گەشتێك بەرەو لای خواوەندی جیهانی مردوان بكات تا بۆ چەند كاتژمێرێك یۆربیدس زیندو بكاتەوە.

تا لەو دادگایە ئامادە بێ و ڕاستەوخۆ بەرگری لە شانۆی مەرگەسات بكات و ڕەخنەی خۆی ئاراستەی سروشتی شانۆی بەزمەساتی نێو بەرهەمەكانی ئەسخیلۆس بكات.

كەواتە ئەرستۆفانس ڕەهەندێكی ئەفسوناوی بەم شانۆیەی بەخشیوە لە ڕێی هەڵبژاردنی دوو خواوەندی ئەو سەردەمە.

١–خواوەندی شانۆی مەرگەسات

٢–خواوەندی جیهانی مردوان.

كەوا هەردوو خواوەند بە ئەركی پێشكەش كردنی خزمەت بە مرۆڤ هەڵدەستن.

پاشان دیۆنیسۆس بە حوكمی ئەوەی ئەرستۆ وەك زمان حاڵی خۆی هەڵی

بڕادووه بەرە بەرە هەڵدەگەڕێتەوە بەرەو لای پشتگیری بۆچوونەکانی ئەسخیلۆس و ڕەخنە گرتنەکانی لە سروشتی شانۆی مەرگەسات تا لە کۆتایی ئەم دادگا شانۆیە دیۆنیسۆس بڕیاری راستی و باشی بۆچوونەکانی ئەسخیلۆس پەسەند دەکات بەم شێوەیە سەرخستنی ئەسخیلۆس و شانۆی بەزمەسات بەسەر یۆربیدس و شانۆی مەرگەسات پێشکەش دەکرێ و لەڕێی جۆرە هاوسەنگیەکی لە نێوان دوو نووسەری هاو زمانی خاوەن چەندین بەرهەمی شانۆیی.

بەم شێوەیە شانۆی بۆقەکانی دەبێتە کۆنترین سەرچاوەی ڕەخنەی ناوەوەی دەق یۆنانی کۆن لە لایەك هەروەها دەبێتە کۆنترین سەرچاوەی هاوسەنگی. لە یۆنانی و ئەوروپی کۆندا.

کتێبی هاوسەنگی نێوان هەردوو گائ أبو القاسم الامدی وەك کۆنترین سەرچاوەی ئەدەبی عەرەبی :

ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی عەرەبی لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا کەوا لە ٤١ی ك. دەست پێدەکات و ماوەی دوو سەدەی خایاند لە سەرەتای سەردەمی زێڕینی ڕەخنەو ئەدەب عەرەبی دادەنرێا.

لەو سەردەمەدا جۆرە بایەخێك بە ڕەخنەی هاوسەنگی دەدرا بەمەبەستی پەردەهەڵماڵین لە هەندێ دزیکاری. کەوا لە ژێر دروشمی خستنە رووی کاریگەری نێوان هۆنیاریانی ئەو سەردەمە دەکرا ئەمەش لە ڕێگای بایەخدان بە خستنە رووی لایەنی لێکچوەکانی نێوان شیعری هۆنیاران دەکراو لەو سەردەمەدا ڕەخنەگرێك هەبوو بەناوی محەمەد ئەبولقاسم ئەلئەمەدی کە بە ڕچەڵەك کوردە، لە کۆندا خەڵکی شاری احمد بووە پاشان کۆچیان کردووە لە شاری بەسرە نیشتەجێ بووە بەرەبەرە ئەم ڕەخنەگرە بوەتە خاوەن کتێبی الموازنە بین الگائیین واتە هاوسەنگی لە نێوان دوو تائییەکان، کەوا یەکێکیان (ئەبولتەمام) بوو ئەوی تر (البوحتری) کەوا لە سەردەمی خۆیاندا دوو هۆنیاری ناوداری شیعری عەرەبی کلاسیکی ئەو سەردەمە بوون.

ئەم کتێبەی ئامادەی لە ١٠ بەش پێکهاتووە هەر بەشێکی بۆ خستنە رووی لایەنی لێکچون و کاریگەری تەرخان کراوە بوارەکانی ئەم هاوسەنگیە لە چەند روویەکەوە خرلوەتە ڕوو وەکو :

لە ڕووی دەستەواژە لێکچواندنەوە خواستن و خوازە و درکەوە لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە لە ڕووی بابەتی شیعرییەوە لە هاوسەنگی ئەدەبییەدا بایەخێکی زۆری بە خستنە ڕووی کاریگەری دەدرێت، هەروەها لێکۆڵەری ئەم ئەم بوارە دەبێت لە کۆتایی هاوسەنگیە ئەدەبی. کە لایەنگری خۆی بۆ جەمسەرێك نیشان بدات و کە لە هاوسەنگی ئەدەبیەدا لایەنەکانی لێکچون زیاتر بایەخی پێدەدرێت بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنرێت، کەوا یەکێکیان لە ژێر کاریگەری ئەوەی دیکە دەستی بۆ چاولێکەری ولاسایکردنەوە بردووە.

ئەم ڕەخنەگرە لەم هاوسەنگیە ئەدەبییەدا لایەنگری خۆی لە ئەنجامی هاوسەنگیەکە بۆ (البحتری) دەخاتە ڕوو کەوا (ابو التمام ) لە ڕێی لاسایکردنەوە هەندێ شتی لە بحتری وەرگرتووە، ئامەدی هەندێك دەستەواژەی لێکچو لەگەڵ هەندێ لێکچواندنی لێکچو هەروەهاش هەندێ خواستن و خوازەو درکە و وێنەی شیعری و بابەتی شیعری لیکچوی شیعرەکانی دەکاتە بەڵگەی کاریگەری بحتری بەسەر تمام دا وە بە شێوەیەکی نا ڕاستەو خۆ ئاماژە بە هەندێ دزیکاری ئەدەبی لەم بوارە پیشان دەدات کەوا ابو تمام لە بحتری دزیویەتی.

لە راستیدا ابو تمام لە سەردەمی خۆیدا بەپێی بۆچنی رەخنەی هاوچەرخدا ئێستامان بەڕابەری نوێکردنەوەی شیعری کلاسیکی عەرەبی سەردەمی خۆی دادەنرێت واتە ئاستی شیعری ابو تمام ئەوەندە نزم و بێ توانا نییە تا پەنا بەرێتە بەر چاولێکەری و لاسایکردنەوەی شیعرەکانی البحتری.

واتە امدی تا ڕادەیەك جۆرە زوڵمێکی رەخنەی لە ابە تمام کردووە پلەوپایەی بەرزی بە بحتری بەخشیوە هەرچەندە راستیەکەی بە پێی خوێندنەوەی ئەم رۆژگارەمان ڕەها نیە.

سوودی هاوسەنگی ئەدەبی لەوەدایە چەند دەقێکی شیعری هاو زمان شی دەکاتەوە و هەڵیدەسەنگێنێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی تۆمەت و باسکردنی دزیکاری ئەدەبی بکرێت ئەوا جۆرە زیانێکی خۆی هەیە.

هەر چۆنێك بێت ئامەدی لەو کتێبەیەدا خزمەتێکی ڕەخنەی هاوسەنگی ئەدەبی عەرەبی کردووە هەرچەندە لەو سەردەمەی امدی دا چەند کارێکی دیکەی هاوسەنگی ئەدەبی کراوە بەڵام ئەمەی ئەمەدی بە کۆنترین سەرچاوەی هاوسەنگی ئەدەبی عەرەبی دادەنرێت.

## سەرەتاکانی هاوسەنگی ئەدەبی کوردی

رەفیق حیلمی هەرچەندە وەك سیاسەت مەدارێکی کوردی لە ناوەندی ١ی سەدەی ٢. ناسراوە، بەڵام لە بواری ئەدەبییدا

قەڵەمی خۆی تاقیکردۆتەوە و سەرەتا لە بواری شیعر نووسیندا ئەسپی خۆی تاوداوە پاشتریش کتێبێکی گرنگی لە بواری مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی لە سەدەی ٢٠دا بە دوو بەرگ چاپکرا بە ناونیشانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ب ١ لە ١٩٤١ و ب٢ لە ١٩٥٦ چاپکردووە.

بە وکمی ئەوەی رەفیق حیلمی خوێندەوارێکی باشی شیعری کوردی بووە هەروەها خاوەن چێژی شیعری خۆی بووە بۆیە لە هەردوو بەرگی کتێبەکەیدا زیاتر خوێندنەوەی شیعری بۆ هۆنیارانی سەردەمی خۆی پێشکەش کردووە.

لەم کتێبەیدا جۆرە هەناسەیەکی رەخنەیی پێوە دیارە هەروەها بە شێوەیەکی کەم ئاوڕی لە هاوسەنگی ئەدەبی داوەتەوە بە تایبەتی لە باسکردنی زمانی شیعری یان مۆسیقای شیعری یان وێنەی شیعری لای ئەو هۆنیارانەی شیعرەکانیان خراونەتە بەر لێکدانەوەو خوێندنەوەی رەخنەیی و گەورەترین رەخنە لەم کتێبەدا کەوا دەگێرێت ئەوەیە کە رەفیق حیلمی زیاتر هۆنیارانی شاری سلێمانی وەرگرتووە تەنانەتی وا دەوترێت خۆزگە ناونیشانی کتێبەکەی ئەوە بوایە شیعرو ئەدبی سلێمانی نەک شیعرو ئەدەبی کوردی بەڵام مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەم کتێبەیدا زیاتر خزمەتی مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی بووە. دیارە ئەمجۆرە مەبەستەش فاکتەرێکی سەرەکی وەیا هاندەرێك بووە.

م. علادین لسجادی کە ناوبانگە مێژووی ئەدەبی کوردی لە ١٩٥٢ بە چاپ گەیاندووە هەرچەندە سجادی کتێبەکەی زیاتر بۆ شیعری کلاسیکی کوردی و ئەدەبی کۆنی کوردی تەرخان کردووە.

هەروەهاش لە سەرەتای کتابەکەیدا هەندێ زانیاری وردی دەربارەی ئەدەبی جیهانی و بەراووردی ئەدەبی پێشکەش کراوە بەلای هاوسەنگی ئەدەبی نەچووە.

ئەم جۆرە خەم خواردنەی ئەدەبی نوێی کوردی و هاندەرێك بوو عیزالدین مصگفی رسول نامەی دکتوراکەی لە ١٩٦٣دا لە زانکۆی باکۆ لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران تەرخان بکات بۆ بابەتی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا لەم کتێبەدا لایەنی هاوسەنگی بە شێوەیەکی زەقی بەرچاو دەکەوێ بەڵام نەبۆتە مەبەستی سەرەکی نووسەری ئەم کتێبە کەوا لە شیعری بابە تاهیری هەمەدانیەوە دەستی پێکردووە تا دەگاتە شیعری کوردی ساڵانی ٥٠ کانی سەدەی ٢٠. هەروەها ئەم کتێبە بە حوکمی ئەوەی نامەیەکی دکتورایە خاوەن





رێبازێکی لێکۆڵینەوەی مێژووی و وەسفی یە لە خستنە رووی بابەت و شێوازی شیعری ئەو شاعیرانەی کە کەوتونەتە سەر دیدەی هەڵسەنگاندنی رەخنەیی و هاوسەنگی ئەدەبی بەم شێوەیە دەتوانێت بڵێت هاوسەنگی ئەدەبی کوردی زیاتر لە سەدەی ٢٠دا سەرەتای نەش و نماکردنی بە خۆیەوە بینووە لە زۆربەی کتێبە رەخنەیەکانی.

هەروەها لە زۆربەی لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی سەدەی ٢٠. بە شێوەیەکی نا راستەو خۆ بابەخ بە هاوسەنگی ئەدەبی دراوە کەوا ئەمجۆرە بابەتە زیاتر لە نێو نامەکانی خوێندنی باڵای کوردی بەهای رەخنەیی خۆی وەرگرتووە چونکە هاوسەنگی ئەدەبی پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بە رەخنەی هاوسەنگی.

## جۆرەکانی بەرواوردی ئەدەبی

١–بەراوردی ئەستوونی :

لەم جۆرە بەراوردەدا دوو جۆرە نووسەرمان هەیە :

١–نووسەری کارایی.

٢–نووسەری کارتێکراو.

لەم جۆرە بەراوردەدا هەمیشە نووسەری کارا دەکەوێتە سەرەوەی هێڵی ئەم جۆرە بەراوردە چونکە سەرچاوەیەکی گرینگە بەلای نووسەری.

دوو هەر کەوا دەکەوێتە خوارەوەی هێڵی ئەم جۆرە بەراوردە لێرەیا سەرەکی لێکۆڵەری بەراورد دیاریکردنی جۆری کاریگەریەکەی هەروەها دۆزینەوەی چۆنیەتی گواستنەوەی کاریگەری نووسەری یەکەم بەسەر نووسەری دووهەمدا. ئەمجۆرە ئەرك و چەمکی بەراوردی ئەستونی بەلای هەندێ کەسەوە رێی خۆشکەرە بۆ جۆرە جینۆسایدێکی ئەدەبی چونکە ئەدەبی نووسەری (١) بە جۆرە ئەدەبێکی باڵا دەخرێتە پێش چاو، ئەدەبی نووسەری کارتێکراو بە جۆرە ئەدەبێکی لاواز دەکەوێتە پێش چاو بۆیە لە سەردەمی حوکمرانی جوزیف ستالین یەکێتی شۆڤیەت لەلایەنی جۆرێفەوە لە ساڵانی پێش جەنگی ٢ جیهان سەدەی ٢٠. بەراوردی ئەدەبی جۆرە قەدەغە کردن و بێ بایەخدانیەتی بە خۆیەوە بینی چونکە لەگەڵ بیرو باوەرو بۆچونە سۆشیالیستەکانی بیری مارکسی –نیزم دەگونجا کەوا جاری یەکسانی گەلانی دەدا. هەروەها ئەم جۆرە بەراوردە ئەستونیە خزمەتی ئەدەبی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ناکات بەتایبەتی ئەدەبی کوردی خۆمان چونکە لە بواری بەراوردی ئەدەبیدا تا ئەم رۆژگارە

نووسەرێك یان هۆنیارێکمان نیە کاریگەری هەبێت بەسەر نووسەرێك یان هۆنیارێکی بیانی و بەم شێوەیە ئەدەبی کوردی لەم جۆرە بەراوردە ئەستونە هەمیشە دەکەوێتە خوارەوەی هێڵی بەراورد وەك ئەدەبێکی کارتێکراو دەبێ سەیر بکرێت.

**٢-بەراوردلای ئاسۆی هاوتەریب :**

لەم جۆرە بەراوردە دا لەوانیە کاریگەری هەبێت لە نێوان دوو نووسەردا بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە بەراوردە زساتر خستنە رووی ئاستی داهێنانی نێو دەقە بەراوردە کراوەکانە چونکە لە رێی داهێنانەوە نووسەری دەق خەمێکی زۆری جوانی دەق و چێژی دەق دەخوات لایەنی لاسایکردنەوە وە یان چاولێکەری لەم جۆرە بەراوردەدا ئەوەندە لیستی ناکۆڵەرێتەوە وەك ئەوەی بە زۆری لێدەکۆڵەرێتەوە لە بەراوردی ئەستونیدا.

قاتایخانە بەراوردی ئەدەبی ئەمەریکایی زیاتر بایەخ بە بەراوردی ئاسۆیی هاوتەریب دەدات چونکە بەلایەوە بەهای راستەقینەی ئەدەب لە رێی خستنە رووی داهێنانی ئەدەبیەوە زیاتر گرێنگی خۆی دەنوێنێ.

بەم شێوەیە ئاستی بلیمەتی هەردوو نووسەرمان بۆ دەردەکەوێ کەوا ئە ئەنجامدا ئاستی بەرزی ئەدەب و نەتەوەی هەردوو نووسەرمان بۆ دەکەوێتە بەرچاو.

هەروەها بەراوردی ئاسۆی هاوتەریب خزمەتێکی ئەدەبی گەلانی تازە پێگەیشتوو دەکات، چونکە لە روانگەی ئەدەبی باڵاو نزم سەودا لەگەڵ دەقە بەراوردکراوەکان ناکات و ئەمجۆرە بەراوردە خزمەتێکی ئەدەبی کوردیمان دەکات کەوا دەتوانێت لە رووی جۆری داهێنانەوە دەقێکی کوردی لەگەڵ دەقێکی بیانی بەراورد بکەین.

**بوارەکانی گواستنەوەی کاریگەری وەرگێڕان :**

پرۆسەیەکی مەعریفیە بریتییە لە گواستنەوەی زمانی دەقێکی ئەدەبی بۆ سەر زمانێکی دیکە کەسێکی وەرگێر پێی هەڵدەستێت شارەزاییەکی باشی هەیە لە رووی ئاخاوتن و نووسینی ئەو زمانەی دەقەکەی پێی وەردەگێرێت گرنگی وەرگێڕان لەوەدایە جۆرە ئاشنایەتیەکی ئەو رۆشنبیری و لە نێوان نووسەراندا دروست دەکات و هەرچەندە وەرگێر سەرکەوتوو بێت لە وەرگێرانەکەیدا هەروەها هەرچەندە دەست پاك ب ێلە جۆری وەرگێرانەکەیدا ئەوا ئەوەندە دەقە وەرگێڕاوەکە کاریگەری خۆی دەنوێنێ





چونکە خوێنەرانی دەقە وەرگێڕاوەکە بەتایبەتی ئەگەر لە نووسەران و ئەدیبان بێت ئەوا زیاتر ئەوداڵی شێوازی دارشتنی دەقە وەرگێڕاوەکە دەبن وە یانی سروشتی بابەت و جۆری رووداو پاڵەوانی نێو دەقە وەرگێراوەکە دەبن کەوا لە ئەنجامدا لە رێی چاولێکەری یا لاسایکردنەوە هەوڵی پێشکەش کردنی دەقێکی هاوتەریب دەدەن.

لە ئەدەبی کوردی خۆماندا سەرەتای وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧١ کاتێ حوسێن قازی مەولوود نامەی لە عەرەبیەوە کردیە کوردی بەڵام وەرگێڕانی دەقی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ رۆژنامەی پێشکەوتن لە ١٩٢٠دا کەوا ئێمەر سۆن سەرپەرشتی ئەو رۆژنامەی دەکرد لە چەند ژمارەیەکدا چەند دەقێکی ئەدەبی وەرگێڕاو تێدا بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ دەورێکی باشتری بینی لە وەرگێڕانی چەند دەقێکی چیرۆك و شیعری بیانی دەکرێ بڵێین رەوتی وەرگێڕان بۆ کوردی لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو گەشەی زۆری بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بە هۆیەوە زیاتر خوێنەران و نووسەران ئاشنایی زیاتریان بە ئەدەبی جیهلنەوە پەیدا کرد.

هەر چەندە لێرەدا دەبێ بوترێ دەقی وەرگێڕاو بۆ زمانی عەرەبی کاریگەری زیاتری هەبوو بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ نموونە چیرۆکەکانی (      ) کەوا شەپۆلی هۆش لە نێو ئەم جۆرە چیرۆکانە بە کار هێنراوە.

پاشتر کاریگەریان هەبووە بەسەر چەند چیرۆکنووسێکی کورد وەکو (رەئوف بێگەرد و دڵشاد مەریوانی و شێرزاد حەسەن و سەلاح عومەر... هتد ).

هەروەها شێوازی نووسینی کورتیلە چیرۆك لای فیرجینیا ورلف کاریگەری خۆی هەبوو بەسەر سەرەتای سەرهەڵدانی کورتیلە چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا.

هەروەها وەرگێڕانی هۆنراوەکانی عیزرا پاوەندو شیلی و کتیسل لە زمانی ئینگلیزیەوە بوە سەر زمانی کوردی کاریگەری خۆیان هەبوو بەسەر هەندێ شیعری رۆمانتێکی کوردیداو.

هەروەها رئوف جەلال شیعرەکانی فروغسی فروغزادە بە زمانی فارسیەوە بۆ سەر شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد هەندێ هۆنیاری مێینەی کورد کەوا بابەتی فیمینیزم یان هەستی مێینە زاڵ بوو بەسەر ئەم جۆرە شیعرانە و بە هەمان شێوە وەرگێڕانی چیرۆکەکانی چیخۆف

وکیدی مۆپاسان و گۆگۆل کاریگەری هەبووە بەسەر سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزم لە نێو چیرۆکی کوردیدا بە هەمان شێوە وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی ڤیۆدۆر دستۆفیسکی، مەکسم گۆرگی شۆلۆخۆڤ لە زمانی روسیەوە کاریگەریان هەبوو بەسەر سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزمی ڕەخنەی لە ڕۆمانی کوردیدا.

**گەشتی زانستی و ڕۆشنبیری :**

مەبەست لە گەشتی زانستی ئەوەیە کەسێك بۆ تەواوکردنی خوێندن و بەدەست هێنانی بڕوانامە لە بوارێکی تایبەتی ڕوو لە وڵاتێکی بیانی دەکات لەوانەیە لەو ساڵانەی خوێندن بکەوێتە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی ئەو مامۆستایانەی دەرسی پێدەڵێت بۆ نموونە لە بواری بەراوردی ئەدەبیەدا هەندێ نووسەری عەرەب بۆ فەرەنسا گەشتی زانستییان کردووە و لە زانکۆی سۆربۆن وانەیان خوێندوە و لەو ی کەوتونەتە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی پۆڵ ڤان تیگم وەك رابەرێکی قوتابخانەی فرەنسی پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان بەنەتە لایەنگری قوتابخانەی بەراوردی فەرنسا وەکو ( گە حسین، مەحمود گرشونە ) لە میسر و (عبدالمگلب صالح ، د. چیاو خچر ) لە عیراق (د.محمد عمر و د.عبدالله حداد و د. خدر پیربال ) لە کوردستان : لە ڕێی ئەوە گەشتە زانستیەوە کاریگەری گوازراوەتەوە بۆ ئەو جۆرە خوێنەرو نووسەرانە هەروەها لە کوردستانی خۆماندا مامۆستایان (د. مارف خەزنەدار، د. عزالدین مصگفی رسول، د. جەمشید حەیدەری، د. عبدالله پەشێو و د. ئەنوەر قادر محمد ) ساڵانی خوێندنیان لە زانکۆکانی یەکێتی سوڤێەتی جاران کەوتونەتە ژێر کاریگەری رابەرانی قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالستی و پاش گەڕانەوەیان بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بونەتە لایەنگر بۆ ئەو قوتابخانە بەراوردە.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ گەشتی زانستی کاریگەری خۆی هەیە لە گواستنەوەی کاریگەری لە نێوان زانایان و ڕۆشنبیراندا.

هەروەها گەشتی ڕۆشنبیری هەمان ڕۆڵی گواستنەوەی کاریگەری هەیە لەو حاڵە تانەی نووسەرێك گەشتێکی ڕۆشنبیری دەکات بۆ ئامادەبەن.

ڕۆشنبیری ئەدەبی جیهانی کەوا لە وڵاتێکی بیانیدا دەبەسترێ و تێدا ئەدەبیات و ڕۆشنبیران لە نزیکەوە یەکتر ناسی و بیرو ڕا گۆڕینەوە دەکەن.





بۆ نموونە احلام مەنسوری چیرۆك نووس لە ساڵانی (٧٠) چیرۆك دەنووسێ و باش سەفەرکردنی بۆ فرنسا و مانەوەی بۆ ماوەن ساڵێك لە ١٩٨٢ دا کەوتۆتە ژێر کاریگەری دوو نووسەری بەناوبانگی ئەو سەردەمەی فەرنسا خاتو سیمۆن دی بۆ فالمرار، مانی پۆل سارتەر کەوا دوو رابەری ئەدەبی بوون خوازین لە فرنسا پاش گەرانەوەی احلام تا ئەم ڕۆژگارە ئەم جۆرە کاریگەریە بە بەرهەمەکانیەوە دیارە.

هەروەها د. فەرهاد پیربالَ لە ساڵانی خوێندنی لە فەرنسا لە پاش ١٩٨٥ لە نزیکەوە ئاشنایەتی بە بەرهەمی نووسەرە ناودارەکان فەرەنسای پەیدا کردووە، بەڵام بەتایبەتی کەوتوبوە ژێ کاریگەری بیرو بۆچوونەکان رابەری ڕێبازی سوریالیزم لە ئەدەبی فەرەنسیدا وەکو سلفادۆر دالی و ئەندریە برلتۆن ئەوش بوو پاش گەرانەوەی د. فەرهاد لە ساڵی ١٩٩٤دا بۆ زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر گۆڤارێکی بەناوی (   ) دەرکرد یاردەدا بۆ بڵاوکردنەوەی سوریالیزم لە نێو ئەدەبی کوردیدا و خوێنەری شیعرو چیرۆکەکانی د. فەرهاد پیربال بۆی دەردەکەوێت کەوا لە شێواز دارشتنی شیعرو چیرۆکەکانی جۆرە کاریگەریەکی نوێخوازی لە ئەدەبی فەرەنسیدا بەسەریەوە دیارە و بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ ئەو گەشتە زانستیە ڕۆشنبیریە لە ژیانی د. فەرهاد دا کاریگەری خۆی هەبووە لە گواستنەوەی کاریگەری رابەرانی ئەدەبی فەرەنسی بۆ نێو بەرهەمەکانی د. فەرهاد دا.

**٣-داگیرکردنی وڵات وەك سەرچاوەیەکی کاریگەری :**

داگیرکردنی بەواتای فەرزکردنی دەسەڵاتێکی تازە بەسەر وڵاتدا لە ڕووی حوکمڕانیەوە دێت.

ئەم جۆرە دەسەڵاتە تازەیە هەموو تواناکانی خۆی بە کاردەهێنێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی وڵات لەوانەش لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیریە، کەوا دەسی داگیرکەر هەوڵدەدات زمانی خۆی زیات ربە کاربهێنی لەلایەن کەسانی وڵاتی داگیرکراوەوە ئەوش بە پێی پلان و بەرنامەیەك دەبێ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەخۆیەوە دەگرێت. هەروەها هەوڵی قۆرخ کردنی بوارەکانی راگەیاندن و ڕۆشنبیری بۆ خۆی دەدات تا بە هۆیەوە نەوەیەکی تازەی ملکەچی زمان و ڕۆشنبیری دەسەڵاتی داگیرکەر بکە ئەوەی جێی سەرنجە داگیرکردن لە

سەدەی ٢.دا جیاوازی هەبوو ەگەڵ جۆری داگیرکردنی وڵاتان لە سەدەکانی پێشوودا. کەوا زیاتر لایەنی بەرژەوەندی ئابووری وەیان سەربازی خەمی سەرەکی دەسەڵاتی داگیرکەر بوو، بەڵام جگە لەم جۆرە خدماتە داگیرکردنی وڵاتان لە سەدەی کەوا لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی دروست بوونی هەندێ نووسەرو رۆشنیر بە عەقڵا بێگانە بیر دەکاتەوە و ڕەفتار دەکات.

لە سەدەی ٢.دا ئینگلیز وەکو فەرەنسا نەبوو لە رووی خەمی فەرزکردنی زمان و رۆشنبیری خۆیەوە، بەڵکو ئینگلیز زیاتر خەمی ئابووری و سەربازیان هەبوو، بەڵام فەرەنساان زیاتر رۆڵی خۆیان نواند لە فەرزکردنی زمان و رۆشنبیری خۆیان بەسەر ئەو وڵاتانەی داگیریان کرد بە تایبەتی وڵاتانی رۆژئاوای عەرەب وەکو جەزائیر و مەغریب و تونس، کەوا تا ئەم رۆژگارە کێشەی هەبوونی دوو جۆر تاقامی خوێنەوارو رۆشنبیریان هەیە :١- زمانی فەرەنسی لە ئاخاوتنی رۆژانەی خۆیاندا بەکاردەهێنن هەروەها رێنووسی فەرەنسی لە نووسینی مەعریفی خۆیاندا بەکاردەهێنن.

٢-تاقمی دووەم ئەو کەسانەن کەوا لە پاش رزگار بوونی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی رۆژئاوای عەرەبی سەر لە نوێ دەستیان کردوە بە گەڕانەوە بۆ سەر بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە ئاخاوتنی و نووسینی ئەدەبی خۆیاندا کێشەی داگیرکردنی لەوەدایە بە زۆرەملێ کاریگەری فەرز دەکرێت بەسەر بیرکردنەوەو نووسینی رۆشنبیراندا کەوا لە پاش رزگاربوونی وڵاتەکەیان تووشی جۆرە نامۆیەك هاتبوون لە رووی نووسینی ئەدەبییەکانیان ئەچێتە خانەی ئەدەبی و ۆشنبیری فەرەنسیەوە هەروەهاش ئەوە تازە ئاسانی بەرهەمەکانیان ناخۆنێتەوە لەم بوارەدا هەندێ نووسەری عەرەب وڵاتانی رۆژئاوای عەرەب ناوبانگیان دەرکردبوو لە داهێنانی ئەدەبیداوەکو ئەم رۆمانووسانە کاتبە یاسین، رشید بو جدرە، الگاهر وگاڕ...ر کاریگەری رۆمان نووسە فەرەنسیەکان وەکو جان پۆل سارتەر، ئەلن رۆب گرییە، ناتالی ساروت ) لە دارشتنی رۆمانەکانیاندا رەنگدانەوەی هەبوو هەروەها لە چۆنیەتی خستنە رووی بابەتی نێو دە و گێرانەوەی رووداو ئەمجۆرە نووسەرانە کەوتبوونە ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی فەرەنسیەوە بەڵام کێشەی ئەوەیان نەدەبوو لەوڵاتانی دیکەی عەرەبدا خوێنەواریان نەبوو بە حوکمی ئەوەی دەقەکانیان بۆ زمان





عەرەبی وەردەگیرا و بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ لایەنی کاریگەری بەشێوەیەکی ئاسان دروست نابێ واتە بە قەناعەتەوە سەر هەڵنادات بەڵکو بە حوکمی زەبری دەسەڵاتی داگیرکردنی خۆی دەنوێنێ و بەم شێوەیە داگیرکردن دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی کاریگەری لە نێو دەقە ئەدەبیەکاندا، کاریگەری داگیرکردنی وەك فاکتەرێك بۆ گواستنەوەی کاریگەری ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی تر خۆی دەنوێنێ واتە رۆشنبیرە کوردەکە ئەمیش بە ناچاری فێری زمانی و نووسینی ئەو وڵاتە دەبێت کرێیدا دەژیەت پاش ئەوەی کوردستان ە ساڵی ١٩٢٣دا دابەشکرا بە پێی پەیمانی لوزان بەسەر چوار وڵاتی وەکو عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران جگە لەو کوردانەی لە کۆتایی سەدەی ١٩دا کۆچیان کرد بۆ ئاری بەریڤانی ئەرمەنیا لەبەر ئەوەی سەر بە ئاینی یەزیدی بوون و لە لایەن دەسلاتی عوسمانیەوە بە ناوی ئیسلامەوە راونران و دەرکران بۆ ناو خاکی ئەرمینیا.

کێشەی ئەو نووسەرە کوردانەی لەم (٥) شوێنە دەژیەن لەوەدایە ناتوانن بە زمانی رەچەڵەکی خۆیان بنووسن هەرچەندە هەندێکیان شانازی بە کوردبوونی خۆیان دەکەن.

بۆ نموونە : لە کوردستانی ئێراندا چیرۆکنووسێکی بەناوبانگ هەیە بە ناوی عەلی ئەشرەف دەروێشیان خەڵکی کرمانشانە، هەروەها لە کوردستانی تورکیا رۆمان نووسێکی بە ناوبانگ هەیە بە ناوی ( یەشار کەماڵ ) هەروەهاش لە سوریا شاعیرو و رۆماننووسی بە ناوبانگ وەکو : ( عایشەی تەیمووری محمد تەیمووری کەوا نووسەری ناودارن لە وڵاتی میسر هەروەها أحمد شوقی کەوا دایکی کوردە جگە لەمانە دیاردەکە بە شێوەیەکی زەقتر لە عێراقدا بەرچاو دەکەوێ.

بۆ نموونە : هەندێ شاعیری بەرەچەڵەك کورد هەیە بە عەرەبی شیعریان نووسیوە وەکو جەمیل سدقی زەهاوی، بلند حیدری کەوا ناوبانگی تایبەتی خۆیان هەیە لە بواری شانۆشدا نووسەرێکی ناوبانگی کورد هەیە بە ناوی محی الدین زەنگەنە شانۆ نامە نووسێکی ناسراوە هەروەها لە بواری چیرۆك نووسیندا عبدالمجید لگفی الرفیق حیدری نابانگی تایبەتی خۆیان هەیە ئەم جۆرە نووسەرانەی شارمان هێنا کەوتونەتە زیاتر کاریگەری داگیرکردنی خاکی کوردستان لە رێی دابەش کردنییەوە کێشەی دەقی ئەم جۆرە

نووسەرانە لەوەدایە بە زمانی کوردی نەنوسراونە بۆیە هەندێ لێکۆڵەر لەوانەی سەر بە قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسین بەرەوای دەزانن لە ڕێی بەراوردی ئەدەبیەوە بەرهەمی ئەم جۆرە نووسەرانە لەگەڵ هەندێ نووسەری دیکەی کوردی خاوەن دەقی نوسراو بە زمانی کوردی بەراورد بکرێت لەبەر ئەوەی دەقەکانی هەردوو تەرازووەکە بە دوو زمانی جیاواز نوسراونە.

هەندێ لێکۆڵەری دیکەش لەو باوەڕەدان باشترین چارە سەرکردن بۆ کێشەی بەرهەمی ئەم جۆرە نووسەرانی ئەوەیە لە ڕێی هاوسەنگی ئەدەبیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دابکرێت و بخرێنە نێو تەرازووی هاوسەنگی ئەدەبیەوە لەگەڵ چەند دەقێکی ئەدەبی بە زمان کوردی نوسراو چونکە ئەم جۆرە نوسرانی لە ڕووی داهێنان و نەتەوەییەوە دەچەوێنرێنەوە چونکە لێکۆڵەران ئەدەبی فارسی یان تورکی یان عەرەبی دەقی ئەو جۆرە نووسەرانە بە ویژدانەوە وەرناگرن چونکە بەلایەنەوە خاوەنی ئەو دەقانە لە رەچەڵەکدا فارس نیە یان تورک نیە یان عەرەب نیە بۆیە بۆ تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی وا باشترە ئەو دەقانەی بە خەیری زمانی کوردی نوسراونەو خاوەنەکانیان بەرەچەڵەک کوردن واباشترە لە ڕێ هاوسەنگی ئەدەبیەوە سەروایان لەگەڵ دابکرێ بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی نوێ پێی دەوڵەمەند بکرێت لە لایەك هەروەها داهێنانی نێو بەرهەمی ئەم جۆرە نووسەرانی نەچێتە خانەی چەراوێزو فەرامۆش کردنەوەو دەتوانیت بەم شێوەیە ئەنجامە خراپەکانی داگیرکردن بەسەر ئەدەبی کوردیدا چارەسەر بکەین، چونکە بەراستی ئەو جۆرە نووسەرانە رۆژگار وای لێکردوون بەمە بیری زمانی کوردی بەرهەم بنوسن، هەرچەندە ئەوانەی لە عێراقدا دەژیەن چارەنووسیان باشترە لەوانەی لە پارچەکانی تری کوردستان لە تورکیا و ئێران دەژیەن چونکە کوردی ئێران و تورکیان تا ئەم رۆژگارە بە خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆ ناتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و بنووسنەوە بەڵام کوردەکانی عێراق دەرفەتی باشترینیان هەبوو لەوانەیە بەوە تاران باربکرێت کەوا کەمتەر خەمیان کردووە لە قێزبونی زمان و نووسینی کوردی و ئەوسا دەبونە دەرختی بەرهەمداری تر لە ئەدەبی کوردی لە عێراقدا.





*** نامە گۆڕینەوە :**

هەموو نووسەرو ئەدیبێك هەوڵدەدات بەرهەمی نووسەرانی دیکە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنایەتی لە بارەیانەوە پەیدا بکات و لەم حاڵەتەدا لەوانەیە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرێك خاوەن شعرێکی تایبەتی خۆی بێ یان خاوەن شاکاری دەبێت ئەوسا ئەم نامەنوس هەوڵدەدات لە بارەی رونکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی نێو دەقە خوێنراوەکە پرسیار بکات وە یان لە بارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوازی دارشتنی دەقەکەی پرسیار بکات وە یان دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی دەقەکەی پرسیار



د. ئازادعبدالواحدکریم

# قەیرانی ناسنامەی شیعری لە ڕۆژئاوای کوردستان

بەپێی سیستەمی دابەشکردنی جوگرافیی دانیشتوان ، شیعری کوردی لە سوریا بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕەوتی فیکری و کلتوریی شیعری کوردی بە گشتی ، لە چوارچێوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردستانی تورکیاو عێراق و ئێران ، هەر لە سەرەتای خیلافەتی ئیسلامییەوە تاکو سەپاندنی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانی ، بە درێژایی ئەو ماوەیە ، پەیوەندیی ڕۆشنبیری و مێژوویی و شارستانی





لەنێوان سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا بەردەوام بوو ، هەر لەو ڕوانگەیەوە هیچ کاتێك سنوری سیاسی لەنێوان پارچەکاندا نەبووە

هەر لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردییەوە تاکو هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤، ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتێکی ئاینیی هەبوو ، لەو مێژووە بەدواوە ، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سنووری ئەو دەڤەرانە روویدا ، کە کوردستانی گەورەی تێکەوتبوو ، پاش ئەوەی هاوپەیمانەکان لە دەرەنجامی سەرکەوتنیان لە جەنگەکە ، پاشماوەی میراتیی پیاوە نەخۆشەکەیان دابەش کرد ، ئەوەبوو کوردستانی ڕۆژهەڵات بەر ئێران و باکور بەر تورکیاو باشوور بەر ئینگلیزو کوردستانی ڕۆژئاواش بەر فەڕەنسا کەوت .

مێژووی سەرهەڵدانی شیعری کوردی لە سوریا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٠ ، واتا سەردەمی ماندێتی (ئینتیداب ) فەڕەنسی لەسەر سوریا ، کەواتە بوونی شیعر لە سوریا ، ئەو ناوچە کوردنشینانە دەگرێتەوە کە لە پاش سەپاندنی دەسەڵاتی فەڕەنسا لە سوریا دەستیپێکرد.

## قەیرانی ناسنامەی شیعری کوردی لە ڕۆژئاوا :

### لەنێوان زمان و ناوەڕۆکدا

قەیرانی شیعر لە کاتێکدا دروست دەبێت ، کە زۆرجار تەنها زمان دەکرێت بە کەرەستەی سەرەکیی پێکهاتەی دەقی شیعری ، بەڵام لە ( چوارچێوەی پۆلێن کردنی بابەتدا ، دەق بە بەرهەمێکی ئەدەبیی تاك لایەنی ناژمێردرێت ، بەڵکو وەکو پرۆسەیەك لە سەرجەم لایەنەکانی تری پێکهاتەی دەق ڕێك دەخرێت )(١) ، بۆیە ڕەخنەگران هەوڵی ئەوە ئەدەن کە لەمیانەی چەند پێوەرێکی تیۆرییەوە شیعرییەتی دەق بخەنەروو ،تاکو بتوانن دەقی شیعری لە ناشیعری جیا بکەنەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش ( زمان ) یان بە بنەمایەکی سەرەکیی شیعرییەت دانا، ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان دەست پێشخەر بوون لە بۆچوونەکانیاندا سەبارەت بە شیعرییەتی دەق ، تۆدۆرۆف لەو بارەیەوە وتوویەتی:(

لە سەدەی بیستەمدا ، فۆرمالیستەکان زیاتر لە نوسەرانی سەدەی شانزەهەم نزیکتر بوون لە گیانی کتێبی (شیعرییەت) ەوە ، چونکە ئەوان کارەکانی ئەرەستۆیان تەواو کرد ، بەوەش ئامێتەیەکی سەرکەوتوویان لە سەرجەم ئاراستەکانی (تیۆری ئەدەبی ) ی ئەو کاتە پێکهێناو تیۆرێکی نوێشیان داهێنا)(٢ . (

لەلایەکی ترەوە ، دەشێت (ئەرکی شیعر) لەمیانەی کاریگەری لە دەقی ئەدەبیدا دەستنیشان بکرێت ، هەرچەندە ئەرکی شیعر وەکو بابەتێکی ئەپستراکتی رۆڵی خۆی دەبینێت ، بەلام سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ رەگەزەکانی تری پێکهاتەی دەقی شیعریدا هەیە ، لەبەر ئەوە سیمایەکی تەکنیکی و ئیستاتیکی بە دەق دەبەستێت ، بەلام یاکۆبسن لە دۆخە ئاساییەکانی دەقدا،جیاوازی لەنێوان (شیعرییەت) و(شاعیرییەت) دەکات ، بەو مانایەی کە شاعیرییەت بریتییە لە جێبەجێ کردنی (ئەرکی شیعر) ، ( چونکە چەمکی شیعر ناجێگیرەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی رۆژگاردا دەگۆڕێت ، بەلام ئەرکی شیعر واتە شاعیرییەت – وەکو فۆرمالیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە – رەگەزێکی تاکەو ناکرێت بە شێوەیەکی میکانیکی لەنێو رەگەزەکانی تردا جەم بکرێت ، بەڵکو دەبێت لێیان جیا بکرێتەوەو بێلایەنییەکەی بخرێتەروو ) (٣. (

) یاکۆبسن) شاعیرییەت بە ( زانستی ئەدەب ) ئەبەستێتەوە ، بەلام جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە زمان سەرجەم بنیاتی زمانەوەری پێك دەهێنێت ، بەوەی کە ئەرکی شیعر بەندە بە سیمۆلۆژیاوە ، بە بۆچوونی یاکۆبسن ، شیعرییەت بەشێکە لە زمانەوەری ، واتا لە دەستنیشان کردنی ئەرکی شیعردا ، دەبێت بایەخ بە سەرجەم ئەرکەکانی زمان بدرێت ، بەلام ناشێت شاعیرییەت لە چوارچێوەی روخساری دەرەوەی شیعردا دەستنیشان بکرێت ، بەڵکو دەبێت بایەخ بە ناوەرۆکی ناوەوەو شارراوەی هێماکانی زمانی دەق بدرێت ، زمانی شیعری لەلای





یاکۆبسن لە زمانی ئاسایی یەك واتایی جیاوازترە ، چونکە زمانی شیعری ئەرکێکی تر دەگێڕێ و لە سنوری زمانی ئاسایی دەرئەچێت ، بەو مانایەی کە زمانی شیعری ماناو راڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت ، کە لەمیانەی پەیامێکەوە massageمەبەستێك بە خوێنەر دەگەیەنێت ، جیاوازییەکەش لەم دایەگرامەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

زمانی ئاسایی (ئاخاوتن) گەیاندنی مەبەست

زمانی شیعری پەیام (ئەرکی شیعر

شیعرییەت

لەوەدا دەردەکەوێت کە دەبێت لە ( ئەرکی شیعری ) دا ، گرنگی بە ( مەبەست و مانای جۆراوجۆر ) بدرێت ، کەواتە دەبێت دەقنوس چەند پەیوەندییەکی زمانەوانیی نوێ لە چوارچێوەی (زمانی شیعری ) دا دروست بکات ، لەو روانگەیەوە یاکۆبسن ئاماژەی بە (تۆلستۆی ) کردووەو گوتوویەتی:( تۆلستۆی زۆر بە توندی بۆماوە ئەدەبییەکانی رەت کردووەتەوە ، بەلام ئەوەش رێگای لەوە نەگرت کە ببێت بە شاعیر ،جگەلەوەی کە چەند فۆرمێکی ئەدەبی نوێی داهێنا) (٤.(

بەهۆی بارودۆخی سیاسیی سوریا ، کوردەکانی ئەو وڵاتە ناچاربوون بە عەرەبی بابەتەکانیان بنووسن ، چونکە بەهۆی سەرکوتکردنی سیاسییەوە ، نەیاندەتوانی بە زمانی زگماکی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە ، هۆیەکەشی بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

(1) کوردەکانی سوریا وەکو کوردەکانی باشوور نازانن بە کوردی بنووسن.

(2) جگە لەوە ، ئەوان زیاتر بە ئەلفوبێی لاتینی ئەنووسنەوە.

(3) نەبوونی دەزگای چاپەمەنی بە زمانی کوردی لە سوریا.

(4) ئاوارەیی و پەرتبوونی رۆشنبیرانی کوردی سوریا لە هەندەران.

(5) لاوازیی باری ئابووریی کوردەکانی رۆژئاوا.

لەو روانگەیەوە ، قەیرانی ناسنامەی

نەتەوایەتیی ئەدەبی کوردی لە سوریا سەری هەڵدا ، سەلیم بەرەکات و ئیبراهیم یوسف نمونەی ئەو کێشەیەن ، بۆیە ڕەخنەگرانی ئەدەب لە ڕۆژئاوای کوردستان بوون بە دوو دەستەوە ، هەندێکیان پێیان وایە ئەو ئەدەبە بە زمانی نەتەوایەتی نەنووسراونەتەوە ، ناکرێت لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی هەژمار بکرێن ، دەستەیەکی تر پێیان وایە ، چونکە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانە لە سەقاو ژینگەی کۆمەڵگای کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووە ، دەچنە خانەی کلتووری کوردییەوە ، بەڵام ئەو کێشەیە قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکی یەکلاییی دەکاتەوە.

شاعیرانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان :

لە کوردستانی سوریا کۆمەڵە شاعیرێك هەڵکەوتن ، کە ناوەڕۆکی بابەتەکانیان لەنێوان کۆن و نوێدایە ، ژینگەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕەنگدانەوەیان لەنێو دەقەکانیاندا هەیە ، لەو شاعیرانە :

جەلادەت بدرخان ( ١٨٩٧– ١٩٥١ ):زۆربەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی ( هاوار hewar) -بڵاودەکردەوە.

قەدری جان (١٩١١ – ١٩٧٢ ):ڕابەری نوێکردنەوەیە لە شیعری کوردیی ڕۆژئاوادا .

کامیران بەدرخان : شیعرەکانی لە ڕۆژنامەی ( هاوار ( hewar – دا بڵاودەکردەوە.

شەوکەت نعسان : بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی چیا çiya بڵاودەکردەوە کە لە ئەڵمانیا دەردەچوو ، هەروەها لە گۆڤاری گەلاوێژیش شیعری بڵاودەکردەوە.

ئۆسمان سەبری osman sebrî1905 – 1993: دیوانەشیعرێکی هەیە bahoz گەردەلوول ، کوڤانامە ، چیرۆکی ( چار سیار ) ، هەروەها چەند شیعرێکی تری نوسیوە ، حەمە ڕەش hemereş بە ناونیشانی apo لە ئەڵمانیا چاپی کردووە ، کۆمەڵە شیعرێکی تری هەیە ئەی . باڵێ balê. aساڵی ١٩٩٨ بەناونیشانی ئۆسمان سەبری لە سوید لە چاپی داوە.

تیرێژ tîrêj ، کەلەش keleş ، بێ بەهار bêbûhar ، ساڵەح حیدۆ salih hidoبەخت ڕەش. bextreş

شاعیرە نوێخوازەکانیش ئەمانەن :

دەحام عەبدلفەتاح ، ڕوخاش زیڤار ، ڕێبار ئامێدی ، تەنگەزار مارێنی ، ئەرشەك باراڤی. arşek baravî

کچەشاعیرەکانیش ئەمانەن:

دیا جوان ، بێوار ئیبراهیم ، نەسرین تیلۆ ، شیرین کیلۆ .

(1)جان کوهین ، اللغة العليا ، النظرية الشعرية ، ت: احمد درويش ، المجلس الاعلى للثقافة ، القاهرة ، ١٩٩٥، ص ٩.

(2)تزفيتان تودوروف،الشعرية ، ت:شكري المبخوت ورجاء سلامة ، ط (٣)، دار توبقال للنشر، المغرب–الدارالبيضاء ، ١٩٩٠، ص ١٤ .

(3)رومان جاكوبسن،قضايا الشعرية، ت:محمد المولى و مبارك حنون ، سلسلة ، المعرفة الادبية،المغرب–الدارالبيضاء،١٩٨٨، ص١٩.

(4)رومان جاكوبسن، قضايا الشعرية، ت:محمد المولى و مبارك حنون ، ص ٨ .



د. لەتیف سەعید بەرزنجی

# سروشت وئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی [٧]

## بەشی یەکەم

وەکو دەستپێك دەبێ ئەوە بزانین کە وشەی ڕەخنە لە گریکەکانەوە وەرگیراوە، کە بە واتای ( judgement ) هاتووە، واتە :دەربڕینی بڕیارێك ،حوکمێك ،بەسەر شتێکدا . بەوشێوەیە دەکرێ پێناسەی ڕەخنە بکری کە بڕیاردان ودەربڕینی ڕایەکە ، بەلام ڕەخنەی ئەدەبی هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبیەکانە .واتە بەکارهێنانی توانای فیکریە بۆ هەڵسەنگاندنی کارێکی ئەدەبی وقوڵبونەوە وتێرامانە لە لایەنی باش وخستنەڕووی کەم وکورتیەکانی کارەکەیە ،تا لەئاکامدا بەهاهونەریەکانی ئەو کارە هەڵسەنگێندرێت.دراسەکردن وقوڵبوونەوە ودەستنیشان کردنی سروشت وئەرکی ڕەخنە کارێکی هێندە ئاسان وساکار نیە چونکە کاتێ باسی ڕەخنە دەکەین روو بە رووی کۆمەڵێك بیروڕاو تیۆری و پێناسەی جیاجیا دەبینەوە کە چەرخ لەدوای چەرخ کەڵەکەی کردووە وزۆری ئەم تیۆرە ڕەخنە یە جیایانە جەنجاڵیەکی زۆری بۆ بواری لێکۆڵینەوە دروست کردوە، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر رەخنەگرێك بەشێوەیەك دەیخاتە ڕوو وەکو: ( J.W.Atkins ) کە پێناسەی ڕەخنە بەم شێوەیە دەکات ودەڵێت: ڕەخنە بەکارهێنانی توانای عەقڵییە لەسەر تایبەتمەندییە ئیستاتیکەکانی ئەدەب بە شیکردنەوەی بەها ئەدەبیەکانی ئەو کارە ئەدەبییە . بەڵێ ڕەخنە بڕیاردانی حوکمێکە لە بواری هونەرو ئەدەبداو ڕەخنەگر ئەو کەسەیە کە ئەو توانا زانستییەی هەیە،حوکمێکی ڕەواو ڕاست بەسەر بەهاو تایبەتمەندێتی ئەو جۆرە کارانەدا بدات .







هەندێ بەهەڵە لە سروشتی ڕەخنە تێدەفکرن کە گوایە کاری سەرەکی ڕەخنە دۆزینەوەی کەم وکورتی کارە ئەدەبیەکانە . لەڕاستیدا (ئەرستۆ) دەستنیشانی ڕەخنە دەکات کە ئەو کارەیە بڕیارو حوکم دانی شیاو ئەدا ،کەگرنگترین لایەنی باشی ئەوکارە دەخاتە ڕوو.

( Addison ) دەڵێ ڕەخنەگری ڕاستی تەرکیز لەسەر لایەنی باشی کارەکە دەکات ،نەك کەم و کورتیەکانی. هەر لەم ڕووەوە (Victor Hugo) دەڵێت: بواری ڕەخنە دەستنیشانکردنی کاری ئەدەبییە بەوەی کە ئەوکارە باشە یان خراپە ، هەروەها لە ( New English Dictionary) دا هاتووە کە ڕەخنەی هونەری هەڵسەنگاندنی سیفات وتایبەتمەندیەکانی کارێکی هونەریە وئەرك وکاری ڕەخنەگرە " و ( A.Richard . J ) دەڵێ: دروستکردنی ڕەخنەگر واتا دانانی حاکمێك بۆ هەڵسەنگاندنی بەهاکان ، ( Mathew Arnold ) یش پێناسەی ڕەخنە دەکات وەکو هەوڵێکی بێلایانە بۆ فێربون وئاشکراکردنی باشترین ئەو شتانەی لەدنیادا کەبیری لێکراوەتەوە وزانیاری لەبارەوە بەدەستهاتوە .

( Spingarn ) کاری سەرەکی ڕەخنە لەوە ڵام دانەوەی ئەم سێ پرسیارەدا دەبینێ :هونەرمەند هەوڵی دەربڕینی چی داوە ؟ چۆن لەو دەربڕینەدا سەرکەوتوبووە ؟ ئایا ئەو دەربڕینە شایستەی ئەو کارە بووە ؟

ئەم جۆرە فرە ڕوانگە وبۆچوونە جیاوازانەی بیرمەندەکان ئاڵۆزی سروشت وئەرکی ڕەخنە دەخاتە ڕوو . وەکو ڕاستیەك دەتوانین دان بەوەدا بنێین، کە بۆچون وڕایەکان دەربارەی ڕەخنە لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ ودەتوانین تیورەکانی ڕەخنە هەژمار بکەین بە ژمارەی ڕەخنەگران چونکە ڕایەکان دەربارەی ڕەخنە ڕادەوەستێتە سەر ژمارەیەك فاکتەر ،کە یەکەمیان بەندە بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ڕەخنەگر وحەزو لایەنگری ڕەخنەگرەکەوە . لە ڕاستیدا ڕەخنە ڕاستەوخۆ بەندە بە ئارەزووە فیکری وفەلسەفیەکان ودیدی ڕەخنەگرەکەوە ، هەر وەکو ئەم هەمو حەزو مەیل وبیرو بۆچونانە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ ،ئەمیش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی تیورییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی . کاتێ ڕەخنەگر لەدیدی لایەنگیری ڕەوشت وئاینەوە دەروانێتە ئەدەب ، دەبینین کە ئەرکی ڕەخنە دەبێتە شیکردنەوەی ئەوەی تا چەند ئەو کارە پابەندە بە ڕێنمایی ڕەوشت وگرنگی بەها ئەدەبیەکانەوە . بە پێچەوانەوە،ئەوەی کە لایەنگیری لایەنی ئیستاتیکای کارە هونەری وئەدەبیەکان

دەکات، کاری سەرەکی ڕەخنە دەبینێ، کە شیکردنەوە وهەڵسەنگاندنی لایەنی ئیستاتیکی کاری ئەدەبیە . لەلایەکی دیکەوە دەبینین بە درێژایی مێژودا تیۆری ڕەخنە وتیۆری شیعر نزیك بووە لەیەکەوە وگۆڕانەکانی تیۆرە ڕەخنەییەکان بەند بووە بە گۆڕانی تیۆرە شیعریەکانەوە ، بۆ نمونە: ڕەخنەی نیو کلاسیکی (neo-classical critcism ) لەسەر ئەو قۆناغە ئەدەبییە بنیاتنراوە، وبە هەمان شێوە ڕەخنەی ڕۆمانتیکی ( romantic criticism ) لەسەر دیدو تیۆری ڕۆمانتیکی بۆ ئەدەب بنیاتنراوە . چەسپاندنی بیرۆکەی تاك دەریدەخات بۆچی ڕەخنەی ڕۆمانتیکی ڕووەو سەرنجکاری( impressionistic ) ڕۆیشت .لەهەمان کاتدا دەکرێ بگوترێ کەتیوریە ڕەخنەییەکان زۆر لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە ڕۆحی چەرخەکە ( age ) واتە ئەو ژینگە فکری وڕەوشتیەی، کە ڕەخنەگر تێیدا دەژێ وگەشەدەکات . بۆیە دەبینین لە چەرخی نۆیدا ( modern ) ئەو پێشکەوتنە پێشبینی نەکراوە لە زانستە کۆمەڵایەتی وڕەوشتیەکان دەبینرێ، وەکو زانستی دەروونناسی ( psychology ) وکۆمەڵایەتی و ئەنپروبولوجیا و...هتد، هەروەها چەندەها دیدی ڕەخنەیی نوێ دروستبوو، وەکو ڕەخنەی سایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتی وچەندەهای تر . بۆ نموونە بیرۆکەی مارکسیسزم ڕێگە خۆشکەربو بۆ دروستبونی ڕەخنەی مارکسی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەروەها وجودییەت ، ڕەخنەی وجودی هینایە کایەوە ...

بەهەر حاڵ بواری ڕەخنەسازی زیاد لەفرەوانبوندایە وتائێستا جیاوازیەکی دیار لە بۆچونەکاندا بەدی دەکرێ دەربارەی ئەرك وسروشتی ڕەخنەی ئەدەبی .

ئەرکی ڕەخنە : با هەمو ئەو جیاوازیانەی نێوان بیر وتیۆر تێروانینەکان بخەینە لاوە و وبروانینە ئەرکی ڕەخنەسازی بزانین چیە؟ بێگومان ڕەخنەی ئەدەبی بەکارهێنانی توانای ئەقڵە لەسەر کارێکی ئەدەبی کە بریتیە لە پرسیارکردن و وەلأمدانەوەی پرسیاری لۆجیکی وعەقلانی دەربارەی ئەدەب .ئەم جۆرە پرسیارە دەکرێ یەکەم ئاراستەی ئەدەب بکرێ بەشێوەیەکی گشتی بۆ تێگەشتنێکی شیاو لە ئەدەبدا .

ئەم شێوە هە لۆێستەکردنە وتێرامانە لە ئەدەب توانای ئەوەمان پێدەبەخشێ کە چێژێکی تەواوی لێوەرگرین . بەم شێوەیە تیوری ئەدەب بنیاتدەنرێ وپرۆسەی (دروستبون ) داهێنانی کاری ئەدەبی شیدەکرێتەوە وئاسان دەکرێبۆ تێگەیشتنێکی چاکتر لە ئەدەب .

یان دەکرێ ئەو پرسیارە ئاراستەی کارە ئەدەبیەکان بکرێ وتایبەتمەندیە





دیاروتایبەتەکانی شیبکرێتەوە وبابەت وناوەرۆکو شێوەی دەربڕین وتەکنیك وزمانی کارێکی ئەدەبی بخرێتە ژێر تەلەسکۆبی لێکۆڵینەوە ودراسەتەوە وبەم شێوەیە دەتوانین بەها ئەدەبیەکانی کارەکە هەڵسەنگێنین"

وە لەهەمان کاتدا دەکرێت چەند بنەمایەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت کە دەتوانین لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی کاری ئەدەبی هاوشێوە سوودی لێوەربگرێت وبەکار بهێنرێت کە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆئەوەی باشتر بەها ئەدەبیەکانی کارەکە دەستنیشان بکا وکاری نوسەریش ئاسانتر بکات .

کاری ڕەخنە تەنها دەستنیشانکردنی هەڵەی کاری ئەدەبی نییە وەکو مرۆڤی سادە لێیدەکات ،نەخێر ئەرکی ڕەخنە نەپیاهەڵدانی ناشیاو ونەهەڵماڵینی کەم وکوری کارێکی دیاریکراوی ئەدەبیە نەمدحکردنی نوسەرێکە لایەنگیری بی .

لە ڕاستیدا ڕەخنە ئەو کارە زانستیەیە کەکار دەکا بۆ دروستکردن ودەربڕینی بریارێکی ڕاست دەربارەی بەهاو لایەنە باشەکانی کارە ئەدەبیەکان .دەبێ بگوترێ کە تەنها لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبی شیاو وراستەوە دەکرێت تێگەیشتنی روون هەڵسەنگاندنێکی ژیرانە دەستەبەر بکرێت . M .schrieber . S دەڵێ " کاری ڕەخنەی ئەدەبی لەسەرەتاوە ئەوەیە ، کە کاری ئەدەبی باش وخراپ لێك جودا بکاتەوە وئەم کارەش یارمەتیمان دەدات دەستنیشانی بەهای تەواوی تایبەتمەندێتی کاری ئەدەبی بکەین کاتێ بەسەرماندا تێدەپەڕێ،وەبەم شێوەیە دنیای گەورەی چێژو ئەزمون وخەیاڵ ویستمان بۆ والأ دەکاتەوە کەچاوەڕوانی لێکۆڵینەوەن کە بەبێ یارمەتی ڕەخنەگرێکی لێهاتو ئێمە ناتوانین بە خۆمان بیدۆزینەوە .ڕەخنەگر سوود لە جۆرەها ڕێگە وەردەگرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی کە خۆی لە دیاریکردنی بنەما سەرەکی وگشتیەکان لە لایەك وشیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی دێر بە دێر و ووشە بە ووشەی هۆنراوەیەکی کورت لەلایەکی ترەوە دەبینێتەوە ، بەڵام هەمیشە یەك مەبەستی هەیە ئەویش بریتیە لە بەخێراکردن وصەقڵکردنی رادەی تێگەیشتنمان –واتە تێگەیشتنی خوێنەر–بۆ ئەوەی بەپێی بەرەوپێشچونی کات ئێمەش بگەینە ئەو رادەیەی چێژ وەرگرتن وتێگەیشتنمان لە باشترین کاری ئەدەبی لەرادەی ئەودا بێت . وەهەر وەکو ( Cecil Day Lewis ) دەیخاتە ڕوو کاری سەرەکی ڕەخنەگر ئاسانکردن وبەرینکردن وقوڵکردنەوەی تێگەیشتنی ئێمەی–خوێنەرە–بەرامبەر شیعر–یان دەکرێت بڵێین بەرامبەر شێوەکانی تری ئەدەب کە هەڵیدەبژێرین بۆ دراسەتکردن



عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

# لەعیشقەوە بەرەو سروشت

# شاملو گەشتیارێکی بێ هاوتای جیهانی فانتازیا

قەسیدەی "عیشقی سەراپایی"ی ئەحمەدی شاملو (١٩٢٥_٢٠٠٠) یەکێکە لەو قەسیدانەی ئەگەرچی بەکۆی گشتی ١٥٠ وشەی تەواوی تێنەپەڕاندووە، بەڵام هەڵوەستەیەکی زۆر هەڵدەگرێت، نەك لەبەر ئەوەی کە شیعری یەکێکە لەشاعیرانی کاروانی تازەگەری فارسیو خاوەن پایەیەکی تایبەتە لەناوەندی ئەدەبی جیهانیو ڕۆژهەڵات، بەڵکو ئەم قەسیدەیە گەر بەهەر زمانێك بنووسرایە هیچی لەبەها هونەریەکەی کەمتر نەدەبووەوە، چونکە بەر لەوەی بەزمانی نەتەوەیەك بنووسرێت، بەزمانێکی عاشقانەی تەڕو پاراو نوسراوە.

فانتازیا ئەو جیهانە ئەفسونامێزو نەبینراوەی کە سەرەتا شاعیر هەستی پێدەکات، پاشان هەڵقەبەهەڵقە دەیشکێنێتو ڕۆدەچێتە ناواخنی، بەڵام کەمن ئەو شاعیرانەی بەختەوەرن بەوەی دەگەنە کرۆکی ئەو فەزایەو هەستپێکردنەکانو خەیاڵاتی پێشبینی نەکراو وەك خۆی وەربگێڕنە سەر زمانی حەرف. شاعیریەت هەر ئەوەندە نیە چیو چۆن بنووسین، بەڵکو دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین هەموو ئامانەتەکانی دونیای فەنتازیا وەك خۆی بگوازینەوە تا






لەرێیەوە ئامانجێك لەواقیعدا بپێکین، بەومەرجەی کە نەشوێن تەنگی پێ هەڵچنیو نەزەمەن تووشی داخوڕان و کلۆربوونی بکات.

شاملو لەقەسیدەی عیشقی سەراپاییدا کۆمەڵە نهێنیەك دەردەخات بەبێ ئەوەی هیچ روخسارێکی ئەو نهێنییانە ئاشکرابکاتو دۆزینەوەکانی بۆخوێنەر جێهێشتووە، واتە هونەر لێرەدا ئەوەیە کە نهێنییەکان دەدۆزێتەوەو گەمەی ئافەریدەییان لەگەڵدا دەکات، بەڵام هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات ئاشکرایان بکات، چونکە ئاشکراکردنی ئەو مەبەستانە دەرچوونە لەجیهانی فەنتازیاوە بە ئەندازەی تێکشکاندنو خاراشکردن، کە ئەمەش لەسیستمی سروشتی داهێناندا لادانە بەوەی ئەمانەتی هەستیمان نەپاراستو قودسیەتی شیعرمان پێشێلکرد.

ئەمرۆ هەموو کەرەستەکان، هەموو پێوەرەکان، هەموو مۆدیلەکان کۆکن لەسەر بچووککردنەوە یان بچووك بوونەوەی جیهان لەبۆتەی داهێنانەکاندا. هەرچی شاملووە هاوکێشەکەی بە پێچەوانەوە دارشتوەو ئەو دەیەوێت شیعر هێندە گەورە بێتو هێندە فەزایەکی بەرفراوانی هەبێت هەموو جیهان بەو هەموو گەورەییەوە لەناو ڕەحمی حەرفەکانی شیعردا بێ ئەرك جێی بۆ بکاتەوە، هەر بۆیە حەرفەکان پێمان دەڵێن ئەفراندنو خوڵقاندن بەردەوامەو هەرگیز نە دەگاتە خاڵی کۆتاییو نە لەشوێنو کاتێکی دیاریکراودا دەق دەگرێت.

لە بەشێکی تری شیعرەکەدا شاملو وەك عاشقێکی بەئەمەك هەڵسوکەوت دەکاتو لە هەر ڕەفتارو ئاکارێکی پلاندارشتنو گەڕان بەدوای مواسەفاتو پێوەری خەیاڵرەویی خۆی بەدوور رادەگرێتو جۆرە جوانییەك بەعیشق دەدات کە هیچ پەیوەندییەکی بەرەوشە نائاساییەکانی ژیانەوە نەبێت، یان بەو واتایەی عاشقی ڕاستەقینە لەلای شاملو ئەو عاشقە نییە کە بە دوای خاڵە لاوازەکانی بەرانبەردا بگەڕێت بەو مەبەستەی لەدرزێکەوە خۆی بخزێنێتە ناو دڵی ئەڤیندارەکەیەوە.. کە ئەمرۆ بۆتە مۆدیلێکو جگە لەوەی کەسەراپا ژیانی مرۆڤە لاوازەکانی گرتۆتەوە لەناو شیعری زۆربەی شاعیانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، هەرچی شاملوە داوای ڕووبەڕووبونەوەیەکی سروشتیو ڕاستەقینەمان لێدەکات بەوەی تەنها ڕێگایەکە کە قودسیەتو جوانیەکانی عیشقمان بۆ و پێ دەپارێزێت

لەیەک کاتدا، هەر بۆیە لەو بەشەی قەسیدەکەدا زۆر بەراشکاوانەو بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە بەمشێوە دەست پێدەکات.

لە قۆناغی یەکەم و لەسەرەتای زارترووکانیدا دەڵێت (ناوت) وەک ئاساییترین ئامرازی ناسین، پاشان دەڵێت (دەستت)و دەستگرتنیش لەجیهانی عیشقدا دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان دوو خودەو مێژووی هەموو ئەفسانەکانی دونیاو شاعیرانو جیهانی جوانیی شایەتحاڵی یەکەمو دواینی ئەم مەبەستەن، ئەوجا داوای گوزارشتکردنو دەربڕینی لێدەکات بەمەبەستی کردنەوەی دەروازەی دڵو گەیشتن بە جیهانی فەنتازیای خۆشەویستیو دواجار وشەی (دڵت) وەک جیهانێك نەخشەی خۆشەویستی لەسەریدا رەنگرێژ بکات.

مەسەلەی ئاوێتەکردن (ادماج) دووەمین قۆناغی خۆشەویستییە لەم قەسیدەیەی شاملودا، گەیشتن بەوردەکارییە ریشەییەکانی مەعشوق وەک مرۆڤێكو لەدواییدا تێکەڵبوونی هەردوو لێو لە فەنتازیایەکی شیعری دوور لەخەیاڵاتی پەمەڕەنگی سێکسیو یەکانگیری هەردوو لێو بۆ گوزارشتکردن لەخەلەجاتەکانی یەکدەنگیی دڵ .. کە ئەمەشیان جۆرێکە لەسۆفیگەری شاعیرانەی ئەو جیهانە رۆمانسیەی کە بەدەگمەن کەسان پێی دەگەنو دەگمەنتریش بەری تەڕو تازەی جوانکاریەکانی بەئەندازەی شیعر دەڕننەوە. لەبەشێکی تری قەسیدەکەدا شاملو دێتە سەر تراژیدیای عیشق کە بەدەر لەهەر شاعیرێکی تر نەچۆتە سەر ستایلەکانی هەڵکرووزانو خۆ بەکەمزانین لەئاستی ئەو پرۆسە هەستییە بێ هاوتایەداو هەڵەی بەتاونبارکردنو زاڵمکردنی مەعشووقەکەی وەک شاعیرانی پێش خۆی دووبارە نەکردۆتەوە، ئەو عەشقی سەردەمەکەی بە مومیایەك وەسفکردوەو بەسەر هەموو ئەو هێڵانەدا چۆتەوە کە سنوری تەوتەمیو حەرامکراوی دەستکردن لەبوونی ئەو مرۆیانەی بۆ بەرژەوەندی دیار داینانو ئەوانی تری کە بۆ پەرژەوەندی خەیاڵیو نادیار پیادەی دەکەن، هەر لێرەوە دوو تەڵبەندی قورسی زاتیو واتایی پچڕاندوە بەوەی کەس بۆی نییە لەرۆشناییدا بگری، بەڵام شاملوو مەعشوقەکەی تا ئاستی قەناعەت پێکەوە گریاونو لەبەرانبەریشدا مرۆڤە بێ باکەکان هیچ گوێیان لەئازارەکانیان نەگرتوون تا لاتەریك کەوتوونو لەئاکامدا هەر لەناو بۆتەی عیشقێکدا گەیشتونەتە سنوورەکانی





توانەوە، لەبەرانبەردا بۆ بەدەستەوەدانی هاوسەنگیەکو دربازبوون لەنائومێدی شاعیر باس لەگۆرانی وتن دەکات، ئاخۆ دەبێت ئەمجۆری گۆرانی وتنە چۆن بێتو بۆ ؟! تۆبڵێی ئەم گۆرانییەی کە شاملو باسی دەکات هەر ئەو گۆرانییە سادەو ساکارانە بن کە گوێی مرۆڤ پڕ دەکەن لەمۆرانەی زەوقێکی کاتیو تا هەتایە لەو خەونە قێزەونەوە راینەچڵەکێن؟.. بێگومان شاملۆ لێرەوە "رۆحی هارمۆنیای بیتهۆڤنو موزیك خۆراکی روحە"کەی ئەفلاتۆنی تێکەڵ ئەو تەلیسمە ناواخنیە کردووە کە هەستی مرۆ لەناوەوە دەخرۆشێنێو بەرەو ئارامیەکی ئەزەلی دەبات، هەر بۆیە هەردوو پێکەوە لەگۆڕستانا گۆرانییان چڕیوە بەوەی مردووەکان لەم زەمەنەدا بەهۆی دوور کەوتنەوەیان لە خۆشەویستەکانیانەوە زیاتر لەزیندووەکان باربووی خۆشەویستین، جا ئەوەتا پێمان دەڵێت گەر مرۆڤ عەشق نەزانێتو عاشق نەبێتو ئازاری سەختی عەشق سەراپا ژیانی داگیرنەکات، بەچەند چینێکیش لەخواری ئەو مردووانەوەیە کە لەگۆڕستانەکاندا نوستوون.

زەمەن رۆڵی تەواوی لەبەرهەمی هەموو داهێنەرێکدا گێڕاوە لەجیهاندا، هەر بۆیە شاعیر لەبەشێکی تری قەسیدەکەیدا نۆرماڵیانە عیشق تێکەڵ بەزەمەن دەکاتو جورئەتێکی عاشقانە لەبوونی خوێنەرەکانیدا جێدەهێڵێت، شاملو دان بەوەدادەنێت مرۆ چ ئاسایی بێت یان عاشق هەرگیز لەزەمەن ناباتەوەو لەسەرەتادا نائومێدیەك لەپشتی پەردەدا وێنادەکات، بەڵام دوایی تەواوی بڕوامان پێ دەهێنێت کە جورئەتی مرۆڤ لەهاوسەنگکردنی کاتە نەك تێکدانی شیرازە بە گەڕان بەدوای ویستو خواستە خودییەکانو پێمان دەڵێت ئێمەی مرۆڤ وەك لە زەمەن نابەینەوە نابێت تەسلیم بین، چونکە گرەوکردن لەگەڵ زەمەندا دۆڕاندنە، پشتگوێخستنو بێهوودە بوونیش لەئاستیدا هەر دۆڕاندنە، جا باشتر وایە لە شتەکان گەڕێین بەسروشتی خۆیان رێچکە بگرنو وەك هەر مەسەلەیەکی ئاسایی ژیان دۆخی خۆیان پیادە بکەن.

دواجار شاملو دەمانباتە ئەو باوەڕەی کە دۆزینەوە هیچ پەیوەندییەکی بەداناییو ئازایەتیەوە نیە وەك مرۆڤە ئاساییەکان بۆی دەڕوانن، بەڵکو فاکتەری بنەڕەتیو تەواوی دۆزینەوەکان بەتایبەت لە عیشقدا هاوتا بوونی دوو جەمسەرە لەیەك ئامانجدا، هاودەنگی دوودڵە لەئەکسیری

یەك رۆحدا.. توانەوەی دوو رۆحە لەكۆتاییەكانی یەك مەبەستدا. دواجار عیشق بەردەوامیە.. وەك چوار وەرزەی ساڵو شەوو رۆژو چەندین شتی تر كە لەگەردووندا هەن جێگۆڕكێ دەكەن بەوەی تەواوكەری یەكترن، نەك لەناودەری یەكتر، هەر بۆیە فریا نەكەوتنەكە دەخاتە ئەستۆیو بەوەی گوناهێكی گەورەی دەرهەق بەزەمەنیش ئەنجامداوە، بەپێچەوانەی ئەوشاعیرە دەقگیرانەی نەیانتوانیوە كۆتو بەندی گازندەكانیان بەدەست زەمەنەوە بشكێننو رچەیەكی تازە بە شیعرو ژیان ببەخشن.

ئامانج لەم قەسیدەیە بەگشتی ئازادكردنی عیشقە لە پەنابەریو رووكردنە جادووگەریو دۆشدامان لەبەردەم چارەنووسدا ، لێرەدا هێندەی ئازادی بەعاشق داوە تا لە هەموو كۆتو بەندی دیلیو دەستەمۆییەوە رزگاری بكات، ئەو وەك شاعیرانی تر لەستایلی ژانو ئازارەوە نەچۆتە ناوعیشق، كە زیاتر باس لەحاڵەتەكان دەكەن وەك لەخودی عیشق، بەڵكو ئەو لەرێگەیەكەوە گەیشتۆتە ئەو جیهانەی كە دەگمەن كەسانێك هەن شارەزای ئەو دەروازانە بنو رەنگە زۆریشیان نەیوێرابێت خۆی لەتخووبەكانی ئەو جیهانە بدات، لێرەدا وێنایەكی تەواوی خۆشەویستی بۆ داڕشتووینو قاڵبی گیرۆدەبوونو سووتانو هەڵكڕوزانی دەقبەستووی شكاندوەو زۆر بە ئەمانەتەوە مامەڵەی فانتازیانەی لەگەڵ هەردوو جیهانی شیعرو عەشقدا بەتێكراپی كردووە.

دواجار دەكرێت باوەڕی تەواومان هەبێت بەوەی شاملو ئەم قەسیدەیەی بەزمانی عاشق، بەزمانی مرۆڤ .. كە هەموو زمانەكانی جیهان دەگرێتەوە .. بێ گوێدانە شوێنو زەمەن داڕشتووە.

## خۆشەویستی سەراپایی

**فرمێسک نهێنییە!**
**بزە نهێنییە!**
**خۆشەویستی نهێنییە!**
**فرمێسكەكانی ئەو شەوە..**
**بزەی خۆشەویستی بوون.**
**من چیرۆكێک نیم بمگێڕیتەوە**
**لەرینەوەی دەنگێک نیم .. بمبیستی**
**شتێک نیم بمبینی .. یان لێم بگەی،**
**من ئازارێكی هاوبەشم .**
**بانگم بكە .. !!**






**وا درەخت بۆ لێرەوار دەدوێت**
**دەوەن بۆبیابان و**
**ئەستێرە بۆ گەردوون ،**
**منیش بۆ تۆ دەدوێم ...**
**ناوتم پێ بڵێ ..**
**دەستم بەرێ**
**هەرچیت بۆ وتن پێیە .. دڕیببرە!**
**دڵتم بەرێ**
**من ریشەتم هەڵكێشاوەو**
**بە لێوەكانت هەموو لێوەكانم دواند**
**دەستەكانت ئاشنای دەستمن.**
**من لەگەڵتا ...**
**بۆ یادەوەری زیندووەكان**
**لە رۆشنترینی لاتەریكیدا گریام و**
**هەر لەگەڵتا ..**
**لە تاریكترین گۆڕستانا گۆرانیم چڕی .**
**چونكە مردووەكانی ئەمساڵ**
**لە زیندووەكانی عاشقتر بوون .**
**دەستم بەرێ ..**
**ئەو دەسانەت ئاشنان بەمن،**
**ئەی ئەو كەسەی فریا نەكەوتم بۆی**
**بدوێم**
**هێندەی گەواڵە هەورێ بۆ زریان**
**دەدوێ**
**چڵەگیا .. بۆ وێرانە خاك**
**باران بۆ زەریاو فڕندە بۆ بەهار**
**درەخت بۆ جەنگڵ .**
**من ریشەتم دۆزییەوە**
**بەوەی دەنگی من و دەنگی تۆ ...**
**دوو یاوەری دێرینی یەكترن.**



شێركۆ بێ كەس

# لادانی واتایی لە دەقی

# "لەوێ مەمرە جانی جانان"ی شێركۆ بێكەس

ئالان كازم

## لادانی زمانەوانی

لە ناوەندی شەستەكان وبە تایبەت پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی "ڕوانگە"جۆرە ئیشكردنێكی تر هاتە كایەوە،كە بەڕادەیەكی وەها جیاواز جیاواز بوو كاریگەری بەسەر تەواوی ژانەرە ئەدەبێكان وبەتایبەت هۆنراوە دروستكرد،ئەمەش بووە هۆی تێكشكانی كۆمەڵێ یاسای نووسین ونووسینی هۆنراوە بەفۆرمێكی جیاوازتر،وەلێ ناتوانین بڵێین ئەوەی مەحوی و وەفایی وگۆران یاسوارە وزۆرێكی تر تێپەڕاندووە نووسینێكی جیاوازبوو، ئەركێكی تریان بەخشییە ناو وشەكان كەپێێ







دەوترێ"داهێنان لە زماندا"،واتا زمان لەئەركی گەڕانەوەی زمانی خۆكار دوور خستۆتەوە ولەئەركی وێژەیی زمانی وێژەیی بەرجەستەكراوی نزیك دەكاتەوە ،ئەم داهێنانە لای شاعیران كلاسیك بەدی دەكرێت ،"نالی"دەڵێ:

فةرشی كةففی بةر ر بیتة
نةرطس
سةری داخستووة وةك جاوی حةیا

دەبینین كاری سەر داخستنی داوەتە پاڵ نەرگس كە ئەمە یەكێكە لەسیماكانی مرۆڤ بەمەش داهێنانی لە زماندا ئەنجامداوە،یاری كردن بەوشەلە لای شاعیرانی كلاسیك نەبووە هۆی دەرچوون لەفۆرمی كلاسیك ویاساكانی،بەپێچەوانەوە ئەو داهێنانەی كە"نالی"بەرپای كردووە ،هەمان داهێنانی سەعدی وموتەنەبییە، ئەمانە بەدەرچوون نازمیردرێن لە یاساكانی كلاسیزم ،لە دێڕێكیتردا "نالی"دەڵێ:

ضاوی من دةم دةم دةرِیذی ئاوی
ساف وخوینی طةش
تابلَیی دةریای عومانة دوورِ

ومةرجانی هةیة.

كەچی بۆدلێر ئەم داهێنانەی لە زماندا كەزۆر كەس بە لادانی زمانەوانی ناوی دەبات،زۆر جوان بەكاری هێناوە لە دروستكردنی وێنەی هونەریدا،بۆیە نازناوی دامەزرێنەری وێنەی هونەری لەڕۆژئاوادا پێبەخشرا ،لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت لادانی زمانەوانی چەند كاریگەری هەیە لەدروستكردنی وێنەی هونەری ،كەجاری واهەیە یەك وێنە چەندین خوێندنەوەی بۆ دەكرێت ،كەچی هێشتا مانای نەداوە بەدەستەوە ،ئەوەتا "ڕۆبێرت ئەندۆز"دەڵێت"ڕاست نییە كە وێنەكۆڵەكەی هۆنراوەیە بەڵكو جەوهەر وكیان لاشەی هۆنراوەیە"،وێنەی هونەری یاخود وێنەی شیعری لە كۆندا لەڕێگای یاساكانی ڕەوانبێژییەوە بەكار دەهێنرا ،لەمەڕ شێخی شاعیرانی لای خۆمان "مەحوی"دبێژێت:

بةثیر ئةو ماهةوة ضووم
وبةسةرضووم
ثةریبوو شةوبوو ئةونةبوو
بةسةرضووم.

لـــەم دیـــرە کەلـــەرێگای هونـــەری ڕەوانبێژییـەوە دروسـتکراوە ،مەزنییـەکی وای بەدەقـەکانی گەیانـدووە ،کەهـەمان وشە بۆ چەند واتایەك بەکاربێنێ.

"لـیچ"لەسـاڵی ١٩٦٩ڕێبـازێکی تایبـەتی ڕۆنانکـاری ولادان خـستەڕوو کەئـەویش لادانـەکانی واتـای ولیکسیکی وفۆنۆلـۆژی وسینتاکسی و....هتد

ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیـەدا لادانـی واتـای بـەکاردێنین،لادانی واتـاییش لـە پێکـەوە هـاتنی لیکـسیکەکان دیـاری دەکرێت،یـا لادان لـەو سیماواتاییانەی کـەزاڵن بەسـەر بەکارهێنانی لکسیك لـەزمانی خۆکاردەوە ،واتە ئەرکی گەڕاندنەوەی زمان یان لادانی واتـایی پێـچەوانە دەگـەێنێت ،"کـۆرش سـەفەوی"نـەبوونی ئـەو دوو پەیوەندییـە بەکۆسپ دادەنێت لـە هەڵبـژاردن ولێکـدان ،کەسۆســــێر بەهاونـــــشین ناویـــــان دەبات،هـەروەها لادانـی واتـایی دابـەش دەکات بەگوێرەی هەڵبژاردن بـۆ لێکچوون وخـوازە ،لادانـی واتـایی لێڵـی بـەگوێرەی پارادۆکس دەبێت،

بــــەلام د.عەبدوالواحیـــد لـــەرێگای سەرچـــاوەکانی هاریکــــاری نێــــوان قـسەکەروگوێگر لادان دابـەش دەکـات بـۆ چـــوار جـــۆر (چـــەندێتی، چـــۆنێتی، گونجانـــدن، شـــێوان) هروەهـــا "فـــەرزان ســـەجودی" بەشـێوەیەك لادانـی واتـایی بـــەیان دەکـــات ،کەدەچـــێتەوە ســـەر واتاسـازی بـە ئاگـابوون لـە یاسـاکانی بەیەکـــەوە هـــاتنی لیکـــسیك تـــوانێتی بەشـێوەیەکی گـشتی تـەواوبکات بـەم شێوەیە:

لادانی واتایی :

بەرجەسـتەکردن_ پێـدانی سیمای واتـای بەرجەستە بەئەبستراك

بەزیندووکردن _ پێدانی سیمای زیندەوەر بەو ماددانەی کە نازیندەوەرن

بـەڕووەککردن_ پێـدانی سـیمای ڕووەکـە بەو ماددانەی کە ناڕووەکین

بەگیاندارکردن_ پێدانی سیمای گیانـدارە بەو ماددانەی ناگیاندارن

بـەمرۆڤکردن_ پێـدانی سـیمای مرۆڤـە بەشتە نامرۆڤەکان

بـەئاژەڵکردن_ پێـدانی سـیمای ئاژەڵـە بەشتەکان







بـەڕەوانکردن _ پێـدانی سـیمای واتـای لەگەڵ ڕەوان بەو شتانەی کەسیمای واتای ڕەوانیان هەیە.

بەتەنکردن:هەر کاتێك وشـەیەك بەسـیمای – تەن لەشوێنی وشەیەك دابنرێت کـە لـە بـەکارهێنانی گەڕانەوەیـدا سـیمای لەگـەڵ تەن ی هەیە ئەوا بەتەنکردن ڕوویداوە.

ئەبـستراکتکردن:پێـدانی سـیمای واتـای لەگـەڵ ئەبـستراکت بــە وشــەیەك کــە لەسیـستەمی واتـایی زمـان لـە ئـەرکی گەڕانەوەیـدا سـیمای واتـایی بەرهەسـتی هەیە.

لـە دەقـی"لـەویٚ مـەمرە جـانی جانـان" شیرکۆ بێکەس شاعیری هەرە مەزنی کورد لادانی زمانەوانی بەدی دەکرێت،

لادانی بەگیاندار کردن لـەم دەقـە هـاتووە بڕوانە:

*نەبای ئەویٚ تۆ ئەناسیٚ (د٢)

*نەئاوی ئەویش ئەزانیٚ تـۆ لـەکام بـەفری شاخانی (د٤ و٥)

*ئاگر بانگی ئەکردین (د٨٥)

*مێخەکبەنـــدە شـــەرمنەکە---------

تێکەڵ بە هەناسەم ئەکا(د١١٤_١١٨)

*دەستی مەرگەسات شێلاوێتی (د١٣٩)

*زریکەی بەردەکان (د٤٠١)

ئەگەر تماشای دێرەکانی خوارەوە بکـەین دەبینین سـیفەتەکانی زینـدەوەر دراوەتـە پـاڵ هـەر یـەك لـەم نموونانـە لادانـی زینـدەوەر کـردن بـەکار هاتووە،دووجـار سیفەتی زیندەوەر دراوەتە پـاڵ مادەکـان بڕوانە:

*شۆڕەبییەکان یەکەیەکە

شـــەپۆلێکی ویلـــدە تـــوش بێتـــەوە (د٩٥_٩٨)

*چـــیخی ســـەربان ئەمێـــستاکە زۆر پیربووە(د١٠٩)

لادانـــی ئەبـــستراکت لـــەم دەقـــە دەبینرێت،ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی شتە ماتریالیـەکان دەبـن بەشـتێکی نامـەتریال ،ئەمـــەش تـــەنها یـــەکجار بـــەکارهاتووە بڕوانە:

*تـۆ تـەنیایت هـەر لەتـەنیایی خـوای ئێرە.(د ١٩)

لادانـــەکانی بـــەمرۆڤکردنیش هـــاتووە، سـیفەتەکانی مـرۆڤ دراوەتـە پـاڵ ئـەم کۆمەڵە ماددەیەبڕوانە:

*باران لەسەر دەفتەری
لاواندنەوەی بۆ وەرینی دەست ....
بەستەکانی خاك ئەنووسیٚ.(د٣٦_٣٨)
*پاییز بەدەم هەنیسکەکانی کزەبا(د٤٦)
*کراسێکی کۆنی پاییز (د٧٣)
*شۆڕەبییەکی پیرێژن (د١١٩)
لادانی بە ئاژەڵکردنیش هاتووە،بەهۆی دانەپاڵی سیفەتی ئاژەڵ بە مادەکان،بڕوانە:
*باڵنە دوورەکەی ڕوحی تۆیە (د١٠٠)
*دوو باڵی تەڕی گریان و....
لەنگەر ئەگریٚ (د٨٩_٩٢)
لادانی بەتەنکردن بەڕێژەیەکی زۆر هاتووە،کە سیفەتە مادییەکان دراوەتە پاڵ نامادییەکان ،بڕوانە:
*دەست ئەگریٚ بە کزەی عومرەوە.(د١٢٤)
*ماڵە کۆنەکەی خەون.(د١٣١)
*هەڵمی گۆرانی.(د١٤٨)
*دڵۆپەکانی تەماشا.(د١٤٥).
*مەراقی تۆیش
*باوەشی تینوی پیا دەکرد.(د٥٦_٥٧)
*لە ناو دەنگتا گڕی ئەدا.(د٨٣)
*نەغمەی ڕەش وسپیدا.(د٨٩).

هەر لەم دەقەی شێرکۆ دا جگە لە لادنی یەك واتایی ،هەمان شت دوو لادانی واتایش بەدی دەکرێت ،وەك لێرەدا دەڵێت:

پاییز
بەدەم هەنیسکەکانی کزەبا و
دڵۆپی ساردەوە ئەهات
قژ زەرد کەفتی و ڕوومەتی سوور
خاتوونیٚ بوو لە دار ژاڵە و جوانە ژنیٚ بوو
لە ڕووبار .

ژێدەر:

*شێرکۆ بێکەس، دیوانی "زیٚ وژنە"، چابخانەی ڕەنج ٢٠٠٨
*دیوانی مەحوی.
*فەرهەنگی شاعیران"نالی –سالم–کوردی"دەزگای ئاراس ٢٠٠٩
*لادانی زمانەوانی لای سیٚ شاعیری نوێخوازی کورد،موکریان٢٠٠٩
*هاوژین سلێوە،بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس،٢٠٠٩.

*تێبینی:پیتی(د)ئاماژەیە بۆ دێڕ.

# بەختەوەری لە دیدی ناودارانەوە

ئا: شنۆ ئیسماعیل



مەکسیم گۆرگی



ئاجاسا کریستی



ڤۆلتێر

هەر یەك لە ئێمە جۆرە لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەیە بۆ بەختەوەری، ناودارانیش هەروا. زۆر جاران وا ڕێکەوتوە، پەندێکی پێشینان یا قسەیەکی نەستەق، یاخود وتەیەکی ناودارێك بووە بە هەوێنی بابەتێکی ئەدەبی و هونەری، وەك (نەخشاندنی تابلۆیەك یان نووسینی ڕۆمانێ یا چیرۆك....تاد) ، یاخود دەوڵەمەند کردنی بابەتێکی ئەدەبی ، ئەمە چەند وتەیەکی هەندێ لەناودارانی جیهانن کە تایبەتن بە بەختەوەری و ئامادەم کردووە، بەو هیوایەی سوودمەند بێ بۆ هەموولایەك. ....

– بەڕای من کلیلی بەختەوەری ، ڕاستگۆییە لە کارکردن وئامانج وبیرکردنەوەدا {ئیتێرمارد}





– هونەری هاوڕێ گرتن لە نهێنیەکانی بەختەوەرییە. {مەك گۆریك}

– یەکێك لەهۆکارەکانی بەختەوەر بوون، هەبووتی ئیرادەیەکی پۆلاییینە. {لویس پاستۆر}

– لەسەرەتادا چاك بین، دواتر بەختەوەر دەبین ن پاداشتی بەر لە سەرکەوتن وکرێی بەر لەکارکردن مەخوازە. {ڕۆسۆ}

– بەختەوەری تەنها یەك پێناسەی هەیە، ئەویش بڕوا کردن بە بەختەوەر بوون. {راشیلی}

– بەختەوەری لە گەروی سێ شتدایە، کارو خۆشەویستی و ئومێد. {ئاجاسا کریستی}

– بەدەست هێنانی ئەوەی ئارەزووی دەکەین، سەرکەوتنە و نەویستی زیاتر لەوەی هەمانە، بەختەوەرییە. {لوس ئای}

-بەو جۆرەی کە گوڵ بۆ پشکوتن پێویستی بە ئاو هەیە، بەختەوەریش بێ خۆشەویستی دروست نابێ. {ماکسیم گۆرکی}

– بەختەوەری واتە کۆششی بێ پسانەوە و دەستە بەر کردنی داخوازی خەڵکی. {ئەلپارسۆن}

– بەختەوەری یان نا بەختەوەری، پەیوەندیەکی نزیکی بەشێوەی بیرکردنەوەی ئێوەوە هەیە. {جیمس ئالن}

– بەختەوەری لەوەدایە، کە سنووری هەموو شتێك بزانین و ڕێزی لێ بگرین. {ڕۆلان}

– بەختەوەری واتە سەرنجدان بەقسەی خەڵکی ترو کێبڕکێ کردن لەگەڵ خۆت. {نیوتن}

– بەختەوەری وەکو تۆپی یاری تۆپێنە، کاتێ لێمان دوورە بەدوایداین وکاتێکیش دەیگەینێ شەقێکی تێهەڵدەدەین.

{شانو بریان}

– بەختەوەری لەوەدایە مرۆڤ بزانێ چی دەوێ وئەوەی ئارەزوویەتی بەدڵ وگیان بیەوێت. {ماریر}

– بەختەوەریی خێزانی درێژخایەنترین وپتەوترین وشیرینترین بەختەوەرییە. {ڤۆلتێر}

– بەختەوەری پاداشتی هەموو ئەو کەسانەیە، کە بەدەم گیرو گرفتەکانیانەوە دەچن. {ڤۆلتێر}

بەختەوەری وەك هەر لایەنێکی تر لە ئەنجامی دوو شتدایە: ڕازی بوون وهەوڵدان. {ڤۆلتێر}

– لە هەموو کەس بەختەوەرتر، ئەو کەسەیە بتوانێ کامەرانی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك بێنێ... {گۆتە}

# ژنێک دەنووسێت، دڵێک دەشکێت

هیندة مردووم
کەئیدی هیض شتیك
مەرطم ناسەلمینی ..................ذنیکی تەنیا

هێرۆکوردە

نوسین بەرلە هەرشتێك قەرەبوو کردنەوەی خودە، تاکی نووسەر بە نووسین قەرەبووی روحی خۆی دەکاتەوە لە هەرشتێك کە لە کات و شوێنێکی ژیانی لێی بێبەش بووە، فرۆید پەنجە ئەخاتە سەر ئەم خاڵەو دەڵێت:نووسەرەکان خاوەنی گرێی دەروونین و هەندێکیان هەستی خۆ بەکەم زانینیان هەیەو ئەمەش هاندەریانە بۆ نووسن و لە نووسیندا بە دوای رێگەیەك دەگەڕێن قەرەبووی خۆیانی پێبکەنەوە لە هەر رووداو شتێك کە بەسەریان هاتووە، هەر ئەم هەستەشە لە لوتکەدا کردەی داهێنان دروست دەکات.

بەرهەمەکانی ژنە شاعیری کۆچکردووی ناوداری ئێرانی فروغی فروخزاد، چەندین خوێندنەوەی بۆکراوەو دەکرێت، چونکە ئەو مرۆڤە خاوەنی دیدو هەست و روحێکی جیاوازبوو وەك خەم و تەنایییەکانی، فروغ مەحکوم بوو بەنوسین،





نووسین بۆ ئەو قەرەبووی زۆر شتی دەکردەوە، فروغ لەچوارچێوەی چەند دیوارێك و هەندێك مرۆڤ دەژیا کە هەناسەیان تەنگ کردبوو و لە بچوکترین ئازادی بێبەشکرابوو، نووسین بەتایبەتی نامە، پیاسە بوو بۆ ئەودیوی حەسار، ئەودیوی چاودێرەکان، دەس بردن بۆ شتەکانی ئەودیوی ماڵ، کاتێك فەروغ لەتەمەنێکی بچووکدا دەکەوێتە داواوی خۆشەویستییەوە ئیدی نووسین وەك رێگا و پرد سەیردەکات بۆ گەیشتن بە پەروێزی دڵداری، جا لەبەر ئەوەی دەرچوون و یەکتر بینینیان کەم بوو دەبوو فروغ شەر بکات و بپارێتەوە لە پێناو چوونی بۆ ماڵی پەروێزشاپوور، نووسین لای فروغ بووە پێویستییەك بۆ هەناسەدان، بەر لە چونە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ پەروێز شاپوور نووسین بۆ ئەوان ژوانگەو هەناسە تێکەڵکردن بوو هەروەها لە نووسیندا باشتر دەیانتوانی لە دید و بۆچوونی یەکی سەبارەت بە ئایندەی خۆیان قسەبکەن و تێبگەن و بڕیاربدەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی قەدەری فروغ نووسین بوو، نووسینەوەی تەنیاییەکانی دوای هاوسەرگیریش بە هۆی کارکردنەوە هاوسەرەکەی زۆر سەفەری دەکرد و زۆریش دەمایەوە، بۆیە فروغ ناچار بوو دیسان بنوسێت و لە وشەدا رێگاکانی نێوان دڵی خۆی و پەروێز نزیك بکاتەوەو قەرەبووی خۆی بکاتەوە، فروغ ژنێك بوو لە دڵ، ئەوەندە لە ژێر کاریگەری دڵیدا بوو کە بەردەوام ژانی دڵ دەیشکاند، لەتەمەنێکی کەم کەوتە داوی خۆشەویستییەوەو دواجار لەتەمەنی حەڤدە ساڵی شوویکرد، هەروەك خۆی دەڵێت: گوناهی من ئەوە بوو زوو زوو کەوتمە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

خۆشەویستی فروغ بۆ پەروێز شتێك بوو لە فانتازیا، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە فروغ دوای جیابوونەوەش تا دواچرکەی هەناسەدانیش هەر عاشقی پەروێز بوو،وەك دەبینین لەم نامەیە دەنووسێت:راستە بە رووکەش ئیدی من ژنی تۆنیم، وەڵێ تۆ دەزانیت و خودایش دەزانێت کە هێشتا هەر موڵکی تۆم و سەرتاپای وجودم هی تۆیە. بەڵام دیسان ئەم عەشقەش بۆ قەرەبوو کردنەوەی خود بوو، فروغ لەنامەکانیدا بۆ پەروێز زۆر ستایشی پەروێز دەکات کە ئەوەندە پشتگیری دەکات و بەردەوام لەگەڵیایەتی و لە مرۆڤەکانی دیکەی دەوروبەری فروغ جوداوازەو لێی تێدەگات، ئەمەش خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە فروغ لە پەروێزدا ئەو ئازادی و سۆزەی دەدۆزیەوە کە لێی بێبەش بوو بۆیە بەروح پەروێزی گرتبوو

دڵنیابوو لە پەرۆیزدا شتەکان و شارو ژیانیش بەجۆرێکی جوانترە، یانی عەشقی فروغ بۆ پەرۆیز بەشێکی ترس بوو لە ماڵە باب و زیندانەکەیان و تاکە ریگای ئازادی و ئاسودەیی بوو بۆ فروغ، بەشەکەی دیکەی عەشق بو بە واتا باوەکەی. فروغ دەینوسی چونکە دەیزانی جگە لەپەرۆیز کەسێکی دی لیی تێناگات، دەینووسی چونکە بەردەوام تەنیابوو، هەردەم پەرۆیزی دەویست و پەرۆێزیش دووربوو، جگە لەو ناکۆکیانەی کە لەنێوانیان هەبوو، فروغ ژنێکی تەنیا و دڵشکاو بوو، پەرۆێزیش نەیدەتوانی قەرەبووی هەمووشتێك بۆ فروغ بکاتەوە بگرە دڵیشی دەشکاند و ناچاری دەکرد فەرمانەکانی جێبەجێ بکات هەرچەندە زۆریشی خۆشدەویست و هەردەم پشتگیری لیی دەکرد، هەروەك و پورانی خوشکی فروغ دەڵێت کە کێشەی نێوان فروغ و پەرۆیز جیاوازی زۆری تەمەن بوو، هەروەها فروغ ژنێکی هەستیارو پڕ خەیاڵبوو، لەکاتی کاری ماڵ و جل ئوتوکردن خەیال دەیبرد، فروغ خۆشی لە دیدارێکدا باسی ئەوەی کردووە کە لە ئاشبەزخانەو لەسەر مەکینەی دوورمان بیردەکاتەوەو شیعر دەڵێت، هەموو ئەمانە وایانکرد فروغ نەتوانێت ژنێکی تەقلیدی

بێت، بەڵکو ژنێکی روحی بوو کە لەگەڵ ئەوژیانە تەقلیدیەدا نەدەگونجا، ئاکام جیابوونەوە روویدا، ئەو دەینووسی و هەستی بە دوورخستنەوە دەکرد، دەیزانی بە دەورووبەرەکەی نامۆیە، فروغ نە لەنووسین و نە لە ژیان و نەلە عەشقیشدا ئاسوودەیی وەچنگ نەکەوت لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە منداڵیەوە کچێکی بوێرو یاخی بوو، چ وەك مرۆڤ چ وەك نوسەرێك، ئەم نامەیەشی بە بەڵگەی قسەکانم دەهێنمەوە:تۆنازانیت من چەندە حەزم بەوەیە بە پێچەوانەی بڕیارو نەریت رێو رەسم و بە پێچەوانەی یاساو بیروباوەری خەلکییەوە رەفتاربکەم، بەڵام کۆمەڵێك کۆت و پێوەند لە پێمدایە رام دەگرێت .................من ئەم ژیانە ماندووکەرو کۆت و بەندەم خۆشناویَ، فروغی فروخزاد بۆ پارەو ناوبانگ نەیدەنووسی بەڵکو چارەیەکی دی نەبوو جگە لە نووسین جگە لە دروستکردنی ژیانێکی شیاوتر لە وشەدا، هەستەوەری فروغ بەرادەیەك بوو کە تێکەڵی هەموو شتێکی سروشت بوو بوو هەروەها سوودی لە هەموو کەرەستەیەکی دەوروبەری وەر دەگرت تاکو دڵنیابێت لێرە لەم شوێنە ژنێك تەنیا نیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەرەقەتی کوتەی دڵ و تەنابیە درێژەکان





نەدەهات، بۆیە تا کۆچیشیکرد ژنێکی تەنیابوو.

فروغ دەینوسی تا لەکەش و هەوای ماڵ دووربکەوێتەوەو لە رێگای نووسینەوە بگاتە خۆشبەختی و جوانی، فروغ دیلی دەستی خێزانەکەی بوو ئەوەتا لەم نامەیەدا سەبارەت بە خێزانەکەی بۆ پەرۆیز دەردە دڵ دەکات و دەنووسێت: (من لەکاتێکدا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم کە دنیایەك خەم و خەفەت هێرشیان هێناوەتە سەر روحم، من لە دوێنێوە تائێستا فرمێسك دەرێژم و بێجگە لە گریانیش چارەیەکی ترم نیە، ئەگەر بڵێم لە دنیادا خراپترین و بێ رەوشت ترین بنەماڵە بنەماڵەکەی منە درۆم نەکردووە، ئەمانە خۆیان لەوەدا گرتووە کەبارودۆخێکی وابێتە گۆڕێ بتوانن ئامانجە پیسەکانیان بهێننەدی و دووکەس لێکبکەن وبناغەی خۆشبەختیان بروخێنن.............................).

کاتێك کچێکی گەنج و هەست ناسك لە ناو خێزانێکی وەهادا دەژێت بێگومان جگە لە گریان و نووسین و عاشقبوون چارەیەکی دی نیەو نابێت، فروغ خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە بەدوای شتێکەوە وێڵە کە قەرەبووی بکاتەوە بەڵام بێ ئومێدە، بۆیە لەو پەڕی نا ئومێدیدا دەنووسێت:

ئەگەر نەگریامایە دەخنکام، هیچ شتێك قەرەبووی روحم ناکاتەوە، لە دەفرێکی خاڵی دەچم و لە گۆماوەکاندا بە دوای گەوهەردا دەگەرێم، بەهۆی ئەوەی فروغ زوو کەوتە هەوڵی دۆزینەوەی رێگایەك بتوانێت خۆی تێدا خاڵی بکاتەوەو بۆ چەند چرکەیەك روحی لە ئەشکەنجەی کەس و کار دووربخاتەوەو قسەکانی دڵی بکات بۆیە زووش کەوتە ناو دونیای نووسینەوە هەر ئەمەش وایکرد لەتەمەنێکی کەمدا بتوانێت دەستەواژەی جوان و بەهێز بنووسێت و شیعرەکانی سەرنجی زۆرێك لە نوسەرەکانی ئەوکات رابکێشێت و کاریگەری درووست بکات تا ئەمرۆش هەزاران مرۆڤ بخاتە ژێر کاریگەری وشەو شیعرەکانی.لەگەڵ هەموو ئەو ئازارو رێگرییانە فروغ مکور بوو لەسەر ژیانکردن و عاشقبوون کچێکی یاخی بوو، ژنێك بوو پڕ لە ژنێتی، لەگەڵ ئەو بارە نالەبارەو ئەو ژیانە قورسەش توانی ژن بێت، مرۆڤ بێت،بەڵام رۆژ دوای رۆژ زیاتر دڵی لەشتەکان و مرۆڤەکان و ژیان دەشکاو ناچار بوو بەوهەموو شکانەوە دەست بخاتە سەردڵی و بژیت.

لەگەڵ ئەوەی تاکە چارەی ئەوکچە تەنیایە تەنها نوسینی نامە بوو بۆ دڵدا رەکەی لەگەڵ ئەوەشدا خانەوادەکەی

هەوڵیان دەدا ڕێگەی ئەوەشی لێبگرن و ژینگەی نامە نووسینی لێ تێك بدەن، لە یەكێك لەشەوەكاندا كە فروغ خەریكی نووسین و دەردە دڵیكردنە بۆ پەرویز لە پڕ كەس و كاری دێن و چراكەی لێدەسێنن و لە تاریكیدا جێیدەهێڵن، لەگەڵ ئەوەشدا فروغ دەس لە نووسن هەڵناگرێت و لە تاریكیدا درێژە بە نووسن دەدات و روحی لە نووسینەكەی دانابڕێت، ئەوەتا دەنووسێت:هەر ئێستا لەحەوشەكەدا خەریكی پلان گێرانن تاكو چراكەم لێ بسێنن، دەزانی كە ئەم ژوورە دۆڵابی تایبەتی خۆمی تیایە گڵۆپی كارەبایی نیە و ماوەیەكەسووتاوە،منیش هەموو شەوێ نزیكەی نیو كاتژمێریك سوود لە چرای نەوتی وەردەگرم .............. پەرویز ڕەخنەم لێدەگرن كە بۆچی هەموو ڕۆژ نامەت بۆ دەنووسم، تێناگەم مەگەر ئەم كارە تاوانە، مەگەر منی بەدبەخت حەقی ئەوەم نیە كەسێكم خۆشبوێت و نامەی بۆ بنووسم) ئیدی فروغ درێژەی پێدەدات و باسی شەرو ناخۆشییەكانی ئەو ڕۆژە و هۆكارەكان دەكات و لە پڕ دەنووسێت:

چراكەیان بردم ئێستا چی بكەم؟
دڵم تەنگە
دڵم تەنگە
ئەچمە هەیوان و پەنجەكانم
بەپێستی كشاوی شەودا دێنم
چراكانی پەیوەندی تاریكن
چاكانی پەیوەندی تاریكن
كەس نییە بە هەتاوم
بناسێنێ....شعری:باڵندە دەمرێ، دیوانی مەرگی من ڕۆژێك

كە فروغ رەفتاری ئاوای لەگەڵ دەكرێت ناچار رق و تورەیی خۆی بنووسێت و پەرویزی لێئاگاداربكاتەوە، نووسین بۆ فروغ ئەلتەرناتیڤی زۆرشت بوو، ئەو هەناسەیە بوو كە پڕبوو لەو ئازادییەی ئەو لەماڵەكەی خۆیدا قەت هەڵی نەمژیبوو، نووسین بۆ فروغ تاكە چارەبوو بۆ خۆ نەكووشتن و خاڵیكردنەوەی رقی لە نووسینەكانیدا، دوای نووسین دەیتوانی وەك مرۆڤێكی ئارام بژیت و بتوانێ هاوسەنگی خۆی رابگرێت. فروغ قەدەری نووسن بوو، بۆیە توانی لەگەڵ ئەو هەموو نالەباری و ستەم و بێزاركردنە بژیت، فروغ لە دیدارێكدا وتوویەتی:

دەمنووسی تا خاڵی ببمەوە.

بەرلە ژیانی هاوسەری ناچار بوو بەرگەی قسەو رەفتاری ماڵەباب بگرێت و لە عەشقدا ئومێدێك بدۆزێتەوە، دوای هاوسەرگیریش خەمی تازە سەری هەڵدا كە ناچاریانكرد دیسان بنووسێت، دووری پەروێزو ناكۆكی نێوانیان، دەبوو ڕێگایەك بدۆزێتەوە.





بۆیە دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە نامەنووسین و عەشق بۆ فروغ قەرەبوو كردنەوە بوون، چونكە گەر تەواوی نامەكانی فروغ بخوێنینەوە لەتەك هەر دەستەواژەو وشەیەكی عاشقانە رستەیەكی گلەیی و دەردەدڵی كردن و ناڕەزایی دەربڕین هەیە لە دەس باروودۆخی ژیانی و كەس وكاری و دەوروبەرو كێشەكانی، و پەرویزیش باشترین و دڵسۆزترین خوێنەرو گوێگرە بۆ فروغ، هەرچەندە دوای هاوسەرگیری و دووركەوتنەوەی پەرویز نامەكان پتر عاشقانە بوون لەگەڵ ئەوەشدا دیسان باسی كێشەكانی دەكات و لە نووسیندا خۆی هاوسەنگ دەكات تاكو ناهاوسەنگی ژیانی باری سەر روحی گرانتر نەكەن و لە كۆتادا بریارێكی شێتانە نەدات..

**سەرچاوەكان:**

**یەكەمین ترپە عاشقانەكانی دڵم(نامەكانی فروغ). و: رەئوف بێگەرد وشەیدا سەلاح.**
**مەرگی من رۆژێك، (شیعر) فروغ فەروخزاد، و :مەریوان هەڵەبجەیی**
**ژنێكی تەنیا (ژیان و بەرهەم) فروخ فەروخزاد،و: سۆران عەبدوڵلا نەقشبەندی**

## چیرۆک



ئەنتوان چیخۆف
و: تاهیر عوسمان

# جۆلیا

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر داوام لە جۆلیای دایەنی منداڵەكانم كرد، بێتە نووسینگەكەم و پێمووت: دانیشە جۆلیا، با حیساباتەكانمان یەكلابكەینەوە، هەرچەندە تۆ پێویستییەكی زۆرت بە هەندێك پارە هەیە، وەدەبینم لە پیادەكردنی ڕێساكانی ڕەوشتە باشەكاندا زێدەڕۆیی دەكەی، هەرگیز بەخۆت داوای پارە ناكەی. وە لەبەر ئەوەی پێشتر ڕێككەوتبووین مانگانە سی ڕۆبلت پێبدەم.

– چل!!

– نەخێر سی، تێبینییەكیشم لەسەر ئەوە لەلای خۆم نووسیوە، چونكە من هەمیشە سی روبل دەدەم بە دایەنەكان، وە لەبەر ئەوەی دووەم مانگ بەسەر كاركردنتدا ڕەت





بووە دوو مانگ و پێنج ڕۆژ!!

– نەخێر دوو مانگی تەواو، تێبینییەكیشم لە بارەی ئەوەوە لای خۆم نووسیوە، ئەمەش وا دەگەیەنێ من دەبێ شەست روبلت پێبدەم، نۆ ڕۆژی یەكشەمموانی لێ دەربكە، چونكە خۆت دەزانی لە ڕۆژانی یەك شەممواندا لەگەڵ كۆلیادا خەریك نەبووی، تەنها پیاسەت لەگەڵدا كردووە، هەروەها سێ جار مۆڵەتت وەرگرتووە، لێرەشدا جۆلیا لە شەرمان سوور هەڵگەڕا خوێن كەوتە دەموچاوی و لەچكی كراسەكەی ڕاكێشا، بەڵام هیچ وشەیەكی نەدركاند.

– سێ مۆڵەتت وەرگرتووە، بەمەش دوازدە ڕۆبلی تری لێ دەردەكەم، هەروەها كۆلیا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ نەخۆشكەوت لەو ماوەیەشدا تۆ هیچ وانەیەكت پێ نەگوت وە تەنیا لەگەڵ فانیادا خەریكبووی، وەخۆشت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تووشی ددان ئێشە بووی، و خێزانەكەشم سێ ڕۆژ مۆڵەتی پێدای دوای نانی نیوەڕۆ هیچ كارێك نەكەی، ئەمەش دەبێتە دوازدە كۆ حەوت واتە نۆزدە ڕۆژ، كە كرێیەكەی چل و یەك ڕۆبلی تەواوە، چاوی پەپەی جۆلیا سوور هەڵگەڕا و پڕ ئاوبوو چەناگەی كەوتە لەرزین و لە تووڕەییدا كەوتە كۆكەكردن، بەڵام هەر هیچی نەدركاند.

– لە جەژنی سەری ساڵیشدا فنجانێكی چا خواردنەوە و قاپێكت شكاند، لە بەرامبەر ئەوانەش دوو ڕۆبلی تر كەم دەكەینەوە، هەرچەندە فینجانەكە زۆر لەوە زیاتریشی تێچووبوو، چونكە زۆر بەنرخ بوو، لە پێشینانەوە مابووەوە، بەڵام بابڕوا، كەی من زەرەم نەكردووە، پاشان هەر بەهۆی كەمتەرخەمی تۆوە كۆلیا لەسەر دارەكە كەوتە خوارەوە و كراسەكەی دڕا، لە بەرامبەر ئەوەش دە ڕۆبل كەم دەكەینەوە، هەروەها بەهۆی بێ ئاگایی تۆ، خزمەتكارەكە پێڵاوەكانی فانیای دزی، تۆ دەبێ چاودێری هەموو شتێك بكەی لێرە، چونكە تۆ لەبەرامبەر ئەوە پارە وەردەگری، لەبەر ئەوە پێنج ڕۆبلی تریش كەم دەبێتەوە، لە دەی مانگی كانوونی دووەمیشدا خۆم دە ڕۆبلم پێدای!! بەچرپەوە گوتی: پێت نەداوم!!

– بەڵام من لەلای خۆم نووسیومە، بەمەش بیست و حەوت لە چل و یەك دەردەكەین تەنها چواردە ڕۆبلت بۆ دەمێنێتەوە، هەردوو چاوی پڕبوون لە فرمێسك و لووتە بچووكە جوان و باریكەكەی ئارەقەی كرد، ئای ئەو كیژۆڵە چەند بەستەزمانە، بەقسە هات و

گووتی:– هیچ کەس پارەی پێ نەداوم تەنها یەك جار نەبێ، ئەمەی بەدەنگێکی لە رزۆکەوە درکاند و گوتی: تەنها خێزانەکەت جارێکیان سێ رۆبلی پێدام و زیاتر نا... بەڕاست؟ تۆ باش دەزانی هیچ تێبینییەکەم لەمبارەوە نە نووسیوە کەواتە سێ رۆبل لە چواردە رۆبل دەربکەین، دەمێنێتەوە یازدە رۆبل، بگرە ئازیزەکەم ئەوە پارەکەتە، سێ، سێ، سێ، یەك، یەك فەرمووی وەریبگرە، یازدە رۆبلم پێداو ئەویش بە پەنجە لەرزۆکەکانییەوە خستییە گیرفانییەوە و گوتی: مێرسی!! لێرەدا بەچاوی نووقاوەوە لە ژوورەکەدا هاتووچۆم دەکرد و بە تووڕەبوونەوە لێم پرسی: مێرسی لە بەرامبەر چی؟

– لە پێناو پارەکە!

– بەڵام تۆ دەزانی من فێڵم لێکردی، بەڵکو من لە واقیعدا دزیم لێکردی، مێرسی بۆچییە؟

– لە ماڵەکانی تردا کە کارم دەکرد، هەرگیز هیچیان پێ نەدەدام.

– هیچیان پێنەداوی ئەوە سەیر نییە، بەڵام من فێڵێکی بچووکم لێکردی. وانەیەکی توندم پێدای بۆ ئەوەی فێرت بکەم، من هەشتا رۆبلی تەواوت پێ دەدەم فەرموو لەناو ئەو زەرفەدایە بۆتۆ.

ئایا دەکرێ بەم چەشنە بێهێزبێ، بۆ ناڕەزایی خۆت دەرنابڕی، بۆ بێ دەنگی دەنوێنی، ئایا دەبێ لەو جیهانە مرۆڤ بەبێ کەڵبەبێ، بۆ ئەوەی داکۆکی پێ لە خۆی بکا. وەبەم شێوەیە ساویلکەبێ.

– زەردەخەنەیەکی فێڵبازانەی کرد و منیش گوزارشتەکانی رووخساریم شی کردەوە.

– بەڵێ دەبێ!!

داوام لێکرد لەو وانە سەختەدا بمبورێ لە بەرامبەر سەرسووڕمانە گەورەکەشیدا هەشتا رۆبلم پێدا، لە کاتێکدا ئەو چەند جارێك خەریکی مێرسییە بچووکەکانی بوو کە چووە دەرەوە، من لێی وردبوومەوە و لە خۆم پرسی ئای چەند ئاسانە مرۆڤ لەم جیهانەدا خەڵکە بێهێزەکان بپلیشێنێتەوە؟

*** سەرچاوە: رۆژنامەی الصباح الجدید ژمارە (١٤٢٠)**
**صادق باخان کردوویە بە عەرەبی.**

## چیرۆک



چیخۆف

# پیاوێکی ناسیاو

و:ئازاد نەجم

(ڤاندا) ی جوانکیلە، کە لە ناسنامەدا نێوی (ناستاسیا کاناڤکینا) بو ، کاتێ لە نەخۆشخانە دەرکرا ، خۆی لە هەل و مەرجێکدا بینیەوە کە پێشتر هەرگیز نەیبینیبو ، نەخاوەنی جێگاو ڕێگایەک ، نەپارەو پولێک ، نەپلەوپایەیەک ، ئەمە چ چارەنوسێک بو؟

بەر لەهەمو شتێك خۆی گەیاندە بانکێکی ڕەهنی و ئەنگوستیلە نقێم فیرۆزەییەکەی ،کە تاکە سەرمایەی بو ، بە بارمتە دانا و ئەو پارەیەی کە وەریگرت لە ڕۆبڵێك تێنەدەپەڕی ... دەتتوانی بەم پارەیە چ شتێك بکڕی؟ نەبەشی کڕینی بلوزێکی کورتی مۆدی ئەو ڕۆژە ، نەبەشی کڕینی





کڵاوێکی درێژ و نەبەشی کڕینی جوتە پێڵاوێکی مەیلەوزەردی دەکرد ... لەبەر ئەوەی ئەم شتانەی نەبون ، وای هەست دەکرد بەڕوت و قوتی دەگەڕێ .

لەهزری خۆیدا وای هەستدەکرد نەك تەنیا مرۆڤەکان ، بەڵکو سەگ و ئەسپەکانی شەقامەکەش سەیری دەکەن و بە جل و بەرگە سادەکانی پێدەکەنن. جگە لە وەدەست هێنانی پێڵاو و کڵاو و جل و بەرگی نوێ ، بیری لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە.بیرکردنەوە لەوەی کە چ بخوا و لەکوێ بنوێ ، هەرگیز بە مێشکیدا نەدەهاتن.

لەمێشکی خۆیدا بیری کردەوە: ( خۆزگە توشی پیاوێکی ناسیاو دەهاتم ، دەمتوانی هەندێك پارەی لێ وەربگرم ... هیچ پیاوێك ئامادە نیە پارەم بداتێ ... لەبەرئەوەی ...).

ڤاندا توشی هیچ پیاوێکی ناسیاو نەهات.ئەڵبەتە دەکرا دوای نیوەڕۆ بچێتە ڕیستۆرانتی (ڕێنسانس) و ناسیاوەکانی ببینێ ، بەڵام بەسەری ڕوت و بەم جل و بەرگە سادانەوە ، هەر ڕێگای چونە ژورەوەشیان پێ نەدەدا.

ئەدی دەبو چی کردبا؟

دوای ماندوێتیەکی زۆر کە بە هۆی ڕۆیشتن و دانیشتن و بیر کردنەوەوە توشی ببو ، بڕیاریدا بەرەو ئاپارتمانی پیاوێکی ناسیاو بچێت و داوای پارەی لێ بکات ، بیری کردەوە: ( بچمە لای کێ؟ ناکرێ بچمە لای میشا خێزانداره و دەوری چۆڵ نابێت ... لەم کاتانەدا ئەو پیرەمێردەش لەماڵ نیەو چوّتە سەر کار ).

لێرەدا (فینکل) ی دکتۆری ددانی بیرهاتەوە ، ئەو پیاوە یەهودیەی ئاینی خۆی گۆڕیوەو بۆتە مەسیحی.

فینکل نزیکەی سێ مانگێك لەوەو بەر ، بازنێکی بە دیواری دابوە ڤاندا و جارێکی تریش شەوێکیان لە یانەیەکی ئەڵمانیدا ، لەکاتی نانخواردندا ئەم پەرداخێك بیرەی بەسەریدا ڕشتبو ، بەڵێ ، ئەم پیاوەی بیر کەوتەوەو شادی دایگرت ، لەمێشکی خۆیدا بیری کردەوە: (دڵنیام پارەم دەداتێ ، بەس خودا بکات لەماڵ بێت ... ئەگەرپارەم نەداتێ و بیەوێ لە کۆڵ خۆیم کاتەوە هەمو چراکانی ژورەکەی دەشکێنم ).

بەرلەوەی بگاتە ماڵی دکتۆر نەخشەیەکی بەم جۆرەی لە مێشکی خۆیدا کێشا: (بەخەندەوە ورده ورده بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ ، دەچێتە ژوری تایبەتی دکتۆر و داوای بیست و پێنج ڕۆبڵی لێ دەکات ... بەڵام هەرکە گەیشتە بەر دەرگاو دەستی بۆ زەنگەکە برد ، ئەو

نەخشەیەی دایڕشتبو هیچی لە بیر نەما.
لەناکاو ترس و دڵەڕاوکێیەك ، کەپێشتر هیچ کاتێك لەم حاڵەتانەی بەخۆیەوە نەبینیبو ، هەمو جەستەی گرتەوە. ئەو لەنێو کوڕی پیاوانی سەرخۆشدا ، هەمیشە ژنێکی جەسور و بێ شەرم بو ، بەڵام ئێستا دەترسا بەو جل و بەرگە سادەیەوە چەشنی ئاغایەکی لێکەوتو ، خۆی لێ دوربگرن.
هەستی بە ترس و سوکایەتی کرد ، دوچاری سەرسوڕان و ترس هاتبو . لە کاتێکدا کە دەترسا دەست بۆ زەنگی دەرگاکە بەرێت ، لە مێشکی خۆیدا لە کێشمە کێشدا بو : ( لەوانەیە ئێستا منی هەر لەبیر نەمابێت ... ئێستا بەچ ڕویەکەوە بەم جل و بەرگە شڕەوە خۆمی نیشاندەم؟ بەم جلانەوە بە سواڵ کەرێك دەچم ، بە ژنی پیاوێکی دەسگێڕ دەچم...).
لەگەڵ ئەمەشدابەحاڵەتێکی لێوانلێو لە ترس و دڵەڕاوکێوە دەستی بۆ زەنگەکە برد و لێیدا.
گوێی لە دەنگی پێی دەرگەوانەکەی دکتۆر بو ، ڤاندا پرسی: دکتۆر لەوێیە؟
پێشبینی ئەوەی دەکرد دەرگەوانەکە بڵێت نەخێر لێرە نیە ، بەڵام بێ ئەوەی یەك قسە بکات ڤاندای بەرەو ژوری چاوەڕوانی ڕێنمایی کرد و یارمەتیدا لە داکەندنی باڵتۆکەیدا.
ڤاندا ،پلیکانەکانی ماڵی دکتۆر زۆر بەجوانی هاتنە بەرچاوی ، بەڵام لەنێو ئەو هەمو جوانی و ڕازاوەییەدا ئاوێنەکە لەهەمویان زیاتر سەرنجی ڕاکێشا ، تێیدا: ژنێکی سادەپۆش ، نەبلوزی دوایین مۆدێلی ڕۆژی لەبەردابو ، نەکڵاوی درێژی لەسەردابو ،نە پێڵاوی مەیلەو زەردی لەپێدابو ، بەدی دەکرا ، بەلای ڤانداوە سەیر بو! زیاتر بە کرێکارەکانی کارگەی دورین و جل شۆرەکان دەچو ، جل وبەرگێکی زۆر سادەی لەبەردابو ، بۆخۆشی نەیدەزانی لەبەرچی دەبێ شەرم بکات و ئەو چاوقایمیەی جارانی لەبەر چی لەدەست داوە.
خزمەتکارەکەی فینکل بەدەم ڕێنمای کردنی ئەوەوە گوتی: فەرمو ... ئێستا دکتۆر دێت ... فەرمو دانیشە.
ڤاندا لەسەر کورسیەکی نەرم دانیشت ولەفکران ڕاچو: ( هەر بێتە ژوریٚ پێی دەڵێم هەندێك پارەم بەقەرز بداتیٚ ، ئیٚ خۆ ناسیاومە و مرۆڤ نابیٚ شەرم لە ئاشنا ناسیاو بکات و دەبیٚ بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت بکات ، بەڵام خۆزگە ئەم خزمەتکارە دەڕۆیشتە دەریٚ! ئەو لێرە بێت ... ناکریٚ ... نازانم بۆ لێرە





ڕاوەستاوە؟ لەبەرچی ناڕوات؟ ).
نزیکەی پێنج خولەك دواتر دەرگای ژورەکە کرایەوەو دکتۆر وەژور کەوت ، باڵا بەرز و گۆناکانی خڕ و گۆشتن بون و چاوانی گەورەو زەق بون .
چاوەکانی و گۆنا خڕەکانی و ڕانە ئەستورەکانی و هەمو ئەمانە ڕك و ڕاست ، تێرو پڕی و نەفرەتیان نیشان دەدا.
فینکڵ لە ڕیستۆرانتی (ڕێنسانس) و یانە ئەڵمانیەکەدا زۆر ئاسایی و پیاوێکی شاد دەم بەخەندە و بەچەپ و ڕاستدا پارەی بۆ ژنان خەرج دەکرد و گاڵتەکانی ئەوانی زۆر بە ئاسایی وەردەگرت . بۆنمونە ئەو شەوەی کە ڤاندا پەرداخە بیرەکەی کرد بە سەریا ، نەك تورە نەبو بەڵکو لەبەرامبەردا هەندێك پێکەنی و پەنجەی هەڕەشەی ڕاوەشاند. بەڵام ئێستا نیگاکانی توند خەواڵو ساردو سڕ بون.
دکتۆر کە خەریك بو شتێکی دەجو ، بیٚ ئەوەی سەیری ڤاندا بکات پرسی: چ فەرمایشتێکت هەبو؟
ڤاندا ڕوانیە سەروشکڵی خزمەتکارەکە و ئەمجار ڕوانیە قەدو قیافەی تێر و پڕی دکتۆر ، دیاربو کە ڤاندای نەناسیبۆوە ، ڕوخساری سور هەڵگەڕا ...
دکتۆر کە وەڵامێکی نەبیست ، ئەمجارەیان بەدەنگێکەوە کە ڕق و تورەیی تێدا هەست پێدەکرا پرسی:چ فەرمایشتێکت هەیە؟
ڤاندا لەژێر لێوەوە گوتی: ددان ... ددانم دێشیٚ ....
: زۆر باشە کامەیان؟
ڤاندا وەبیری هاتەوە کە یەکێك لە ددانەکانی کلۆرن ، گوتی: خوارەوە ... لای ڕاست ....
: هم ... کوا دەمت بکەوە.
ئەمجار برۆکانی وێك هێنانەوەو هەناسەی لە سینگی خۆیدا بەند کرد و خەریکی سەیرکردنی ددانە کلۆرەکە بو ، دواتر کە ڕاستە کانزایەکەی بە ددانی ڤاندا دا دەهێنا پرسی: ئێستا ئازاری هەیە؟
ڤاندا بە درۆ وەڵامی دایەوە: بەڵیٚ ... ئازاری هەیە ...
ڤاندا لە مێشکی خۆیدا بیری دەکردەوە: ( هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە ناسیاوەتیەکەمان بکەم ، ئیدی ئەو شتەکانی بیر دەکەوێتەوە ... بەڵام ... ئەم خزمەتکارە ! نازانم بۆچی لێرە ڕاوەستاوە؟).
فینکل لە حاڵێکدا سەیری ددانەکانی ڤاندای دەکرد ، لەناکاو وەك شەمەندەفەرێك لە نیو دەمی ژنەدا فیشکاندی : ئەم ددانە بەکاری ئەوە نایەت پڕ بکرێتەوە ،پڕکردنەوەی کارێکی

بێ سودە.
دوای چەند ساتێکی کەم دوبارە ڕوانیەوە ددانەکان و پەنجە بۆن توتناویەکانی بەدەم و لێوی ڤاندا دا هێنا و جارێکی تر هەناسەی لەخۆی بڕی و میلە ساردەکەی بە نێو دەمی ژنەدا بردە خوارێ ... ڤاندا لە پڕێکدا هەستی بە ئازارێکی توند کرد و هاوارێکی کرد و دەستی فینکلی گرت.
دکتۆریش لە ژێر لێوەوە گوتی: مەترسە ... هیچ نیە ، هەر هیچ نیە ، تازە ئەم ددانە بەکەڵکی هیچ نایەت ... مرۆڤ دەبێ ئازا وخۆڕاگر بێت.
لە نێوەدا پەنجە بە توتن ئالودە بو و خوێناویەکانی لەبەرامبە چاوی ڤاندا دا ڕاگرتن و ئەو ددانەی کە کێشابوی نیشانیدا . خزمەتکارەکەش ستڵێکی لەبەردەم ژنەکەدا ڕاگرت .
فینکل گوتی: کە گەیشتیەوە ماڵێ ئاوی سارد لە دەمت وەردە ... باخوێنەکەی ڕاوەستێ...
لە بەرامبەر ڤاندا ڕاوەستابو ، سەرو سیمای لەکەسێك دەچو چاوەڕوان بێت هەرچی زوە جێی بێڵن و لێی گەڕێن بۆخۆی ئاسودە بێت و پشویەك بدات ...
ڤاندا بەرەو دەرگاکە وەرسوڕا و گوتی:
خودا حافیز ...
فینکل بەخەندەوە پرسی: ئەدی هەقی ماندوێتیەکەی من چی بەسەردێت؟
ڤاندا سور هەڵگەڕا ، هەمان ئەو ئەسکیناسە یەك ڕۆبڵیەی لەبەرامبەر خەواندنی ئەنگوستیلە نقێم فیرۆزەییەکەیدا وەری گرتبو ، دایەدەستی دکتۆر و گوتی: ئەها ... بەڵێ ...
کاتێ لە وێوە بەرەو شەقامەکە وەڕێ کەوت لە هەمو کاتێك زیاتر هەستی بە شەرم و تەریق بونەوە دەکرد ، بەڵام ئەمجارەیان نەك لەبەر هەژاری و جل و بەرگە شڕەکەی بەری ، ئیدی ئەم شتانە بەلایەوە گرینگ نەبون .نەکڵاوی درێژ نەبلوزی دوایین مۆدێل نە پێڵاوی مەیلەو زەرد. بەدەم ڕۆیشتنەوە خوێنی تف دەکردەوە ، فرێدانی هەمو تفێکی خوێناوی ، دەیخستەوە یادی ژیانە پڕ لە چەرمەسەری و کوێرەوەریەکەی و یادی ئەو سوکایەتی و بێ ڕێزیەی کە تا ئەو ساتە توانیبوی خۆی لە گەڵیاندا بسازێنێ ، دەبێ سبەینێش و دوسبەی و هەفتەی داهاتو و ساڵی داهاتو و تەواوی ژیانی و تا دەمی مەرگ لەگەڵیاندا بسازێ . لەژێر لێوەوە گوتی: ئاخ خوایە ! چەندە ترسناکە !

ڤاندا ، جارێکی تر ، سەر لە ئێوارەی ڕۆژێکی تر ، لە ڕستۆرانتی ( ڕێنسانس)






بو و سەمای دەکرد . کڵاوی درێژی نوێ لەسەریدا و بلوزێکی دوایین مۆدی ڕۆژ لەبەریدا و پێڵاوی مەیلەو زەردی لەپێیدا بون. ئەوشەوە خانەخوێکەی بازرگانێکی گەنج بو کەتازە لە (کازان)ەوە هاتبوو.
سەرچاوە:

---

مجموعه اثار چخوف / داستان کوتاه/ ترجمه سروش استپانیان/ انتشارات کوسی/ چاپ چهارم ۱۳۸۹..

# جەرگی پاشا

هێمن عومەر خۆشناو-شەقلاوە
Hem992003@yahoo.com

هەموو ئەو خەیاڵانەی کە بەناو مێشکمدا دێن و دەچن ختووکەی ئەوەم بە دڵ دا دێنن کە ئەوانیش چیتر لە نێو مێشکدا ڕەوگیر نەکەم و بۆ کەمێکیش بێ بیانخەمەوە نێو بازاڕی چیرۆکەوە، رەنگە تۆی خوێنەر ئەوەت بەخەیاڵ دا بێ کە چیرۆکەکە کلك و گوێی لە کوێن و بارستەو بارتەقای چ ڕووداوێك لەخۆدەگرن.

من نازانم ئەو نامەیە بە تۆ دەگات یان نا، دەمەوێ تۆ بکەمە پاڵەوان، ئاخر جەنابتان ببوورن جگە لە ئێوە کێ ی تر لەو ولاٚتە پاڵەوانە؟!!

((هەر ئەوەندە خۆم دەبینمەوە لەسەر بێشکەیەکی جوانی سەرنج راکێشی بۆن خۆشی پڕ خەناوکەو مۆری و هێندەی بلێێی مێخەك و شتی گرانبەهای بەسەر سەر و چاومدا شۆڕکرابوونەوە. ئەو ڕۆژە ئەوان نەیاندەزانی من جیا لەوەی مێژوو نیشانیداوە، رەقەڵەیەکی کەللە پووتی تازە خولقاوی بێ بەهرە بم، دەمزانی ئەوانە چ جەژنێك دەگێڕن، دایکم دێتە ژوورەوە ئۆقرە ناگرێ تا خۆی لە باوەشم نەگرێ، کچە جوانەکێلکەرەکان کە بە کرنووش بردن و چەمانەوەوە دێنە بەردەم دایکم و، بە ڕیز دەوەستن نایەڵن دایکم ماندوو و نیگەران بێ.))

ئەو هەفتەیە سەرانسەری ولاٚت ئاهەنگی خۆشی گێڕاوە، بە سەدان ژن کچەکانی خۆیان پێشکەشی دیوەخانی کۆشکی خاوەن شکۆ کردووە، سەدان مەلاو شێخ مەولوودیان خوێندۆتەوە، زۆر نووسەری لات و پات شیعریان بۆت نووسی، ئەو رۆژە قەڵەمی چەند نووسەر لە دەستی تۆ نرا، بڕوانامەی بەرز بەرزی فەخریت بۆ نووسرا، چەند دکتۆر و مامۆستای زانکۆو پرۆفیسۆری ئەو ولاٚتە هەبوون کۆنفرانسی زانستییان لەسەر دەوری جەنابتان لە داهاتووی کۆمەڵگە بەست، هەر لەو ماوەیە، چەندین نامەی زانستی ماستەر و دکتۆرا پێشکەشی تۆ کران، چەند لێکۆڵینەوەی زانستیانە لەسەر گرنگی خولقانتان و زەروورەتی بوونی ئێوە لە ولاٚت نووسران. پێدەچێ هەر بەو بۆنەیە چەندین کەسی لات و هەژار و بێ دەرەتان پارویێك نانو ئاوێکی فێنك و سارد شەربەتێکی دلڕفێنیان نۆش کردبێت، تۆ ئێستا بیر لەوە دەکەیتەوە.

منی چیرۆکنووسیش ئەو رۆژە لەبەردەم شەقامی سەرەکی شاردا بە چاوی خۆم بینیم، ١٠٥٥١ بەندی ئازاد بوون، چەندین پڕۆژە بە گوژمەکانی سەد ملیۆن و حەفسەد و حەفتا هەزار و نۆسەد و پەنجاو پێنج دینارو نیو کرانەوە، ئەو مانگە هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت یەکی سەت و بیست و یەکیان هاتە سەر مووچەکە و یەکی سوپاسنامەیەکیان بە دیاری باوکت وەرگرت، چەند هەژاری گوێ بەتۆز و چەند شوانکارەو خاوەن مەڕو مالاٚت، ئاژەڵ و مەڕو مالاٚتیان کردە قوربانی و خێرەکانیان بەشیەوەو، خوێنەکانیان لە بن دیوارێك لە دیوارەکانی کۆشکتان ڕشتەوە، ئەو هەفتەیە دەتگوت ئێرە ولاٚتێکی دیکەو جەنابتان فریشتەیەکی سەر هەسارەیەکی ترن، کانیاوەکان وەك بلێی بروسك لێی دابن و تەقینەوە، ولاٚت هەمووی سەراپا ببوو بە پارچەیەك لافیتەی جوان، هەموو سەرە کۆلاٚنێك بە ڕووی لافیتە ڕەنگاو ڕەنگ و تابلۆ جوانەکان پێدەکەنین. سەربازەکان لە دوورترین قوڕنەی ولاٚت و لە سەر تاتە بەردێکی بچووکدا سەریان لە کڕنووش هەڵنەگرت، ئاخر تەقەی خۆشی هێندە بە ئاسمانی ولاٚتدا چوو گوێی ئاسمانی کەڕ و زمانی لەگۆ خستبوو.

ئێستا باوکت دێتە ژوور، یەك پێ هەموو ئەو پرو پیرەژن و کچە جوانکیلەکانی کۆشك لە دەورت یەك ڕاست دێنە سەر پێ، پێدەچێ باوکت یەکەم نێرینە بێ لەم هەفتەیە ڕووی تۆ ببینێ، ئەو پیاوە دەیەوێ بۆ یەکەم جار چاو لە چاوت ببڕێ، سەری خۆی نزیك دەکاتەوە، تۆ دەگریی. لە پەردەکانی زەین و مێشکمەوە، چاوم لێیە، خۆت لەیەك دەپچڕیەوە، چاوی ئەو نزیك بۆتەوە لە چاوت، دەگریی، خۆت ڕادەپچکوڕی، دەستە پووچە بچووکەکەت، بۆ لای خۆت بەرز دەکەیەوە، لە چاوی ئەو دەچەقێ، بەری چاوی سوور هەڵدەگەڕێ، تووڕە دەبێ، پێدەچێ تۆ کەیفت بە جانگی ئەو نەبێ، خاوەن شکۆ تووڕە دەبێ ڕاست دەبێتەوە، پەردەی ژوورەکەی بۆ هەڵدەدەنەوە، ڕقی خۆی دەخواتەوە، دەچێتە دەرەوە. دوای بیست بەهار لە چاوەڕوانی منداڵ، ئەوەی بە خەیاڵ دا دێ تۆو هەموو منداڵانی هاو تەمەنت فووی نەمانیان لێ بکات، ئەم خەیاڵە لای دایکت دەدرکێنێ، دایکت وەك بڵێی بزانێ باوکت بۆنی نەبوونی ئەو پەیوەستییە بەزەییە عادەتییەی نێوان باوك و کوڕ بکات، تێدەگات کە لەوانەیە مەرگی ڕۆڵە تاقانەکەی ببینێ، هەموو کارەکەرو فەرمانبەرانی کۆشك خڕ دەکاتەوە، هەموویان لەبن لچی دامەن و پێڵاوی پادشا دەنووزێنەوە، ئەو کاتەی ئەوەمانزانی من یەکسەر دەستم بۆ قەڵەمەکەم برد ئەم نامەیەم بۆت نووسی:

خاوەن شکۆی گەورەنەبووی هێشتا منداڵ و کوڕی پادشای وڵاتی من!

ئێستا ئەو نامەیە دەنووسم نازانم ناوی چیت لێنراوە، دەزانم تۆ گەورەیت، نە وەکو باوکتی نەش وەکو دایکت، دەشێ تۆ نە ببیتە (ئەو نووسەرە گوێ بەتۆزو نەئەو مەلا و شێخ و مزێور ومەولوود خوێن و ئەو هونەرمەند و ڕۆژنامە نووس و زوڕناژەن و چاوەش و ئەو سەربازی یاوەری تەقەی خۆشی) یانەی بۆ لە دایك بوونی تۆ دڵی باوکتیان خۆش کرد و مامەحەمەییان کرد، لەوانەیە پێش من بۆت بگێڕنەوە.

هەناسەکانی ڕۆژگار بخۆیتەوە یان نا هەر دەبێ کانیاوی ڕقی باوەت کۆر کەیتەوە، تۆیەك نیگاکانت بەرووی ئەودا بسەنگرێنەوە، مەودای تاریکییەکان دەسرپیتەوە، ئەرێ لە باوەشی کۆشکێکدا نەبی، هەر بێنازەکەی ئێمەی، کێ هەیە بۆت لەبن لچ و لێوی ئەودا سەربنەوێنێ؟؟!

هێشتا نامەکەم تەواو نەکردبوو، بەزەیی پڕ ڕقو قینی باوکت جولا، تۆی گەورە کرد، لە باوەشی دیواندا هەڵکوڕمای، لە دونیای فیستیڤاڵە گەورەکاندا ناوت دەهات، لەسەر مێزی فەرمانگەکاندا وێنەیەکی چەند دەوری تۆ دادەنرا، تەنانەت لە نهێنی ترین ژواندا بێ تۆ نائاخڤێن، وێنەی تۆ بەشدارە لەزەینو بیرو بڕیاردان، زەبری تۆ بۆتە پێویستی، بۆ بەرەکەت جنێوبارانمان دەکەی، بۆ خۆشییت ڕۆحمان دەگوشی، تۆی گوڵ و زێڕو، پێویست وەکو ئاوو هەواو هەناسەو خوێن.

بە منداڵی لە پەنجەرەی هەناوی چیرۆکمەوە هاتیتە ژوورەوە، بە گەورەیی لە نێو هەتاوی ڕقدا گەشەت کرد، باڵات نەرمی چیرۆکی بەزاندو لەنێو شاخی قیندا تەمەنی باوکت بۆ خۆتەو سەرەداوی هەموو ئاواتەکانمان لە بەرژەوەندی تۆ گرێدراوە.

لەوێنەی زەینمدا دێیتە قسە، لێم ڕادەمێنیت، باوەشم پێدا دەکەیت، من بە بێ دەنگی سەرم وەردەسوڕێنم، دەتوانم وەکو باوکت تووڕە بم، بەڵام زات ناکەم، ئێمە لەبەرامبەر هەموو پێشهاتەکاندا زات ناکەین، شەرم دامان دەگرێ. ڕۆحم زەلیل دەکەی، بۆم دەگری، پێم پێدەکەنی، گاڵتەم پێدەکەی، لەبەرامبەرت دا دۆش داماوم. تۆ بەبێ دەنگی لە خەیاڵی چیرۆکم دەچیتە دەرەوەو منیش کۆتایی چیرۆکەکەم لێرەوە بە خوێنەر سپارد.

**شەقڵاوە–کاوانیان٢٠٠٨–٢٠٠٩**



سوارە نەجمەدین

# وەک ڕۆیشتی،،، فێرمکە چۆن بژیم

## بۆ (عەبدولستار جەباری) بۆ ئەوەی بە دەنگی بەرز بیخوێنێتەوە

تۆ ڕۆیشتیت، ئیدی چۆلەکەکان سۆزی دەنگیان دەگۆڕێت، گەڵاکان بە دارەکانەوە غەریبن، هیچ کام لە چەمەکان ناچنەوەماڵی رووبار، منیش دەنووسم بۆ ئەوەی سەبووریم بێت. تازە بە چی دەچێت خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵبێت یان هەموو هەسارەکان لە مەداری خۆشیان دەربچن.

ژیان لە دوای ڕۆیشتنت وردبوونەوەیە لە وێنەیەکی رەش و سپی منالّی، فێربوونی جگەرەیە و گریانە بەدیار پێکی عارەقەوە، پاڕانەوەیە لە خوا، شەفاعەتی مریەمە بۆ من تا لە سیحری حیجاب تێبگەم، لە دوای تۆ زۆر ئەستەمە فێری ژیان ببمەوە.

خانم فێرمکە زەنگێکم بۆ دێت، تۆ نەبیت چۆن وەڵام بدەمەوە، فێرمکە بە (بەیانیت بە خێر)ی تۆ ڕۆژ دەسپێنەکەم، فێرمکە چۆن نەمرم کاتێک بە منداڵەکەی باوشتەوە خۆتم لێ نەبان دەکەی، فێرمکە وەك پێش ناسینت بژیم. فێرمکە ژنی ترم خۆش بووێت، فێرمکە رقم لێت بێت، تا بتوانم لەزەت لە گوشینی پەنجەیەکی دیکەش وەرگرم، فێرمکە نەمرم.

ژیان دوای تۆ زۆر تاڵە.

تەواو، هەموو شتێ تەواو، ئیتر کەس نییە پێم بڵێ (کراسە مارۆنیەکە لەبەر بکە، یان سوارە بە پێکەنینەوە جوانە توخوا ئەو مۆنیەت لابە) کەس نییە نامەیەك بۆ بنێرێ شەلاڵ بێت لە بەرامەی بارانی دیدار، نامەیەك نووسرا بێت (بیرتەکەم زۆۆۆۆر)، ئیدی وادەی فیراقە، هەستەکەم لە هەموو وێنە دوانیەکانیشدا لێم دوور ئەکەویتەوە، دیاریەکان ماون خاوەنەکەی ڕۆیشت، وا هەست ئەکەن بارمتەبن و تاوانیان کردبێت....







سەرنج: ئیلهامی ئەم پەخشانە کاتێك هات، کە پارچەیەك لە شیعری (تۆ نەبیت چۆن بژیم- رەفیق سابیر)م لە فەیس بوکەکەی خۆمدا شێر کرد، کاك (عەبدولستار جەباری) پەیوەندی پێوە کردم و وتی (خزم هاوخەمتم).



شیخ صدیق

# ماڵێک لە فلوت بۆنیهاد جامی

وەرە ،
باوێنەیەک ،بەقەڵەم
ڕەساسەکان
بکێشین،
وێنەی خۆمان،
وێنەی پشیلە ،
وێنەی هەرچیەک بێت
وەرە با وێنەی
ئەو پاڵیوراوە
بکێشین
بەدیواری حەوزی




ئاوەکانەوە
سەرەوخوار هەڵبواسین
وەرە بابۆخۆشی
بۆتاوێک پێکەنین
وێنەی خۆشمان هەڵواسین
کێ دەڵێ ناچینە
پەرلەمان
وەرە با
هەر
بۆ
پێکەنین خۆمان







هەڵبژێرین
وەرە
با
هەر
بۆ
پێکەنین وێنەی
پاڵێوراوەکە
بە وباخچەیەدا
هەڵبواسین
کە دوێنێ ئیوارە
لە توونێتیدا
ختکا
ومرد
وەرە
باوێنەی
ئەم
باخچانە بەمردویی
بگرین
وەرە
ئەی کوڕە
باڵابەرزە
فلوت ژەنەکە



باوێنەیەک
بۆیادگاری
لەتەنیشت مەرگی
ئەم باخچەیەوە
بگرین ،
وەرە
بەرهەم
بەدیار وێنە کێشانی
ئەم پاڵیوراوەوە
ئاوازیکی غەمگین بۆمەرگی
دەرنەچونی
بخوێنە
دەزانم
دەترسی
ئاوازی فلوتەکەت
نیوە شەوێک
بەبێ دەنگی
بکوژن،
وەرە
لەدوری پاڵێوراوەکەوە
بەتەنیشتی پێکی
شەرابەکانەوە

لەگەڵ داباندا
بە هیواشی وەرن
نەکاپێکەکان  بترسن و
بشکێن
وەرن
با بەتەنیشتی
بۆنی هەناسەی
عارەقەوە
مەستبین
بەئاوازی گیتاروفلوت
باتەرمی
پاڵێوراوەکە
بەدەم ژەنینی
گیتار و فلوتەوە بۆ گۆڕستان
بەڕێکەین
ئەودەیەوێت
بەرلەوەی نیهادجامی
شانۆگەرییەکی ترمان
بۆ ئیخراج
کات
فریاد
لە
هارمۆنێتی

شە پۆلی
ئاوێکدا بخنکێنێ
ئێوارە
کۆڕیکی
غەمگینی
بە فلوتەکەی
بەرهەم
بۆ بگێڕیت
جووتێ
دار شە قیش
بۆ نیهاد جامی
بکرێت
بەسواری یەختێکی
شکاودا
بەرەو
شە پۆلە شێتەکانی
دەریای
ئیجەی
بنێرێت
وەرە
با وێنەیەکی
دەستکردی
ساختەی پاڵێوراوەکە





لە زبڵخانەکانی
ئەم شارەدا
بە تەنیشتی
سەگە تۆپیوەکانەوە
هەڵبواسین
ئەم ئیوارەیە ،
دەمەوێت
لەگەڵ
ستار جەباری دا
بەتەباشیرە
ڕەنگ
ناشیرینەکان
بە خەتێکی
سەربەرەوخوار
بە ناشیرینترین
خەتی
کوفی
لەسەر دیواری
گەڕەکە داڕوخاوەکان
بۆمان  بنوسێ
ئەم پاڵیوراوە
ئەگەر
دەربچێت

درزی دیواری
کۆڵانەکان
چاک دەکاتەوە،
سەرو دەرپێی
کورتتان
لە بەغدا
بە دیاری
بۆ دەکرێت
ببورە ستار گیان
ناتوانین
لە حەق دەستی
ئەم نووسینەدا
پارەت پێبدەین
ڕەنگە هەتاکو
بەیانی
لە خەو هەڵدەستین
دیوارەکە
بڕوخێت
وەرە
نیهاد
ئەمجارە
لەبەر
باران

شانۆیەکمان پیشان
بدە هەمووومان
بەڕووتووقوتی
بانگ بکە
با شەرم نەکەین
ئەگەر بە بێ
جلوبەرگ
بە تەنیشتی یەکەوە
سەیری سەماکانی
فریادو
شکۆ
بکەین
ئێ قەیچێکە
ئەگەر
هەموومان
ڕووت و قووت بین
ئێ قەیچێکە
ئەگەر
ئێوارەیەک هەموومان
بە ڕووتی بچین بۆ سەیری
سەماکانی

نیهاد جامی
وەرن
شەوێکی درەنگ
سەمای شانۆیەکی
نوێمان بە ڕووتی
بەبێ جلوبەرگ
پێ ببەخشن
ئەمجارە
لەنێو کێلە قەبرەکانەوە
بەرهەم
بەتەنیشتی
گۆڕەکەی برێختەوە
فلوت
بژەنێ
دابان
بەتەنیشتی
کێلەکانی
مۆزارتەوە
هەتا ئەتوانی
ژێی گیتارەکەی
بژەنێ





فریاد
بەدەم شەپۆلی
پڕ جووڵەیەوە
سەرخەوێک بەتەنیشتی
گۆڕەکەی
شکسپیرەوە
بشکێنێ
نیهادیش
لەکۆتایی دا،
بەجوتێ دارشەق و
مۆمێکی
داگیرساوەوە
لە تاریکیدا دەرکەوێت
و بەدەنگێکی
ماندووی
کزەوە
بڵێ
ئامادەبوونتان
گرنگییەکی
ئەوتۆی نەبوو
بۆیە ناتوانم

بڵێم سوپاسی
ئامادەبوونتان
دەکەم
ستار جەباریش
لەسەر
کێلەکان
بە خەتێکی
ناخۆش بنووسێت
شانۆگەری
بێدەرپێکان
پێشکەش
کرا
لە
دەرهێنانی
نیهاد جامی

# وشە بوونی تۆ لەکوێدایە!!

شنۆ ئەحمەد غەفور

وشەکان سپی دەیاننواند
چەشنی دڵی منداڵەبێنازەکان
ئەو منداڵانەی لە بەهەشتدا زیندوونابنەوە
خودایە
بێدەنگی من قەت لەهی ئەو ناچێ.!!
***
وشەکان لەیەکەم بارانیاندا
خۆشەویستیان باراند
لەدووهەمداڕۆح و
لەسێهەمدا خۆیان.
**
وشە نابەردینەکان
لەئەزەلەوەچاوەکانیان بەڕوونی کراونەتەوە





تائێستاش (هولیوود)ڕیکلامێکی بۆ نەکردوون!!
**
پۆلێک پەپوولە
وشە کوردێکانیان بردە ماڵی خوا
لەوێ ئاسمان
یەکەمین خەڵاتی ئاشتی پێبەخشین.
**
وشەکان لەهەمووان هەژارترن
دەکرێنە ملوانکە بۆگەردەنی کچە شۆخەکان
دەکرێنەچەپکە گوڵ بۆ مەزاری شەهیدان
دەکرێنە خڵخاڵ بۆ پێکانی نیشتمان
دواجارێکیش لەتابلۆیەکدا
بەجەلادێکی دەفرۆشن.
**
وشەکان منن
منم وشەکان
لەم نێوانەدا
کوێرە زمانێک خودانی پێیە!!
**
ساتێ وشەکانیان وەک گولە ناساند
لە لەدایک بوون کەوتن!
**
وشە ژنێکی باڵا پۆش نییە
کەرکوکێکی بێ دایک وباوک نییە
وشەکان باخێکن
دوای سەدەیەک دەبنە ئەستێررررررررررررە..

شیعر



مەهدی زریان

# پردێک لەشەختە

ئەی ڕێبواری نامۆ ..
تۆ چ کەسێکی بێناو و نیشانی ..
چ گەڕیدەیەکی بێ ئومێد ؟ !
وا بە دڵساردییەوە ..
خەونە ڕەنگاو ڕەنگەکانت
خستۆتە نێو جانتایەکی پڕ لە شەرم و
وەک دۆڕاوێک ..
داوتە بەسەر شانە لاوازەکانتدا ؟





هەر دەڕۆیت و
ڕێگاش لە ژێر پێتدا دەکشێ
کاتیش بوارت پێنادات
تەنیا جارێک ..
ڕامێنێیت لە مردنی
بە پەلەی ئەو ئەستێرانەی
کە دەستی شەو
وەک هێشوە ترێ ..
دەیانتەکێنێتە سەر خاک !
کە ڕوناکی وەکو سەرخۆشێکی بێتام
بەلادادێ و هێڵنج ئەدا ..
پاڵ مەنێ بە دیوارەکانی سێبەرەوە
بە هێمنی هەنگاوەکانت هەڵێنە ..
نەبادا سەوزە گیایەکی شێدار و
وەنەوشەیەکی تەنیا ..
لە ژێر پێتدا خوێنیان برژێ !!
زۆران لەگەڵ دوکەڵ و . با . دا مەگرە
بە دیار ئەو کەنارە یەخە دادڕاوانەوە
سەر بامەدە
کە رۆژگارێک

دەستە شینەکانی رووبار

بێشەرمانە چۆڵی کردن ..

خۆ ڕێیەک پێچ ناکاتەوە بۆ ڕابردوو !!

تۆ هەمیشە ..

گالیسکەی تەمەن لە ژێر پێیەکانتدایە و

دەخزێی بەرەو ئایەندەیەکی نادیار

کەمەر بەندی ئومێدێکیش ..

ناتبەستێتەوە بە ئێستا !

ڕێگاکان لە تۆوە دەست پێدەکەن

تاوێک لەسەر چڵە شەفافەکانی ڕۆحی من

ئارام بگرە

ئەو ووشە خۆڵەمێشیانە چۆڵ مەکە ..

کە لە دەروونی پڕ لە حەسرەت و

لێوە ماندووەکانمەوە ..

دەیانەوێت بەرەو باڵە سڕەکانت هەڵبفڕن !

لەگەڵ ڕابوونی ڕووناکی و

پشوو دانی چرکەی کاتژمێرەکاندا

شەقام لە ژێر پێتدا دەکشێ ..

تۆش هەناسەیەکی فێنک

پڕ بە سیەکانت هەڵمژە





لە بۆنی ئەم مەرگ و کۆچەی

کە بەیانیەکی دوبارە ..

بەسەر باڵی مەلەکاندا دەیبارێنێ !

تۆ کۆچەرییەکی تەنیایت

ڕێگاکان لە تۆوە دەست پێدەکەن و

کۆتاییان پێدێت !

باڵندەکان لە پشتی تۆوە تێدەپەڕن

ئەستێرەکانیش هەر دەڕژێن ..

تۆش ناتوانی ئاوڕیان لێبدەیتەوە !

بیرت نەچێ ..

بیر چوونەوەیەک بۆ هەمیشە ..

لە ژێر مینای کاتژمێرێکی پیردا

وردو خاشت دەکات !!

# ئەی گوڵان

غازی زەنگنە



ئەی شازادەی جوانی و قیبلە نۆمای عاشقان
ئێوەن هێمای پیرۆزی دڵداران
لە قیامەتی وەرزی زیندووبوونەوەی درەختان
بۆ باڵداران
بۆ دڵداران
بۆ دەروون نائارام و ڕێبواران
لەیەخەو لە بەرزیە شوێن و مەقامتان
مەخابن مەقام بڵندان هەر لەکاتی مردنیان
بەبیرت دەکەن وەک هێمایەک لەسەر گۆڕی بێ عیشقیان





هەر لەکاتی نەماندا تۆ نەمری لای ئەوان
چونکە زیندوو بوونەوەی ئێوە دووبارەیە لە قیامەتی وەرزی درەختان
مەخابن ئەوەندە راوچی و فرۆشیارانی بێ عیشق پەرواتانن
عاشقان بێ هیوان لە بۆن و نیگاتان
مەگەر زەماوەندی بولبولان
لە دڵەوە شاد بن بە رەنگی جوانتان
مەگەر ئەوان سۆزی شادمانی بزانن وەک عاشقانتان
هەر ئەوان دەزانن بێگەردی نیانیتان
شەیدا دەبن . .
بەدەرکەوتنی تاجی شرینی روخسارتان
ئەی گوڵ
داماوی مەنوێنە
لەنێوان تیشکی زێڕین و فووی قەدەر
دەخولێنەوە
بەسەر گەشی رۆخ و رەنگی شەرابیتان
کەلە ڕەنگی ئاوی دڵ جوانتر
تۆی پیرۆز و هێمای
خولیای عاشقانی
لەنێو دڵ
لەسەر چڵ



ئەی گوڵ
بەبێ سکاڵاو نزا
عاشقان بە پەرۆشن بۆ وەرزت
زۆر لە عاشقان چەشنی ڕووت نازدارن
بەڵام بێ نوور و عیشق و عاشق دەناڵن
تینی تیشکی زێڕینیان حەسرەتی چاوی یارانن
فێنکی فووی قەدەریان
ئاه و نزای هەنسکی حەزرەتی بەهارانن
کە گەواڵە تەمەکان دەبینن
دەبینن دەڵێن ئۆخەی
مەگەر ڕەنگی هەنسکی حەسرەتمان ببێت بە دەواری
ئەندێشەی ئاواتەکانمان
ئەی گوڵ
فریودانت بە هەڵنانی رەنگاورەنگی و جوانی پەلکە زێڕینە
سیحری ئەبڵەقی چاوە !!
بەرەو گومڕاکردن و فریودان
رەنگی تۆ لە ئامێزی ئەرزە نەک لە ئاسمان تارماییەکی ڕێبواریین بۆ فریوداری عاشقان
لەنێو بەهاری کۆڕپە خونچە گوڵان
تا گوڵ بڕەنجێ و بێ ئومێد بێ
لە باخچەو سەدای بولبولان





ئەی گوڵ داماوی مەنوێنە لەنێوان تیشکی زێڕین و فوی قەدەر
چەرخی تۆ
قیامەتی زیندووبوونەوەی درەختەکانە لەنێو وەرزان
تەنانەت
با رەش ناتوانێت تۆ بێ بەش کات لە لوغزی ئەوین و
عیشقت لێ برِەنجێنێ
بەرامبەر
نەغمەو شادی دەنگێ
کە هەردەم دەناڵێ بۆ مەستی قەشەنگێ
هەمیشە
بێ باکە لە کەرەستەی بێ عیشقی
ستەمی باخەوان و داهۆڵی بەژن قاقنەس و
چوارچێوەی تەنگی قەفەز

## شیعر



ئەحمەد مەتەڕ
و/بەدەسکارییەوە: مستەفای سەیدمینە

# گرتووخانە



سینگی من گرتووخانەیە،
شیشەکانی پەراسوومە..
دێتەنێوی ئەوسیخوڕەی
بەهەڵەداوان لەدوومە...
دێ تاڕادەی
پاکیی هەواکەی بپێوێ
دێ بزانێ منی بەندە
ڕادەی سووریی خوێنم چەندە
جاپاش ئەوەی دووکەڵی دی
لەسییەکانم داوەستاوە
خوێن وەک ئەشک
لەچاوی دڵم خزاوە..
لۆمەم دەکات وپێم دەڵێ:
لەنیعمەتی ملکەچیدا دەستبڵاوە...!
سوپاس بۆتۆ تەمەنی درێژ
کەتەمەنی برسیەتیمت





وەکولاستیک ڕاکێشاوە..
چی خرۆکەی سووری خوێنمە
لەگڕی بەدخۆراکیدا هەڵقرچاوە..
دەنا ئەوسیخوڕە شۆفارە،
ڕاسپێرراوە:
ئەکەرهیچت لێ هەڵنەکڕاند
بوختانێکی بۆهەڵبەستە
سۆفیی بەرماڵ بەشانیش بێ
چۆڕێک خوێنی لێ دەربێنەو
جارِدە،بڵێ:کۆمۆنیستە!

*　*　*

ئەحمەد مەتەڕ لەسەرەتای پەنجاکان، لە گوندی (تەنوومە) ی سەر بە پارێزگای بەسرە لەدایك بووە. لەنێوسێزدە خوشك وبرادا، چوارەم منداڵ بووە. دەورانی منداڵیی لەو گوندە بردۆتەسەر، لە مێردمنداڵیدا ماڵیان چۆتە بەسرەو لەوێ نیشتەجێ بووە.
لە چواردە ساڵیدا دەستی بەشێعر نووسین کردووە، کە لە پێشدا شیعری ڕۆمانسی و ئەوینداری بوون، بەڵام هەرزوو دەستی بە نووسینی شیعری نیشتمانی توندی ئاگراوی کردو، بەو هۆیەوە ناچاربوو نیشتمان بەجێ بێڵێت و بچێتە کوێت... بەڵام شیعرەکانی کە بە هەڵوێستی نیشتمانی و ڕاستگۆیی ئاخنرابوون، وایانکرد، لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبیدا جێی نەبێتەوەو، سەرەنجام لە ساڵی١٩٨٦دا سەری خۆی هەڵکرت و، لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە لەندەن دەژێت.
ئەحمەد مەتەڕ زمانحاڵی ڕەش و ڕووتی گەلانی بەشمەینەتی عێراق و ناوچەیەو، هێمای سەر ڕاستی و هەقبێژی و پەردە هەڵماڵینە لە ڕووی درێوی ستەم و ستەمکاران.

*　*　*

سەرچاوە:
الاعمال الكاملة للشاعر احمدمطر– دراسةواعداد:مؤمن المحمدي،كنوزللنشر والتوزيع،القاهرة٢٠٠٧



حەسەن جومعە

# جوانیم لە جوانی جوانتر بۆ دەنوێنی

گوڵم تۆ ئەو ئافتابەی
هەرگیز نامسوتێنی
وەکو گەڵاَ زەردی پایز
ناموەرێنی
تۆ ئەو ئاسمانەی جگە لە من
باران بە سەر کەسدا
نابارێنی
بێجگە لە باخی عیشقی من
گوڵ لە هیچ باخێکی تر
نارِوێنی
گوڵم کاتێک
دەستە سیحراوییەکانت
بە سەر دڵما دێنی
کانیاوی هەموو ساتە








خۆشەکانی ژیانی
پڕلە جوانیم
بۆ دەئەفرێنی
کاتێک بە چاوەکانت
لە چاوەکانم ڕادەمێنی
جوانیم لە جوانی جوانتر
بۆ دەنوێنی
ئەو هەناسەیەی کەلە ناخی
پڕسۆزتەوە دایدەبارێنی
بەسەر درەختی تەمەنم
خەزانی لێوەردەگریت و
تا دوا چرکە ساتی ژیانم
درەختی پڕلە سەوزایی
لە شوێنیدا
دەڕوێنی





د. وریا عمر أمین

# سەیرانی نەورۆز



**بۆ بەزم و چەژنی نەورۆز بوو ...چووین بۆ سەیران**

رامانبوارد ... بە گۆرانی و بەستە و حەیران
لە سەر گیای نەرم و سەوز زۆر هەڵپەرین
بە ناو کۆڕی کیژۆڵانا زۆر تێپەڕین
بە دیمەنی بەهار مەست بووین وون بووین نەماین
بەو بۆنانەی کە نەرمە با لە رووی ئەداین
بلێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش
تواینەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش
ئەو رۆژە بوو دڵم تووشی دڵداری بوو
توشی ناڵە و ئاخ و ئۆف و ئازاری بوو





بووم بە دڵدار ... دڵداری چی .. هی شاخ و کێو
هی خوڕەی ئاو ... هی دیمەنانی هەست بزێو
ئەی یارەکەم ئەی کوردستانی ئێسک سووک
ئەی دڵگیر تر ... رازاوە تر ... جوانتر لە بووک
بە کام وشەی گەش و زێرین ... بە کام خامە
بۆت دەربڕم ئەو هەستەی دەربارەت لامە
بە کام زمان تاسە و جۆشی ئاگراویم
دەرخەم کە هەڵقووڵاوە لە جەرگەی لاویم
بە کام دەنگی ناسک و ساز ... بە کام ئاواز
بچریکێنم بۆت ئەی کوردستانی بەناز
نا ناتوانم هیچ بڵێم ... چونکە بە جوانیت
زۆر هیلاکم .. هەرچی بیڵێم .. هەرگیز وانیت



هەولێر/١٩٦٨

فەرۆخ نێعمەتپوور:

## خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن جیهان بگۆڕن،

## جیهان جەستەیەکی فیزیکییە



سازدانی: تارا سەرکەوت ـ هەولێر





**پ : ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان نووسەر و وەرگر؟**

**فەرۆخ نێعمەتپوور:** لەم پرسیارەدا دیارینەکراوە، کە مەبەست لە نووسەر چ جۆر نووسەرێکە: بۆ وێنە نووسەری سیاسی، فەلسەفی، ئەدەبی یاخود ڕۆژنامەنووس، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین فاکتەرەکان بۆ چێکردنی وەها پێوەندییەك جۆراوجۆرن، کە دەکرێ بەم نموونانە ئاماژە بکرێ: زاڵبوون بە سەر بابەتی نووسین، شارەزابوون لە میتۆد، هەبوونی ڕۆشنبیرییەکی باش لە بابەت بابەتی دیاریکراوەوە، ناسینی کۆمەڵگەی خود، لە باری کولتوورییەوە، ڕەچاوکردنی زمانێك، کە بتوانێ هەم هەڵگری توخمەکانی مەنتقی توانای نوێ گوتن لە بابەتدا، هەم هەڵگری میراتی زمانی باو بێت. هەروەها نووسەر شارەزای سایکۆلۆژیای کۆمەڵگە و ئەو کێشە کۆمەڵایەتی، تاکیانە و فیکرییانە بێت، کە کۆمەڵگە لە هەناوی خۆیدا پێیانەوە سەرقاڵە، ئەگەرچی کۆمەڵگە، یاخود تاك خۆی ناتوانێ گوزارشتیان لێ بکات.

هەڵبەت ئەم فاکتەرانە ئاراستەکەیان لە نووسەرەوەیە بەرەو کۆمەڵگە، یاخود وەرگر، یاخود خوێنەر، بەڵام کۆمەڵێك فاکتەری دیکە هەن، کە ئاراستەکانیان لە وەرگرەوەیە بەرەو نووسەر، ئەوانیش بریتین لەوەی کە لە کۆمەڵگەدا ئاستێکی شیاو بۆ کولتووری خوێندنەوە هەبێت، بەو مانایەی لە کۆمەڵگەدا هەم دەبێ خوێنەری نوخبەمان هەبێت، هەم جەماوەرێکی باشی هۆگری خوێندنەوە. لە نەبوونی وەها فاکتەرگەلێکدا، زەحمەتی نووسەران بە فیڕۆ دەچێ، سەرەڕای ماندووبوونی زۆریشیان، دەستکەوتێکی وەهای لێ ناکەوێتەوە، کە پێی شادمان بن.

هەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێ کە لە دەرەوەی ئەم بازنەیە، هەندێك جار پشێویی نێو کۆمەڵگە لە باری دۆخی ئابووریی و کولتوورییەوە، دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە گشتیەتی ئەم دۆخەدا، هەبێت. لە وەها دۆخێکدا، پردی پێوەندییەکان دەپسێت و "پێوەندیی قووڵ" بە تووش کێشەوە دەبێت. بە ڕای من، ئەم پێوەندییە قووڵە بە زەمانێك دروست دەکرێ، کە هەم لە کۆمەڵگەدا جۆرێك لە دامەزراوەیی و دڵنیاییی هەبێت، هەمیش جۆرێك لە ئومێد بە داهاتوو. لە بەستێنی لێکدراوەییی ئەم دووانەدا، نووسەری باش دەتوانێ پێوەندییەکی قووڵ لەگەل وەرگر، دروست بکات.

**پ : بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاریی کاری لەسەر نەکراوە، بە شێوەیەك، کە سەرچاوەمان لەم بارەیەوە هەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا؟**

**فەرۆخ نێعمەتپوور:** ڕەخنەی بەراوردکاریی لە چاو ڕەخنەی ڕۆتینی (ئەگەر بتوانم ئەم

وشەیە بە کار ببەم) پێویستی بە بنەمایەکی فیکریی بەهێزتر و بە خوێندنەوەیەکی فراوانتر هەیە. ڕەخنەگری بەراوردکار، دەبێت توانای ئەوەی هەبێ کە دەقی زمانەکانی دی بە زمانی خۆیان بخوێنێتەوە. لە نەبوونی وەها دیاردەیەکدا، مەترسیی بەراوردێکی خراپ لە ئارادایە. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی نەبوونی وەها دیاردەیەك، ئەوە بێت کە ڕۆشنبیرانی ئێمە زیاتر بە ڕەخنەی ڕۆتینییەوە سەرقاڵن، هەتا شتی دیکەی پێویست، یان ڕەنگە نەزانینی زمانی دیکە بێت، وەها کە دەست ڕاگەیشتنی ڕەخنەگران گەلێك ئاسانتر بکات، یانیش ڕەنگە ئەوەی ڕەخنەی ڕۆتینی بە جۆرێك چەقبەستن لە سەر یەك دەقە، بەڵام ڕەخنەی بەراوردکاریی لە سەر دوو، یان چەند تێکست بە ئەنجام دەگات، بەم پێیەش بێت، کاری فراوانتری دەوێ، لەوەی کە کراوە.

**پ : لە ئێستەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، بەڵام ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستمە، دابەشبووە بە سەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکان. نووسەری ئیبداعکار بۆ ئەوەی پردێك دروست بکا بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهێنان- ڕێکلام، چی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** وەڵامی ئەمە ئێجگار دژوارە. بە داخەوە، یان بە خۆشییەوە، هەمیشە دەق و نووسین وەك هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لەم جیهانەدا پێوەندییەکی بە هێزی بە جۆری پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەوە هەیە. بە ڕای من، هاوسەنگیی نێوان داهێنان و ڕێکلام ئەو کاتەیە کە کۆمەڵگە بۆ خۆی خوێنەر و چاوەدێرێکی باشی دەق بێت، کە مەبەست لەمە هەمان بوونی توێژی بە هێزی خوێنەری نوخبە و ڕۆشنبیرییەکی باش لە کۆمەڵگەدایە، لە نەبوونی ئەم دوو فاکتەرانەدا، هەمیشە بە داخەوە ئەوە فاکتەرەکانی دیکەن، بە تایبەت دەسەڵات و ڕاگەیاندن، کە دەوری سەرەکی دەبینن.

**پ : چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن جیهان بگۆڕن. جیهان جەستەیەکی فیزیکییە، کە پێویستی بە کەرەسەیەکی فیزیکیی، بۆ گۆڕینی خۆی، هەیە. ڕۆسۆ قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێ: دەسەڵات بوونێکی فیزیکیی، واتە جەستەییە، جا ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە دەسەڵات دنیا دەگۆڕێ، کەواتە بۆ گۆڕینی دنیا دەبێ ببین بە دەسەڵاتێکی فیزیکی. خەیاڵ و فەنتازیا یەك لە پێشمەرجەکانی گۆڕانە، بەڵام خودی گۆڕان نییە. لە خەیاڵ و فەنتازیادا مرۆڤ کەرەسە دەروونییەکانی گۆڕان چێ دەکا، کە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتیی، ئێجگار پێویستن. جا بۆ ئەوەی





واقعی تاڵ بگۆڕدرێ، دەبێ خەیاڵ و فەنتازیا خۆی بە کەرەسە ماددیەکانیشیەوە گرێ بدات.

**پ : یەکێك لە ڕوانینەکانی دێرك والکۆت وەهایە: "ئەدەب دەمی زامێك هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوە". دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردی، قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکانەوە؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** ئەم ڕستەیەی والکۆت قسەیەکە وەك زۆربەی قسەکانی دیکە کە دەربارەی ئەدەب کراون. قسەیەك کە ڕاوەستانێکمان پێ دەکا و دەبێتە هۆی لێڕامانمان. ئەگەر مێژوو بە ڕووداو بزانین، ئەوا بینینی ڕاستەوخۆی ڕووداوێکی مێژوویی ڕەنگە کەمتر کاریگەریی لە سەر زەینی مرۆڤ نەبێت لە چاو ڕووداوێکی ئەدەبی. شتێك کە ئەم ڕووداوە مێژووییە لە ڕووداوی ئەدەبی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە لە ئەدەبدا دواتر ئەم ڕووداوە لە گشتییەتێکدا دەبینینەوە. ڕووداوی ئەدەبی بە هۆی بەرجەستەبوونی تاکەوە لە دەقی ئەدەبیدا، زۆرتر تایبەتی دەکرێتەوەو هەر بۆیە مەلمووستر و هەست پێکراوتر دەبێ. جا بەم ڕادەیەش کاریگەرییەکەی پتر دەبێ. کەواتە بە پێی ئەم لۆژیکە دەکرێ ئەدەبی کوردیش قوڵتر لە نێو پێکهاتەی ڕووداوەکاندا بێت.

**پ : ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** ئاشکرایە تا ئێستا خویندنەوەی دۆخی کوردستان، خوێندنەوەیەکی پتر سیاسیە. هەربۆیە تاکرەهەندییە و هیچ خوێندنەوەیەکی تاکرەهەندیش نابێتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ پەل کێشکردنی قەیرانەکان بەرەو چارەسەربوون. جگە لەمە من وا هەست دەکەم کە جۆرێك میتۆدی نیچەییانە بە سەر ڕۆشنبیری کوردیدا زاڵە کە دەبێتە هۆی ئەوە لە ئارامش و سەبرێکی زانستی بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگاکەی بەهرەمەند نەبێ. ڕۆشنبیری کوردی تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕەقە و زیاتر هەست دەکەی کە تەنانەت ئەوکاتیش کە دەیەوێ زانستی بنووسێ، ڕۆحی سیاستی لە پشتە. دەڵێی هەمیشە دەیەوێ هەرچی خێرا شەڕەکەی خۆی ساخ بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زانست نەرم و نیانە و پەلە ناکات. ڕەنگە نەبوونی پێوەندیکی بە هێز لە نێوان جامیعە واتە زانستگا و ڕۆشنبیری کوردی سەرەکیترین هۆکاری ئەم کێشەیە بێت.

**پ : ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لەچی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێ خۆی نواندووە؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** بە ڕای من هەموو ڕۆشنبیرێك دەزانێ کە بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە هەموویان نەزانن

که چۆن بیری لێ دەکەنەوەو چلۆن تێیدا قووڵ دەبنەوە. هەر بەم پێیەش رەنگە هەموو رۆشنبیران نەزانن کە چ مەبەستێك لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا خۆی حەشار داوە. رەنگە لێرەدا هیچ پێویستێکیش بەوە نەبێت کە چ مەبەستێك لە ئارادایە. بە رای من گرنگتر لەمە وردبوونەوە لە خودی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە کە دەبێ سەرنجمان رابکێشێ. ئەرەستوو بە پێی دیدی تێۆلۆگیانەی خۆی پێی وابوو کە هەموو شتێك لەم دونیایەدا خاوەن مەبەستێکە. کە دواتر زانستی نوێ ئەمەی رەد کردەوە. جا با ئێمەیش زۆر لەم مەبەستانە ورد نەبینەوە، ئەوەندەی کە مەبەستمان خودی لێکۆڵینەوەکەی رۆشنبیر بێت. بە رای من رۆشنبیر گەر بتوانێ لێکۆڵینەوەیەکی باش پێشکەش بکات خۆبەخۆ مەبەستەکەشی دیاری کردووە و پێکاویەتی.

**پ : لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێ گرووپ ئامادەییان هەیە، دەتوانین بڵێین ئەوانە بنەمای تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەو گرووپانە هەر دەمێك و کەسێ وەك (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** لە جیهانی رۆشنبیریش دا وەك جیهانی سیاسی دەستەبەندی دەبیندرێ. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان جۆری روانین و راڤەی رۆشنبیراندا جیاوازی هەیە. بە رای من ئەمە دیاردەیەکی سروشتیە و پێوەندی بە جوڵەی زاتیی رۆشنبیران و جۆری تەماسیان لە گەڵ تیۆرەکان و هەروەها جۆری پێوەندی دانی ئەم تیۆرانە بە دۆخی تایبەتی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆ وێنە ئەو رۆشنبیرەی کە رەخنە لە هەموو بوارەکاندا رەچاو دەکا (بۆ وێنە لە خوێندنەوەی مێژوودا)، جیاوازیی هەیە لە گەڵ ئەو رۆشنبیرەی دیکە کە لە روانگەی ئیسباتییەوە بۆ دۆخی ئیستا لە مێژوو دەڕوانێ. هەروەها دەکرێ لە ناو ئەو رۆشنبیرانەیشدا کە رەخنەیی لە مێژوو دەڕوانن، بیروبۆچوونی جیاواز هەبێ. بە رای من ئەمە خۆی لە خۆیدا خراپ نیە، بەڵام نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە جیاوازیی بیروڕا ببێتە هۆی نەبینینی تواناییەکانی تەرەفی بەرانبەر. پانتایی بیر ئەوەندە گەورەو بەرینە کە ئەگەر هەر رۆشبیرێك بە قوڵیی بچێتە بواری جێگای سەرنجی خۆیەوە، دەتوانێ لە هەمان کاتدا جێگای ئەوی دیکەش بە ناحەق داگیر نەکا. بە رای من شوێنی روشنبیر ئەوەندەی ئەستوونی پێناسە دەکرێ، ئاسۆیی ناکرێ. بریا ئێمە لە هەموو بوارەکاندا (بوارە دژ بەیەکەکانیش) ئەوەندە رۆشنبیری راستەقینەمان هەبووایە کە دەست بردن بۆ کار و بەرهەمی هەر کامیان ببوایەتە جێی سەرسوڕمانی هەمووومان. بۆ وێنە گەر سەیری بیرمەندانی ئەورووپا بکەین دەبینین





کە کانت و هیوم دوو جۆر روانینیان بۆ ئەتیك واتە ئەخلاق هەیە، بەڵام مرۆڤی لایەنگری هەرکامیان کاتێك ئەوی دیکەیان دەخوێنێتەوە، بە ئاسانی دەتوانێ سەرنجی رابکێشێ و ببێتە هۆی سەرسوڕمانی.

پێم وابێ هێشتا رۆشنبیریی کوردی، یان گرووپەکانی نێو ئەم رۆشنبیرییە، زووە کە خەریکی دەستنیشانکردنی رۆشنبیری گەورە بێت. رۆشنبیری کوردی تەنانەت هێشتا ئەوەندە دەقە مەزنەکانی جیهانی بە زمانی خۆی لە بەردەستدا نیە تاکوو دیعایەیەکی لەم چەشنەی هەبێ. بریا لە جیاتی ئەم کارە، ئەم رۆشنبیرانە زیاتر بە کاری راگواستنی ئەم دەقانەوە سەرقاڵ بانایە.

**پ : کاتێك بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ حەفتاکانی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی، دەبینین وەك هەبوون، چیرۆکمان هەیە و دیدی بیبلۆگرافیانەی نووسەرەکانیان هەردەم هەوڵی سەلماندنەوەی بوونی دەقەکان دەدەن، نەك پرسیار، جا بۆئەوەی چیرۆکیش ببێ بە پرسیار لەبەردەم مرۆڤدا، لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕەوتەکە چۆن وەربچەرخێنین؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** کێشەیەك لە راستیدا لە نێوان نووسەرەکانی ئەو سەردەمە و نووسەرانی ئیستادا هەیە، کە بە بەردەوامی خۆی دەنوێنێ. بە رای من خوێندنەوەی ئەو وەچەیە زۆرجاران تێکەڵ بە زمانێکی نیچەییانە بووە کە ئەوانی تووڕە کردووە. بۆ وێنە نیچە لە کتێبی "سەرچاوەکانی ئەخلاق دا" کاتێك دەروونناسە ئینگلیزییەکان دەخاتە بەر رەخنە، لە رستەگەلی وەك "ئەو پیرە لێکۆڵەرانەی وا وەڕەزی دەکەن" (ئەم رستەیەم لە زمانی نۆروێژییەوە وەرگرتووە، جا نازانم تا چەند تەرجومەکەی دەقیقە) کەڵك وەردەگرێ. ئەو رۆشنبیرانەی ئێمەیش کە لە نەوەدەکانەوە دەستیان پێکرد، تا رادەیەکی زۆر تێکەڵ بەم جۆرە زمانەن، زمانێك کە لە کۆمەڵگای تەقلیدی ئێمەدا دەتوانێ لە لایەن وەچەکانی پێشووەوە تووش بەرهەڵستکارییەکی گەورە بێت. هەڵبەت من پێم وایە کە بە کاربردنی ئەم زمانە نیچەییانەش ئیدی کۆنە و تەقلیدییە.

من پێم وایە کە ئێمە زیاتر پێویستمان بە زمانێکی کانتیانە هەیە. زمانێك کە لە عەینی راڤەدا، ئارام و لۆژیکی و زانستیانەیە. جا بەم شێوە دەتوانین تەنانەت سەرنجی وەچەکانی پێشووش بۆ خومان رابکێشین.

بەڵێ! دەبێ روانگەکان سەبارەت بە چیرۆکیش گۆڕانیان بەسەردا بێت. بەڵام ئەم گۆڕانە زیاتر لە رێگای پێشکەش کردنی دەقەوە دەکرێ، هەتا نەفییەکی توند و تیژانە. پێشکەش کردنی دەقی دی و نوێ، خۆبەخۆ پانتاییەکە فراوانتر دەکاتەوەو لەم رێگایەوە پرسیار و ئاسۆی دیکە دەخوڵقێ. بە داخەوە فەزای رەخنەی ئێمە زۆر تێکەڵ بە فەزایەکی تووڕەی

سیاسیانەیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی نووسەرەکانمان باس لە دوور کەوتنەوە لە ئایدۆلۆژیا دەکەن!

**پ : ئەگەر ورد لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی (داهێنان) و (نوێخوازی)ین و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە وا نین، ئەو گوتارانەی لە ئێستای (ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان)دا دەیانبینی، تا چەند نزیکن لە حەقیقەت؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** چ ئەم ئیدیعایە و چ ئیدیعاکانی وەچەی ئیستا سەبارەت بە جۆری نیشان دانی خۆیان، بە رای من بە دوورن لە فۆڕمێکی باشی پێشکەش کردن. هەر دووکی ئەم هەڵوێستانە دژکردەوەیین نەك کردەوەیی. واتە وا دەکەن چوونکە تەرەفی بەرانبەر لەوەپێش وای کردووە! تا دێتیش فەزاکە گرژتر دەبێت. رەنگە یەکێك لە هۆکارەکانیش ئەوە بێت کە ئەم دوو وەچەیە یەکجار لە باری زەمەنی و مەکانییەوە لە یەك نزیکن (ئیستاش پێکەوە دەژین). هەروەها سەرنەکەوتنی باشی وەچەی نوێ لە باری پێشکەش کردنی دەقەوە و لە باری بە جەماوەری بوونی دەقەکانی و ئەو ئالۆزیانەی کە لە وەچەی نوێدا لە باری نووسین و زمانیەوە خۆی نیشان دەدا، وەچەی رابردووی ئازاتر کردووە.

سەبارەت بەوەی کە گوتارەکانی ئێستای رۆماننووس و چیرۆکنووسان تا چەند لە حەقیقەت نزیکن دەبێ بڵێم کە پێناسە کردنی حەقیقەت هەمیشە یەکێك لە دژوارترینی کارەکانە. بە تایبەت کاتێك کە قسە لە سەر زانستە هیومانیستییەکانە. دژواری ئەمە کارێکی کردووە کە بەشێکی بەرچاو لە فەیلەسووفەکان باس لەوە بکەن کە حەقیقەت لە دەرەوەی مرۆڤ بوونی نیە و ئەوە مرۆڤ بۆخۆیەتی کە حەقیقەتەکان دروست دەکا. جا بەم پێیە دەکرێ جۆرەها حەقیقەتمان هەبێ (نیچە باوەڕی بەمەیە). یان دەکرێ وەك ئیفلاتوون باس لە بوونی حەقیقەت لە دەرەوەی مرۆڤ بکرێ (تاکڕەهەندی بوونی حەقیقەت). وەچەی نوێ بێ گومان بە پێی مەنتقی ئاشنا بوونی پتری لە گەڵ زانستەکانی سەردەم، خاوەن خوێندنەوەیەکی بەرفراوانتر و دیدێکی فراوانترە، تەنانەت لە بواری رۆمان و چیرۆکیشدا. جا بەم پێیە حەقیقەتی ئەوان فراوانتر و قوڵترە. یانی گەر بە دیدێکی نیچەییانەوە بیڵێم ئەو حەقیقەتەی ئەوان دروستیان کردووە، حەقیقەتێکی زیندووترە، بەڵام لە هەمان کاتدا خودی حەقیقەتیش نییە! تەنانەت گەر بە زمانێکی پۆست مۆدێرنیانەش بدوێین دەبێ بڵێم با لێگەڕێین ئەوانیش مافی ئەوەیان هەبێ کە لە ناو حەقیقەتی خۆیاندا بژین!





**پ: ڕۆحی مرۆڤ (بە تایبەت نووسەری ڕۆمان) تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووك بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ هاوکات ئایا مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی نێو خود- ەوە؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** رۆمان تەنیا ئاوێنەی رۆح و ئایدیاکانی نووسەر نیە. بەڵکوو ئاوێنەیەکی ناتەواوی هەموو ئەو شتانەیە کە لە نووسەردا بە جۆرێك جێیان گرتووە. بە تایبەتی لە رۆماندا کە نووسەر دەبێ خاوەنی چەندین کاراکتێر بێت. نووسەری رۆمان بەردەوام خەریکی گەمەیەکە کە تێیدا خۆیەتی و خۆیشی نیە! دیالێکتی "من ـ ئەو" یان "من ـ ئەوان" ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا لە گەڵ حوزوری فاکتەرەکانی دی نووسینی تێیدا لە دایك دەبێ. هیچ مرۆڤێك مادام لە کۆمەڵگادا دەژی ناتوانێ تەنیا خۆی بێت. خۆیەتی مرۆڤ گەر بە زمانێکی مارکسیانە بدوێین لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا دەردەکەوێ و خۆی نیشان دەدا و پەروەردە دەکرێ. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی (ئەرەستوو)، یان وەك بوونێك کە لە گەڵ مرۆڤەکانی دی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئیمزا دەکا (رۆسۆ) بەردەوام لە هاوکێشەیەکی چەند لایەنەدایە. ئەمە بێ گومان نووسەریش دەگرێتەوە. تەنانەت بگرە زیاتر لە مرۆڤەکانی دی. بەڵام هاوکات ئەم "خۆیی بوونە" و "ئەوی دی بوونە" لە نووسەردا خەستتر و چڕترە. جا بەم پێیە نووسەر دەتوانێ ئاوێنەی باڵانمای قۆناغێك بێت لە ژیانی کۆمەڵگادا.

**پ: کە ڕۆمان دەدوێ، چی دەدوێ؟ ئایا خودێکی ناوازە و تایبەت دەدوێ، یان ڕۆحێکی گشتی؟ ئەوە منی مرۆڤەکانە کە قسە دەکا، یان منێکە دەلالەت لە دەنگێك دەکا لە نێو خودی ڕۆماننووسدا نیشتەجێیە و ڕۆماننووسی کردووەتە ناخود؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** بە پێی وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو دەبێ بڵێم کە هەم خودە و هەم بە جۆرێك رۆحێکی گشتییە کە دەدوێ. رۆحی گشتی بە هۆی قەڵەم یان زمانێکی تاکەوە دەدوێ و تاکێك بە خۆهاویشتنی لە ناو دەریای گشتدا لە دەرەوەی خۆی دەدوێ! دەکرێ بەم جۆرەیش فۆرمولەی بکەین: "منێکی گشتی" و "گشتێکی من".

**پ: ڕۆمانی کوردی بەدەر لە گوتنی حەرام و حەلاڵەکان، دەیەوێ چیمان پێ بڵێت؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** رۆمانی کوردی دەیەوێ وەك هەموو رۆمانەکانی دنیا گەلێك شتمان پی بڵێ! "من" بە هەموو خولیا و ئازار و خەون و دڵەراوکێ و بۆچوونەکانیەوە. "ئەوانیش" بە هەمان ئەم خەسڵەتانەوە.

رۆمان دەیەوێ بڵێ کە توخمی تاک سەری هەڵداوە، تاکێك کە ئیدی نایەوێ چیدی تەنیا لە روانگەی حیکایەتە باوەکانەوە دنیا و مرۆڤ بخوێنێتەوە. رۆمان ئەو دەرفەتە دەدا کە مرۆڤێك بۆ خۆی حیکایەتێکی گەورە چێ بکات. دەیەوێ بڵێ کە هەر مرۆڤێك دەکرێ حیکایەتێکی گەورە بێت. رۆمان ئەو دەرفەتە دەدا کە مرۆڤەکان باشتر بناسین (بەم پێیە مرۆڤی کوردیش). فێرمان دەکا لە گەڵ تواناکان و بێروحمییەکانی مرۆڤ باشتر ئاشنا ببین. دەروازەی توناوتوونەکانی ناو رۆحمان باشتر بۆ دەکاتەوەو بۆ دەردەخا. بەم پێیەش خەسڵەتەکانی مرۆڤ بوونمان تێدا بە هێزتر دەکا. گەر ئەدەب شکڵێکی ناسین بێت، ئەوا رۆمان زیاد کردنی فۆرمەکانی ناسینە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**پ: رۆمانی کوردیی تا چەند توانیویەتی سوودی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانی وەرگرێ و لە بەرژەوەندیی ئەدەب و داهێنانی کولتووری کوردییدا بەکاری بهێنێ؟**

**فەرۆخ نێعمەتپوور:** هەموو رۆمانەکانی ئێمە لە ژێر تیشکی سوودوەرگرتن لە ئەدەبییاتی جیهانیدا لە دایك بوون و نووسراون. ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی بەرخۆرە ناچاربووین و ناچارین لەم حاڵەتە (رەنگە رۆژێك ئەم حاڵەتە پێچەوانە بێتەوە).بەڵام ئەوەی ئەم سوود وەرگرتنە تا چ رادەیەك خۆت گوتەنی تەندرووست بووە، ئەوا هەڵسەنگاندنەکەی کارێکی دژوارە. من کاتێك هەندێك رۆمانی کوردی دەخوێنمەوە، هەست دەکەم کە هەمیشە لە شوێنێکدا زێدەڕۆییەك یان کەمڕۆییەك هەیە. بۆ وێنە زمان. زمان هێشتا دەناڵێنێ کاتێك لە گەڵ بەرهەمێکی دیکەدا بەراورد دەکرێ. یان دەبینی فۆرم هێشتا بەرگێکی ئاسایی نێوەڕۆك نیە. یاخود دەبینی کاریگەرییەکی بە هێز لە سەر خوێنەر بە جێ ناهێڵێ. وشەکان و وێنەکان لاوازن. لە هەمان کاتدا هەندێك رۆمانی دیکە دەبینی کە وێنەی یەکجار تێدا بە هێزە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاڵۆزیی زۆری دەق ئازارت دەدا.

**پ : خوێنەرانی کورد لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین رۆمانی دنیادا، بۆ وا هەرەمەکیی پێشوازیی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێی رۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی ئەدەب بێ؟**

**فەرۆخ نێعمەتپوور:** مودێلگەرایی بە داخەوە خەریکی ئازاردانی دەقی ئێمەیە. لای ئێمە ناوەکان لە رەوتەکان بە هێزترن. ئێمە زیاتر روخسار دەبینین تا پرۆسەکان. هەروەها وەك چۆن سەردەمانێك هەموو بە شیعرەوە سەرقاڵ بووین، رەنگە بە هەمان شێوەش بمانەوێ بە رۆمان یان شتی دیکەوە سەرقاڵ بین. ئاشکرایە کە رۆمان ناتوانێ ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی ئەدەب بێت، بەڵام دەکرێ لایەنی بەهێزی





ئەدەبی وڵاتێك بێت. بەڵام خۆزگە وای لێ بهاتایە کە بە قەدەر شاعیر رۆماننووسمان هەبایە! ئاخر نووسینی رۆمان پرۆژەیەکی درێژخایەنە و پێم وانەبێت ئەمە لە حەوسەلە و تاقەتی زۆربەی نووسەرانی ئێمەدا هەبێت. هەروەها روومانووسی زۆر نیشانەی ئەوە دەبێت کە کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگایەکی هەستیارەوە بەرەو ئەقڵ گەشەی سەندووە. ئەگەرچی دەکرێ کە هێشتا زۆربوونی ژمارەی نووسەران نیشانەی باشی بەرهەم و ئاسەوار نەبێت.

**پ: ئەو هۆکارانە دەرهاوێشتەی چین کە بوونەتە پاڵنەر تا خوێنەرانی ئەدەبی کوردی تا ئەو ئاستە لە دەوری رۆمان کۆببنەوە؟**

**فەرۆخ نێعمەتپوور:** رەنگە بێزاری لە شیعر، یان ئەوەی کە رۆمان بوارێکی تازەیە کە دەکرێ خێراتر خۆتی تێدا ببینیتەوە (بە هۆی ژمارەی کەمی نووسەران). یان رەنگە ئەوەی کە مرۆڤی ئێمە ئێستا زیاتر بیر دەکاتەوە و تاکگەرایی و ئاوڕدانەوە لە ئەقڵ (ئەقڵ بەو مانایە کە مرۆڤ دەیەوێ راڤەیەکی ئەقڵانی لە بوون لە رێگای ژانری رۆمانەوە پێشکەش بکات) تێیدا بە هێزتر بووە. یان رەنگە ئەوەی کە ئاڵۆزیی ژیانی ئەم سەردەمە ئیدی تەنیا لە رێگای شیعرەوە راڤە ناکرێت. ئیتر ئەوەندە بیر وگرفت چەپێندراوەتە ناو رۆحی ئێمەوە کە پێویستی بە پانتاییەکی فراوانتری کاغەز هەیە بۆ دەربڕینی.

**پ: خوێنەرانی کورد ئەو توانایەیان هەیە لەگەڵ رەوتە فیکرییەکانی رۆماندا پتر یەکبگرنەوە، تا ئازار و نیگەرانیەکان؟**

**فەرۆخ نێعمەتپوور:** پێم وایە رۆمان ئیلقای فیکرێکە لە رێگەی گواستنەوەیەکی ئیحساسییەوە. خوێنەر ئەگەر تەماسێکی نزیکی ئیحساسی و کۆنکرێت لەگەڵ رۆمانەکەدا (یاخود کاراکتێرەکانی نێو رۆمانەکە) بەرقەرار نەکا، ناتوانێ دەرك بە رەوتە فیکرییەکانی ناو رۆمانەکەش بکات. چونکە رۆمان فەلسەفە نیە کە تەنیا لە رستە گشتییەکان و بۆچوونە تەجریدیەکان پێك هاتبێ. بەلام لە هەمان کاتدا بەرقەرار کردنی تەماسێکی فیکری لە گەڵ رۆمان پێویستیی بە خوێنەرێکی کارامەتر و لێزانتر هەیە. دیاردەیەك کە هێشتا لای ئێمە لاوازە. بە رای من ئەو رۆمانەی کە دەتوانێ فیکر و ئازار پێکەوە بە خوێنەر بگەیەنێ، ئەوا سەرکەوتووە. ئەگەرچی ئەمەش وەك گوترا پێوەندی بە خوێنەری چالاکیشەوە هەیە.

**پ: دەتوانین بڵێین کولتووری رۆژهەڵات، کولتوورێکە دەکرێ ببێ بە کەرەستەی گەلێك داهێنان. بەڵام دەبینین رۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێ وەرنەگرتووە لە بەرانبەر رۆژئاواییەکان. ئەوە نووسەرانی کوردن جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئافرێنەرانە بەرهەم بهێنن، یا بینینی هەر کولتووریێ لە دوورەوە باشتر**

**قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یا چی؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** تا ئیستاش لە کوردستانی ئێران گەنجینەی کەلتوور و کەلەپوور لە نووسیندا کەڵکی وەهای لێ وەرنەگیراوە. دەکرێ لەم بارەیەوە کاری پتر بکرێ. بڕواش ناکەم ئەمە پێوەندیی بە تەسکبوونی جیهانبینییەوە هەبێ، ئەوەندەی کە پێوەندیی بە تازەبوونی ڕۆمانەوە لەوێ هەیە. کەس لە پڕێك نابێ بە کوڕێك! جگە لەمە شەرت نییە بۆ نووسینی ڕۆمان هەمیشە وەك مارکز لە "سەدساڵ تەنیایی"دا کردوویە، نووسەر پێویست بێت لە گەنجینەی ڕابردوو کەڵك وەربگرێ. توخمەکانی ئیستای ژیان لە باری ماددەی خاو بۆ نووسین ڕەنگە گەلێك دەوڵەمەندتر بن.

**پ: نووسەران هەمیشە لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا لە سەفەردان، تۆ لەو سەفەرانەتدا بە کوێ گەیشتووی؟**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور:** بە هەموو شوێنێك و بە هیچ شوێنێکیش! من ئەو کاتەی لە ئێران دەژیام ئەگەر تەنیا دەرفەتی سەفەرم لە گەڵ خۆم هەبوو، ئیدی ئیستا لە مێژە کە مەجالی سەفەرێکی جەستەییشم لە گەڵ دونیادا بۆ پەیدا بووە. لەوێ ڕۆحی خۆم هەڵدەگرت و بە بێ ئەوەی جەستە ببزوێنم، لە سەفەردا بووم. ئیستا هاوکات هەم ڕۆحم سەفەر دەکا و هەم جەستەم. جا بەم پێیە سەفەرەکانی ڕۆحیشم مەودایان فراوانتر بووە. ئیستا ئیدی سەفەری خۆم لە گەڵ خۆم بووەتە سەفەری خۆم لە گەڵ دونیا، یاخود دونیا لە گەڵ خوم. سەفەری جەستەم لە دونیادا و بەزاندنی نائاساییانەو نایاساییانەی ئەو هەموو سنووورە، نەیانتوانی هەڵبەت سەفەرەکانی خۆم لە گەڵ خۆم لێ بستێنن. بۆ ئەوەی نووسەر بیت دەبێ هەمیشە لە سەفەردا بیت، جا چ دەروونی چ دەرەکی.

ساڵێك پێش ئەوەی لە ئێران هەڵێم و روو لە کوردستانی ئێراق بکەم، سەفەرێکی لای مارف ئاغایی زیندە یادم کرد. ئەوکات لە شاری ورمێ لە گۆڤاری سروەدا کاری دەکرد. هاوینێکی گەرم و وشك بوو. دوای کاتی ئیداری بەرەو ماڵ چووین و پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، سەعاتی دەورووبەری چوار وەدەرکەوتین.

– کاك مارف بۆ کوێ دەچین؟

ئەوەندە گەرم، کە کەس بەدەرەوە نییە. قیرەتاو دەکوڵێ و چۆلەکە بەستەزمانەکانی قەراغ گۆلی ورمێ لە ناو سێبەری گەڵاکاندا خۆیان لە هەتاو دزیوەتەوە. تەنیا جار جارە وڕەی ماشینێك.

– هاوڕێیەکی دارتاشم هەیە، دەچین سەردانێکی دەکەین. کە لە کار دێمەوە دوای نان خواردن و حەسانەوەیەکی کورت، دەچمە لای. ئەمە تەقریبەن کاری هەموو ڕۆژێکمە.

دەچین. حەزم لە تیشکی تاقەت پڕوکێنی هەتاو نیە. دەڵێی دەیەوێ شار بتوێنێتەوە. گەرمی قسەین. دەگەین. بەڵام دەرگای دووکانەکە داخراوە. مارف پیی سەیرە. دەگەڕێینەوە.

لێی دەپرسم:

– هەموو ڕۆژێك دێیتە لای؟ یانی ژیانی تۆ ئەمەیە. بەیانیان تا سەعات دوو لە دایرەو دواتر حەسانەوەیەك و ئەوجار سەردانێکی برادەرەکەت. دواتریش ماڵەوە، وانییە؟

– وایە!

لە بیرم دێت لەم وەڵامەی مارف ترسام. بیرم کردەوە کە نووسەر نابێ ئاوا بژیت. ژیانێکی وەها دەیوشکێنێ! بەڵام ئێستە دەزانم بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵەم دەکرد. مارف لەگەڵ خۆیدا لە سەفەردا بوو.

جا هەر بەم پێیەش، پێم وایە گرنگترین سەفەر، سەفەری نووسەرە لەگەڵ خۆیدا. دنیا زۆر گەورە نییە و ڕەنگە چەند سەفەرێك زوو ببێتە هۆی بێزاریت، بەڵام سەفەر لەگەڵ خۆتدا قەت وەڕەزت ناکات.

بیۆگرافیا:

- لە ساڵی ١٩٦٥دا لە دایك بووە.
- خوێندنکاری بەشی فەلسەفە و مامۆستایەتیی، لە زانکۆی نۆرویژ.
- حەڤدە ساڵە لە دەرەوەی ئێراندا دەژیێ.

کتێبە نووسراوە چاپکراوەکان:

- پەڕەسێلکەکانی کۆچ ((ڕۆمان)).
- ئێوارەی شار ((کۆمەڵەچیرۆك)).
- خۆشترین ڕۆژی دنیا ((کۆمەڵەچیرۆك)).

کتێبە وەرگێڕدراوە چاپکراوەکان:

- گوڵی جاکاراندا ((کۆمەڵەچیرۆك)) لە نۆروێژییەوە کردوویە بە کوردی.
- کاری کرێگرتە و سەرمایە ((کارل مارکس)) لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی.
- فەلسەفە لە مێژوودا. لە نۆروێژییەوە کردوویە بە کوردی.

لە پاڵ ئەم کتێبانەدا، گوتارگەلی فیکری و سیاسیی بە زمانەکانی: کوردی– فارسی، نووسیون.



ڕەزا شوان / نەرویج

# فیلمی " دڵی سوور.."
# یا فیلمی ناشیرینکردنی کورد ؟

له ڕۆژی هەینی « ٢٩ / ٤ / ٢٠١١ »دا ، له سینەمای « بێرگن » لە شاری بێرگن ـ له وڵاتی نەرویج . فیلمێکی کوردی بە ناوی « دڵی سوور »ەوە پیشاندرا ، پێش شاری بێرگن، له سینەماكانی چەند شارێکی تری نەرویجدا پێشاندرا و لە چەند شارێکی کەشیدا پیشان دەدرێت.. نیازیش وایە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوەروپادا پیشان بدرێت و لە مانگی شەشەمی ئەمساڵیشدا لە سینەماكانی شارەکانی باشووری کوردستاندا پیشان بدرێت.. ماوەی ئەم فیلمە کاتژمێرێك و حەڤدە خولەکە ..بە زمانی کوردی دیالیکتی سۆرانییە'

له ڕۆژی یەکەمی پیشاندانی « دڵی سوور » لەسینەمای بێرگن تەنها « ٢٤ » کورد و « ٣»ی نەرویجی بینیان نازانم ڕۆژانی تر ژمارەی بینەرانی چەند بوون.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی . دەرهێنەری لاوی کوردمان کاك « هەڵکەوت مستەفا » یە، کە لە نەرویجدا دەژی .. چیرۆکی ئەم فیلمە ، دەربارەی خۆشەویستیی نێوان کوڕ و کچێکی کوردە کە ناویان لە فیلمەکەدا « سۆران » و « شیرین »ە و ، خەڵکی ناوچەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێرن ـــ لە باشووی کوردستاندا . ناوی فیلمەکەش لەوەوە هاتووە کە سۆران مۆبایل تەلەفۆنێکی ڕەنگ سوور، پێشکەش بە خۆشەویستەکەی شیرین دەکا.





وێنە و دیمەنەکانی فیلمەکە لە لایەن وێنەگرێکی نەرویجییەوە گیراوە ، هەرچەندە لە فیلمەکەدا ناوی شوێنەکان نەنووسراوە ، بەڵام ئیمەی خەڵکی باشووری کوردستان زانیمان کە ناوچەی سۆران و ڕەواندووزە بێجگە لە هەولێری پایتەختی کوردستان ، کە کۆتایی فیلمەکە لەوێ دێت.. مۆزیکی فیلمەکەش هونەرمەندێکی نەرویجی هەڵیبژاردووە.

فیلمی « دڵی سوور » لە وەرزی بەهاردا دەست پێدەکا و، لە زستانیشدا کۆتایی پێدێت.. فیلمی دڵی سوور یەکەمین فیلمی دەرهێنەر « هەڵکەت مستەفا »یە.

تێکست و چیرۆکی ئەم فیلمە لە کتێبی « ئۆقیانووسێك لە تاوان » ەوە وەرگیراوە، کە لە دانانی تۆژێنەری بواری ئافرەتان خاتوو « خەندان حەمە جەزا » یە ، ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی..ڕاستە کاك هەڵکەوت مستەفا شوێنی ڕووداوەکانی گۆڕیوە و ، بەو شێوەیەش کە خۆی مەبەستێتی سیناریۆی بۆ نووسیوە.. بەڵام دەبوایە ئاماژەی بە ئەو کتێبە بکردایە . ئەوانەی ئەو کتێبەیان خوێندبێتەوە و فیلمی « دڵی سوور » ببینن.. ئەم ڕاستیە دەزانن.

بێجگە لەو سەرنج و تێبینیانەی کە خۆم دەربارەی ئەم فیلمە هەمە .. حەزمکرد ڕای کۆمەڵێك کەسانی جۆراوجۆر وەربگرم ، بە تایبەتیش خوشکانی کوردمان لە چەند شوێنێکی نەرویجدا کە ئەم فیلمەیان بینیبوو ، بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمەکە لە ڕووی بابەتییەوە.. لە سەتا نەوەتی ئەوانەی کە « دڵی سوور »یان بینیوە ، لێی نارازین و بە فیلمێکی دەزانن کە لە زیانی کوردایە و ناوی کورد دەزڕێنێ و کورد لەبەرچاو دەخات.. لە فیلمەکەدا ، کۆمەڵێك ناڕاستی دراوەتە پاڵ کولتوور و داب و نەریتی جوان و ڕەسەنی کوردیمان.. کاك هەڵکەوت لە فیلمەکەیدا هەموو بەها جوانەکانی گەلەکەمانی فەرامۆش کردووە و ، تەنها چەند دیاردەیەکی نامۆ و ناشیرینی پێشان داوە و ، دەیەوێت بە بێگانە بڵێت ئیمەی کورد گەلێکی دواکەوتووین و بێ ئاگاین لە گۆڕان و لە پێشکەوتن ، خاوەن داب و نەریتێکی سەرتاپا ناشیرینین .. تا ئەمڕۆش پیاوسالاری و عەشیرەتگەری زاڵە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیماندا ، ئەگەرچی کاك هەڵکەوت مستەفا بەبێ ئەوەی هەستی پێکردووبێت، لە هەندێ شوێنی فیلمەکەدا خۆی بۆچوونەکانی خۆی بە درۆ دەخاتەوە.

ئەگەر کاك هەڵکەوت ئەم فیلمەی تەنها لە کوردستاندا پیشان بدایە و،ڕەخنە و ڕووداو و دیاردەکانی ناو فیلمەکەی تەنها ڕووبەڕووی کورد بکردایەتەوە .. ئێمەش لێکدانەوە و ڕایەکی ترمان دەربارەی فیلمەکەی دەبوو..کاك هەڵکەوت مستەفا خۆ تۆش کوردی، لێت دەپرسم ئەگەر بێگانە تەنها چەند دیاردەیەکی ناشیرینی کورد ببینێت و واش تێبگەن کە ئێمەی

کورد میللەتێکی زۆر نەزان و دواکەوتووین و خاوەنی ئەقلییەتێکی کۆنەپەرستین و لە شارستانی و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان بێئاگاین.. جا بێگانە دەبێ چۆن لە ئێمەی کورد بگەن و، بە چ چاوێکی سووکەوە لە کورد بڕوانن و .. چ ڕێزێکمان بۆ دابنێن.. ؟ بۆ کاکی دەرهێنەر لەم نەرویجەی کە من و تۆی تێدا دەژین .. گەلێ لایەنی لە ئێمەش ناشیرینتریان نییە..؟ بۆ هەموو شتێك لە ئەوروپادا، جوان و باش و ڕاستە ؟ سالّی بە چەندەها منداڵی باوك نەناسراو لە ئەوروپادا لە دایك دەبێت ؟ شەوی بە چەندەها کوڕ و کچیان لەسەر شەقامەکاندا ، بە سەرخۆشی و بە بێهۆشی هەموو گیانی خۆیان دەخەنە دەرەوە ؟هێندە شتی ناشیرینتر و قێزەوەنتر لە ئەوروپادا دەبینرێن ، کوردستانی ئێمە لە چاو ئەمانەوە ، بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە .. بەڵام ئایە ئەمان شتە ناشیرینەکانی خۆیان دەکەن بە فیلم و پیشانی ئێمەی ئەدەن ؟ ئایا باسی سووکایەتی خۆیان دەکەن ؟ یان کورد وتەنی : « بە دۆی خۆیان دەڵێن ترشە ؟ » من ناڵێم شتی ناشیرینمان نییە و داکۆکیش لە هیچ تاوان و ناهەقییەکیش ناکەم و لە ئاست ڕەوا و ڕاستیشدا بێدەنگ نابم..بێگومان لە کولتوور و داب و نەریت و خووی هەر نەتەوەیەکدا..دیاردەی باش و خراپ و، شتی جوان و ناشیرین هەن .. دیسان کورد وتەنی : « چەم بێ چەقەڵ نابێت.«

ئەگەر بەراوردێکی وردی بێلایەن،دەربارەی تاوان و دەستدرێژی و پەتای لەشفرۆشی و نالەباریی کۆمەڵایەتی و بێسەر و بەرەیی لە لە نێوان گەلان و وڵاتان دا بکرێت.بێگومانم کە کورد و کوردستان کەمترین ڕێژەیان بەردەکەوێت .. ئێمەی ژێردەستەی تا ئەمڕۆش کوردستان داگیرکراو، داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو جۆرێك هەوڵی ، بڵاوکردنەوەی چی خوویەکی بەد و ناشیرین هەیە ، چ ژارێکی کوشندە هەیە، چ پەتایەکی زیانبەخش و کاولکەر و ماڵوێرانیکەر هەیە ، چی شتێك خراپ و نەشیاو و قێزەوەن هەیە ،هەوڵئەدەن لە کوردستاندا بیچێنن و بڵاویبکەنەوە ، کوردی پێ لەکەدار و ناشیرین بکەن ..کولتوور و داب و نەریتی ڕەسەنی کوردیمان بشێوێنن.

با کاك هەڵکەوت مستەفا گەشتنامە و بیرەوەری و کتێبەکانی ، گەشتیاران و گەڕیدە و کوردناسان و نووسەران و ڕۆژهەڵاتناسان بخوێنێتەوە ، کە بەر لە بیستەوە بۆ سەت ساڵ بگرە بۆ دوو سەت و سێ سەت ساڵ و زیاتریش بەر لە ئێستا ، کە سەردانیی کوردستانیان کردووە و میوانداریی کوردیان کردووە و لە نزیکەوە و بە چاوی خۆیان ڕەفتار و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کوردیان بینیوە، لەوانە : ئەدمۆنس و مێجەرسۆن و مینۆرسکی تۆما





بوا و کیملۆن فۆن مولتەك و شەلوەتە هێلدی و بە دەیانی تریش ، کە هەموویان بێلایەنانە ڕاستییەکانیان ڕوومال و تۆمارکردووە .. هەر هەمویان شایەتی ئەوە ئەدەن کە ژنانی کورد ئازادتر و سەربەسترن، لە ژنانی تورك و عەرەب و فارس. بەڵکو ژنانی کورد بە نموونەی ژنانی ڕۆژهەڵات دادەنێن ، ئەوەشیان وتووە کە لە ناو کورد دا ، دڵپیسی نییە و، ڕێش لە دڵداری ناگرن و ، کوڕان و کچانیان بە خۆشەویستی هاوسەری ژیانیان هەڵدەبژێرن.. لە هەموو بوارێکیشدا ژنان و پیاوان هاوکارن.

خۆزگە کاك هەڵکەوت مستەفا ، فێلمەکەت دەربارەی قارەمانێتی و دلێریی و تێکۆشەریی یەکێك لەم ئافرەتە ناودارە نەمرانەی کوردانەمان بۆایە : ( قەدەمخێر ، خانزادی سۆران ، عادیلە خانمی جاف ، مەستورەی کوردستانی ، حەپسە خانی نەقیب ، زێڕینی ئامێدی، قەرە فاتمی ئەرزەڕوومی ، حەلیمە خانی هەکاری ، لەیلا قاسم ، زەکیە ئالیکان ، شیرین عەلەم هۆلی و تا دەگاتە لەیلا زانا و ، بە سەتان کچانی گەریلای قارەمانمان ، کە گیان لەسەردەستن و، عەشقی ئازادی و ڕزگاریی کوردستانیان لە هەموو عەشقێك لا پیرۆزترە .. با فلیمەکەت دەربارەی ئەو تاوانە دڕندانە بێوێنانە بۆایە ، کە لە باشووری کوردستاندا، کە دەرهەق بە گەلی بێتاوانی کوردمان کردیان لەوانە :( جینۆساید ، ئەنفال « کە ١٨٢ هەزار ژن و منداڵ و لاومانیان زیندەبەچاڵ کرد » ، کیمیابارانی هەڵەبجە ، گۆڕی بەکۆمەڵ ، کاولکردنی نزیکەی پێنج هەزار دێ و شاروچکە و گەڕەکی کوردستان، فرۆشتنی هەژدە کچی شۆخ و شەنگمان بە دیسکۆکانی میسری عەرەبی لەلایەن ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستەوە ، بە کۆمەڵ سوتاندنی نزیکەی چوار سەت منداڵی کوردمان لە ساڵی ١٩٦٠دا لەلایەن ئەمن وموخابەرەتی سوریاوە فاشستییەوە ، لە ناو سینەماکەی شاری عاموودا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا ، بۆرومانەکەی شاری قەڵادزێ لە ١٩٧٤دا ، دەرکردنی ملیۆنێك کوردی فەیلیمان بە پێخاوسی و بەسەری ڕووتی، زیندەبەچاڵ کردنی هەشت هەزار هەرزەکار و پیاوی برا بارزانییەکانمان لە ساڵی ١٩٨٣دا.. با فیلمەکەت لەسەر کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد بوایە ، با لەسەر شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و لە سێدارەدانی خۆی و هەڤاڵانی بوایە ، با لەسەر سەید ڕەزای دێرسیم و لە سێدارەدانی بوایە ، با لەسەر شێخ مەحمود ی نەمر بوایە ، با لەسەر شۆڕشی ئەیلولی مەزن و مستەفا بارزانی بوایە.. با لەسەر و...لەسەر... بوایە.

خۆ ئێمە چیرۆکی عەشقی پاکیشمان زۆرن ، دەکرا بتان کردایە بە فیلم لەوانە: « مەم و زین ، زەمبیل فرۆش ، لاس و خەزال ، خەجێ و سیامەند ، شیرین و فەرهاد ،

مامۆ و عەیشێ ، ... هتد». بەهەر حاڵ کاك هەڵکەوت مستەفا و هەموو دەرهێنەرێکی تر ئازادن لەوەی چ بابەتێك هەڵدەبژێرن و دەریدەهێنن .. بەڵام تێکدان و شیواندنی کولتوور و داب و نەریتی ڕەسەنمان و ،سووکایەتی کردن بە بەها پیرۆزەکانی گەلەکەمان، لای بینەرانی کورد کوردستانپەروەرمان هێڵی سوورە و ، ڕازی نابین بە چەواشەکردنی کولتوور و ڕاستی و دروستیەکانمان .. لە سەرەتاشەوە وتمان هیچ کوردێکیش بە خراپە و شتی ناشیرین و ناڕەوا، ناڵێت باش و جوان وڕەوایە ، بە هەموو شتێکی جوان و باشیش کە لە خزمەتی گەلەکەماندا بێت ، بە گەرمی پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە خاوەنەکانیان دەکەین و، دەبینە پاڵپشت و هاندەریان و ، خۆیان و بەرهەمەکانیشیان دەبنە مایەی ڕێز و شانازی بۆ کورد و کوردستان .

هەرگیز ئەوەش ڕەوا و ڕاست نییە ، کە چەند دیاردەیەکی ناشیرین و زەقی کاتی بکرێت بە پێوەر و حوکمی خراپی بەسەر گەلێکدا بدرێت..ئەو دیاردەیەی کاك هەڵکەوت مستەفا کردوویە بە هەوێنی فیلمەکەی ، لە کوردستاندا لە پەنجەکانی دەستمان کەمترن.. ڕەنگە جۆگەلەیەك بێت لە تاوان، نەك «ئۆقیانووسێك لە تاوان». بە لێبووردنیشەوە بۆ نموونە ناوی دوو ڕوداوی قیزەوەن دێنم ، لەئەمریکادا پیاوێك سێ منداڵ لە کچەکەی خوێ بوو، لە ساڵی ١٩٩١دا ، کچێکی عەرەب لە شاری بەغدا ، باوکی خۆی کوشت لەسەر ئەوەی دەستدرێژیی کردبۆە سەری ، تا ئەمڕۆش لە هەندی وڵاتانی ئاسیادا ، وەکو چۆن مەڕ و بزن دەفرۆشرێن وەهاش کچەکانیان دەفرۆشن، هەندێکیان هەر بە منداڵی دەیانفرۆشن. بەڵی ئەمانە هەمووی تاوانن و دژی مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتین ..بەڵام ئەو وڵاتانە نکوڵی لەم تاوانانەیان دەکەن و ، کتێب و فیلمشیان دەربارەیان دەرنەکردووە.. بەڵام ئەگەر زۆر بچووکتریش لەو تاوانانە لە کوردستاندا ڕووبدەن ، چوار هێندەی تریش، دەخرێتە سەری و ، لە دنیادا تەپڵ بۆ کورد لێئەدەن..هیوادارم بەهەڵە لێم تێمەگەن ، کە من داکۆکی لەتاوان بکەم ، بەڵکو دژی هەموو تاوانێك و هەموو کارێکی خراپ و هەموو دیاردەیەکی قێزەوەن و ناشێرینم .. هەردەم هیواخوازی هەموو شتێکی باش و جوان و شایستەم بۆ کورد و بۆ کوردستان.. قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت.

دێمەوە سەر فیلمی « دڵی سوور ».. من لە ڕووی هونەری و دەرهێنانەوە شارەزاییم نییە و ، ئەم بوارەیان بۆ دەرهێنەران و شارەزایانی بواری سینەما و، درامای کوردیمان بەجێدێڵم .. با ئەوان لەم ڕووەوە فیلمەکە هەڵسەنگێنن .. من لە بارەی بابەتی فیلمەکە سەرنج و تێبینییەکانم بە کورتی لەم خاڵانەدا چڕدەکەمەوە:

یەکەم / کاك هەڵکەوت ئەوەی خستۆتە ڕوو ، کە نرخی خۆشەویستی لە ناو کوردان دا زیندەبەچاڵ کردنی کچانە.. دەیەوێت ئەم تاوانە نامۆیە بداتە پاڵ کولتووری کوردیمان..تا ئێستا هیچ ناحەزێکی کوردمان تاوانی وای نەداوەتە پاڵ کورد و ، بە درێژایی مێژووی کوردیش لە هیچ ناوچەیەکی کوردستاندا، هەرگیز هیچ ئافرەتێکمان زیندەبەچاڵ نەکراوە. ئەم تاوانە وەکو لە قورئاندا باسکراوە ،کولتوورێکی ناڕەوای عەرەبەکان بووە لە نیوچە دوورگەی عەرەبیدا لە پێش ئایینی ئیسلامدا،ئەگەر کچیان ببوایە زیندەبەچاڵیان دەکردن. تا ئەمڕۆش لەچەند وڵاتێکی عەرەبی و ئێران و ئیسلامیدا ، قوتابخانەی تێکەڵیان نییە ، هەشبێت بە ناچاری هەیە.کەچی چەند ساڵێکە لە کوردستاندا،لە قوتابخانەی بنەڕەتییەوە تا دەگاتە زانکۆکان هەمووی تێکەڵن و ، لە پشووەکانیشدا لە کافترییەکاندا ، کوڕان و کچان پێکەوە دادەنیشن و دەمەتەقی و گفتوگو و پێکەنین و سوعبەت لەگەڵ یەکتریدا دەکەن ، شوورەیەکیش نیە لە نێوانیاندا ئەگەر بناغەی خۆشەویستی دابنێن و، کەسیش ڕێ لە کچان ناگرن ئەگەر شوو بە دڵخوازەکانیان بکەن .. یا کوڕانمان بە دڵی خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن.

دووەم/ جاران زوو لە ناوچەیەکی زۆر بەرتەسکی کوردستاندا ، ئەگەر کوڕ و کچی حەزلێکردە، دایك و باوکیان ڕازی نەبونایە، دیاردەی « هەڵگرتن » یا« ڕەدووکەوتن» هەبوو. دواتریش کەسانی خێرخواز و ناسراو دەکەوتنە بەینەوە و ، کێشەکەیان ئاسایی دەکردەوە و ڕێدەکەوتن و کۆتاییش بە کێشەی نێوان هەردوو بنەماڵەکە دەهات.. بەڵام دەمێکە ئەم شتە لە کورستان نەماوە.کەچی کاك هەڵکەوت مستەفا لە فیلمەکەیدا دووبارە زیندووی کردۆتەوە و،« شیرین » ڕەدوودەکەوێت، یا بڵێین « سۆران » هەلێدەگرێت و لە پشت ماتۆڕسکیلەکەیەوە سواردەبێ و ڕوو لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەکەن.

سێیەم/ کاك هەڵکەوت لە فیلمەکەدا باوکی شێرینی کردووە بە پیاوێکی گەمژە و دڵڕەق و کەلەڕەق و بێئوسوڵ و کۆنەپەرست . باوکی شیرین ئەگەر کۆنەپەرست بوایە شیرینی نانارد بۆ قوتابخانە ، شیرین بەبێ سەرپۆش و کە دەشچی بۆ قوتابخانە و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ئەژنۆی ڕووتە، جا ئەگەر باوکی کۆنەپەرست و دڵپیس بوایە بڕوانەکەم کە بیهێشتایە بچێت بۆ قوتابخانە.. شیرینێك تاقانە بێت بۆ دەبێت باوکی هێندە دڵڕەق بێت بەرانبەر بە کچەکەی؟ بە سەتان بێوەژن و بێوەپیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە پێناوی سەرگەردان نەبوونی منداڵەکانیاندا دووبارە ژیانی هاوسەرگیریان

پێکەوە نەناوە و خۆیان کردووە بە قوربانی منداڵەکانیان .. کەی ئەوە ڕاستە کە باوکی شیرین کچەکەی دەکاتە قوربانی ئارەزووی خۆی و ، ئەگەر ناڕازیبێت بە بێڵ و باڵتەیەکەوە دەیبات و دەیەوێت چاڵێکی بۆ هەڵکەنێ و زیندەبەچاڵی بکات ؟ هەرگیز لە ناو کوردەوایدا شتی وا ڕووی نەداوە..کە کاك هەڵکەوت دەیەوێت بە بێگانە بڵێت، ئەمەیە ڕەفتاری کورد.. بۆ؟

چوارەم / باوکی شیرین لە فیلمەکەدا کوتاڵفرۆشێکی گەڕۆکە بە پیکاب، کۆمەڵێك مەکسی ژنانی بە تەنیشتی پیکابەکەیەوە هەڵواسیوە بۆ فرۆشتن، پێویستە برای دەرهێنەر ئەوەی بزانیایە کە لەو ناوچە کوردییانەماندا چەند ساڵێکە ژنان مەکسی لەبەردەکەن لە ماڵەوەدا تا ئەمڕۆش بە زۆری جلی کوردی دەپۆشن ، واتە باوکی شیرین جلفرۆشێکی نوێی ئەم سەردەمەیە و دەزانێت ، کە دەبێت بە گوێرەی ئەم ڕۆژگارە هەڵسوکەوت بکات.

پێنجەم/ کە سۆران لەگەڵ باوکی و چەند کەسانێکی ناسراوی ناوچەکەدا ، لەوانەیە لەو کەسانەبن کە باوکی شیرین دەناسن و قسەیان ناشکێنێت ، یا هەر نەبێت بە شێوەیەکی جوان وەڵامیان دەداتەوە ، کاك هەڵکەوت بۆ ئەوەی بە بێگانە بڵێت کورد کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە بە ئەنقەست هیچ ژنێکی بۆ خوازبێنییەکە لەگەڵ پیاوەکاندا نەناردووە ، ئەمەو بە شایەتی بێگانە نەك تەنها کورد و دۆستانی ، کورد بە میوانداری ناسراوە و هەردەم ڕێز لە میوان دەگرێ و دەرگای لەبەردەم میواندا واڵایە ، تا ئەو ڕادەیەی وەکو لە پەندێکی کوردیدا هاتووە و دەڵێت : « ئەگەر دوژمنیش ڕێی بکەوێتە ماڵەکەم دەری ناکەم و ڕێزی لێدەگرم ». دیسان کورد دەڵێت : « دەرگام کراوەیە بۆ هەموو کەسێك » بەڵام بەداخەوە کاك هەڵکەوت ئەم نەریتە ڕەسەن و جوانەی باب و باپیرانی کوردمانی پێچەوانە کردۆتەوە ، تەنها چایەکیش لە بەردەم میوانەکان دانانێت ( چای دانان وەکو ڕێزگرتنە لە میوان ) کەچی زۆر بە ناشیرینی باوکی شیرین لە ماڵەکەی خوێدا دەکات بە گژی میوانەکانیدا و ، لەبەر چاوی شیرینی کچی ، سۆران بەر زللە دەدات.. کەی لەناو کوردەواریدا شتی وا هەیە ؟ کورد کە میوانیان بێت یا داخوازیی کچیان بکەن شانازی دەکەن و دەڵێن دیارە ئێمە بە پیاو دەزانن بۆیە ڕوو لە ماڵەکەمان دەکەن .. لە دڵیشەوە پێخۆشحاڵن و دەڵێن ، هەڵبەتە کچەکەمان لەو ئاستەدایە ، بۆیە خوازبێنیمان لێدەکەن.

شەشەم/ کاك هەڵکەوت کێشەی « ژن بە ژن »ی زیندوودەکاتەوە کە چەند ساڵێکە باوی نەماوە.. ئەگەر ماشێت زۆر دەگمەنە لە ناو کورداواریدا ماوە ، چونکە بەپێی ئەوەی سەردەمی فیلمەکەی کاك هەڵکەوت





، شیرین و سۆران بە مۆبایل ڕاز و نیازی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕن ، مۆبایلە سوورەکەی شیرین، سۆران بە دیاری پێشکەشی کرد..وەکو دەزانین نزیکەی شەش حەوت ساڵێکە بەو بەربڵاویە، مۆبایل لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. لە هەموو باشووری کوردستانیشدا لەم ماوەیەدا سەت حاڵەتی ژن بەژن نەکراون.

حەوتەم/ دیاردەی ژن بەژن کە یەکێك لە زاواکان ، گەمژە و گەوج بێت ، یا شێتۆکە و حولحولی بێت ، شتێکی تازە نییە لە دراما یا فیلمی کوردیدا ، لە ساڵانی حەفتاکاندا لە نواندنی « ژن بە ژن » لە ئامادەکردنی مەکی عەبدوڵڵا « عەلیە ئەفدی» و « عومەر چاوشین » کە بە ڕەش و سپی لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا پێشکەش دەکرا « نەسرین» ی کچی عەلی ئەفەندی دەدرێت بە « ئەڕسەلان »ی کۆتربازی ئەقڵسۆوك و شێتۆکە.. کاك هەڵکەوتیش هەمان سیناریۆی لە فیلمەکەیدا دووبارە کرۆتەوە ، کە شیرین بە ناچاری ڕازی دەبێت بە « قالە شێت » شوو بکات ، بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاری بێتب.

هەشتەم/ کاك هەڵکەوت کاتی دەرچوونی کچان لە قوتابخانەدا ، بەردەمی قوتابخانەی کردووە بە پێشانگا و ژوان، بە مۆتۆڕسکیل و پاسکیلەوە کۆمەڵێك گەنج و هەرزەکاری لە بەردەم وتابخانەدا کۆکردۆتەوە و، چاودەبڕنە کچان و فیکەلێئەدەن و توانج لە کچان دەگرن.. ئەم دیمەنی فیلمەکە زیادە ڕۆیی تێدایە ، دەشیٚ چەند گەنج و هەرزەکارێك لە دووری قوتابخانەوە چاوبڕنە کچان ، بەڵام نەك بەو شێوە زەقییەی لە فیلمەکەدا هەیە.

نۆیەم/ ئەگەر باوکی شیرین هێندە کۆنەپەرست و کەلەڕەق و بێویژدان و بێبەزەیی بێت کە شیرین دوای سۆران کەوت .. چۆن ئاگاداری پۆلیسی نەکردەوە ؟ چونکە پۆلیسی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی قەزا و ناحییەکانی پارێزگای هەولێرە ، پۆلیسی هەولێریش ناوی «سۆران » و « شیرین »یان لابوو، شوێنیشیان « بەندیخانە» بوو، بێگومان دایرەی پۆلیسی سۆرانیشیان لێیان ئاگادارکرۆتەوە .دەشیان زانی کە خەڵی کوێن و بۆش هەڵهاتوون..هیچ نەبوایە لە چەند شوێنێکدا باوکی شیرین یا سۆران سۆراغی کوڕ و کچەکەیان دەکردن ، نیوان هەولێر و سۆرانیش هێندە دوور نییە.

دەیەم/ نەك تەنها لە کوردستاندا، بەڵکو هیچ وڵاتێکی دنیادا ئەگەر میوان ناسنامە و بەڵگەیەکی سەلماندنی کەسایەتی فەرمیی پێنەبێت ، لە ئوتێلەکاندا جێی ناکەنەوە.

یانزەیەم/ لە فیلمەکەدا دوو وشەی زەقی ناشیرین هاتوون . یەکەمیان ، قالە شێت کە لە شەی بوك و زاوایەتیدا دەچێت بۆ لای شیرین ، دووجارە بە شیرین دەڵێت « دایکەنە » لە شوێنێکی کەشدا ، کە ئەفسەری پۆلیسکە دەزانێت کە شیرین لەشفرۆش نییە و ڕازی نابێت لەگەڵیدا

بـڕوات پێی دەڵێت « دەبڕۆ قەحپە »..ئەگەر لە ملیۆنێک کەسدا ، کەسێک بەدخووی وا هەبێت ، بەڵام نابێت هەر بەم پێوەرە هەموو ئەفسەر و پۆلیسێک تاوانبار بکرێت.. هەر پۆلیسن شەو و ڕۆژ لە پێناوی ئەمن و ئاسایش و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵکیدا ئێشک دەگرن و چاولێکنانێن.

دوانزەیەم/ لە فیلمەکەدا ، لەبەر نەبوونی شوێنی حەوانەوە ، شیرین و سۆران شەو لە پارکێکی شاری هەولێردا دەنوون ، پۆلیس دێت و سۆران دەگرن و .. بە توندوتیژی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن . بەڵام هەقیان بەسەر شیرینەوە نییە .. سۆران شەش مانگ لەلایەن دادگاوە سزای بەندکردنی دەدرێت. کاک هەڵکەوت هەر زوو بە زوو دادگایی کرد و ئەو سزایەی دا. بەڵام لە هەموو کوردستاندا دادگاکان لەسەر شەوخەوتن لە پارکێکدا کەسیان سزا نەداوە .. بۆیە ئەمەیان ناهەقیە بەرانبەر بە دادگای کوردستان.

سیانزەیەم/ لە فیلمەکەدا، تا تەمنی حەوت ساڵان بۆیان هەیە کە سەیری« دڵی سوور » بکەن ، بەڵام گەلێ دیمەن و قسەی زەقی تێدایە کە بۆ منداڵان ناشێن.

چواردەیەم/ کاک هەڵکەوت لە فیلمەکەدا، شیرینی بە دوڕاندن دەدا، شیرین کە قوتابییەکی قۆناغی ئامادەیی بێت ، چۆن دوو جار بە قسەی ئەو کوڕە داوێن پیس و گەوادەی کە مۆتۆرپسکیلەکەی لێکڕی دەخەڵەتی ؟ دوای ئەوەی کە زانی ئەم کوڕە گەوادە و بۆ کاری خراپ ئەمی نارد بۆ لای ئەفسەری بەڕێوەبەری پۆلیسخانەکە ؟ ئەی چۆن لە دواییدا جارێکی تر دەخەڵەتێ و لە پێناوی دابین کردنی جێدا، لە پشت ماتۆڕەکەیەوە سواردەبێت و کوڕەی بەدڕەوشتیش دەستڕێژی دەکاتە سەری و ، دوو گیانی دەکات ؟

پانزەیەم/ کاک هەڵکەوت دەیەوێت ئەوە بە بێگانە بڵێت ، کە لە باشووری کوردستاندا ، حاڵەتی ڕاکردنی ژنان زۆرن .. ئەوەبوو کاتێ لە مزگەوتەکەدا ، شیرین و سۆران دەموچاویان دەشۆری ، ژنێکی قەیرە بە شیرینی وت منیش ڕامکردووە.

شانزەیەم/ کە شیرین شەوێکیان لە بەردەم پەیکەرەکەی سەرقەڵای هەولێر نووستبوو، بەو بەیانییە ئەو هەموو خەڵکە لە کوێوە هاتن کە تەماشای شیرینیان دەکرد؟ ئایە لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا کە هەمووی پاو و هەرزەکار بوون .. کەسێک لەو هەموو کەسانە کەسێک نەبوو ، سۆزی مرۆڤایەتی و بەزەیی بجووڵێت ؟ لە شیرینی کچە لاوێکی جوان، بپرسێت ئەری کچم یا خوشکە گیان بۆ لێرەدا نووستووی ؟چیت بەسەر هاتووە ؟یان بە ئەنقەست کاک هەڵکەوت مستەفا دەیەوێت ئەوە بە بێگانە بڵێت ، هەموو پیاوێکی کورد خراپن و بێبەزەیین و پاوەتی و چاکەیان لێناوەشێتەوە.







حەڤدەیەم/ شیرینی کە کچە قوتابییەکی ڕۆشنبیرە و لە ماڵیشەوە سەتەلایتیان هەبێت. ئایە نازانێت یا نەیبیستووە کە لە هەولێردا_ چەند ڕێکخراوێکی ژنان هەن .. لەوانە:

)ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان _ کە لە ساڵی ١٩٩٨ دا ، دامەزراوە ) هەروەها ( سەنتەری پارێزگاری ژنان )..دەیتوانی ئەو ڕێکخراوانە بدۆزێتەوە و یارمەتیی بدەن و دووچاری ئەو حاڵاتانە نەبێت کە توشیان هات .

هەژدیەم / هەمووومان دەزانین کە پیشەی سستەری ، پیشەیەکی مرۆڤایەتی و پیرۆزە. بۆیە بە سستەر دەڵێن « فریشتەی بەزەیی ».. بەڵام کاک هەڵکەوت ئەم نازنامەیەی لێسەندوونەتەوە و کردوویانێتی بە کەسانێکی دڵڕەقی بێبەزەیی ، کاتی کە شیرین منداڵەکەی لە نەخۆشخانەی منداڵبوون بوو ، داوای لە سستەرەکە کرد کە دکتۆر ئەو دەرزییەی بۆ نووسیوە لێیبدات ،سستەرەکە پێی وت ،من دەرزی لە ژنێک نادەم منداڵێکی زۆڵی بووبێت.. لێرەدا کاکی دەرهێنەر ئەوە دەسەلمێنت کە هەندێ جار ژن لەلایەن ژنەوە دەچەوسێنرێنەوە.. چۆن ئەم سستەرە سەرپێچیی لە بڕیاری پزیشکەکەی دەکات ؟

نۆزدەیەم / بەڵام بە پێچەوانەی ئەو خاڵەی سەرەوە ، کاک هەڵکەوت لە دوو شوێندا ، ڕۆڵی پیرۆز و مرۆڤایەتیی پزیشک و بەزەیی و خێرخوازیی پیشانداوە ، یەکەمیان ئەو کاتەی شیرین ژانی منداڵ بوون دەیگرێ و بەلێزمە باران دەبارێ پیاوێکی بە تەمەن هەڵیدەگرێ و بە ئۆتۆمبیلەکەی دەیبات بۆ نەخۆشخانەی منداڵ بوون.. دووەمیشیان پزیشکەکانی هەمان نەخۆشخانە ، بەبێ ئەوەی لەشیرین بپرسن کوا مێردەکەت ، کوا کەسوکارت ، بە نەشتەرگەرییەکی خێرا منداڵەکەیان لە منداڵدانیا بە ساغی دەرهێنا.

بیستەیەم/ بۆشیان گێڕامەوە ، کە لە هەفتەی ڕابردوودا ، برای دەرهێنەر کاک هەڵکەوت مستەفا چووبووە قوتابخانەی ناوەندیی « فیلینگسداڵین » لە شاری( بێرگن - نەرویج) بۆ کچان و کوڕانی قوتابخانەکە بە زمانی نەرویجی باسی فیلمەکەی کردبوو ، شانازیشی بە ئەوەوە کردبوو ، گوایە سەرۆک وەزیرانی عێراق ( نووری مالیکی ) فیلمەکەی بینیوە ..من لە کاک هەڵکەوت دەپرسم بۆ پێش هەموو کەسێک و پێش بڵاوکردنەوەی فیلمەکەی لە سینەماکاندا.. پێشانی نووری مالیکی داوە.. ؟ ئەی بۆ لە پێشا پێشانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان ( د - بەرهەم ساڵح ) ت نەدا.. ؟! جا نازانم کورد وتەنی : « دێم ماستە موویەکی تێدایە» یان نا ؟

هیواداریشم فیلمی داهاتووی کاک هەڵکەوت مستەفا بابەتێک بێت ، کە بەها جوانەکانی کورد و کوردستان بە گەلانی دنیا ئاشنا بکات.. ڕێزیشم هەیە بۆی.



# تۆماس ئەدیسۆن

**سەبریە دەروێش**

زانـای ناسـراو تۆمـاس ئەدیـسۆن بـەوە ناسـرابوو کـە لـە قۆنـاخی منالّـدا بـیر و هـزری سـست و لاواز بـوو، بەتایبـەتی لـە قوتابخانـەدا هەرچییەکی بخوێندایـە زوو بـەزوو لـەبیری دەچـووەوە. هـەردەم نـومرەی تاقیکردنـەوەکانی لـە خـوار نـومرەی هاوەڵەکانییـەوە بـوو. مامۆسـتاکانی بەڕادەیـەکی زۆر لێـی ناڕۆمێ بوون، وەهای بۆ دەچوون گوایـە ئەم قوتابییە توانـای بیروهۆشـی لاوازە و بـۆنی نییـە فێـری هـیچ شـتێك ببێـت. هەنـدێکیش هەرچـەند تەماشای شـێوەی





سـەر و کەللـەیان دەکـرد وەهـای بـۆ دەرچـوون گوایـە جنۆکـە دەسـتیان لێوەشاندووە.

ڕۆژێـك بەدەسـتی بابـەتێکی زانیارییـەوە گـیری خواردبـوو. لـە پاشـاندا ناچـاربوو سەردانی دادگا بکات بۆ ئەوەی ئـەو بڕە پارەیـەی بـاج بـدات کەلەسـەری تۆمـار کرابـوو. بەدرێـژایی ماوەیـەك لـە ڕیـزدا چـاوەڕوانیی ئـەوەی دەکـرد کـە بـانگی باکـەن و تـۆرەی بێتـە پێـشەوە، بـەڵام کەسـێك کـە بەتەنیـشتییەوە وەسـتابوو، ئاگـاداری ئەدیـسۆنی کـرد کـە ناویـان خوێندۆتەوە، ئەوسا دێتـەوە سـەرخۆی و بیر و هۆشی دەگەڕێتەوە جێی خۆی.

ئەدیسۆنی زانا وەها ڕاهاتبوو کـە هـەموو شـەوێك کـاتی خـۆی لـە تاقیگەیەکـدا بەکارکردنەوە بەسەر بەرێت.

سـەرلەبەیانییەك چـاوەڕوانی ئـەوەی دەکرد کە قاوەڵتی بکـات و نـانی بـەیانی بخوات یەکێك لە یاریدەدەرەکانی ویستی گەمـە و تەشـقەڵەی پێبکـات. یەکـسەر فینجـان و دەوریـی بـەتاڵی لەبـەردەمی ڕێزکرد. کاتێك ئەدیسۆن لە خەو هەڵسا و ڕوانییـە بـەردەمی خـۆی، چـاوی بـەو دەوری و فینجانـە بـەتاڵ و بۆشـانەی بەردەمی خۆی کەوت، وەهای تێگەیشت گوایە پێش خـەوتنی قـاوەڵتی کـردووە و نانی بەیانی خواردووە. !

ئـەوەبوو یەکـسەر لـە جێیەکـەی خـۆی ڕاپەڕی و بەرەو شوێنی کارکردی کەوتە ڕێ بـڕین... لـەپڕ یاریدەدەرەکـەی دایـە قاقای پێکەنین و، تێیگەیانـد کـە بـەزم و یـاریی لەگـەڵ سـازداوە و ئەدیـسۆنی زانایش نانی بەیانی نەخواردووە...

# کار و چالاکییەکانی

# لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد

ئا/ سابان ستار

## نووسەرانی کرکوک یادی (تاوانی ئەنفال) یان بەرز راگرت

کاتژێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠١١/٤/١٤ بۆ بەرز راگرتنی یادی (تاوانی ئەنفال) یەکێتی نووسەرانی کورد /لقی کەرکوك لە هۆڵی (مستەفا گەرمیانی) ئێوارە کۆڕێکی شیعری بۆچەند شاعیرێکی شاری کەرکوك سازکرد، سەرەتا بورهان احمد سەرۆکی لقی کەکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد بەم بۆنەیەوە وتارێکی خوێندەوە، داوای لە حوکومەتی عێراق کرد داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات وباری ژیانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال باشتر بکات...دواتر هەریەك لە شاعیران (لەتیف فاتیح فەرەج، ئاوێزان نوری، دانا عەسکەر، مەهدی زریان، فریاد شوانی، ستار ئەحمەد، عیسا شێخانی) لە رێی پەیڤە پڕ لە سۆزەکانیانەوە خەمی خۆیان دەربڕی....







## چلەی نووسەری کۆچکردوو (عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەگنە

بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەر وئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کورد، مامۆستا (عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەگنە) کاتژمێر ٣ونیوی پاش نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠١١/٤/١٧ یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی کورد کۆڕی چلەی ماتەمینی لە هۆڵی (مستەفا گەرمیانی) ساز کرد، سەرەتا لەلایەن نووسەر (حەمە سەعید زەنگنە) جێگری سەرۆکی لقی ناوبراو، وتار یەکێتی نووسەرانی کوردی خوێندەوە، وتی:

<u>( هاوڕێ و هاوخەم و کەس و کار و ماڵباتی مامۆستا عەبدوڵڵا</u>

ئامادەبووانی هێژا...ئەم کاتەتان باش.

٤٠ ڕۆژ و لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، مرۆڤێکی بەئەمەك هەمبەر زێد و خاك و نیشتمانەکەی، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ لە هەڵس و کەوت و ڕەوتاریدا، نووسەرێکی بەتوان و پڕ هەڵوێست و کوردپەروەر لە گوتار و کرداریدا، ئەدیبێکی خامە لە ئەڵماس و تژی لە سەلیقە و جوانی، پاش ململانێیەکی سەخت و دژوار، وێڕای نەخۆشییەکی درێژ و کوشندە بەجێی هێشتین.

مامۆستا عەبدوڵڵا، بێکەس ئاسا خەمەکانی رۆژگار سەرەڕای زوڵم و ستەمەکانی ژیان و ناعەدالەتی و نایەکسانی و گەندەڵی و ڕۆتینەکانی رۆژانە، لە بێ هەژموونیدا سەری شووشەی پێ باداو تاڵی ڕۆژگاری پێنۆشت.

ئەم برا نازدارەمان ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵی مرۆیەکی لەخۆی نەیەشاند و پەرندەیەکی نەڕەنجاند و، پەپوولەیەکی نەتاراند و گوڵێکی نەقرتاند. جگە لەو

سـوز و میهرەبانییـەی بەڕێگـەی لێوەکانییەوە دەیبەخشینەوە.
ئەم ئـازیزە دارمـاڵ لـە جوانییـەمان، چۆن هـات ئـاواش چـوو، لـێ کۆمایـە ژان و حەسـرەت و وەزەن و خـەمی خەفـەکراو تینیان لە بەر بڕی و، نەیانهێشت ئەو گشت بابەتگەلە ناوازە و دەگمەنەی ساڵانێك بـوو لـە بیرگـە کەڵەکـە و سـەیڤی کـردن بـەو تەمایـەی لـە دەلیڤەیەکدا بییانخاتـە سـەر کاغـەز و دڵـی دۆسـتانی پـێ شـاد بکـا و مێشکی بخوێنانی پێ زاخاو و ویژدانی خۆی پێ ئاسوودە بکات هەروا بەخامی مانەوە و دەگەڵ خۆیدا ئاوێتەی خاکی کردن.
ماتەم گێڕانی هێژا..
مامۆستا زەنگنە لە ساڵی ١٩٤٥ لـە شاری کـەرکووك لـەدایك بـووە و لـەو شـارەدا خوێندوویەتی و هەر لەو شارەدا گەورە بوو هەر لەو شارەش و لە گوندی کەوەڵە ساڵی ١٩٦٤ بووە بە مامۆستای سـەرەتایی و، لـە کۆتـایی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا ئاشنای دنیـای ئـەدەب و خولیـای نووسـین بـووە و، لـە رۆژنامـە و کۆوارەکـانی ئـەو دەمـەدا، نووسـین و بابەتـەکانی کـە زادەی بیر و بۆچوونەکانی بوون بڵاو کردووەتەوە.
دواتر لە دوو توێی چەند کتێبێکدا بەچاپی گەیاندوون.
بـەڵام سـەد حـەیف و مـەخابن، بەرهەمگەلێکی زۆری ما و مـەرگ بـواری نەدا بەچاپیان بگەیەنێ.
لـێ خۆشـبەختانە لـەم ڕۆژانـەدا بـرا و هـاوڕێی خۆشەویستم کـاك هـەردەوێڵم دیت و پێی ڕاگەیانـدم کـە بەرهـەمێك لـە بەرهەمە نایابەکانی مامۆستا عەبدوڵڵای هەڵەبڕ و پـاکنووس کـردووە و ئامادەیـە بۆ چاپ. ئێمەش وەکو لقی کـەرکووکی یـەکێتی نووسـەران بـە پەرۆشـەوە و بەئەرکی خۆمانی دەزانین چاپی بکەین و بڵاوی بکەینـەوە دڵـی ئێـوەی پـێ شـاد بکـەین، لـەم ڕۆژانـەدا بـۆ چـاپخانەی دەنێرین.
مایـەوە بڵـێین مامۆسـتا هەرچـەند بەجەستە ئێستە لـە نێوماندا نییـە و لـە دنیایەکی ترە، وەلێ هەمیشە و هـەردەم لە دڵ و دەروونماندا دەژی و ئامادەگی هەیە و بەرهەمەکانیشی نەمری بـۆ هـەتا هەتایی بۆخۆی تۆمار کردووە.
لـە کۆتاییـدا بـەنێوی لقـی کـەرکووکی یـەکێتی نووسـەرانی کـوردەوە پرسـە و سەرەخۆشـی خۆمـان ئاراسـتەی یەکەبەیەکـەی نووسـەران و ئـەدیبان و دۆسـت و هـاوڕێ و کـەس و کـار و بنەماڵەی کۆچکردوو دەکەین و. سـەبر و ئارامییـان بـۆ دەخـوازین و لـە خـوای گـەورەش دەپاڕێینـەوە ڕەوانـی پـاکی





مامۆسـتای کۆچـکردوو بـە بەهەشـتی جاویدانی شاد بکات.
دواتـر هەریـەك لـەم نووسـەرانە ( سـەباح بازرگـان و عـەلی بـەرزنجی و شـەرەفەدین جـەباری وسـتار ئەحمـەد عەبـدولڕەحمان) بەخوێندنـەوەی بارچـە هـوزان وگێڕانـەوەی یـادەوەری لەگـەڵ نووسـەری کۆچـکردوو، بەشـداری کۆڕەکـەیان کـرد، لەکۆتاییـدا نووسەر (محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنـە) برای نووسەری کۆچکردوو وتاری بنەماڵـەی خوێنـدەوە. تایـادا سوپاسـی ئامـادەبووان ولقی کەرکوکی یەکێتی نووسـەرانی کـوردی کـرد وسـازدانی لـەم جـۆرە کۆڕانـەی بـەرز نرخانـد..... جێـی ئامـاژە پێکردنـە، نووسـەری کۆچـکردوو عەبـدوللاَ عەبـدولرەحمان زەنگنـە لەسـاڵی ١٩٤٥ لەشاری کەرکوك لـەدایك بـوە، لەساڵانی شەستەکانەوە دەستی بەنوسین کـردوە، سـێ کتێبـی بەچـاپ گەیانـدوە، بەناونیـشاکانی (وتـەکانی ژیان)بەهاوبەشـی لەگـەڵ نوسـەری بـرای محەمەدعەبـدولرەحمان زەنگنـە, و (بـەهلولی دانـا)و (قـەرەقوش)جگـە لەنوسـینەکانی تـری کـە، لـەگۆڤارو رۆژنامـە کوردیەکانـدا بلآوکراونەتـەوە, مخـابن رۆژی ٢٠١١/٣/٧ کۆچـی دوایـی



کردومـالّ ئـاوایی لـەدونیای ئـەدەب ورۆشنبیری کوردیدا کرد .

## چاپکراوی نوێ:

یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی کەرکوک لەبەردەوامی کارو چالاکییەکانی خۆیدا، لەماوەی دوو مانگی رابردوویدا، ئەم زنجیرە کتێبانەی خوارەوەی چاپ وبلاّو کردەوە:

١ ـ لەژێر زنجیرەی (١١٣) بلاّوکراوەکانی دا، کتێبی (سەمای روح) {کورتە چیرۆك} لە نووسینی (نەوزاد یوسف کاکەیی) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

٢ ـ لەژێر زتجیرەی (١١٥) بلاّوکراوەکانی دا، دیوانی (خەزان وشنەی بەیان) کۆمەڵێ شیعری (غازی رەشید زەنگنە) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

٣ ـ لە ژێر زنجیرەی (١١٦) بلاّوکراوەکانی دا، کتێبی (بزووتنەوەی روانگەو شاعیرانی حەفتاو هەشتاکەکانی هەولێر) لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە لە نووسینی (د. هیمداد حوسێن) کەوتە بەر دیدی خوێنەران .

٤ـ لەژێر زنجیرەی (١١٧) بلاّوکراوەکانی دا، کتێبی (دەرگاکان) {کورتە چیرۆك} لەنووسینی (خلید مەجید فەتحوڵلاّ) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

## ڕەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال لەسەر ئەدەب و هونەری کورد

رۆژی شەمە رێکەوتی ٢٠١١/٤/١٦ کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە هۆڵی (ئیبن









خەڵدون) لە شارۆچکەی دووز خورماتوو یەکێتیی نووسەرانی کورد/لقی کەرکوک بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٣ ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، هەستا بە سازدانی کۆڕێك بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال لەسەر ئەدەب و هونەری کورد) بۆ هونەرمەند (عەدنان مەلا وەهاب) و شاعیر (عەباس مەجید) هەردوو بەڕێزان بە تێر و تەسەلی قسەیان لەسەر رەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال کرد، ئاماژەیان بۆ زۆر لایەنی ئەو کارەساتە کرد هەروەها باسی کاردانەوەی ئەم کارەساتەیان لەسەر ئەدەب و هونەری کورد کرد و چەندان نموونەشیان هێنایەوە، بەڵام ئاماژەیان بەوەش کرد کەوا ئەم کارەساتە وەکو پێویست تەوزیف نەکراوەو پێویستیشی بە هیممەتی زۆرترە. ئەمە و کۆڕەکە نزیکەی سەعات و نیوێك بەردەوام بوو جەماوەرێکی زۆریش ئامادەی بوون.